# شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

# و

# کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق

# ناسنامەی کتێب

**ناوی کتێب :** شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق

**توێژەر :** سەرکەوت عەبدولاّ حاجی پیرە

**بابەت :** جوگرافیای سیاسی

**دیزاین :** محمد حسێن خەتی

**چاپ :** یەکەم / سلێمانی

**چاپخانە :** یاد

**ساڵ:** ٢٠١٧

**ژمارەی لاپەڕە:** ٣٥٢

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**قەبارە:** ( ١٧ سم * ٢٤ سم )

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ١٧٠٩ )ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە.**

**مافی لە چاپدانی پارێزراوە**

# شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی
# دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و
# کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق

**(توێژینەوەیەکە لە بواری جوگرافیای سیاسی)**


**توێژەر**

**سەرکەوت عەبدوڵا حاجی پیرە**


هەولێر – 2017

ئەم کتێبە لە بنچینەدا دانراوی توێژەرە کە پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیات کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر– لە ساڵی ٢٠١٥ بە سەرپەرشتی بەرێز پرۆفیسۆر (دکتۆر خەلیل ئیسماعیل موحەممەد) بە هەمان ناونیشان، توێژینەوەکە ڕەزامەندی وەرگرتووە لە لایەن لێژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، خاوەنەکەی پلەی ماستەری پێبەخشراوە لە زانستی جوگرافیای مرۆیی.

لێژنەی هەڵسەنگاندن پێکهاتبوو لە بەرێزان:

| | |
|---|---|
| ١. پ.د. ئازاد موحەممەد ئەمین نەقشەبەندی | سەرۆکی لێژنە |
| ٢. پ.ی.د. سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل | ئەندام |
| ٣. پ.ی.د. ئیبراهیم قاسم دەروێش | ئەندام |
| ٤. پ.د. خەلیل ئیسماعیل موحەممەد | ئەندام و سەرپەرشتیار |

## پێشکەشە بە :

- ✓ دایك و باوكی میهرەبانم.
- ✓ هاوسەری خۆشەویستم (دلڤین).
- ✓ هیواكانی ئایندەم (دلڤین –خوشكی بچوكم) و (چۆڤین و ئەحمەد–چاوگەشەكانم).
- ✓ دڵسۆزانی خەڵك و خاكی كوردستان.
- ✓ بە هەموو ئەوانەی كە ڕۆژانێك بوونەتە مامۆستام.

سەركەوت

# سوپاس و پێزانین

ڕایی کردنی کارەکانی مرۆڤ لە توانا بەخشی خودایە بەسەر بەندەکانی، هەر ئەو باڵادەستی کار دروستەو، پاك و بێ گەردی هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، هەرچی سوپاسە لە سەرەتا و لە کۆتایی تەنها شیاوی ئەوە، بۆیە زۆر سوپاسگوزاری خودای گەورە دەکەم، کە یارمەتی هەمیشەیی کارەکانی ژیانم دەدات.

- سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستای سەربەرز، ڕێزدار پرۆفیسۆر (دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆ، ماندووبوونێکی زۆری لەگەڵ کێشام، بە سەرنج و تێبینیەکانی توێژینەوەکەی بە زانستی کرد، هیوام بە یەزدانە، تەمەن درێژی بەڕێزیان بکات بۆ زیاتر خزمەتکردنی زانست.
- سوپاس بۆ (پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد موحەمەد ئەمین نەقشەبەندی) و (پرۆفیسۆری یاریدەر دکتۆر موحەممەد عەبدوڵا عومەر لەهونی) و ( دکتۆر عەبدولحەمید عەبدوڵا صالح) کە بە پێی توانا هاوکاریان کردم.
- سوپاس و ڕێزم بۆ سەرجەم مامۆستایانی بەشی جوگرافیا – زانکۆی سەلاحەددین، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە هەردوو قۆناغەکانی بەکالۆریۆس و ماستەر لە ماوەی کۆڕسەکانی خوێندن وانەیان پێدام و فێریان کردم.
- سوپاسێکی بێ پایان بۆ مامۆستایانی هاوڕێم (کاوە باشووری – ئەمیر قادر – هۆزان صادق – موحەمەد مەلا جاف – یادگار خدر – سەرهەد هادی – موحەمەد عەبدوڵ ڕەحمان گەردی) کە جێگای ڕێزن و درێغیان نەکرد لە یارمەتیدانم.

**توێژەر**

# پوختەی توێژینەوە

## شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق

شوێنی جوگرافی هەر یەکەیەکی سیاسی بە گرنگترین هۆکارە سروشتیەکان دادەنرێت کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سیاسەتی ناوەخۆیی و دەرەکی و ڕەفتاری سیاسی حکومەتەکانی ئەو پێکهاتە سیاسیەی لەو شوێنەدا دەسهەڵاتدارە. وە دەبێتە هۆی بەهێزی یان لاوازی دەوڵەت، یا دەبێتە هۆی گەشەکردن یان دواکەوتنی ناوچەکە.

بۆیە ئەم نامەیە تەرخانکراوە بۆ نوسین لەسەر شوێنێکی جوگرافی پڕ بایەخ، ئەویش ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە، کە هەر لە باکوری ڕۆژئاوایەوە لە قەزای شەنگاڵی سەر بە پارێزگای نەینەوا دەست پێدەکات بە پارێزگای کەرکوك تێپەڕدەبێت تا دەگاتە قەزای بەدرە لە پارێزگای واست لە باشووری ڕۆژهەڵات.

شوێنی جوگرافی ئەم ناوچەیە بایەخێکی گرنك و ستراتیژی هەیە، لە ڕووی سنووریەوە دەوڵەتانی دەوروبەر هاوسێ دەکات. وە بە پردێکی بەیەکەوە بەستنەوەی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیان دادەنرێت. ناوچەکە خاوەنی دەرامەتێکی سەر زەوی و ژێر زەوی تێر و تەژیە لە نەوت و گاز و ئاو کانزاکان ..، مۆزەخانەیەکی ئەتنۆگرافیە بۆ سەرجەم پێکهاتە زمانەوانی و ئاینی و نەتەوەیی یەکان. وە ناوەندێکی بەهاداری هاموشۆو مامەڵە بازرگانی و بازاڕیەکانی نێوان باکوور و ناوەڕاست و خوارووی عێراقە، ئەمانە وایکردووە ناوچەکە کاریگەری هەبێت بە درێژایی مێژوویی ململانێ سیاسیەکان لە عێراق لەسەر دۆزی کورد.

لە ژێر ڕۆشنایی، گرنگی یە گەوهەریەکانی ناوچەی توێژینەوە، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی پێیان لەسەر ژێر دەسەڵاتخستنی ئەم ناوچانەدا گرتووە، لەم پێناوەشدا و، لە ساتەوەختی داتاشرانی دەوڵەتی عێراقیەوە لە هەوڵی گۆڕینی باری دیمۆگرافی و

کارگێڕی و بەعەرەبکردنی ئەم ناوچانەدا بوونە، بە ئامانجی داگیرکردنی، لەم چوارچێوەیەشدا جۆرەها سیاسەت و بڕیاری ڕاگواستن و دەرکردن و کۆچ پێکردنی دانیشتوانەکەیان گرتۆتە بەر.

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەکردنە بە دەرخستنی گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، وە شیکردنەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگربوون لە بەردەم چارەسەرکردنی ئەو پرسە، هەروەها خستنە بەرباسی مەترسیەکانی سەر ئایندەی کێشەی ئەو ناوچەیە وەك دۆزێکی سەرەکی کورد لە عێراق. لەگەڵ ئەمانەش بەشداریکردنێکە لە چارەسەرکردنی پرسی ناوچە کوردستانیەکان لە عێراقدا، ئەمەش هەر بە ئامانجی گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی توێژینەوەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لە پێناوی پێکانی ئامانجەکانی نامەکەدا، توێژینەوەکە بۆ پێنج بەشی سەرەکی و هەر بەشێکیش بۆ دوو باس دابەشکراوە، ، بەم شێوەیە خوارەوە:

١ - **بەشی یەکەم:** تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە شوێنی جوگرافی، لە باسی یەکەمدا جۆرەکانی شوێنی جوگرافی خراونەتەڕوو کە خۆیان دەبیننەوە لە شوێنەکانی فەلەکی، شوێن بە گوێرەی دەوڵەتانی تر، شوێنی دەریایی و کیشوەری، شوێنی ستراتیژی. لە باسی دووەمیشدا گرنگی هەر یەکێك لەم جۆرانەی شوێنی جوگرافی خراونەتەڕوو.

٢ - **بەشی دووەم:** تایبەتە بە شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. باسی یەکەم بریتییە لە ڕەهەندی مێژوویی — جوگرافی ناوچەی توێژینەوە. لە باسی دووەمدا جەخت کراوەتەوە لەسەر دیاریکردنی سنووری ناوچەی توێژینەوە، لە پێناو سەلماندنی کوردستانیەتی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کۆمەڵێك بەڵگە خراونەتەڕوو.

٣ - **بەشی سێیەم:** باس لە تایبەتمەندیەکانی ناوچەی توێژینەوە دەکات. باسی یەکەم دەرخستەیەکە بۆ تایبەتمەندیەکانی ئەتنۆگرافی . باسی دووەم تەرخانە بۆ تایبەتمەندی ئابووری.

٤ – **بەشی چوارەم:** لەم بەشەدا گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە تیشکی خراوەتە سەر، لە باسی یەکەمدا بە تەژی تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی ناوچەکە ڕاڤەکراوە. باسی دووەم وەلاَمی ئەو پرسیارە دراوەتەوە کە بۆچی ناوچەی توێژینەوە هەمیشە و تا ئێستاش شوێنە جوگرافیەکەی بە گرنگ دەزانرێت چ لە لایەن حکومەتەکانی عێراقیەوە بێت یاخود لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە بێت؟.

٥– **بەشی پێنجەم:** تایبەتە بە ئایندەی کێشەی ناوچەی توێژینەوە و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق. لە باسی یەکەمدا چارەسەرکردنی کێشەی ئەم ناوچانە بە پێی دەستووری عێراقی پیشاندراوە، وە بەسەر دوو قۆناغدا دابەشکراوە. لە یەکەمیاندا لە ڕوانگەی ماددەی (٥٨)ەوە ئاماژە دراوە بە چارەسەری کێشەی ناوچەکە لە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە ساڵی ٢٠٠٤. وە لە دووەمیاندا بە پێی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ چارەسەریەکەی خراوەتەڕوو کە ماددەی (١٤٠)ی دەستوور تایبەتە بە "ناوچە کێشە لەسەرەکان". لە باسی دووەمی ئەم بەشەدا چەندەها دیدگای سیاسی لایەنەکان و کەسایەتی یە سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەبەرچاوگیراوە.

لە کۆتایی نامەکەدا، توێژینەوەکە بە چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەك گەیشتووە، لە گرنگترینیان:

١ – لەبەرئەوەی ناوچە کوردستانیەکان شوێنێکی جوگرافی گرنگ و پڕ بایەخ و و کاریگەری هەیە، ئەستەمە حکومەتەکانی عێراقی دەستی لێ هەڵبگرن، لە بەرامبەریشدا کورد بە هەموو توانایەکەوە پێداگری لە سەر دەست بەسەر داگرتنەوەیان دەکات. بۆیە توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ڕاستیەی بێ چارەسەرکردنی پرسی ئەم ناوچانە زەحمەتە دۆزی کورد لە عێراق بگات بە چارەسەرکردن.

٢ – پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودی تەواو وەربگرێت لە گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکان، ئەویش بە گرنگیدانی زیاتر بە کردنەوەی پردی پەیوەندیەکان لە ڕێگای دەروازە سنووریەکانی شوێنی جوگرافی ناوچەکەوە، وە

بەستن و ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر، بە تایبەتی دوای دەست بەسەرداگرتنەوەی یەکجارەکیان.

# پێڕستی بابەتەکان


| ناونیشانی بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ١٧ – ٢٤ |
| **بەشی یەکەم/ شوێنی جوگرافی** | ٢٥– ٦١ |
| باسی یەکەم:– جۆرەکانی شوێنی جوگرافی | ٢٧– ٤٢ |
| 1: شوێنی فەلەکی | ٣١ |
| 2: شوێن بە گوێرەی دەوڵەتانی تر (شوێنی دراوسێتی) | ٣٢ |
| 3: شوێنی دەریایی و کیشوەری | ٣٥ |
| 4: شوێنی ستراتیژی | ٣٧ |
| باسی دووەم:– گرنگی شوێنی جوگرافی | ٤٢ – ٦١ |
| **بەشی دووەم/ شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم** | ٦٣– ١٢٨ |
| باسی یەکەم:- ڕەهەندی مێژوویی – جوگرافی | ٦٥– ٨٢ |
| باسی دووەم: دیاریکردنی سنوور | ٨٣– ١٢٨ |
| **بەشی سێیەم: تایبەتمەندیەکانی ناوچەی توێژینەوە** | ١٢٩– ٢٠٢ |
| باسی یەکەم:– تایبەتمەندی ئەتنۆگرافی | ١٣١– ١٧٦ |
| باسی دووەم:– تایبەتمەندی ئابووری | ١٧٧– ٢٠٢ |
| **بەشی چوارەم: گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە** | ٢٠٣– ٢٤٠ |
| باسی یەکەم:– تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی ناوچەکە | ٢٠٥– ٢١٩ |
| ١: شوێنی جوگرافی ناوچەکە | ٢٠٥ |
| ٢: شوێنی ستراتیژی ناوچەکە | ٢١٣ |
| باسی دووەم:– گرنگی ناوچەکە لەلایەن حکوماتی عێراقی و هەرێمی کوردستان | ٢٢٠– ٢٤٠ |
| ١: گرنگی ناوچەکە بۆ حکوماتی عێراقی | ٢٢٠ |

| | |
|---|---|
| ٢: گرنگی ناوچەکە بۆ هەرێمی کوردستان | ٢٢٨ |
| **بەشی پێنجەم/ ئایندەی کێشەی ناوچەکە و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق** | ٢٤١ –٢٨٣ |
| باسی یەکەم:– چارەسەرکردن بە پێی دەستووری عێراقی | ٢٤٣ –٢٥٥ |
| 1: ناوچەی توێژینەوە لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت | ٢٤٤ |
| 2: ناوچەی توێژینەوە لە دەستووری کۆماری عێراق | ٢٤٧ |
| باسی دووەم:– دیدگای سیاسی لایەنەکان و کەسایەتیەکان | ٢٥٦ –٢٨٢ |
| **ئە نجام و ڕاسپاردەکان** | ٢٨٣ –٢٩١ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ٢٩٢ –٣٢٠ |
| **پاشکۆکان** | ٣٢٠ –٣٣٠ |
| **پوختەی توێژینەوە بەزمانی عەرەبی** | ٣٣٠ –٣٣١ |
| **پوختەی توێژینەوە بەزمانی ئینگلیزی (Abstract)** | ٣٣٢ –٣٣٤ |
| **پێڕستی خشەکان (بەشێوەی ڕەنگاو ڕەنگ)** | ٣٣٧ – ٣٥٢ |

# پێڕستی خشتەكان



| ژمارەی خشتە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | ڕووبەری هەندێك لە شوێنە جوگرافیەكانی پەیوەست بە ناوچەی توێژینەوە. | ١٢٦ |
| ٢. | دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بە گوێرەی نەتەوە. | ١٣٤ |
| ٣. | ژمارەو ڕێژەی نەتەوەكان لە لیواكانی ویلایەتی موسڵ بە پێی ڕاپۆرتی (خەملێندراوی) لیژنەی كۆمەڵەی نەتەوەكان لە ساڵی (١٩٢٤). | ١٣٦ |
| ٤. | دابەشبوونی ژمارە و و ڕێژەی نەتەوەی كورد لە لیواكانی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی (١٩٢٤). | ١٣٧ |
| ٥. | دانیشتوانی كوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٤٧ – ١٩٩٧). | ١٣٨ |
| ٦. | پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی بە پێی سەرژمێریەكانی ساڵانی (١٩٤٧ – ١٩٧٧) لە سەر ئاستی پارێزگای نەینەوا | ١٤٢ |
| ٧. | پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بەپێی سەرژمێریەكانی ساڵانی(١٩٤٧–١٩٧٧) لە هەندێك مەڵبەندی قەزا و ناحیەكانی پارێزگای نەینەوا | ١٤٦ |
| ٨. | پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگای كەركوك بە پێی سەرژمێریەكانی ساڵانی (١٩٤٧ – ١٩٧٧). | ١٥٢ |
| ٩. | پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بەپێی سەرژمێریەكانی ساڵانی(١٩٤٧–١٩٧٧) لە هەندێك مەڵبەندی قەزا و ناحیەكانی پارێزگای كەركوك | ١٥٤ |
| ١٠ | پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر بە پێی سەرژمێریەكانی ساڵانی (١٩٤٧ – ١٩٧٧). | ١٦١ |
| ١١. | پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزای مەخمور بە پێی سەرژمێریەكانی ساڵانی (١٩٤٧ – ١٩٧٧). | ١٦٣ |
| ١٢. | پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزای مەخمور بە پێی سەرژمێریەكانی ساڵانی (١٩٤٧ – ١٩٧٧) | ١٦٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣. | پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگای دیالە و واست بە پێی سەرژمێری ساڵانی (١٩٤٧ – ١٩٧٧). | ١٦٨ |
| ١٤. | پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بە پێی سەرژمێریەکانی ساڵانی (١٩٤٧ – ١٩٧٧) لەهەندێك مەڵبەندی قەزا و ناحیەکانی هەردوو پارێزگای دیالە و واست | ١٧٢ |
| ١٥. | دابەشبوونی ئاینی دانیشتوان لە هەرسێ پارێزگای ( نەینەوا و کەرکوك و دیالە) بە گوێرەی ئاماری (١٩٧٧) | ١٧٦ |
| ١٦. | ڕووبار و ڕێژگەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم. | ١٨٠ |
| ١٧. | گرنگترین دەشتە کشتوکاڵیەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم. | ١٨٦ |
| ١٨. | یەدەگی سەلمێنراوی هەندێك لە کێڵگە نەوتیەکانی ناوچەی توێژینەوە. | ١٩٤ |

# پێڕستی نەخشەکان


| ژمارەی نەخشە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | شوێنی جوگرافی دەوڵەتانی جیهان. | ٤١ |
| 2. | شوێنی کوردستانی عێراق بە گوێرەی دەریایی و کیشوەری. | ٥٧ |
| ٣. | شوێنی جوگرافی ناوچەی خۆبەڕێوەبردن لە ساڵی (١٩٧٠). | ٧٦ |
| ٤. | شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی (١٩٩٢). | ٧٩ |
| ٥. | کوردستان لە نەخشەیەکی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٨٩٣). | ٩٠ |
| ٦. | شوێن و سنووری جوگرافی کوردستانی عێراق. | ١٠٩ |
| ٧. | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە بۆچوونی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان (ستیڤان دیمستۆرا) لە ساڵی (٢٠٠٩). | ١١٢ |
| ٨. | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە پێی پرۆژە دەستووری هەرێم لە ساڵی (٢٠٠٩). | ١١٣ |
| 9. | نەخشەی پەسەندکراوی کوردستانی عێراق لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە لە ساڵی (٢٠٠٥). | ١١٦ |
| ١٠. | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە ڕوانگەی لێژنەی ماددەی (١٤٠). | ١٢١ |
| ١١. | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم بە تێڕوانینی توێژینەوەکە. | ١٢٤ |
| ١٢. | شوێنی جوگرافی ناوچەکانی توێژینەوە بە پێی پارێزگاکان | ١٤٠ |
| ١٣. | نەخشەی سروشتی کوردستانی عێراق | ١٧٩ |
| 14. | هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی دەریایی و کیشوەری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.. | ٢٠٩ |
| 15. | کشانەوەی سوپای عێراق لە هەندێك ناوچەکانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١). | ٢٣٨ |

# پێرستی پاشكۆكان



| ژمارەی پاشكۆ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | خاڵی (١٤) لە ڕێكەوتنامەی ١١/ ئاداری/ ١٩٧٠ | ٣٢١ |
| 2. | دەقی ماددەی (٥٨) لە یاسای كاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە | ٣٢٢ |
| ٣. | دەقی ماددەی (١٤٠) لە دەستووری هەمیشەیی كۆماری عێراقی | ٣٢٤ |
| ٤. | دەقی ماددەی (٢) لە پرۆژە دەستووری هەرێمی كوردستان بۆ ساڵەكانی (٢٠٠٢ ، ٢٠٠٦) | ٣٢٥ |
| ٥. | دەقی چەند ماددەیەكی پرۆژە دەستووری هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی (٢٠٠٩) | ٣٢٦ |
| ٦. | دەست نیشانكردنی ناوچە كێشە لەسەرەكان لە ڕوانگەی لێژنەی ماددەی (١٤٠) | ٣٢٧ |
| ٧. | دەقی بڕیاری (٢٦) ساڵی (٢٠١٢) سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان تایبەت بە دانانی زراوەی "ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم" | ٣٢٩ |
| ٨. | چوار بڕیارەكەی لێژنەی ماددەی (١٤٠) | ٣٣٠ |

# پێشەکی

شوێن بە یەکێك لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی پێکهاتەی بونیاتنانی زانستی جوگرافیا دادەنرێت. ناتوانین توێژینەوە لەم زانستەدا بکەین بە بێ گەڕانەوە و بەستنەوەی بە شوێنەوە. دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی جوگرافیای سەر ڕووی زەوی لە شوێندا دەردەکەون، وە هەر بەویش دەناسرێنەوە، لەبەرئەوە شوێن بەرپرسە لە دیاریکردنی تایبەتمەندیەکانی ئەو دیاردانە، هەروەك چۆن بەرپرسە لە دیاریکردنی چالاکیەکانی مرۆڤ.

شوێنی جوگرافی هەر یەکەیەکی سیاسی بە گرنگترین هۆکارە سروشتیەکان دادەنرێت کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سیاسەتی ناوەخۆیی و دەرەکی و ڕەفتاری سیاسی حکومەتەکانی ئەو پێکهاتە سیاسیەی لەو یەکەیەدا دەسەڵاتدارە. وە شوێنە دەبێتە هۆی بەهێزی یان لاوازی دەوڵەت، یا دەبێتە هۆی گەشەکردن یان دواکەوتنی ناوچەکە.

شوێن هەڵکەوتنی هەر ناوچەیەك یا هەرێمێك یان یەکەیەکی سیاسی بە درێژایی کات جێگیرو نەگۆڕە، بەڵام گرنگی و کاریگەرێتی شوێن بە هۆکار گەلی جیاوازەوە لە نموونەی وەك گۆڕانی بارودۆخە سیاسیەکان و پێشکەوتنی زانستە کردەیی یەکان لە گۆڕانی هەمیشەیی دایە.

لەبەر گرنگی ئەم بابەتە، ئەم نامەیە تەرخانکراوە بۆ بەرباسخستن و شیکرنەوەی شوێنێکی جوگرافی پڕ بایەخ و کاریگەر ئەویش شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە وەك ناوچەی توێژینەوە. هەر ئەم گرنگیەشە وایکردووە بە درێژایی سەدەی پێشوو تاوەکو ئەمڕۆ کێشەی ناوچەکە ببێتە یەکێك لە دیارترین کێشەکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتەکانی عێراقی.

شوێنی جوگرافی ئەم ناوچەیە درێژ دەبێتەوە لە قەزای شەنگاڵ لەسەر سنووری عێراق – سوریا لە بۆ قەزای بەدرە لە سنووری عێراق – ئێران. سەرجەم ئەو شار و قەزا و ناحیە و گوندانە دەگرێتەوە کە زۆرینەی پێکهاتەی دانیشتوانەکەی کوردن و شوێن نشینگەی پێشینەیان بووە. گرنگی ئەم شوێنە ناوازەیەی ناوچەی توێژینەوە وای کردووە ببێتە

پردێکی پەیوەندی کە عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هاوسێتی بە هەریەکە لە سوریا و ئێران ببەستێتەوە، هەروەکو دادەنرێت بە بازنەی گەیاندنی پارێزگا چیایی یەکان بە چڕی دانیشتوانی بەرزییانەوە بە پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بە زۆرینەی دانیشتوانی عەرەبیانەوە. ئەم هەڵکەوتە شوێنییەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی ڕەوشی پەیوەندیەکانی نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراقی بووە بە درێژایی مێژوو، هەر ئەمەش بووەتە مایەی خراپ بە ئاکام گەیاندنی پەیوەندیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکانی نێوان هەردوولا، تەنانەت لێکەوتەی سەربازیشی لێکەوتۆتەوە.

لە لایەکی تر شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە هەروەك چۆن شێوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەروبەرو ئەو هەرێم و دەوڵەتانەی هاوسنوورن دیاری دەکات، وە کارتێکەریان بەسەریەوە هەیە، بە هەمان شێوە لە ڕووە دەرەکیەکەشەوە کاریگەری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لە سەر هەیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە شوێنی ناوچەکە بازنەی بەرژەوەندیەکان لە ڕێگەی خۆیەوە گرێ دەدات.

## هەڵبژاردنی ناونیشان:-

ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە و بەم ناونیشانە، چەند هاندەرێکی هەبووە، لەوانە:

١ – ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی تر زیاتر، بابەتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بووەتە بابەتێکی گرنگ و هەستیار و کاریگەر لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و دەوڵەتی عێراق، وە لەسەر ئاستە جۆراو جۆرەکانی ڕاگەیاندنی ناوەخۆیی و بیانی دەنگ و باسی زۆری لە بارەیەوە دەکرێت.

٢ – ناوچەکە خۆی لە کێشەیەکی ئاڵۆز و گەورەدا دەبینێتەوە کە پاشخانێکی مێژوویی درێژی هەیە، درێژە پێدەری سەرەکی ململانێ سیاسی و سەربازیەکانی نێوان کورد و

حکومەتەکانی عێراقیە. ئەم کێشەیە وابەستەیە بە کێشەی جوگرافیای خاکی نیشتیمانی کوردستان، یەکلاکردنەوەی سنوورە جوگرافیەکەی کوردستان لەگەڵ عێراقدا.

٣ – ئەم پرسە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چارەسەرکردنی دۆزی کوردەوە هەیە لە عێراق، لەبەرئەوە بێ گەڕاندنەوەی ئەم ناوچانەی توێژینەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، زەحمەتە کورد بتوانێت هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێش بەرێت و لە عێراق جیابێتەوە.

دەمێنێتەوە بگوترێت ئەو نوسینە زانستیانەی بۆ ناوچەی توێژینەوە ئەنجامدراون بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت، هەر بۆیە نوسینی تێزێکی ئەکادیمی لەم جۆرە پێویستیەکی هەنووکەیی و گرنگ بوو بۆ ناوچەکە.

## گرنگی توێژینەوەکە:-

گرنگی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکەیدا بەدیار دەکەوێت، کە باس لە شوێنێکی جوگرافی بایەخدار و کاریگەر دەکات کە ڕۆڵی هەیە لە بە ئاڕاستە بردنی لایەنە چارەسەریەکەی دۆزی کورد لە عێراقدا. توێژینەوەکە بە بەڵگەی مێژوویی و جوگرافی دەریدەخات کە ناوچە کوردستانیەکان هیچ کاتێك بەشێك نەبووە لە عێراق تا ساڵی ١٩٢٦. هەروەها توێژینەوەکە پەنا دەباتە بەر وەرگرتنی بیرو ڕای شارەزایان لە مێژوونوسان و جوگرافیناسان و گەڕیدەوانان ...، وە ئەو بەڵگانەی کە نکوولیان لێناکرێ، لە دیارترین بەڵگەی فەرمیش بۆ ئەمە **"کۆمەڵەی نەتەوەکان" لە ساڵی ١٩٢٤ ئاماژە بەوە دەکات کە سنووری عێراق لە باکووریدا لە هێڵی (هیت – تکریت) تێنەپەڕیوە.** هەروەها توێژینەوەکە بایەخی ئابووری و سەربازی و ستراتیژی و ئەتنۆگرافی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بە دیاردەخات لە چوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی کە بۆ زانینی ئەم قۆناغەی پێدا تێپەڕبوونی ئەمڕۆی گەلەکەمان زۆر پێویستە.

سەرباری ئەمانەی پێشوو ئەوە پیشان دەدات کە شوێنی جوگرافی ئەم ناوچەیە بایەخێکی گرنك و ستراتیژی هەیە; لە ڕووی سنووریەوە دەوڵەتانی دەوروبەر هاوسێ دەکات، وە بە پردێکی بەیەکەوە بەستنەوەی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیان دادەنرێت. ناوچەکە خۆی خاوەنی دەرامەتێکی سەر زەوی و ژێر زەوی تێر و تەژیە لە نەوت و گاز و ئاو کانزاکان ..، مۆزەخانەیەکی ئەتنۆگرافیە بۆ سەرجەم پێکهاتە زمانەوانی و ئاینی و نەتەوەیی یەکان، وە ناوەندێکی بەهاداری هاموشۆو مامەڵە بازرگانی و بازاڕیەکانی نێوان باکوور و ناوەڕاست و خوارووی عێراقە. ئەمانە وایکردووە ناوچەکە کاریگەری هەبێت بە درێژایی مێژوویی ململانێ سیاسیەکان لە عێراق لەسەر دۆزی کورد. هەر ئەم گرنگی و بایەخەشە وای لە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی کردووە دەست لە زەوتکردنی ئەم ناوچانە هەڵ نەگرن هەر لە ساتی چاوتێبڕینی داگیرکردنیەوە کە دەست پێدەکات لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی تاوەکو ئێستا، هەمیشە لە هەوڵی گۆڕینی باری کارگێڕی و دیمۆگرافی و بە عەرەبکردنی بەرنامە بۆ داڕێژراو بوونە، لەم چوارچێوەیەشدا جۆرەها سیاسەت و بڕیاری ڕاگواستن و دەرکردن و کۆچ پێکردنی دانیشتوانەکەیان گرتۆتە بەر، ئەمەش بە ئامانجی گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانیان.

هەڵبەتە ئەم توێژینەوەیە، زۆربەی ئەو دانوستان و گفتوگۆیانە دەخاتەڕوو کە بە درێژایی مێژوویی ململانێی کورد و حکومەتەکانی عێراقی ئەنجامدراون لە سەر خاکی ئەو ناوچانە، بە تایبەتی دوای ساڵی ٢٠٠٣ و لە بازنەی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە سۆنگەی ناوچە کوردستانیەکان لە عێراقدا، ئەویش لە ژێر ناوی چارەسەکردنی "ناوچە کێشە لەسەرەکان"، تێیدا شیکردنەوەی بۆ ڕێ و شوێنە یاسایی و دەستوریەکان دەکات کە خۆیان بە سەرەکی لە هەردوو ماددەکانی (٥٨ و ١٤٠)دا دەبیننەوە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:-

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە پەیڕەوکردنی ڕێبازێك یان چەند ڕێبازێکی زانستی هەیە، لەم توێژینەوەیەدا پشت بەم ڕێبازانەی خوارەوە بەستراوە:

١- ڕێبازی مێژوویی: پاشخانە مێژووییەکەی سەرهەڵدانی کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و وابەستەبوونی دۆزی کورد لە عێراق وای کرد توێژینەوەکە ڕێبازی مێژوویی بەکاربهێنێت.

٢ - ڕێبازی شیکردنەوە: لە کاتی باسکردنی بابەتەکاندا، نوسینەکانی تایبەت بە پێگەی شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکان و دیاردەو پێشهاتە سیاسیەکانی تایبەت بەو شوێنە شیکراونەتەوە، بە شیکردنەوەیەکی وەسفی لە ناوەڕۆکەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:-

ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە بریتین لەمانە:

١ - دەرخستنی گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.

٢- شیکردنەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگربوون لە بەردەم چارەسەرکردنی ئەو پرسە، هەروەها خستنە بەرباسی مەترسیەکانی سەر ئایندەی کێشەی ئەو ناوچەیە وەك دۆزێکی سەرەکی کورد لە عێراق.

٣ - بەشداریکردنێکە لە پێشکەشکردنی چارەسەریەکی شیاو لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو هۆکارو میکانیزمانەی کە ڕۆڵیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی پرسی ناوچە کوردستانیەکان لە عێراقدا، ئەمەش هەر بە ئامانجی گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی توێژینەوەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

## نەخشە ڕێگای توێژینەوەکە:-

بۆ ئەم مەبەستە، توێژینەوەکە بۆ پێنج بەش و، هەر بەشێکیش بۆ دوو باس دابەشکراوە، بەم شێوەیە:

**بەشی یەکەم:** تەرخان کراوە بۆ باسکردن لە شوێنی جوگرافی، بە گشتی لە جیهان، باسی یەکەم؛ تایبەتکراوە بە جۆرەکانی شوێنی جوگرافی، کە خۆیان دەبیننەوە لە شوێنی فەلەکی، شوێن بە گوێرەی دەوڵەتانی تر (شوێنی دراوسێتی یان ڕێژەیی)، شوێنی دەریایی و کیشوەری، شوێنی ستراتیژی. باسی دووەمیش؛ شیکردنەوەیە بۆ گرنگی هەر یەکێك لەم جۆرانەی شوێنی جوگرافی کە لە باسەکەی پێشوو ئاماژەیان پێدراوە.

**بەشی دووەم:** تایبەتە بە شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، باسی یەکەم؛ بریتیە لە نوسین لەسەر ڕەهەندی مێژوویی — جوگرافی ناوچەی توێژینەوە، لێرەدا توێژینەوەکە بەدواداچوونی کردووە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەی ناوچەکە. لە باسی دووەم دا؛ جەخت کراوەتەوە لەسەر دیاریکردنی سنووری ناوچەی توێژینەوە، لە پێناو سەلماندنی کوردستانیەتی ناوچەکانی درەوەی ئیدارەی هەرێم و سنوورەکەی کۆمەڵێك بەڵگە (دۆکیۆمێنت)ی خستۆتەڕوو، هەر بۆ ئەو مەبەستەش ڕای گەلێك لە شارەزایان و گەڕیدەوانانی بیانی و عەرەبی و کوردی وەرگرتووە.

**بەشی سێیەم:** لێرەدا تیشك خراوەتە سەر تایبەتمەندیەکانی ناوچەی توێژینەوە، باسی یەکەم؛ تەرخانکراوە بۆ تایبەتمەندی ئەتنۆگرافی. باسی دووەم؛ ئاماژەکراوە بە تایبەتمەندی ئابووری.

**بەشی چوارەم:** گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بەرباسخراوە، باسی یەکەم؛ باس لە گرنگی شوێنی جوگرافی و ستراتیژی ناوچەکە دەکات. باسی دووەم؛ ئاماژەیەکە بە گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بۆ هەریەکە لە حکوماتی عێراقی و هەرێمی کوردستان.

**بەشی پێنجەم:** ئایندەی کێشەی ناوچەی توێژینەوە و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق لەبەرچاوگیراوە. باسی یەکەم؛ تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی ئەم ناوچانە بە پێی دەستووری عێراقی. باسی دووەم؛ چەندەها دیدگای سیاسی لایەنەکان و کەسایەتی یە سیاسی یەکانی نێو گۆڕەپانی هەرێمی کوردستان و عێراق خراونەتەڕوو.

## داتاو زانیاری یەکانی توێژینەوەکە:-

توێژینەوەکە بۆ دەسکەوتنی داتاو زانیاری یەکان پشتی بەم سەرچاوانەی خوارەوە بەستووە:

١ – **سەرچاوە کتێبخانەی یەکان:** خۆیان دەبیننەوە لە "کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و تێزە زانستی یەکان .." بە زمانی کوردی، وە لە وەرگێڕدراوەکانی لە زمانی بیانی بۆ سەر زمانی ناوبراو.

٢ – **سەرچاوە فەرمیەکان:** ئەمانەش خۆیان کۆدەکەنەوە لەو "نەخشە و داتاو زانیاری و ئامارانەی کە لە سەرچاوەو ناوەندەکانی توێژینەوەی حکومی و حزبیەکان و کتێبخانەکان" بە دەست هاتوون.

٣ – **چاوپێکەوتنەکان:** سەرجەم ئەو "چاوپێکەوتن"انە دەگرێتەوە کە لە کۆتایی ئەم نامەیەدا سازێنراون لەگەڵ کەسایەتیە سیاسیەکان و ڕۆشنبیرەکان.

٤ – **سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:** بریتین لە گەڕان بە نێو "ماڵپەڕی تۆڕەکانی زانیاری " و چاودێریکردنی"هەواڵ و بەرنامەی "کەناڵە ئاسمانیەکان".

## ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە:-

لە ماوەی ئامادەکردنی نوسینێکی ئاوەها زانستیدا کە تایبەتە بە کێشەیەکی قووڵ، بێگومان کارێکی ئاسان نی یە، هەر بۆیە توێژەر چەندین بەربەستی هاتۆتە ڕێ، ئەوەی جێی سەرنجە ئەمانەن:

١ – کەمی سەرچاوەی ئەکادیمی سەبارەت بە بابەتی شوێنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیارەی هەرێم، ئەمە لەمپەرێك بوو کە هەژاری دەڤەرەکە بەدیار دەخات لە ڕووی توێژینەوە لە وەها شێوەیەك.

٢ – دەست نەکەوتنی یان نەبوونی ئەو داتا و زانیاری یە دروست و تەواوانەی کە توێژەر بە دوای دەگەڕا لە دامەزراوە حکومی و حزبیەکان بە تایبەتی لە دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکان دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەروەها نەبوونی زانیاری و ئاماری نوێ سەبارەت بە ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەی ئەتنۆگرافی ناوچەکە ئەمە جگەلەو سەرژمێریانەی کە لە سەردەمی ڕژێمەکانی پێشوو بە ئەنجامگەیەندراون.

٣ – لە کاتی چاوپێکەوتنی گۆڕەپانی توێژەردا، لایەنە سیاسیە پەیوەندیدارەکان و بەتایبەتی لە (دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکان دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) ئامادە نەبوون وە کاتیان نەبوو بە توێژینەوەکەی بدەن بۆ وەرگرتنی هەم زانیاری و هەمیش دید و تێڕوانینان دەربارەی ئایندەی کێشەی ئەو ناوچانەی توێژینەوە، تەنانەت بگرە وەڵامیشان نەبوو بۆ ئەو پرسیارانەی کە بە نوسراوی فەرمی هاوپێچ کرابوو بۆیان چ بە ڕاستەوخۆی ئاماژە پێدراو یان بە نامەی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی تۆڕی زانیاری و تۆڕی کۆمەڵایەتی Facebook.

٤ – ئاشکرایە هەندێك لە بەشەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ماوەکانی ڕابردوو و بە نالەبارترین باری ئارامی و ئاسایشدا تێپەڕیووە تەنانەت هەنووکەش هەروەك لە دوای ڕووداوەکانی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ بینرا، ئەمە ڕێگرێکی سەرەکی بوو لە بەردەم هاتوچۆکردنی تەواوەتی و سەردانی کردنی توێژەر بۆ ئەم ناوچانە بۆ وەرگرتنی زانیاری و گەڕان بە دوای سەرچاوەکانی توێژینەوەکە.

# بەشی یەکەم

## شوێنی جوگرافی

## باسی یەکەم

## جۆرەکانی شوێنی جوگرافی

## باسی دووەم

## گرنگی شوێنی جوگرافی

# باسی یەكەم / جۆرەكانی شوێنی جوگرافی

## چەمك و زاراوەی شوێنی جوگرافی

شوێن (**Location**) دیاردەیەكی بنچینەیی یە لە توێژینەوەكانی جوگرافیادا، ڕەگەزێكی سەرەكی سروشتە، مرۆڤ لەو نێوەندەدا دامەزراوەكانی ڕێككاری و یاسایی ژیانی لەسەر دادەمەزرێنێت. یەكە سیاسیەكان لە دونیای جوگرافیای سیاسیدا بەشێكن لەو پێكهاتەیەی كاری مرۆڤ كە گرنگی و بایەخیان وە دابەشبوون و پەیوەندی و جیاوازیان لە شوێندا دەردەكەوێت.

لە بارەی چەمك و زاراوەی (**شوێنی جوگرافی – Geographical Location**) ئەوا چەندین بۆچوونی هاوشێوە لە وەسف و جۆراو جۆر لە دەرخستن و هاوئاراستە لە مانا نوسراون لە سەرچاوەكانی زانستی جوگرافیای سیاسیدا، هەندێك لەوان پێش چاو دەخەین.

ئینسكلۆپیدیای زاراوە زانستیەكان لە جوگرافیای سیاسی و جیوپۆلەتیك وای داناوە: كە (شوێنی جوگرافی) دادەنرێت بە یەكێك لە گرنگترین هۆكارەكانی كاریگەر بۆ جوگرافیای سیاسی دەوڵەت لەبەر كاریگەریەكەی لەسەر ئاڕاستەكانی دانیشتوان و ڕەفتاری سیاسی حكومەتەكانی و پەیوەندیەكانی دەرەوەی. دەكرێ گەلێك لە چالاكیەكانی دەوڵەت و تایبەتمەندیەكانی بگەڕێنینەوە بۆ شوێنە جوگرافیەكەی[1].

---

[1] محمد أحمد السامرائي، موسوعة المصطلحات العلمية في الجغرافيا السياسية و الجيوبوليتك، الذاكرة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٢، ص ٢٢٣.

[*] **شوێنگە:** پارچە زەویەكە، كە جێنشینگەی " لادێنشینی و شارنشینی" كەوتۆتە سەر .. توێژینەوە لە شوێنگە توێژینەوەیە بۆ دیاردە سروشتیەكانی ئەم زەویە لە بەرزی و نزمی و جیولۆجیا و ئاو هەوا و دەرامەتی ئاو و دابەشبوونی وشكانی و ئاو و شوێنەكانی ڕوودانی بومەلەرزە و گڕكانەكان و، پلەی لێژی زەویەكەی.

سەرچاوە: محمد صالح ربيع العجيلي، معجم المصطلحات و المفاهيم الجغرافية، الجزء الثاني، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان ، ٢٠١٢، ص ٣٧٩.

فەرهەنگی جوگرافیا ماناکەی ناساندووە: بەوەی شوێنێکە سەبارەت بە ناوچەکانی دەوروبەری یا بەشە دراوسێکانی، مەبەستی لە ناوچەیەکی کاریگەرە کە واتایەکی دیاریکراو و نیشانەیەکی جوگرافی هەڵدەگرێت. هەمیشە شوێنی دیاردەیەك، هەرێم یان ناوچەیەك، گرنگیەکەی، ڕێژەیی یە، ڕەها نیە، یەك شوێن – وەك ناوچەیەك – ژمارەیەك لە شوێنگە(*) لە خۆوە دەگرێت[1].

لە لای ترەوە شوێن ناسنامەیەکی ئەسترۆنۆمی هەڵدەگرێت و بۆچوون وایە کە پانتاییەکی گشتگیرە، شوێنی دەوڵەت لەخۆوە دەگرێت بەگوێرەی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی، ئەگەرچی دیاریکردنی شوێن بە پێی هێڵەکانی درێژی بە هۆکارێکی کاریگەر دانانرێت لە دیاریکردنی شێوەی سروشتی ڕووبەرەکەی[2].

نوسەرێکی تر لە ڕوانگەی زانستی نەخشەوە شوێن دەخاتە ڕوو دەڵێت: مەبەست لێی جێگایەکی جێگیرە، لەسەر نەخشەدا سەنگی سەرپەرشتیکردنی دەوڵەتەکە دەردەکەوێت لەسەر دەریا بێ یان نا، وە مەودای نزیکی لە ناوچەی دەرامەتەکان و هێنانەدی قوڵایی ناردنی (کاڵاکان) و پەیوەندی بەوەی کێ دراوسێیەتی؟ لە دەوڵەتەکان و ناوچە جوگرافیەکان[3].

بە گوێرەی تێڕوانینی تر شوێنی دەوڵەت دادەنرێت لە گرنگترین هۆکارە سروشتیەکان کە کاریگەری هەیە لە دیاریکردنی هێزی دەوڵەت و سیاسەتەکانی ناوەخۆیی و دەرەکی، هەروەك لە سەریەتی زۆرێك لە بڕیارەکان وەربگرێت، وە گەلێك لە ئەنجامەکانی سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەربخات[4].

---

[1] آمنة أبو حجر، المعجم الجغرافي، دار أسامة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٩، ص ٨٢١.

[2] خليل حسين، الجغرافيا السياسية (دراسة الأقاليم البرية و البحرية و الدول وأثر النظام العالمي في متغيراتها)، دار المنهل اللبناني، بيروت ، ٢٠٠٩، ص ١٧٥.

[3] نعيم الظاهر، الجغرافيا السياسية المعاصرة (في ظل نظام دولي جديد)، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٧، ص ٥٤.

[4] عمر كامل حسن و عطا الله سليمان، الجغرافية السياسية الجديدة للعالم العربي، دار و مؤسسة رسلان للطباعة و النشر و التوزيع، دمشق ، ٢٠٠٨ ، ص ١٤.

هەر لە بارەی ڕاڤەی ئەم چەمکەوە (د. عەبدوڵا عەتەوی) ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە شوێن بەهەموو چەمکە جیاوازیەکانیەوە، کاریگەریەکی هەمەلایەنەی هەیە لەسەر دانیشتوان و ڕەوشی سیاسی دەوڵەتەکە، ئەوەی لەوەشەوە پەیدا دەبێت لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا، لەبەر ئەوەی دەوڵەتان لە ڕووی شوێنی جوگرافیایی یەوە لێکجیاوازن، بۆیە کاریگەری ئەو شوێنەش جیاوازە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر[١].

توێژینەوە لە شوێن هەمان ئەو دیاردە ئاماژە پێکراوانەی شوێنگە[*]ی ناوچەیەك دەگرێتەوە کە خۆی بە هەرێمێك یان ناوچەیەکی دەورووبەری دیاردەیەك دەناسێنێتەوە، ئەمیش بە پەیوەندیەکی تۆکمە پێیەوە بەستراوە و لە گەڵیدا کاریگەریەکەی ئاڵوگۆڕە[٢].

گرنگی و کاریگەرێتی شوێنی یەکە سیاسیەکان و تایبەتمەندی سروشتی و مرۆییان وایکردووە چەندین جۆر لە شوێن لە لایەن شارەزایانەوە دەست نیشان بکرێت، هەریەکە لەمانیش لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە کەڕەنگدانەوەی واقعی ناوچەکانی شوێنە بە پێی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی لەسەر زەوی، بۆیە بە پێویستی باسەکە دەزانرێت بخرێتەڕوو:

لە نموونەی سەرچاوەکانی بەردەستدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە جوگرافیناسان ڕاجیاییان هەیە سەبارەت بە دابەشکردنی شوێنی جوگرافی بۆ جۆرەکانی، هەندێك لە

---

[١] عەبدوڵلا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێو دەوڵەتیەکان، وەرگێڕانی : جەزا تۆفیق طالب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چاپی سێیەم، چاپخانەی کەنج، سلێمانی، ٢٠١١ ، ص ١٤٦.

[*] ئەوەی بە دیدەکرێت لە نێوان (**شوێن و شوێنگە**) ئەوەیە؛ شوێنگە ڕووبەرێکە،جێگاکەی دیاردەیەك کەوتۆتە سەری، وە سیفەتێکی جوگرافی هەڵدەگرێت، لەسەر نەخشەدا بە خاڵ یا بە بازنەی بچوك دەنوێنرێت، وە هەر شوێنگەیەك بەشێکە لە شوێنێکی جوگرافی، بەڵام (شوێن) ناوچەیەکی جێگیر و نەگۆڕە، کۆمەڵێك لە شوێنگە لە خۆوە دەگرێت، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ جوگرافیا سیاسی، کات ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی گرنگیەکەی بۆ هەر یەکەیەکی جیهان، وە لەسەر نەخشەدا پانتاییەك دەنوێنێت بە سنورێکی سروشتی یان مرۆیی کۆتایی دێت کە زۆر جار دەورووبەرەکەی بایەخی گرنگیەکەی زیاتر دەکەن لە کاتێکدا خۆی بارێکی ڕەخساوی ئەو گرنگیەکی هەبێت. بە واتایەکی تر شوێن ڕووبەرەکەی فراوانترە لە شوێنگە، ناوەڕاستی دیاردەکە و پەیوەندیەکانی بەڕووبەرانێکی فراوانتری دەورووبەری بە دیاردەخات، بۆیە شوێنگە خاڵێکە کە چی شوێن ناوچەیەکە.

سەرچاوە: محمد صالح ربيع العجيلي، المصدر السابق، ص ٣٧٩.

[٢] محمد صالح ربيع العجيلي، المصدر نفسه، ص ٣٧٩.

شارەزایان کردویانەتە دوو خاڵ لەوانە[1] : (شوێنی فەلەکی و شوێن بە گوێرەی وشکانی و ئاوی[*])، نوسەرانێکی تر دابەشیانکردووە بۆ: شوێنی جوگرافی (وشکانی یا کیشوەری، وە شوێنی دەریایی) [2]. کۆمەڵێکی زۆریش لە جوگرافیناسان بەشێوەیەك دابەشیانکردووە کە کۆکەرەوەی هەموو جۆرەکانی شوێنە، ئەمان لەم شێوەیەی خوارەوەیان ئاماژە پێکردووە[3]:

١ – شوێنی فەلەکی.

٢ – شوێن بە گوێرەی دەوڵەتانی تر.

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر:

أ – عدنان صافي، الجغرافيا السياسية بين الماضي و الحاضر، مركز الكتاب الأكاديمي للنشر و التوزيع، عمان، ١٩٩٩، ص ١١٥ – ١١٦.

ب. محمد أزهر سعيد السماك، الجغرافيا السياسية - اسس وتطبيقات، دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٨، ص ٧٦.

ج. محمد حجازى محمد، الجغرافيا السياسة، منشورات جامعة القاهرة، القاهرة، ١٩٩٦ – ١٩٩٧.

(*) (د. سماك) شوێنی لۆجستی (الموقع السوقی) وەك خاڵی سێیەم نوسیوە، وە شوێن بە گوێرەی وشکانی و ئاوی دابەش دەکاتەوە بۆ شوێنی دەریایی و کیشوەری. محمد أزهر سعيد السماك، المصدر السابق، ص ٧٦ – ٨٦.

(٢) يحيى الفرحان و نعيم الظاهر، الجغرافيا السياسية، دار النشر الشركة العربية المتحدة للتسويق و التوريدات، القاهرة، ٢٠١٠، ص ٩٠، ص ٩٦.

(٣) بۆ زیاتر :

أ – فايز محمد العيسوي، الجغرافيا السياسية المعاصرة، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ٢٠٠٠، ص ٦٣ – ٧٤.

ب – ئازاد نەقشبەندی، شوێنی دراوسێتی (ڕێژەیی) هەرێمی کوردستان و کاریگەرێتی لەسەر ئێستاو ئایندەی هەرێم، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، هەولێر، ئابی ١٩٩٧، ل ٩ – ١٠.

ج – علي سالم الشواورة و جابر الحلاق، الجغرافيا الطبيعية و البشرية، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان، ٢٠١٢، ص ٤٥٥ – ٤٥٦.

٣ – شوێنی دەریایی و کیشوەری .

٤ – شوێنی ستراتیژی.

خستنە ڕووی جۆرەکانی شوێن، سەرچاوە دەگرێ لە جیاوازی تێڕوانینی توێژەران بۆ چۆنیەتی دابەشبوونی جوگرافی یەکە سیاسیەکان و بایەخ و کاریگەریان بە پێی شوێنی سروشتیان لەسەر نەخشەی جیهان. هەر یەکەیان بە تێگەیشتنی خۆی بەرچاوی خستون. ڕاستی دەرخستن و تەواوەتی ئەوەیە کە بەهای هەر شوێنێك لە نێو جۆری خۆی دەرخەین، بۆ نموونە شوێنی بەربەست (الموقع الحاجز) بەشێکە لە شوێن بە گوێرەی دەوڵەتانی تر، وە شوێنی دوورگەیی (الموقع الجزري) بەشێکە لە شوێنی دەریایی، بەڵکو باشتر وایە سەر بەخۆیی جۆرایەتی بدرێتە ئەوانەی ڕاڤەی جیا هەڵدەگرن وەك جیاکردنەوە شوێنی ستراتیژی لە جۆرەکانی تر.

لەبەر ڕۆشنایی بیر و بۆچۆنی شارەزایان سەبارەت بە شێوەکانی دابەشکردنی شوێن بۆ جۆرەکان ئەوا بەم شێوەی خوارەوە دابەش ئەکرێنەوە :

## ١- شوێنی فەلەکی:

دوو هێڵی سەرەکی خەیاڵی هەن، هەر یەکەیان بە هێڵی (سفر) دەست پێ دەکات. دەتوانرێ شوێنی دیاردە جوگرافیەکان بە گوێرەیان دیاری بکرێت. بازنەی سفری سەرەکی ناوەڕاست (هێڵی یەکسان)، گۆی زەوی دابەشکردووە بەسەر (١٨٠) بازنەی پانی. وە هێڵی درێژی سەرەکی ئەویش بە سفر دانراوە، ژمارەیان (٣٦٠) هێڵە. بازنەکانی پانی یارمەتیدەرە بۆ دەست نیشانکردنی جیاکەرەوە و تایبەتمەندییە سروشتیەکانی هەرێمە جوگرافیەکان(*). بەڵام هێڵەکانی درێژی بۆ هەژمارکردنی کاتە، لەگەڵ ئەوەی بایەخەکەی کەم بۆتەوە لە ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای گەیاندنەوە.

بە سەیرکردنی نەخشەکانی جیهان دەردەکەوێت کە تۆڕی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی (شبکة إحداثيات) تەواوی گۆی زەویان داپۆشیووە، ئەمە وایکردووە هەر یەکەیەکی سیاسی شوێنێکی فەلەکی تایبەت بە خۆی هەبێت کە جیاواز بێت لە ئەوانی تر، بۆیە هەر

یەکەیەك و دەوڵەتێك یان هەر هەرێمێك دەکەوێتە نێوان دوو بازنەی پانی و دوو هێڵی درێژی.

## ٢- شوێن بە گوێرەی دەوڵەتانی تر:

شوێنی دراوسێتی (vicinal location)، یا شوێنی (ڕێژەیی، تخومی یاخود هاوسنووری) دەگرێتەوە، واتە پەیوەندی دەوڵەتێك بە دەوڵەتێکەوە کە لێیەوە نزیکەو هاوبەشە لە گەڵیدا لە سنوور[1]. هەر چەشنە شێوازێکی دەربڕین بۆ ئەم چەمکانە، گەڕانەوە و بەڕێداچوونی سەرچاوەی بابەتێکن، بەڵام لێکجیایەکی ورد هەیە لە نێوان هەر یەکەیان لە کاتی بەکارهێنانی زانستیانە، بۆیە بە پێویستی تێگەیشتنی ئێستا و دوایی باسەکە دەزانرێت بە دوای ماناکانیاندا بڕۆین.

أ – **شوێنی دراوسێتی** : واتە دەوڵەتێك بکەوێتە پاڵ دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی تر، وەك: ئێران، تورکیا، سوریا، عێراق، ئوردن، سعودیە، کوێت .... لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەریان، تەنیا ئەو دەوڵەتانە نەبێت کە کەوتونەتە سەر دوورگەیەك و سنووری وشکانیان نیە لە گەڵ هیچ دەوڵەتێکدا وەك : ئوستراڵیا، نیوزلەندا، ئایسلەندا، مالاگاشی، سیشلێ، ماڵدیڤ ...[٢].

ب – **شوێنی ڕێژەیی** : قەبارەی چەندێتی کاریگەری دەوڵەتێك لە ژێر هەلو مەرجی دەوڵەتە دراوسێکانی ڕێژەیی یە. شوێنی جوگرافی دراوسێتی وەك هەموو شوێنەکانی تری جوگرافی

---

[*] هەرێمی جوگرافی: بریتیە لە یەکەیەکی شوێن کە دیمەنە سروشتیەکانی دیاردە جوگرافیەکان تیایدا هاوشێوەن. آمنة أبو حجر، المصدر السابق، ص ٥٤.

[1] خلیل حسین، المصدر السابق، ص ١٨١.

[2] هاوڕێ یاسین محەمەد، دەروازەیەك بۆ جوگرافیای سیاسی و جیوپۆلەتیك، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ، ٢٠١٢، ل ٤٥.

لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە، هەر چەندە ئەم باش و خراپیەش ڕێژەیی یە لە کاتی جەنگ و ئاشتیدا وەك یەك نین، بۆ نموونە[١]:

دراوسێتی و نزیکی کوردستانی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی ئێران و عێراق لە کاتی جەنگی هەشتاکانی نێوانیان بووە مایەی زیان لێکەوتنێکی زۆر، بەڵام لە کاتی ئێستای ئاشتیدا بووەتە مایەی بەدەستهێنانی ئاستێکی بووژانەوەی تا ڕادەیەکی باشی ئابووری.

ج – **شوێنی هاو سنووری** : سنووری سیاسی ئەو چوار چێوە جوگرافیەیە کە هەرێمی دەوڵەت دیاریدەکات و لەناوەوەدا فەرمانڕەوایەتی خۆی جێ بەجێ دەکات، لەوێوە دەسەلاتی دەوڵەتێکی دراوسێ دەست پێدەکات. گەلێك جار گرفتەکانی سنووری سیاسی دادەنرێن بە یەکێك لە زیاترین ناکۆکیەکانی نێوان دەوڵەتان[٢] (*). هەر ئەو چوار چێوە جوگرافیە شوێنی جوگرافی دەوڵەتە سەبارەت بەو سنوورانەی کە هەیەتی لەگەڵ

---

[١] ئازاد نەقەشبەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

[٢] وضاح عبدالمنان زيتون، المعجم السياسي، دار اسامة للنشر و التوزيع، عمان ، ٢٠١٠، ص ١٣٧.

(*) سەبارەت بە گرفتە سنووریەکانیش ئەوا ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دیاریترین نموونەی ئەو بابەتەیە وەك ناکۆکی وێنەکێشانی سنوری لە نێوان بەحرێن و قەتەر لەسەر ئاوەکانی هەرێمی نێوانیان. بوونی گرژێتی میسر و سودان لە بارەی ناوچەی حەلایب کە بڕوا وایە دەوڵەمەندە بە نەوت، هەریەکە لە ئێران لەگەڵ عێراق ناکۆکیان هەبوو لەسەر شەتولعەرب، جیاوازی هەر یەك لە عێراق و کوێت لەسەر سنوری نێوانیان و دابەشکردنی کێڵگەی ڕۆمێلەی نەوتی، تا ئێستاش ئیسرائیل ناکۆکی لە گەڵ دراوسێ عەرەبیەکانی هەیە. سعودیە ناکۆکیەکی گەرمی لەگەڵ یەمەن هەیە لەسەر سنوور. بەم شێوەیە هەندێك لە گرفتە سنووریەکان چارە سەرکراون یان وەستێنراون یان بە هەڵواسراوی ماونەتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر : عبدالقادر زريق المخادمي، نزاعات الحدود العربية، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠٠٤ ، ص١٤٤.

(**) سنور و تخوم لە گەڵ یەکتریدا جیاوازیان هەیە، سنور هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان دوو دەوڵەتە ، مرۆڤ دیاریکردووە، وە دەگونجێ بگۆردرێت، بەڵام تخوم ڕووبەرێکی سروشتی زەویە، جێگیرە و ناتوانرێت لابرێت. بۆ نموونە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس لە بەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە توخمێکی سروشتی نێوان دەوڵەتی عێراق لەگەڵ هەریەکە لە دەوڵەتانی ئێان و تورکیا دادەنرێن، بەڵام خودی هێڵەکانی سنوور هێڵن و لەسەری ڕێکەوتوون. عەبدولا عەتەوی ، دەوڵەت و کێشە نێو دەوڵەتیەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧١ – ٢٧٢.

دراوسێکانیدا، لەگەڵ هەریەك لەوان هاوسنوورە، کەواتە هاوسنووری واتە بوونی سنوورێك لە نێوان دوو دەوڵەتدا.

د – **شوێنی تخوومی** : تخووم[**]، هەرێم یان ناوچەیەکە لەسەر سنوورێك، پشتێنەیەکی جیاکەرەوە یا گەیاندن یان گوازراوە پێك دەهێنێت لە نێوان دوو یەکەی سیاسی یان زیاتر[١]. ئەم شوێنە هاوبەشی خۆ بە خاوەندانانی نێوان دوو دەوڵەت یان زیاترە لەسەر پارچەیەکی زەوی نێوانیان، بۆ نموونە بیابانی عەرەبی لەسەر لێوارەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی و بیابانی باکووری ئەفریقیا وەك توخمێکی جیاکەرەوە کاریکردووە لە ماوەی سەردەمەکانی مێژوودا لە نێوان دەوڵەتانی ئەو ناوچەیەدا[٢].

هـ – **شوێنی دەوڵەتی بەربەست:** دەوڵەتی بەربەست (buffer state) یەکەی سیاسی قەبارە بچوکن لە نێوان یەکە سیاسیە قەبارە گەورەکان هەڵکەوتوون، ئەم دەوڵەتە بەربەستیانە وەك ڕێگرێك دەمێننەوە لەبەردەم پێکدادانی لایەنە گەورەکان، دەستگرتنی لایەنێك بەسەریدا هاو بەرامبەری بەرگری یەکە بچوکەکان نیە، بەڵکو بەرهەڵستکردنی لایەنەکەی ترە. وەك بەلجیکا کە دادەنرێن بە دەوڵەتێکی بەربەست لە نێوان ئەڵمانیا لەلایەك و فەرەنسا لەلایەکیتر[٣].

بە دەربرینێکی تر دەگوترێ: شوێنی بەربەست سروشتێکی ڕووبەر بچوکە، دامەزراوەیەکی سیاسی فەرمانرەوایەتی دەکات، دروستکراوی دەوڵەتانی گەورەی دراوسێتی و کەوتۆتە نێوانیان، مەبەستیش لەمەدا پارێزگاریکردن و نەبەزاندنی سنووری بەرژەوەندی هەریەکەیانە لە کاتێك ئەم دەوڵەتە وەکو بەربەست بمێنێتەوە.

---

(١) آمنة أبو حجر، المصدر السابق، ص ١٥٣.

(٢) محمد محمود السرياني، الحدود الدولية في الوطن العربي نشأتها و تطورها و مشكلاتها، مطابع أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية، الرياض، ٢٠٠١ ، ص٦١.

(٣) حسام الدين جاد الرب أحمد، معجم المصطلحات السياسية و الدوبلوماسية و الأقتصادية (إنجليزي – عربي)، دار العلوم للنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠١١، ص ٥٢.

سەرجەم مانای چەمکەکانی سەرەوە خۆی دەبینێتەوە لە شوێنی دراوسێتی و ڕێژەیی، کاریگەریە ڕێژەیەکانیش مەرج نیە تەنها بە دراوسێتی بێت، چونکە ئەمڕۆ گۆڕانکاریە خێراکانی تەکنەلۆجیای گواستنەوە و گەیاندن و بەرهەم هێنان شوێنە جوگرافیەکانی ئاسانتر لە پێشتر گەیاندووە بە یەکتر. هەرچەندە گرفتە سیاسیەکانی نێوان دەوڵەتان زۆرن، بەڵام هاوبەشیەکانی بە ڕێکەوتن ئەنجامێکی چارەسەری باشی دەبێت بۆ دەوڵەتانی پەیوەست بە گرفتەکە.

## ٣- شوێنی دەریایی و کیشوەری:

دووروو نزیکی هەر دەوڵەتێك یا هەر هەرێمێك لە دەریا باسێکی گرنگی جوگرافیای سیاسیە و کاریگەریەکی چارەنوسسازی بۆ سەر هەر دەوڵەتێك هەیە، لەبەر ئەمەشە کە ئەم باسە هەمیشە جێگای سەرەنجی جوگرافیناسە سیاسی و جێپۆلەتیك ناسەکانە، وە هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی چەندین باس و توێژینەوەی تایبەتی لەبارەیەوە بکرێت، بۆیە ئەم جۆرە لە شوێنی جوگرافی دابەش دەبێت بۆ هەریەکە لە[1]:

أ – شوێنی دەریایی (ئاوی): بریتی یە لە شوێنی جوگراف دەوڵەت کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتۆتە سەر ڕووبەرە ئاوییەکان، ماوەی دیاریکراوی درێژبونەوەی هێڵە سنووریەکەی لەسەر دەریاکە بە دیاردەخات.

ب – شوێنی کیشوەری (وشکانی): شوێنی جوگرافیای دەوڵەتە، کەوتۆتە نێو کیشوەرێکەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕووبەرە ئاوییەکانەوە نی یە، تەواوی سنوورەکانی جوگرافیای دەوڵەتەکە بە وشکانی دەورە دراوە.

---

[1] ئازاد نەقشەبەندی، بایەخی جیۆپۆلەتیکی شوێنی جوگراف کوردستان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە (٣)، ساڵی سێیەم، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ١٩٩٤، ل ١٤ – ١٥.

پلەی دەریاییێتی دەوڵەتێك بەوە دیاری دەکرێت کە ڕێژەی درێژایی سنوورە دەریاییەکانی چەندە لە چاو سنوورە وشکانییەکانی، لەسەر ئەم بنچینیە دەوڵەتان لە ڕووی شوێنی کیشوەری و دەریایی یەوە دەکرێنە چەند بە شێك کە ئەمانەن[1]:-

**١ – دەوڵەتە دوورگەییەکان (تەواو دەریایی):** کۆی ئەو دەوڵەتانە دەگرێنەوە کە لە هەموو لایەکەوە دەورەدراون بە ئاوی دەریاکان، کۆتایی سنووری وشکانیان سەرەتای سنوورێکی دەریایی یە، وابەستە نین بە هیچ وشکانی ترەوە وەك ( ژاپۆن، ئەندەنوسیا، بەریتانیا، ئایسلەندا، ئوستراليا، کوبا فلپین .....).

**٢– دەوڵەتانی نیمچە دەریایی:** ئەو دەوڵەتانەن کە سیفەتی دەریایی بە سەریاندا زاڵە، وەك (ڕوسیا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا...)[2][*].

**٣– دەوڵەتانی نیمچە دوورگەیی:** تێکرا ئەو دەوڵەتانەن کە تەنها سنووری لایەکیان لە گەڵ وشکانیتردایە، ئەوەی ماوەتەوە لە سنووری لاکانیتری کەوتۆتە سەر ئاوی دەریاکانی دەوروبەری، بۆیە خەسڵەتی دەریایی بە سەریاندا زاڵە، وەك (هندستان ، قەتەر ، دانیمارك ، ئیتاليا ، ئیسپانیا .... ).

**٤– دەوڵەتانێك هەن سیفەتی دەریایی بەسەریاندا زاڵە:** بەلأم نیمچە دوورگەیی نین وەك تورکیا و فەرەنسا.

**٥– دەوڵەتانی دوو دەریایی:** ئەوانەن کە سنوورە سروشتیەکەیان لە دوو لاوە بەسەر دەریادا دەڕوانێت وەك (میسر، سعودیە، هەموو دەوڵەتانی ئەمریکای ناوەڕاست جگە لە

---

[1] عەبدوڵا عەتەوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

[2] محمد أزهر سعيد السماك، المصدر السابق، ص ٨١.

[*] مەرج نی یە دەوڵەتی نیمچە دەریای نیمچە دوورگەیی بێت بەلأم پێچەوانەکەی ڕاستە وەك نموونەکانی سەرەوە.

سلڤادۆر). ئەم جۆرە دەوڵەتانە لە کاتێکدا خەسڵەتی دەریایی بە سەریاندا زاڵ دەبێت، ئەگەر سنووری دەریاییان درێژ تربێت لە سنووری وشکانیان وەك مەکسیك[١].

٦- **دەوڵەتە داخراوەکان:** ناسراون بە دەوڵەتانی (بەندکراو)[٢]، زاراوەیەکە بەو دەوڵەتانە دەگوترێ کە سنووریان ناڕوانێتە سەر دەریا[٣] و بە تەواوی وشکانین ....، هەمویان کەوتونەتە ناوچە کیشوەریەکان بە بێ ئەوەی کەناریان هەبێت. لە ئێستای جیهاندا (٤٣) دەوڵەتی داخراو هەن ... پێنج یەکی دەوڵەتانی جیهان پێك دەهێنن و بلاّو بوونەوتەوە لە هەر چوار کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا و ئەمریکا لاتینی .. سێ یەکی ئەوانەش کەوتونەتە کیشوەری ئەفریقیا[٤].

٧- دەوڵەتانێك هەن سیفەتی وشکانی بەسەر سنوورەکانیاندا زاڵەو، زۆربەی زۆری سنوورەکەیان کیشوەریە، زۆرێك لەوان خاوەنی ڕووێکی دەریایین یاخود لایەکی بچوکی دەریایان هەیە وەك (عێراق، لوبنان ، ئەڵمانیا، لیبیا، جەزائیر، فەنزویلا .....).

کەواتە شوێن کیشوەری بێت یان دەریایی هەڵکەوتەی شوێنە جوگرافیەکەی نێوی ڕۆڵی دیاری هەیە لە دروستبوون و گەشەکردن و بالاّ دەستبوونی دەوڵەتەکە، ئەگەر چی گشت بۆچوونەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی شوێنی ئاوی گرنگترە لە شوێنی وشکانی؟ کە ئەمە لە دواییدا زیاتر بە کرۆکی وەڵامەکەیدا دەچین.

## ٤- شوێنی ستراتیژی:

مەبەست لە شوێنی ستراتیژی یان شوێنی لۆجستی (Logistics Location) بە مانایەکی سەربازی بەرتەسك ئەوەیە؛ ئەو شوێنەیە کە ئامادەگی دەست بەسەر داگرتنی

---

[١] محمد أزهر سعيد السماك، الجغرافيا السياسية ( بمنظور القرن الحادي و العشرين بين المنهجية و التطبيق )، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان ، ٢٠١١، ص 82.

[٢] عصام محمد إبراهيم، دراسات فى الجغرافيا البشريه، الناشر المكتب العربى للمعارف، القاهره، ٢٠١١ ، ص ٣١٣.

[٣] خەلیل عارف، دەوڵەتە داخراوەکان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی (سیاسەتی دەولی) ، ژمارە (١)، ساڵی چوارەم،سلێمانی، نیسانی ١٩٩٥، ل ٧١.

[٤] محمد أحمد السامرائي، المصدر السابق، ص ١٠١.

تێدایە، دەستکەوتەکەی پارێزگاریە لە دوژمن، یان هێزەکان لەو شوێنەوە دەتوانن هێرش بکەنە سەر دوژمن، بەڵام لە مانا فراوانەکەیدا چەند بوارێکی تر دەگرێتەوە وەك ئابووری و سیاسی و بازاڕی ....[1].

فەرهەنگی زاراوەکانی سیاسی و نێودەوڵەتی بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ کردووە: ئەو ناوچانەن کە خاوەنی تایبەتمەندیەکن، کە کێ دەست دەگرێت بەسەریاندا؟ بەسەر باشترین شوێنی ڕووبەڕوبونەوەی سەربازیان جا هێرشبردن بێت یان بەرگریکردن. بەو پێیەی ئەگەر ناوچەیەکی هێرش بۆ کراو بێت ئەوا بەرگریکردن بۆ بەرگریکار زەحمەت دەبێت وە ئەگەر ناوچەیەکی بەرگریکاریش بێت ئەوا هێرشبردن بۆ هێرشبەر ئاسان نابێت. هەمیشە بەرزاییەکان و ڕێرەوە ئاوییەکان و ناوچەکانی تێپەڕینی ناچاری .... لە جۆری ئەو شوێنە ستراتیژیانە دەبن کە توانای فەرمانبەرداریکردنی جوڵە و هاتووچۆکردنن[2].

هەرچی فەرهەنگی زاراوەکانی سیاسی و دبلۆماسی و ئابووریە شوێنی ستراتیژی پوخت کردۆتەوە بەوەی ئەمانە شوێنانێکی وشکانی و دەریایین، کەوا گرنگیەکی گەورەیان هەیە بۆ بە گوڕ دەرچوونی هێزەکانی سەربازی و دەستگرتن بەسەر شەڕە جەنگیەکان لە دۆخەکانی بەرگریکردن و هێرشبردن[3].

هەر چەندە شوێنی ستراتیژی دیدگایەکی سەربازی وەرگرتووە لە هەردوو تێگەیشتنی سەرەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاوازیەك نیە لە نێوان ستراتیژی سیاسی و ستراتیژی سەربازی[4].

---

[1] محمد أزهر سعيد السماك، الجغرافيا السياسية ( بمنظور القرن الحادي و العشرين بين المنهجية و التطبيق )، المصدر السابق، ص٩٢.

[2] حسين ظاهر، معجم المصطلحات السياسية و الدولية (عربي – فرنسي – انجليزي) ، مجد المؤوسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت ، ٢٠١١، ص ٤٠٤.

[3] حسام الدين جاد الرب، المصدر السابق، ص ٢٤٩.

[4] شاكر مجيد ناصر الشطري، قاموس العميد للمصطلحات السياسية، الطبعة الثانية، دار الجواهري، بغداد، ٢٠١٢، ص ١٨.

کەوایە شوێنی ستراتیژی بە دروستی جۆرێکی شوێنە، "لە کوێ بوونی نەخشەیی و؟ چۆن بوونی واقعی ناوچەیی و؟ تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی"، ڕۆڵ دەبینێت لەسەر بایەخە سیاسی و ستراتیژیەکەی. ئەم شوێنە دەبێت خاوەنی بە ڕووداکرانەوەی ناوچەیی بێت، دەروازەیەك بێت لەوێوە سەرچاوەی پێداویستیەکانی دەورووبەری و هەندێك کات بەشێك لە جهانیش ئاڕاستە بکات.

شوێنی جوگرافی دەوڵەتی عێراق نمونەیەکە بۆ شوێنێکی سەربازی و ستراتیژی کە زۆرێك لە شارەزیانی ئەو بوارە پێیان وایە زۆر گرنگە، چونکە خاڵی پێك گەیشتنی کیشوەرە کۆنەکانەو گەیەنەرە لە نێوان ئۆقیانوسی هیندی و دەریای ناوەڕاست دا. ئەو گرنگی یە زیاتر بە دەرکەوت لە جەنگی دووەمی جیهانی[(١)] کاتێك (سێر ویلسون) فەرماندارى گشتی سیاسی ناوچەکە لە ساڵانی داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە، سەبارەت بە گرنگی ستراتیژی عێراق دەڵێت: "کلیلی تەواوی ناوچە ستراتیژیەکان لە بەغدایە ..، بۆمان سەلمێنراوە کە سیاسەتی ئێمە لە کاتی ئاشتیدا دەبێت پارێزگاری لەم دەوڵەتەدا بکەین، چونکە (میسۆپۆتامیا) وەك بزمارێك وایە، کە چاودێری هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە دەکات، بۆیە نابێت لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی یان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامی یەکبگرێت، بەڵکو دەبێت بە ئەندازەی پێویست لەوانەوە دووربێت"[(٢)].

دەرخستنی شوێنی جوگرافی دەوڵەتانی جیهان لە (نەخشەی — ١) بەرچاو ڕوون کراوە.


---

[(١)] کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق (سروشتی)، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٢٠ — ٢١.

[(٢)] عزت اللەی عزەتی، کوردستان لە لێکۆڵینەوەیەکی جیۆپۆڵەتیکی ئێران و عێراقدا، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٣، ٤٩.

(نەخشەی – ١)

شوێنی جوگرافی دەوڵەتانی جیهان .




سەرچاوە: هاشم یاسین حمد أمین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١١٢ – ١١٣.

ئەنجامی ئەم باسە دەریخست کە شوێن پانتایی لە خۆگری دیاردەکانی دەوڵەت و یەکە سیاسیەکانە، هەر چی جۆرەکانی شوێنە بەهایان لە دەست نیشانکردنی شوێندا دەردەکەوێت لەسەر نەخشەکانی جیهان بە گوێرەی جیاوازی هەڵکەوتەی هەر یەکەیان. واتە شوێن لە کوێیە جۆرەکانی لەوێن، پشت بەست بە تایبەتمەندیە جوگرافیەکان، چونکە بنەمای دروستبوونی جۆرەکانن.

وە لەبەر ئەوەی دەوڵەتان لە ڕووی جۆرەوە جوودان، دەشێ دەوڵەتێك جۆرێك یان چەند جۆرێك بیگرێتەوە، بەڵام لە هیچ دەوڵەتێکدا هەموو جۆرەکان بە یەکەوە کۆنابێتەوە. دەگونجێ کۆمەڵێك لە دەوڵەتان لە چەند جۆرێکدا هاوبەش بن. ئەمانە وایکردووە گرنگی و بایەخ و کاریگەریان جیاواز بێت، بۆیە لە گرنگی شوێنی جوگراف و جۆرەکانییەوە دەدوێین.

## باسی دووەم/ گرنگی شوێنی جوگرافی

شوێنی جوگراف هەر دەوڵەتێك بریتیە لە چوارچێوەیەك لە زەوی، دەریاو ئاسمان کە دەوڵەتێك دەسەلاتی خۆی تێدا بەڕێوە دەبات. هەبوونی شوێنی جوگرافی بەمەرجی سەرەکی پێکهێنانی دەوڵەت دەژمێردرێ[١].

هەموو دەوڵەتێك (state) شوێنێکی دیاریکراوی دەست نیشانکراوە (سنوور بۆ دانراوە) لەسەر ڕووی زەوی، خاوەنی شکۆمەندیەکی تەواوە بەسەریدا، دەوڵەتیش بە دیاردەیەکی ڕووبەری دادەنرێت، هیچ دەوڵەتێك نی یە بە بێ زەوی (home base) بێت، تاکەکانی گەلەکە لەسەری دەژین، لە ڕێگەی پەیوەندیە مێژوویی یەکانەوە نیشتیمانی دایك (home land) پێك دەهێنن[٢].

پەیدابوونی جۆرایەتی شوێنی دەوڵەتان و یەکە سیاسیەکان سەرچاوەی گرتووە لە جیاوازی دابەشبوونی شوێنجێی پانتاییە جوگرافیەکان، بە هەمان شێوە تایبەتمەندیە سروشتیەکانی هەر جۆرێکیان بە هۆکارێکی بنەڕەتی دادەنرێت لە دروستبوونی جیاوازی گرنگی و کاریگەرێتی هەریەکەیان.

بۆ ئەوەی زیاتر بە ڕووی ئەم دیدەدا بچین ئەوا چەند بۆچونێك وەردەگرین:

گومانی تێدا نیە هەموو دەوڵەتێك یا (یەکەیەکی سیاسی) شوێنێکی تایبەت بە خۆی هەیە لەسەر گۆی زەوی کە جیای دەکاتەوە لە شوێنی دەوڵەتانی تر، بۆیە کاریگەرێتی شوێن لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت، .. هەر چەندە شوێنی جوگرافی هەر خاڵێك لەسەر گۆی زەوی نەگۆڕە، بەڵام گرنگی شوێنەکە و کاریگەرێتیەکەی هەمیشە لە گۆڕاندایە بە هۆی گۆڕانکاریەکانی دابەشبوونی مەڵبەندی هێزی سەربازی و ئابووری و

---

[١] زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، هەولێر، ل ٢١٧.

[٢] خلیل حسین، المصدر السابق، ص ١٧٤.

سیاسی لە جیهاندا، هەروا گۆڕانە تەکنەلۆژیاکان بە تایبەتی لە بواری دروستکردنی ئامرازی بەرهەمهێنان و گواستنەوە[(١)].

هەر لەم بارەیەوە شارەزایەك شوێنی جوگرافی بە جێگیری دەناسێنێت وەکو هەر ڕەگەزێکی تری سروشتی، لەبەرئەوەی شوێن ناوچەیەکی جێگیرە لەسەر زەوی، پێی وایە بەها سیاسی و ستراتیژیەکەی هەمیشە لە گۆڕاندایە، بە واتایەکی تر گەشەسەندنی لۆجستی جیهان بۆ شوێن دەگۆڕدرێت، یەکەم بە گۆڕانی کات و دووەم بە تەکنیکی تازە[(٢)].

هەروەها نوسەرانێکی تری ئەو بوارە ئاماژەیان بەوە کردووە کە شوێن بیرۆکەیەکی ڕەها نیە بەڵکو ڕێژەیی یە، لەبەر ئەوەی ئەو جیهانەی کە لێی دەژین جیهانێکی گۆڕاو و گەشەسەندووە، ئەگەرچی وەکو سروشتێکی ڕاستەقینە شتێکی جێگیرە، هەربۆیە هەڵسەنگاندنی شوێن دەگۆڕدرێت بە گۆڕانی ڕۆژگار، ئەوەی دووچاری گۆڕان دەبێت لایەنە جیاوازەکانی ژیانە کە بەرە و پێش دەچێت. ئەو نوسەرانە دەڵێن: "ئێمە ناتوانین دڵنیایمان بسەپێنین بەوەی کە لە ئێستادا بەهای شوێنی هەر جێگایەك دەمێنێتەوە وەك لە ڕابردوو هەبووە ئەگەر وابێت هەڵەیەکی مێژووی نەشیاو ئەنجامدەدەین[(٣)]".

لێرەدا ئەوە خرایەڕوو شوێنی جوگرافی بنەمایەکی دروستبوونی کیانی سیاسیە. هۆکارێکی کاریگەریشە لە دەرخستنی بەهاو سەنگی دەوڵەت و هەڵس و کەوت و بڕیارەکانی، بەڵام ئەمانە هاو ئاست نین لە نێوان دەوڵەتاندا لەبەر هەڵکەوتنی جوگرافیان. هەروەك جوگرافیزانێك شوێنەکانی هەڵکەوتنی دەوڵەتانی دابەش کردووە بۆ سێ جۆر و لە بارەی بەهاکانیانەوە دەدوێت و دەنوسێت: "پەرگیرێتی و ناوەڕاستینە و ناوەندی

---

(١) ئازاد نەقشەبەندی، شوێنی دراوسێتی (ڕێژەیی) هەرێمی کوردستان و کاریگەرێتی لەسەر ئێستا و ئایندەی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

(٢) محمد أزهر سعيد السماك، الجغرافيا السياسية ( بمنظور القرن الحادي و العشرين بين المنهجية و التطبيق )، المصدر السابق، ص ٧٧ – ٧٨.

(٣) نافع القصاب و صباح محمود و عبدالجليل عبدالواحد، الجغرافية السياسية، مؤسسة دار الكتب للطباعة و النشر، بدون مكان و سنة الطبع ، ص ٢٨٩.

هەڵکەوتەی شوێنین و بەهاکەی هەڵدەسەنگێنن، ئەمەش بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان و دۆزینەوەی دەرامەتە ئابوورییە بەرزەکان جیاواز دەبێت، یا بە پێی بوونی قورسایی ئابووری دەوڵەتێك، یان بەشێکی جیهان لە ناوچەیەکدا[1].

هۆکاری شوێنی جوگراف گرنگیەکی زۆری هەیە لە توێژینەوەی جوگرافیای سیاسی دەوڵەت و بونیاتنانی، بەهای دەرکەوتن و سەرکەوتنی دەوڵەت لە پێشبڕکێی دەوڵەتانی دراوسێ دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەی. بە پێی مێژوو بەهای شوێن دەگۆڕدرێت بە گۆڕانی بارودۆخە سیاسیەکان و پەیوەندیە شوێنیەکانی دەوڵەتان، پەرگیری جوگراف سود دەگەینێت بە نەش و نماکردنی دەوڵەتان، بە تایبەتی ئەگەر دەورە درابێت بە ناوچەکانی بەرگری وەك بیابان و دەریاکان و دارستانە چڕەکان[2].

کەواتە بەهای شوێن لە گرنگی شوێندایە، بۆ ئەوەی لە گرنگی شوێن بگەین دەبێ لە گرنگی جۆرەکانی دەست پێ بکرێتەوە:

## ١- گرنگی شوێنی فەلەکی:

هەروەکو لە پێشووتر وترا مەبەست لێی شوێنی دەوڵەتە بە پێی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی، لەبەر ئەوە شوێن گرنگی تایبەتی و گەورەی هەیە، شوێن بە پێی هێڵەکانی درێژی گرنگیەکەی کەمتر بۆتەوە لە ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە بوارەکانی گواستنەوە و گەیاندندا، بەڵام لە کۆندا شوێنی دەوڵەت بە پێی دووروو نزیکی لەناوەندی چالاکی سیاسی و ئابووری دیاری دەکرا، دووری و نزیکی لە ناوەندەوە کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر دەوڵەت هەیە.

زۆرێك لە دەوڵەتان لەگەڵ ئەوەی تاڕادەیەکی باش پێشکەوتوون بەڵام لە گۆڕەپانی سیاسیدا گرنگیەکی کەمتریان هەیە بە هۆی دووریان لە ناوەندی سیاسی و ئابووریەوە وەك

---

[1] يحيى الفرحان و نعيم الظاهر، المصدر السابق، ص ٨٩.

[2] فايز محمد العيسوى، المصدر السابق ، ص ٧٣.

ئوستراليا و نيوزلەندا و ئەرجەنتين و بەرازيل و باشووری ئەفريقيا، بە بەراورد بە دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمريكا[1]. بە پێچەوانەشەوە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەرچی نزيكترن لە ناوەندەكانی شوێنی جوگرافی جيهان بەڵام پێش كەوتووش نين لە بوارەكانی ژيان.

شوێنی فەلەكی گرنگيەكی تايبەتی هەيە لە ژيانی دەوڵەت، لەبەرئەوەی چەند ژمارەی ئەو بازنە پانيانە زياتر بێت كە دەوڵەت دەكەوێتە سەری تايبەتمەنديیە جوگرافيەكانی زياتر دەبێت. هەروەها شوێنی فەلەكی تايبەتمەندی دياردە جۆراو جۆرەكانی جوگرافی هەرێمە جياوازەكان بە وێنەيەكی گەورە شی دەكاتەوە، ئەمەش بە شێوەيەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ كار لە هێزی دەوڵەت دەكات[2]. ئەم شوێنە كاريگەری دياری هەيە لە دياريكردنی ديمەنی دياردە سروشتيەكانی سەر نەخشەی دەوڵەتان لە نموونەيان وەك بەرزی و نزمی، ئاو و هەوا، دەرامەتەكانی ئاو و خاك وكانزايی، بەرهەمەكانی ڕووەكی و ئاژەڵی[3].

يەكێك لەو دياردانەی كە زياتر جەخت لەسەر باسكردنی كراوەتەوە ئەويش ئاووهەوايە، چونكە چەندێتی زياتری ژمارەی بازنەكانی دەوڵەتێك واتە زيادبوونی جۆراوجۆرێتی ئاووهەوای ئەو دەوڵەتە. هەروەكو (د. حجازی) وای دەبينێت: ئەو دەوڵەتانەی كە دەكەونە بازنە ساردەكان جياوازن لە تايبەتمەندی ئاووهەوای و ڕووەكيان لەو دەوڵەتانەی كە دەكەونە بازنەی گەرمەكان يان خولگەيی يەكان، گومانی نی يە ئەم جياوازيەش لە شێوەكانی ئاوو هەوا كاريگەری هەيە لەسەر جۆری چالاكيە ئابووری و سياسيەكان و هەروەها گرنگی سياسی دەوڵەتەكە[4]. لە ئێستای جيهاندا زۆربەی دەوڵەتانی گەورە

---

[1] هاوڕێ ياسين محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

[2] بۆ زانياری زياتر: خليل حسين، المصدر السابق، ص ١٧٥.

[3] صبری فارس الهيتي، الجغرافيا السياسية مع تطبيقات جيوبولتيكية، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٠، ص ٣٣ – ٣٤.

[4] محمد حجازی محمد، المصدر السابق، ص ٨١.

کەڵکیان لە نمونەیی شوێنەکەیان وەرگرتووە. گشتیان کەوتونەتە بازنە پانیە مام ناوەندە ساردەکان وەك (دەوڵەتانی پیشەسازی ئەوروپا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕوسیای ئێستا و چین، هەموویان کەوتونەتە نیوە گۆی باکوری زەوی. کەچی شارستانیەتی مرۆڤ لە کۆندا لەو بازنە پانیانە بلاّو بووبویەوە کە زیاتر گەرم بوو[(١)] (خولگەیی و نیمچە خولگەیی یەکان) [(*)].

شوێنی فەلەکی لە ڕووەکانی جەمسەری و کەمەرەیی کاریگەری گەورە لە ئاو و هەوا دەکات کە ئەویش بە ڕۆڵی خۆی کاردەکاتە سەر بەرهەمەکانی دارستان و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و کانزاکاری. گرنگترین لایەنی جەمسەری کورت دەبێتەوە لە دەرهێنانی هەندێك لە کانزاکان، ناتوانرێ چالاکی کشتوکاڵی تێدا ئەنجامبدرێت، هەروەك ژمارەیەکی زۆر لە کەمی دانیشتوانی هەیە. هەر بۆیە چاوەڕوانی ناکرێت دەوڵەتی گەورە لە ناوچە کەمەرەیی و جەمسەریەکان دروست ببێت لەبەر لاوازی بەرهەمهێنانی[(٢)].

لە ڕاڤەی پێشوودا دەردەکەوێت کە شوێنی فەلەکی دەست نیشانی شوێن دەکات بە پێی دووروو نزیکی لە ناوەندی چالاکیە سیاسی و ئابووریەکانی جیهان، وە کاریگەری هەیە لەسەر جیاوازی سیفەتە ئاووهەواییەکان، وە کاردەکاتە سەر جۆراو جۆر بوونی چالاکیەکانی مرۆڤ. ئەگەر نموونە بە دەوڵەتێکی وەك عێراق بهێنینەوە دەبینین شوێنی فەلەکی ئەو دەوڵەتە بایەخێکی زۆری بۆی هەیە، وە دەتوانین بەهۆی شوێنەکەیەوە لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئاووهەواکەی شارەزا ببین و دەست نیشانی هەرێمە ئاووهەوایی یەکەی

---

(١) المصدر نفسه، ص ٨١ – ٨٢.

(*) شارستانیەتی کۆن دەورەداربوو، بە بیابان و دامەزرابوو لەسەر لێواری ڕووبارەکان و دووربوو لە مەترسیە سروشتیەکان، وە پێش کەوتنی تەکنەلۆجیا و زانستیش و بەو شێوەیەی ئێستا نەبوو کە مرۆڤ بتوانێت لە هەموو جۆرە ئاو هەوایەك هەڵبکات.

بۆ زیاتر: فایز محمد العیسوی، المصدر السابق، ص ٦٣ – ٦٤.

(٢) صبري فارس الهيتي، المصدر السابق، ص ٣٦ – ٣٩.

بکەین. عێراق کەوتۆتە بەشی باکووری گۆی زەوی و لە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٥َ – ٢٩ْ و ٢٢َ – ٣٧ْ) باکوور و هەردوو هێڵی درێژی (٤٢َ – ٣٨ْ و ٤٥َ – ٤٨ْ) هەڵکەوتووە.

## ٢- گرنگی شوێن بە گوێرەی دەوڵەتانی تر:

دەوڵەت لە سەرەتای دروستبوون و پێکهاتنیدا، پێویستی بە بڕێك لە گۆشەگیری هەیە، هەر کاتێك دەورە درابێت بە ناوچە سەختەکانی وەکو بیابان و دەریاکان ئەوا یارمەتی تەواو کردنی گەشەکردنی دەدات، بەڵام کاتێك گەشەکردنی دەوڵەتەکە تەواو دەبێت، ئەوا دەبێ پەیوەندی دەرەکی ببێت ئەمەش هەلێك دەبێت بۆ زیاتر پەرەپێدانی، چونکە خۆراك و کەرەستەی خاوی نوێ بۆ پیشەسازییەکەی دابین دەکات، پێشوازی لە بازار و بیرۆکە و کارامەیی نوێ دەکات کە پێشتر نەیزانیبوون[1].

قەبارە و کەم و زۆری چڕیتی دانیشتوان و بەهێزی و لاوازی دەوڵەتان، کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندی دراوسێتییان. ئەم جیاکەراوانە کاردانەوەی دەبێت لەسەر پەیوەندی نێو دەوڵەتیان و سیاسەتەکانی دەرەوەیان و ڕێرەوی ڕووداوەکانی مێژوویان. هەر کاتێك دۆخی پەیوەندیەکانیان باش بێت ئەوا ناوچەکەیان دوور دەخاتەوە لە لایەنی سەربازی، تێچوونەکانی ئەم لایەنە لە ڕوانگەی دۆستایەتی پەیوەندیە دراوسێتیەکان ئاڕاستە دەکرێ بۆ بەدیهێنانی وە بەرهەمهێنانی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەلانی ئەم ناوچانە وەکو ئەمریکا و کەنەدا، بە پێچەوانەی دوژمنکاری نێوانیان وەکو کۆریای باکور و باشور، یا هندستان و پاکستان، یاخود سوریا و ئیسرائیل ئەوا تێچوونەکان بۆ قایمکردنی سنوورەکانیان و بە مەبەستی سەربازیان دەبێت[2].

شوێن بە گوێرەی دەوڵەتانی تر کاریگەر دەبێت، بە پێی هێز و توانای سروشتی و مرۆیی دەوڵەت و ژمارەی دراوسێکان و هەڵس و کەوت و پەیوەندیە سیاسیەکانی دەرەوەیی

---

[1] محمد عبدالغني سعودي، الجغرافية السياسية المعاصرة (دراسة الجغرافيا والعلاقات السياسية الدولية)، مكتبة الانجلو المصرية،القاهرة، ٢٠٠٧، ص ٢٣.

[2] محمد محمود ابراهيم الديب، الجغرافيا السياسية، (بمنظور معاصر) ، الطبعة السادسة، الناشر مكتبة الإنجلو المصرية، القاهرة،٢٠٠٥، ص ٢٠٨ – ٢٠٩.

و سروشتی جوگرافیای دەوڵەت و چەندێتی درێژایی سنوورەکەی[١]. ئەم کاریگەریانەی شوێن ڕێژەیی یە لە نێوان دەوڵەتاندا. لەسەر ئەمانە و چەندین لایەنی تر ئاسۆی پەیوەندیەکانی دەوڵەت فراوان دەبێت و لێرەدا شوێن دەبێتە چاوی گرنگی ئەو پەیوەندیانە و لە هاوکێشە سیاسیەکاندا ڕۆڵی کارا دەبینێت. ئەمەش وا دەکات لایەنی باش و خراپی بە ڕوونی دەربکەوێت.

دەوڵەتان لە ڕووی ژمارەی دراوسێوە جیاوازن: هەیانە نیەتی وەك دەوڵەتە دورگەییەکان لە وێنەیان ئوسترالیا، دەوڵەتانی ئەسکەندەنافیا وەك فلەندا خاوەنی سێ دەوڵەتی دراوسێیە، دانیمارك کە نیمچە دورگەیە و بە تەنها ئەڵمانیا دراوسێیەتی ئەوانی تر خاوەنی دوو دراوسێن وەك سوید کە لە ناوەڕاستی نەرویج و فنلەندا هەڵکەوتووە، دەوڵەتی عێراق شەش دراوسێی هەیە، سودان (پێش دابەشبوونی) هەشت و ئەڵمانیا بە نۆ دەوڵەت دەورە دراوە، زۆرترین دراوسێ هەیانبێ چین و ڕووسیان کە دوانزە دەوڵەت هاوسنووریانە، ئەمەش لە بەر گەورەیی ڕووبەریان. هاوسنووری زۆر لەگەڵ دەوڵەتاندا مایەی گرژی نێوانیانە و ئەگەری دروستبوونی کێشەیە، لە حاڵەتێکدا جیاوازی لە ڕووی هزری سیاسی و ئایدۆلۆژی دووری پەیوەندیەکانی بەیەکگەیشتن قووڵتر دەکاتەوە.

بە تێگەیشتنی (د. فایز العیسوی) : شوێن بە گوێرەی دەوڵەتانی دراوسێ زۆر گرنگە لە ڕۆژگاری ئاشتی و جەنگدا، هەر چەندە سنووری نێوان دەوڵەتەکە و دراوسێیەکانی درێژ بێت کاریگەری کردەیی دەبێت لە سەری. ئەگەر دەوڵەتەکان هاوکار و دەست بارگربن لە کاتی ئاشتیدا ئەوا هێزی پەیوەندی نێوانیان لە سەروەری دا دەبێت، ئەم سنوورەش دەبێتە هۆکاری یارمەتیدەر بۆ چالاکیەکانی بازرگانیان وەکو سنووری نێوان کەنەدا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە چالاکیەکی گەورەی بازرگانی و گەشتیاری بەخۆیەوە بینیوە کە پێشبینی ناکرێت و وێکچووی نی یە لە نێوان دەوڵەتانی تردا. بەڵام لە حاڵێکدا دەوڵەتە

---

[١] بۆ زیاتر: محمد أحمد السامرائي، المصدر السابق، ص ٢١٩.

دراوسێکان هاوکۆك نەبوون بە ڕێکەوتن ئەوا درێژایی سنوور و زۆری دراوسێتی دەبێتە یەکێك لە مەترسیەکانی سەر دەوڵەتەکە[(١)].

پەیوەندیەکەش زۆر خراپ دەبێت ئەگەر دەوڵەتێك ڕێچکەیەکی فراوانخوازی هەبێت وەك دراوسێتی ئەڵمانیا بۆ دەوڵەتانی دەوروبەری کە ئەمە ڕەنگی دایەوەی لە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ – ١٩١٨) و دووەم (١٩٣٩ – ١٩٤٦) بۆ داگیرکردنی دراوسێکانی. سەرچاوەی ئەم بیری فراوانخوازییە لە تیۆرەکەی زانای ئەڵمانی فریدریك ڕاتزلەوە دێت لە ساڵی ١٨٩٦، کە گفتوگۆیەکی گەورەی لە ناوەندە زانستی و سیاسیەکان وروژاند، لەبەرئەوەی وەك ڕێنونێك ئەڵمانیای پەلەکێش کرد بۆ هەردوو جەنگە جیهانیەکە. ئەم تیۆرەش جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی کە شارستانیەتی دەوڵەت ناتوانرێت گەشەبکات و گەورە ببێت تەنها لە ڕێگەی فراوانخوازیەوە نەبێت، نموونەی بەوە دەهێنایەوە کە چارەنووسی دەوڵەتانی بچووك بەرەوە لەناوچوونە یان خۆدانە پاڵ دەوڵەتانی گەورەیە، هەرکاتێك دەوڵەت هێز و توانای نەبێت بەرەبەرە ناوچەکانی لەدەست دەچێت هەروەکو ئەمە ڕووبەڕووی زۆرێك لە ئیمپراتۆرە گەورەکان بوویەوە وەك نەمسا و مەجەڕ و ئیمپڕاتۆریەتیەکانی عوسمانی و بەریتانی، کە لە ئێستادا هەموویان دەوڵەتانی بچووکیان لێبووەتەوە[(٢)].

لە نموونەی مێژوویی نزیکیشدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك دراوسێتی ئێرانە بۆ هەریەکە لە عێراق و کەنداو، هەوڵدانی ئێران بۆ دەست درێژیکردنە سەر ناوچەکانی عەرەبی، وەکو داگیرکردنی هەرێمی ئەهواز لە ساڵی ١٩٢٥ و دورگەکانی (تونبی گەورە و تونبی بچووك و ئەبو موسی) لە ساڵی ١٩٧١، وە بەرپابوونی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠ – ١٩٨٨)[(٣)]. هەوڵدان بۆ داگیرکردنی بەشەکانی دەوڵەت لە یەکتری.

---

(١) فايز محمد العيسوى، المصدر السابق، ص ٧١.

(٢) حسني الخطيب، نظريات توسيع الدول، من الموقع الإلكتروني: http://www.almjhar.com ، بتاريخ ٩/ ٦/ ٢٠١٣.

(٣) صبرى فارسي الهيتي، الجغرافيا السياسية مع تطبيقات جيوبولتيكية، المصدر السابق، ص ٤٢ – ٤٣.

شوێنی دراوسێتی دەوڵەتێکی بچووك یان بێ هێز و هەڵکەوتنی لە نێوان دوو دەوڵەتی بەهێز پێی دەگوترێ شوێنی بەربەست یان شوێنی تامپۆنی (Tampon Location ) ئەمانە بە زۆری دەوڵەتی بێ هێزن، مەترسیەکیان نی یە لەسەر دراوسێکانیان، دەکەونە نێوان دوو دەوڵەتی گەورە کە زۆر کات دوژمنی یەکترن. هەمیشە لە دان پێدانانی نێو دەوڵتیدا دۆخێکی بێ لایەنیان دەدرێتێ. لە کۆنگرەی نوێنەرانی ئەوروپی بڕیاری بێ لایەنی بەلجیکا درا لە ساڵی ١٨٣١، بۆ ئەوەی ببێتە بەربەستێك لە نێوان فەرەنسا لە لایەك و بەریتانیا لە لایەکیتر[١]. "ئەرکی ئەم دەوڵەتانە لە یەکتر دابڕینی دوو یان چەند دەوڵەتێکی بەهێز ی ناکۆك و دژ بە یەکە، بۆیە هەر هەوڵدانێك لە لایەن دەوڵەتی بەهێزەوە بۆ داگیرکردنی هەر دەوڵەتێکی بەربەستی بێ هێز، مایەی ورووژانی دەوڵەتە بەهێزەکەی دیکە دەبێ. بەم پێیە ئەم دەوڵەتە بەربەستە چەند بێ لایەنی خۆی بپارێزێ، ئەوەندە زیاتر درێژە بە ژیانی خۆی دەدا و سەلامەتی هەرێمی خۆی دەپارێزێ"[٢]. لە زۆر کاتدا شوێنە تامپۆنیەکان دەبنە قوربانی ململانێ ی دراوسێ بە هێزەکانیان، خاکەکەش دەبێتە گۆڕپانی جەنگی نێوانیان. هەروەك بە درێژایی مێژوو کوردستان کەوتبوە ژێر پێی قەڵەمڕەوی دژ بەیەکی دەوڵەتی ئێرانی لە لایەك و عوسمانی لە لایەکی تر، ئەنجامەکەش دابەشبوونی یەکپارچەیی نیشتیمانی کوردان بوو.

کوردستان کە لە نێوان چوار دەوڵەتدا دابەشبووە (تورکیا ، ئێران ، عێراق ، سوریا) خاکەکەی لەگەڵ تەواوی ئەو دەوڵەتانەدا هاوسنوورە، لە مێژیشە نەخشی ناوچەیەکی تامپۆنی (نەك دەوڵەتێکی تامپۆنی) بینیووە. ئەگەر بەسەر پێی چاوێك بە مێژووی کۆن و سەدە ناوەڕاستەکانی کوردستان بخشێنین، نەخشی کوردستان وەك ناوچەیەکی تامپۆنی بە زەقی دەردەکەوێ[٣].

---

[١] حسين ظاهر، المصدر السابق، ص ١٦٢.

[٢] ئازاد نەقەشبەندی ، بایەخی جیۆپۆلەتیکی شوێنی جوگرافی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨– ١٩.

[٣] هەمان سەرچاوە ، ل ١٩.

ئەوەی شایانی باسە بەرەو پێشچوونی دونیای تەکنەلۆجیا و جیهانگیری ئەمرۆ سنوورەکانی دراوسێتی بەزاندووە، گرنگی شوێنی دەوڵەتان بە گوێرەی یەکتری ڕوون بۆتەوە و کاریگەرێتی ڕێژەییان لەسەر یەکتر زیاتر بووە، پەیوەندییەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازیان و تەنانەت کۆمەڵایەتیشیان بەهێز بووە، هۆکارەکانی بەیەکگەیشتن ئاسان بووە، چونکە تۆڕەکانی هاتووچۆ پێشکەوتووە، ئەمانە و چەندین لایەنی تری ئەو بابەتە وایکردووە گرنگی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت لەسەر ئاستەکانی هاوسنوورێتی و نێودەوڵەتیدا.

## ٣- گرنگی شوێنی دەریایی و کیشوەری:

گرنگی سیاسی دەوڵەت لە شوێنی جوگرافیدایە، بەهای ئەو گرنگیەش لە دەریایی بوون و کیشوەری بونیدایە، سەنگی بەهاکەش لە چەندێتی کراوەیی بوون و داخراوەیی بوونی مەودای سنووری سروشتی دەوڵەتدایە بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا. هەر لەبەر ئەوەیە سنووری ئاوی یان وشکانی ڕەنگدانەوەی سیاسیانەی لێدەکەوێتەو، ئەمە وای کردووە کەسایەتی شوێن خۆی دەرخات و سیاسەتەکانی دەوڵەتەکە بە پێی پێویستی بەرژەوەندیەکانی ئاڕاستە بکات.

دەریا و زەریاکان کاریگەریەکی زۆر لە هێزی دەوڵەت دەکەن و گرنگیەکەی زیاتر دەکەن و پایەی بەرزدەکەنەوە لە نەخشەی سیاسیدا. ئەمان بەختەوەرن بە تایبەتمەندێتی شوێنەکەیان لەم بوارەدا، بە بەراورد بەهاوتاکانیان لە دەوڵەتانی کیشوەری. تێبینی دەکرێ هەر لەو کاتەی مرۆڤ کەشتیوانی زانیووە دەوڵەتانی گەورەی جیهان دەوڵەتانی دەریایین جا بە شێوەیەکی فراوان بێت یان لەسەر پشتێنەیەکی تەسك بێت دەستیان گرتووە بەسەر دەریاکان و بازرگانیەکانی جیهان. نموونەی فینیقی و ئیغریقی و ئیسپانی و پرتوگالی و بەریتانی و هۆڵەندیەکان لەم بارەیەوە ڕوونە.

شایانی باسە هەنووکە دەوڵەتێکی گەورە نی یە لە جیهاندا، تەنها ئەوانە نەبێت کە خاوەنی کەسایەتیەکی دەریایین و زاڵن بە سەریدا[1]. دەبینرێ هەندێك هۆکار هەن پێگەی کەسایەتی دەوڵەتی دەریایی بەهێز دەکەن، ئەمەش پەیوەندی پتەوی هەیە بە جۆری ئەو ڕووبەرە ئاوییانەی کەوتۆتە سەری وەك درێژی کەنارەکان و قوڵیان، سەرەڕای جۆری تۆبۆگرافیا و دورگەکانی دەوروبەری. هەتا درێژی کەنارەکان زۆرتر و قوڵی ئاوەکان زیاتر و ئاوەکان گەرمتر بێت و دەریاکان کراوە بن و کۆنترۆڵیان بەسەر ڕێرەوە ئاوییەکان هەبێت، ئەوا کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر ئەو دەوڵەتەیە لە ڕووی بینای هێزی دەوڵەتەوە، وە لە ڕووی کاریگەری چالاکی بازرگانی و هاتوو چۆکردن[2]، هەروەها بۆ گواستنەوەی دەریایش بە هەمان شێوە، چونکە بە گرنگترین هۆکارەکانی گواستنەوە دادەنرێت لە بازرگانی جیهانیدا، هەر بۆیە ئەو دەوڵەتانەی کە ڕووی دەرياییان هەیە سود لەم دۆخە وەردەگرن، کە چی دەوڵەتانی بێ ڕووی دەریایی یان ناوکیشوەری بێبەشن لەم تایبەتمەندیە، بەڵکو سیاسەت و ئابوریان ملکەچی فشاری دەوڵەتانی کەناریە، وە هاوردەکردن و هەناردەکردنیان لە ڕێگەی ئەوانەوەیە، ئەمە سەرەڕای بوونی ڕێکەوتنامەی ماف تێپەڕینی وشکانی[3].

شوێنی کەناری چەند فەرمانێکی گرنگ بۆ دەوڵەت بە جێدەهێنێت لەوانە: زەنگینی ئابووری و بەڕوواکرانەوەی شارستانی و هەروەها هێز و گەشە سەندنەکەی. هەڵکەوتنی دەوڵەت لەسەر دەریا هانی گەڕانی دەدات بە دوای سامانەکانی ماسی و نەوت و گازی سروشتی و خوێ و کانزاکان و مەرجان و گیانەوەری دەریایی. ڕۆیشتن بە دەریا و کارکردن بە نێوەندی بازرگانی، یا هاتووچۆکردن بە ڕێگاکانی بازرگانی جیهانی دەریایی، یان هەموو ئەمانە هەڵی دەوڵەمەندی ئابووری پێدەدات بە سود لێوەرگرتنی لەم دۆخەی هەیەتی،

---

[1] محمد أزهر سعيد السماك، الجغرافيا السياسية (بمنظور القرن الحادي و العشرين بين المنهجية و التطبيق) ، المصدر السابق، ص٨٢.

[2] هاوڕێ یاسین محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

[3] عصام محمد ابراهيم، الجغرافيا السياسيه، الناشر المكتب العربى للمعارف، القاهره، ٢٠١١، ص ٨٤.

دەریا بنکەیەکە بۆ پێشکەوتن و دەرفەت بە تێکەڵاوی شارستانیەتەکانی دیوی پشتەوەی دەریاکە دەدات. بەشێکی پێشکەوتنی دەوڵەتەکە دەرئەنجامی ئەوەیە[١].

گرنگی شوێنی دەوڵەت وابەستەیە بە ژمارەی ئەو ڕووە ئاوییانەی کە هەیەتی، کرداری گرنگیەکەش ڕاستەوانە دەبێت هەر چەندە سنووری ئاوی زیاتریان هەبێت، پێچەوانەش دەبێت کاتێك بە وشکانی دەورە درابێت **(بە مەرجێك جۆری دەریاکەی لە جۆری باش بێت)**. یەکە سیاسیەکانی جیهان لەم ڕووەوە جیاوازن، پڕ بایەخترین شوێن: دەوڵەتانی دورگەیی یە وەکو بەریتانیا و یابان، پاشان ئەوانەی کە دوو یان سێ لایان ئاوە لە باشترین شوێنەکان دادەنرێن وەکو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەرەنسا و ئیسپانیا ..، ئەمانە شوێنە جوگرافیەکەیان خاوەن تایبەتمەندی جیاکەرەوەیە بە بەراورد بەوانەی کە سنوورێکی دەریایی یان ڕووێکی ئاوییان هەیە وەك سوریا و عێراق و لیبیا ... لە خراپترین شوێنەکانیش دەوڵەتانی داخراون وەکو ئەفغانستان و و چیك و سلۆڤاکیا کە بە هیچ شێوەیەك ناکەونە سەر ئاوەکان تەنها لە ڕێگەی دەوڵەتانی دراوسێیانەوە نەبێت ناتوانن پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە بکەن ئەویش لە کاتێکدا گرفتیان لە گەڵیاندا نەبێت کە لە زۆربەی کاتدا دەکەونە ژێر باری سیاسەتەکانیان.

بازرگانی هەر دەوڵەتێکی داخراو بەبێ کۆمەکی دەوڵەتە دراوسێیەکانی بەڕێوە ناچێ، چونکە دەوڵەتی داخراو لە ڕێگەی پەیمانێکەوە "خاك یا ئاسمان یا ڕووبارەکان"ی دەوڵەتە دراوسێکانی بۆ هێنان و بردنی کاڵا بەکاردێنێ. لەبەر ئەوەش کە بەشێکی زۆری بازرگانی دەرەکی دەوڵەتان پشت بە دەریا دەبەستێ، دەوڵەتە داخراوەکان هەوڵ دەدەن دەوڵەتە دراوسێکانیان ببەنە سەر ئەو باوەرەی کە ڕێیان بدەنێ سود لە بەندەرکانیان وەربگرن. زۆر جار دەوڵەتی کەناردار کار ئاسانی زۆر لەبەندەرەکانی بۆ دەوڵەتێکی داخراوی دراوسێی دەسەلمێنێ تاوەکو بۆ هێنان و بردنی کاڵا سودی لێوەرگرێ[٢].

---

[١] محمد محمود ابراهيم الديب، المصدر السابق، ص ١٩٠.

[٢] خليل عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

بە گشتی دەوڵەتە داخراوەکان ڕووبەرووی کۆمەڵێك گرفتی ئابووری و سیاسی و یاسایی و دەروونی دەبنەوە، بە هۆی دووری شوێنی جوگرافیان لە ڕووبەرە ئاوییەکان لەوانە[1]:-

أ - هەست بە کەم و کوڕی دەکەن، چونکە ناڕواننە سەر ڕووبەرە ئاویەکان.

ب - داخراوی جوگرافیان، هۆیەکە بۆ لاوازبوونی پەیوەندی شارستانیان.

ج - بەردەوام ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی و سەربازی دەبنەوە.

د - ئاستەنگ لە بەردەم جمووجۆڵی بازرگانی و گواستنەوەی کالأکانی دروست دەکرێت.

هـ - دەوڵەتانی کەناریداری دراوسێیان وەکو کارتێکی فشار بەکاریاندەهێنن بۆ دەست خستنە ناو کاروبارەکانیان.

و - بێبەشن لە سامانەکانی دەریا.

بەهای گرنگی شوێنی جوگرافی دەریایی و کیشوەری بەردەوام لە گۆڕاندایە بە پێی سەردەم و پێش کەوتنی ژیان، بۆ وێنە ناوچەی کەنداو ناوچەیەکی ستراتیژی و دەوڵەمەندە، لە کۆنەوە ناوچەیەکی گرنگی بازرگانی و، شوێنی دەرهێنانی مرواری و ڕاوە ماسی بووە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمیشەوە کانگایەکی گرنگ و پڕ بایەخی نەوت بووە، ئەم ناوچەیە هەر بە تەنیا دەوڵەمەند نیە و بەس، بەڵکو لە هاوسەنگی سیاسی و نێودەوڵەتیدا بایەخی زۆری هەبووە و هەیە و شوێنێکی جوگرافی گرنگیشی داگیر کردووە. گەورەترین بڕی نەوتی جیهانی تێدا بەرهەم دەهێنرێ. سەرچاوەی وزەی ئەمریکاو، ئەوروپای ڕۆژئاوا و ژاپۆنە، سەرچاوەی پەترۆڵ - دۆلار و بازارێکی پر فرۆشی چەك و تەقەمەنی ئەمریکا و ڕۆژئاوایە. تەنانەت شارەگی بەرەو پێشبردنی دنیای پێشکەوتووە. دەوڵەتەکانی عێراق، ئێران ، سعودیە، کوێت، میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب، بەحرێن، عومان و قەتەر ئەمانە کە بە دەوڵەتانی کەنداو ناسراون و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەم

---

[1] سەفین جەلال فەتحوڵلاّ و محەمەد زاهیر کۆخا صادق، دەوڵەتە داخراوەکان و چۆنیەتی گەیشتنیان بە جیهانی دەرەوە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٥)، زانکۆی کۆیە دەریدەکات، کانونی یەکەم ٢٠١٢، ل ٢٦١.

ناوچە گرنگ و ستراتیژیەوە هەیە. بێجگە لەمان زۆر دەوڵەتی تر بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی گەورەیان لەم ناوچەیەدا هەیە[1].

لێرەدا جێگای ئاماژەیە بگوترێ شوێنی جوگرافی دەریایی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازی بە گرنگتر دادەنرێت لە ڕووی شوێنی کیشوەری. دەوڵەتان لە ڕووی خەسڵەتی کەوتنە سەر ئاو وەك یەك نین، هەیانە داخراون و کەنارێك و ڕووێکیان نی یە تا لە ڕێگەیەوە پەیوەندی بە بەشەکانی تری جیهانەوە بکەن، بە پێچەوانەشەوە دەوڵەتی کەنارداری کراوە هەن کە لە چەندین لاوە دەڕوانن بەسەر دەریا و زەریاکان و ڕاستەوخۆ دەتوانن پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ هەر لایەکی دونیا ئەنجامبدەن و لە ڕێگەی دەریای ئازادەوە خۆیان بگەیەنن بە هەر شوێنێکی جیهان کە دەیانەوێت، هەر ئەمە وای کردووە دەوڵەتانی دەریایی قورسایی و پێگە و کاریگەرێتیان لە جیهاندا زیاتر ببینرێت و ببیسترێت.


ئەوەی تایبەتە بە گرنگی شوێنی دەریایی و کیشوەری کوردستانی عێراقیش، (نەخشەی — ٢). ئەوا لە ڕاستیدا شوێنەکەی داخراو دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی تا ڕادەیەك لەو ڕووبەرە ئاوییانەوە دوورە کە لە بازنەی جوگرافیەکەی دان. ناوچەی ناوبراو ڕاستەوخۆ ناتوانێت پەیوەندی بە کەنارە ئاوییەکانەوە بکات، چونکە دەوڵەتانی دراوسێ بەربەستن لەم بارەیەوە، هەر بۆیە تاکە ڕێگەی گەیشتنی بە ئاوەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ دەبێت لە ڕێگەی خاکی ئەو دەوڵەتانی هاوسنوورن لەگەڵیدا. ئەمەش خاڵێکی نەرێنیە بۆ شوێنە جوگرافیەکەی لە ڕووە جیۆپۆڵەتێکی و سیاسیەکەی ، بۆیە چاری دەست گەیشتنی بە دەریاکانی دەوروبەری بۆ بەرەو پێش چوونی لایەنەکانی ئابووری و هاتوچۆکردن و بازرگانی و گواستنەوەکەی لە ڕێگەی ئەو ئاوانەوە، دەبێت لە ڕێگەی باشکردنی پەیوەندیەکانیەوە بێت لەگەڵ هەریەك لە دەوڵەتەکانی وەکو عێراق و تورکیا و سوریا ... بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوەکانی وەکو کەنداو و دەریای ناوەڕست.

---

[1] مەحمود رەزا، بایەخی ستراتیژی کەنداوی فارس، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە (١)، ساڵی دووەم، سلێمانی، نیسانی١٩٩٣، ل ٦٦–٦٧.

**(نەخشەی – ٢)**

**شوێنی کوردستانی عێراق بە گوێرەی دەریایی و کیشوەری.**




سەرچاوە: ١– هاشم یاسین حمد أمین حداد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

٢ – نەخشەی ئامادەکراو لە ناو خودی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS – 9.3).

## ٤- گرنگی شوێنی ستراتیژی:

چەمکی ستراتیژی بەکاردەهێنرێت لە لایەن زانایانی جوگرافیای سیاسی بۆ تیشك خستنە سەر ئەو ململانێیانەی کە دەربڕینێکی جوگرافیان هەیە، ستراتیژی لە مانا جوگرافیەکەیدا شێوازێکی هەرێمیە بۆ ڕکابەرێتی نێوان هێزە جیهانیەکان (وشکانی و دەریایی و ئاسمانی)[1]

هەر شوێنێکی جوگرافی بەسەر دەوروبەریدا بڕوانێت و ڕێگەیەك و دەروازەیەکی کراوەی تێپەڕین بێت یاخود شوێنێکی بەیەکگەیشتن و لێکگرێدانی چەند ناوچەیەك بێت و خاوەنی بەهایەکی ئابووری بێت، وە ئەم شوێنە هۆکارێك بێت بۆ جێپێ قایمی دەسەلاتی سیاسی و بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووری و گواستنەوەی بازرگانی. باشتر ئەگەر خاوەنی دەرامەتێکی سروشتی بەهادار بێت ئەوا شوێنێکی ستراتیژی دەبێت بۆیە هەر هێزێك بێت هەوڵی دەست بەسەرداگرتن و پارێزگاری لێکردنی دەدات.

گومانی تێدا نی یە فەرمانبەرداریکردن بەسەر ئەم ناوچە ستراتیژیانە هێزی گرنگی دەدات بەو دەوڵەتانەی ڕاهێنانی ئەم دەسەڵاتە دەکەن، ئەمەش وا دەکات هەندێك دەوڵەتی لاواز کە شوێنەکەیان ستراتیژییە ببێتە بەدبەختی بۆیان، نەك هەر تەنها هێزەکەی بەڵکو سەر بەخۆیەکەشی لە دەست بچێت[2]. نموونە بۆ ئەم شوێنە ستراتیژیە گرنگانە وەك: گەرووەکان، دەربەندەکان، ڕاڕەوە ئاوییەکان، هەندێ جار دوورگەکان[3].

هەرێمانێك هەن لە جیهاندا لەبەر شوێنەکەیان گرنگی ستراتیژی پەیدا دەکەن بە تایبەتی بە زیاد بوونی هێزیان، ئەمانەی سەر ئەو ڕێرەوە ئاویانە دەگرێتەوە کە دوو دەریا بەیەکدەگەیەنن وەکو دەردەنیل و گەرووی جەبەل تاریق و بابولمەندەب و هورمز و مەلەگا و

[1] أحمد إبراهيم الورتي، مشاريع الاصلاح في الشرق الأوسط بين طموحات الشعوب ومصالح الدول الكبرى (دراسة تحليلية مقارنة)، الناشر مكتب التفسير للنشر و الإعلان، أربيل، ٢٠١٢، ص ١٢٦.

[2] صبري فارس الهيتي، المصدر السابق، ص ٣٩.

[3] عەبدولا عەتەوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٨.

کەناڵی سویس و پەنەما. بەهای ستراتیژی هەندێکی تریان لە بەکارهێنانیان دەست دەخرێت وەکو بنکەکانی گرینلاند و ئۆکیناوای دانیمارك و یابان کە لە لایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکو دوو بنکەی ئاسمانی لە دژی دوژمنەکانی بەکاریاندەهێنێ[(١)].

بارودۆخی ناوچەیی و کات ڕۆڵی ئاشکرایان هەیە لە بە ئاراستەبردنی بەهای گرنگی ناوچەکان لە جیهاندا، بۆ نموونە سەرنج دەدرێ شوێنی میسر و بەرە و پێشچوونی گرنگیەکەی بە درێژایی سەردەمەکان گۆڕاوە. دوای دۆزینەوەی ڕێگەی (رأس رجاء الصالح) و لە ئەنجامی خراپی باری سیاسی دەوڵەت بەشێکی گەورەی بازرگانی ڕۆژهەڵات گۆڕدرا بۆ ڕێگای نوێ، وە بووە کەمبوونەوەی گرنگی شوێنی میسر، پاشان جارێکی تر ئەم گرنگیە دەستی پێکردەوە بە شێوەیەکی کارا لە دوای کرانەوەی کەناڵی سوێس، کە دەریایی سور بە دەریای ناوەڕاست دەبەستێتەوە ماوەی نێوان زەریای هندی و ئەتڵەسی کورت دەکاتەوە. بەهای کەناڵی سوێس[(٢)] زیاتر بوو دوای دۆزینەوەی نەوت، ئەمەش ئاسانکاری کرد و یارمەتی هەڵقوڵانی گوزەرەوە نەوتیەکانی دا لە نێوان ئەوروپا و دەوڵەتانی ناوچەکە، ئەمە سەربار بۆ هیند و ئێران[(٣)]. شوێنی بەریتانیاش هەروا بوو پێش دۆزینەوەی ئەمەریکا شوێنەکەی سەر پەڕبوو لە چاو دەوڵەتەکانی ئەوروپادا بەڵام گرنگی ئەم شوێنە دوای دۆزینەوەی هەردوو ئەمەریکا زۆر تر بوو، چونکە دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕێگا بازرگانیەکی باکووری زەریای ئەتڵەسی کە لە گرنگترین ڕێگاکانی کەشتیوانی جیهانیە، چونکە دوو ناوچەی ژێواری گرنگ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوانیش خۆرئاوای ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ئەمەریکای باکوورە. هەمان بارودرخ بۆ فۆکلاندیش بەرامبەر ئەرجەنتین ڕاستە، بەریتانیا لەبەر ئەوە داگیری کرد، چونکە شوێنەکەی گرنگ و ستراتیژی بوو، دەستی دەگرت بەسەر ئەو ڕێگا دەریی یانەی کە بە دەوری ئەمەریکای باشووردا دەسوڕایەوە،

---

(١) صبري فارس الهيتي، المصدر السابق، ص ٣٩.

(٢) محمد أزهر سعيد السماك، الجغرافيا السياسية ( بمنظور القرن الحادي و العشرين بين المنهجية و التطبيق ) ، المصدر السابق ص ٩١.

(٣) خليل حسين، المصدر السابق، ص ١٨٤.

بەلآم بە هەڵکەندنی نۆکەندی سوێس گرنگی شوێنی جوگرافی دورگەکانی فۆکلاند زۆر کەم بویەوە[1].

لەگەڵ ئەوەی شوێنی جوگرافی ستراتیژی پایەی سیاسی دەوڵەت لەسەر ئاستە جیاوازەکان بەرزدەکاتەوە، بەلآم مەترسیشی لێدەکەوێتەوە، چونکە بەردەوام چاوتێبڕینی زلهێزانی جیهانی لەسەرە، بۆیە ئەمەش ئەگەری کێشەی لێ دروست دەبێت بۆ وێنە کەناڵی سوێس لە ماوەی سەدەی ڕابردوو، ڕووبەرووی کێشە بویەوە ئەمەش گرنگیەکەی کەم کردەوە بە تایبەتی بۆ بارکردن و گواستنەوەی نەوت، یەکێك لەوانە داخستنی کەناڵەکە بوو لە جەنگی ١٩٦٧ ی نێوان عەرەب و ئیسرائیلیەکانەوە، ئەمەش بووە هۆی کەم کردنەوەی گواستنەوەی نەوت لە کەناڵەکەوە[2]. یاخود گەرووی هورمز کە شوێنێکی جوگرافی ستراتیژی هەیە و دەتوانرێت وەك نموونەیەك سەیری بکرێت بۆ گۆڕینی بەهای شوێن دەکەوێتە لای کەنارەکانی ئێران لە ناوچەی کەنداو بە یەکێك لە گەورەترین ڕێڕەوە ئاوی یەکان دەژمێردرێ لەبەر زۆری قەبارەی هەناردەییەکانی نەوت، هەر هێرشێك بۆسەر کەشتیە بازرگانیەکان لە ڕێڕەوی ئاوی نێودەوڵەتی کە ئێران پشکی تێدایە ئەوا هەناردەیەکانی نەوت پەك دەخات لە گەورەترین بەرهەمهێنەری ڕێکخراوی (ئۆپیك) وە گورزێکە بۆ هەموو ئابووریە بوژاوەکانی کەنداو، لە هەر داخستنێکی ڕێرەوەکە لە بەردەم کەشتیوانی بازرگانی ..، ئێران چەندین جار هەڕەشەی لە داخستنی ڕێڕەوەکە کردووە لە سالآنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ – ١٩٨٨ کاتێ کە ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا پاڵپشتی عێراقی دەکرد[3]. تەنانەت لە ئێستاشدا بە هەمان شێوە هەڕەشەی

---

[1] عەبدوڵا عەتەوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩.

[2] ڕێباز محمد محمود، جیۆپۆلەتیکی خۆر هەلآتی ناوەڕاست، بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی، ٢٠١٢ ، ل ١٩٦.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٢ – ١٩٣.

داخستنی گەرووەکە دەکات بە هۆی پێك نەهاتنی لەگەڵ ڕۆژئاوا لەسەر بەرنامە ناوەکی یەکەی و – بوونی قەیرانەکانی ئابووری.

کەواتە گرنگی شوێنی ستراتیژی وایکردووە بە گەڕانەوە بۆ ڕامانی مێژووی ئەوە بەرچاو بکەوێت کە زۆربەی ئەوانەی ئەم ناوچانەیان داگیر کردووە لێی نەڕۆیشتوون ئەگەر خۆشیان نەبێت ئەوا بنکە سەربازیەکانیان ماونەتەوە یان دەستڕۆیشتویان هەرماوە لە نموونەی ئێستاش وێنەی بنکە سەربازیەکانی ئەمریکایە لەهەر یەکە لە عێراق و ئەفغانستان.

ئەنجامی کۆبەندی ئەو بەشە ئەوە دەردەخات کە شوێن پانتایی ڕووبەرێکی جوگرافی فراوانە و جێگیرە و نەگۆریشە، کۆمەڵێك لە شوێنگە لە خۆوە دەگرێت، بنەمایەکی دروستبوونی دامەزراوەی سیاسیە، هۆکارێکی گرنگ و کاریگەریشە بۆ جوگرافیای سیاسی وەك شوێنی هەرێمێك یا دەوڵەتێك یان ناوچەیەك، شوێنیش چەندین جۆری هەیە.

پەیدابوونی جۆرەکانی شوێن سەرچاوە دەگرێ لە جیاوازی دابەشبوونی شوێنەکانی جوگرافی دەوڵەتان و یەکە سیاسیەکان لەسەر ڕووی زەوی، هەر ئەمەش وای کردووە شارەزایان و جوگرافیناسان ڕاجیاییان هەبێت لەسەر دابەشکردنی شوێن بۆ جۆرەکانی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بیر و بۆچۆنی هەر یەکەیان. جۆرەکانیش کۆدەبنەوە لە: شوێنی ئەسترنۆمی، شوێن بە گوێرەی دەوڵەتان، شوێنی دەریایی و کیشوەری، وە شوێنی ستراتیژی. هەر یەکەیانیش ناساندنی تایبەت هەڵدەگرن و بایەخی خۆیانیان هەیە بۆ دەوڵەت. هەر دەوڵەتێکیش شوێنێکی جوگرافی تایبەت بە خۆی هەیە لەسەر نەخشەی جیهان، جیاوازی لە تایبەتمەندی سروشتی هەر یەکەیان بووەتە مایەی ئەوەی گرنگیان وەك یەك نەبێت. بەهای شوێنیش دەگۆردرێت بە گۆڕانی کات و مێژوو بارودۆخە سیاسیەکان و بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیا ئەمەش کاردەکاتە سەر هەڵسو کەوت و بڕیارەکانی دەوڵەت و تواناکانی لە بوارە جۆر بەجۆرەکانی ژیاندا بۆ نموونە ناوچەی کەنداوی عەرەبی ئەو بایەخە سیاسی و ستراتیژیەی نەبوو بەڵام بە دۆزینەوەی نەوت بووە ناوچەیەك کە چاوی زۆری جیهانی کەوتەسەر.

هەڵبەتە سەبارەت بەوەش شوێن دەریایی بێت یان کیشوەری ئەوا هەڵکەوتەی شوێنە جوگرافیەکەی نێوی و هۆکارە سروشتی و مرۆیەکانی ڕۆڵی دیاریان هەیە لە بەدیار خستنی پێگەکەی، بە های کەسایەتی دەوڵەتیش شوێن دیاریدەکات. شوێنی ئاوی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازی بە گرنگتر دادەنرێت لە شوێنی کیشوەری. دەوڵەتان هەیانە داخراون و هیچ ڕووێکی ئاویان نی یە وەك (ئەفغانستان) و "(کوردستانی عێراق) کاتێك دەبێتە دەوڵەت"، هەشیانە نیمچە داخراوان ڕووێکی بچوکیان لەسەر ئاو هەیە وەك (عێراق)، وە دەوڵەتی کەنارداری کراوەش هەن کە لە چەندین لاوە دەڕوانن بەسەر دەریا و زەریاکان و ڕاستەوخۆ دەتوانن پەیوەندی سیاسی و بازرگانی و نێودەوڵەتی ببەستن وەك (بەریتانیا) ئەمەش دەرئەنجامی پێشکەوتنی لێدەکەوێتەوە بە پێچەوانەی ئەوانی تر.

جێی مەبەستە بگوترێت ئەم بەشە وەك دەروازەیەکی بە ڕووداکرانەوەیەکی زۆر گرنگ بوو لەم توێژینەوەیەدا، بۆ بە قووڵداچوونی باسکردن لە شوێنێکی جوگرافی گرنگ ئەویش ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە، بۆیە لێرەوە ئاڕاستەی باسەکە ڕوو لەم بابەتە هەنووکەییەی نێو گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات.
بوو لەم توێژینەوەیەدا، بۆ بە قووڵداچوونی باسکردن لە شوێنێکی جوگرافی گرنگ ئەویش ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە، بۆیە لێرەوە ئاڕاستەی باسەکە ڕوو لەم بابەتە هەنووکەییەی نێو گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات.

# بەشی دووەم

## شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

## باسی یەکەم

## ڕەهەندی مێژوویی – جوگرافی

## باسی دووەم

## دیاریکردنی سنوور

# باسی یەکەم / ڕەهەندی مێژوویی – جوگرافی

ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی بەڕێوەبردنی هەرێم بەشێکی سەرەکی دۆزی کوردە لە عێراق و کاریگەری دیاری هەبووە لە بە ئاڕاستەبردنی مێژووی کوردستان و ئەو دەوڵەتە بە ئاقاری ململانێیەکی بەردەوام کە ڕەگی ماوە ڕۆژگاریەکەی لەگەڵ دامەزراندنیدا بووە، بۆیە بەر لە دیاریکردنی سنووری ناوچەی توێژینەوە، دەبێ گەڕانەوەیەك بکەین بە پوختەی بنچینەی ئەو کێشەیە، چونکە شوێنەکەی کەوتۆتە نێو واقعێکی جوگرافی و مێژووی و سیاسی کە پێویستی بە ڕوومالّکردنی ڕووداوەکانی ئەو دەستپێکە هەیە کە ئەویش لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە پێدەگرێت.

بەر لە هەر دەربڕینێك وا باشەو دەبێ تیشك بخەینە سەر شوێنی جوگرافی عێراق، لەبەرئەوەی شوێنکەی کەوتۆتە باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی نیشتیمانی عەرەبی و درێژبۆتەوە بۆسەر کەنداو لەسەر نەخشەی سیاسی جیهان، کە ئەمەش شوێنێکی ستراتیژی پێبەخشیووە. بە دیاریکراوی لە باکوریدا تورکیا هەڵکەوتووە، ڕۆژهەڵاتی ئێرانە، لە باشوریدا هەریەکە لە کوێت و سعودیەن، ڕۆژئاوای سوریاو ئوردنە، هەمدیس لە باکوری ڕۆژئاواکەی سوریا و لە باشوری ڕۆژئاواکەشی دەوڵەتی سعودیەیە.

ئەم شوێنەی عێراق سیمایەکی گرنگی داوەتە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانەکەی، تۆبۆگرافیای زەویەکەی ڕۆڵی هەیە لەمەدا، عێڕاق لە پێشترو تا ئێستاش، دادەنرێت بە پردێکی پەڕینەوە بۆ ئەو کۆمەڵ و نەتەوانەی هاتوون لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا، وە بە پێچەوانەشەوە، شوێنەکەی لە نێوان ناوچەکانی چیایی و بەرزایە بڵندەکان لە باکورو باکوری ڕۆژهەڵات. دەشت و بانەکان لە باشورو باشوری ڕۆژئاوا .. هانی ئەو کۆمەڵ و نەتەوە هاتوانەیدا، سود وەربگرن لە کەڵك و فەڕەکەی و جێگیربن لەسەری، بە تایبەتی

لەسەر زەویە زیاد لە پیتەکەی و ئاوە زۆرەکەی، وە ئاوهەوا گونجاوەکەی بۆ ژیان و کشتوکاڵکردن...[١].

ئەم عێراقەی ئێستا لە **مێژوودا**، پێشتر پێی وتراوە دەوڵەتی میسۆپۆتامیا واتە ( دەوڵەتی دوو ڕووبارەکە یان نێوان دوو ڕووبارەکە، کە مەبەست لێیان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕاتە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو ئەبینین کەوا، وشەی عێراقی عەرەبی یان عێراقی عەجەمی بەسەر هەندێ ناوچەی دیاریکراوی دەوڵەتانی ئیسلامیدا براوە، بە مەرجێ ئەم دەستەواژەیە وەك دەوڵەت نەبووە، بەڵکو دەستەواژەیەکی جوگرافی بووە و لە ناوچەیەکی سنووردار نراوە.[٢].

**مێژووی** دروستبونی عێڕاق وەك دەوڵەت و (قەوارەی سیاسی) بەم سنوورو پێکهاتەیەی ئێستایەوە بۆ نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. کاتێك دەوڵەتانی هاوپەیمانی براوەی جەنگی جیهانی یەکەم ڕووداوگەلێکی نوێیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێنایەکایەوە. هەڵەیەکی مێژووییان داسەپاند بەسەر ناوچەکە کە دەرئەنجامی ڕێکەوتنێکی پێشوەختەیان بوو، بێ ویست و ئارەزووی گەلانی ناوچەکە. عێڕاقیش بەرهەمی ئەو ویستە دەرەکیە سەپێنراوەیە.

ئەم عێراقەی ئێستا، پێشان لە سایەی عوسمانیەکاندا لە سێ ویلایەتی لێك جودا پێکهاتبوو کە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسڕە و موسڵ بوون، ویلایەتی موسڵیش ئەم لیوایانەی دەگرتە خۆ :

١ – لیوای کەرکووك.

٢ – لیوای سلێمانی.

---

[1] خلیل إسماعیل محمد، المناطق المتنازع علیها ( دراسة في الجغرافیة السیاسیة )، مطبعة ڕۆژهەڵات، أربیل، ٢٠١١، ص ٧.

[2] مەحمود ڕەزا ، هەڵومەرجی نوێی دنیا و ئایندەی کورد، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە (٣) ، ساڵی سێیەم، سلێمانی،تشرینی یەکەمی ١٩٩٤، ل ٢٦.

3 – لیوای موسڵ ( کە پارێزگای دهۆکیش دەگرێتەوە ئەوکات قەزا بوو )، ئەمەش تاکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم[(١)].

ئەم جەنگەش بەگوێرەی ئاگربەستی مۆدرۆس لە ١٩١٨/١٠/٣٠ ڕاوەستابوو، بەریتانیەکان شاری موسڵیان لە ١٩١٨/١١/٨ داگیرکردبوو. دوای جەنگیش، عوسمانیەکان داوای ویلایەتی موسڵیان دەکردەوە، گوایە دوای تەواوبونی شەڕ داگیرکراوە[(٢)]. عوسمانیەکانیش پێش ئەوەی لە کوردستان پاشەکشە بکەن شێخ مەحمودی نەمریان کردە فەرمانڕەوای ناوچەی سلێمانی[(٣)].

ئیدارەی بەریتانی کە ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرای دەکرد، کەوتە هەوڵدان بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتەی کە لە ساڵی ١٩٢١ دروستی کردبوو بەناوی (مەملەکەتی عێراقی) و میر فەیسەڵی کوڕی شا حوسێن لە حیجازەوە بۆ هێنابوو کردبووی بە مەلیك بەسەریەوە[(٤)]. تا ئەم کاتیش ویلایەتی موسڵ بە فەرمی نەکەوتبووە چوارچێوەی ئەو حکومەتەی پێکهێنرابوو.

---

(١) جەوهەر نامق سالم، گەلی کورد .. کێشە و چارەسەر، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٦)، ساڵی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، حوزەیرانی ١٩٩٨، ل ١٨.

(٢) ئەحمەد عەبدوڵا خدر، سەرهەڵدانی کێشەی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٠)، ساڵی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، کۆتایی شوباتی ١٩٩٩، ل ١٣٧.

(٣) ئاراس عبدالرحمن موستەفا، شوێنی جوگرافیای کوردستان و بایەخ پێدانی لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە، بڵاوکراوەی زانکۆیکۆیە، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە دەریدەکات، ژمارە (١)، چاپخانەی زانین، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٤، ل ٩٠.

(٤) نوری تاڵەبانی، ویلایەتی موسڵ لە لایەن ئینگلیز لکێندرا بە دەوڵەتی عێراقەوە لەبەر بەرژەوەندی خۆی و لەبەر نەوتی کەرکووك نەك لەسەر هەڵوێستی کورد،گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٢)، ساڵی پێنجەم، پایزی ٢٠٠٣، ل ١٠.

(*) ئەم پەیمانەیە لە ١٩٢٣/٧/٢٤ مۆرکرا لە نێوان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و تورکیادا، بە بێ هیچ ئاماژەکردنێك بە داواکاریەکانی گەلی کورد و کێشەی ویلایەتی موسڵ، بەڵکو ئاماژەیکردووە بە جێگیربونی پێویستی سنووری سیاسی و جیاکەرەوەی نێوان تورکیاو عێراق بە ڕێکەوتنی هەردوولا، وە ئەگەریش سەرکەوتوو نەبوون لە گفتوگۆکانیان ئەوا ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان دەکرێ، پەیمانی لۆزان بەندەکانی (٦٢) و (٦٤) ی سیڤەری تایبەت بە کوردستان و دەوڵەتی کوردی لەباربرد، لەبەرئەوەی هیچ دەست مایەیەکی بۆ کورد لێ وەچنگ نەکەوت.

دوای ئەوە لە ئەنجامی بەهێزبونی باسکی شۆڕش بە ڕابەرایەتی شێخ مەحمود، هەردوو حکومەتی بەریتانی و عێراقی (عێراقی عەرەبی) لە ٢٢/ کانونی یەکەمی/ ١٩٢٢دا یاداشتێکی هاوبەشیان دەرکرد، تیایدا دانیاننا بە حکومەتێکی کوردی لە باشووری کوردستاندا و شێخیان ناونا بە مەلیك مەحمودی یەکەم. بەریتانیەکان لە دڵسۆزی کورد و شێخ دوو دڵ بوون، لەبەرئەوە لە ساڵی ١٩٢٣ بە گوێرەی پەیمانی لۆزان(*) بەریتانیا و تورکیا ڕێککەوتن و ئەو بەندانەی پەیمانی سیڤەر(*)یان لە کارخست کە پەیوەندییان بە چارەنوسی کوردەوە هەبوو، لەبەرامبەر ئەوەدا کە تورکیا ڕازی بێ کێشەی ویلایەتی موسڵ بچێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، کە بەکردەوە دەیکردە بەخشینی ویلایەتی موسڵ بە بەریتانیا لەلایەن تورکیاوە[1]. ئەگەرچی ڕواڵەتی کێشەکە کەوتە نێوان عێراق و تورکیا، بەڵام حکومەتی

---

بۆ زیاتر: **أ-** فؤاد حمه خورشيد و جزا توفيق طالب، مؤتمر لوزان (مؤتمر تقسيم كوردستان – دراسة جيوبولتيكية)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆکە دەریدەکات، ژماری (٣)، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ١٦. **ب-** زوبێر بیلال ئیسماعیل، پەیمانی لۆزان و کێشەی کورد گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێکردن، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٦)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.

(*) پەیمانی ئاشتی نێوان هاوپەیمانەکان و هێزە پەیوەندیدارەکان و تورکیایە، لە١٠/٨/١٩٢٠ لە سیڤەر مۆرکرا. لە بەندی (٦٢)ی ئەم پەیمانەدا ئامادەکردنی پرۆژەیەکی خۆبەڕێوەبردن بڕیاری لێدراوە بۆ ناوچە کوردیەکانی باکوری کوردستان و، لە بەندی (٦٤)یدا هاتووە لە دوای ساڵێك ئەگەر زۆربەی گەلی کورد کە لەو سنورەی لە بەندی پێشوودا بۆی دیاریکراوە داوای سەربەخۆییان لە کۆمەڵەی گەلان کرد و بیانەوێ جیاببنەوە، دەبێ تورکیا دانیانپێدابنێت و هێزە سەرەکیەکانی هاوپەیمانان هیچ ڕێگریەك ناکەن لە تێکەڵبونێکی ئارەزوومەندانەی ئەو بەشە کوردستانەی کە لە ویلایەتی موسڵ بۆ ئەو دەوڵەتە کوردیە سەربەخۆیە دروست دەبێت.

سەرچاوە: بۆ زیاتر بڕوانە: سەلام ناوخۆش و مەسعود عبدالخاق، بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٨٤ – ١٠٨.

(١) مەحمود ڕەزا ، هەڵومەرجی نوێی دنیا و ئایندەی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(**) ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە (٣٠) مەم دانیشتنی بەستی، لە جنێف، لە ڕۆژی سێ شەممە، بەرواری ٣٠/٩/١٩٢٤ بۆ باسکردنی کێشەی سنوری عێراق ( ویلایەتی موسڵ) ، بڕیاریدا بە دامەزراندنی لێژنەیەکی نێردراوی سێ کەسی بۆ کۆکردنەوەی ڕاستیەکان و زانیاریە ئامادەکاریە پێویسیەکانی ئەو ئەرکە پێ سردراوە. لێژنەکەش لە بەرواری ٢٧/١٠/١٩٢٤ گەیشتە شاری موسڵ. ( بە گەیشتنیان دەستیانکرد بە گەڕان و نوسینی ڕاپۆرتەکەیان

بەریتانیا جولێنەری ڕاستەقینەی لکاندنەکە بوو. بڕیارەکەش مایەوە تا کۆمەڵەی گەلان یەکلایی بکاتەوە.

( ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان(**) لە ١٦/ کانونی یەکەمی/ ١٩٢٥ کە تێیدا هێڵی بڕۆکسل(***) قبولکرا وەکو سنوورێکی فەرمی لە نێوان عێراق و تورکیا. هەر لەم بڕیارەدا عێراق بە سنوورە تازەکەیەوە هەر سێ ویلایەتی بەغدا و بەسڕا و موسڵی دەگرتەوە، خرایە ژێر ماندێتی بەریتانیا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ)[١].

هەرچەندە دەرئەنجامی ڕاپۆرتی لێژنەکە لە بەرژەوەندی گەلی کورد دابوو لەو بەشەی کوردستان بەڵام هەوڵەکانی بەریتانیا هەر لە ساتی داگیرکردنی ئەم ویلایەتە بوونە هۆی لکاندی بە عێراقەوە. ئەمەش بەهۆی ئەو باڵا دەستی و توانایەی کە هەیبوو، هەم لە

---

لەسەر جوگرافیا و مێژوو ئابووری ناوچەکە ئەمە سەرباری کۆکردنەوەی داتاکانی لەمەڕ دیمۆگرافیا و ئەتنۆگرافیا و چەندین بواری تری تایبەت بە ویلایەتەکە).

سەرچاوە: عصبة الأمم، مسألة الحدود بين تركية والعراق وهو التقرير الذي رفعته البعثة المؤلفة وفقا لقرار المجلس في ٣٠ ايلول ١٩٢٤، مطبعة الحكومة بغداد، ص ١ — ٤.

(***) هێڵی بڕۆکسل: ئەو هێڵە بوو کە لێژنەی هونەری کۆمەڵەی گەلان لە بڕۆکسل لە ١٩٢٤/١٠/٢٤ بڕیاری لێدرا بۆ جیاکردنەوەی نێوان ناوچەی تورکی و ناوچەی ملکەچی بەریتانی لە عێراق. سەرچاوە: رمضان زبير شريف، الكورد ومشكله الموصل ١٩٢١—١٩٢٦، گۆڤاری زانکویا دهوك، پەربەندا(٢) ، هژمارا تایبەت (٣)، چاپخانا کۆلیژا شەریعێ — زانکویا دهۆك ، ل ٤٢١.

(١) نوری تاڵەبانی، سەرچاوە پێشوو، ل ١٢.

(****) پەیمانی ساڵی ١٩٢٦ ی نێوان (عێڕاق — بەریتانیا — تورکیا) کە لە ١٩٢٦/٥/٦ لە ئەنقەرە مۆرکرا. لە خاڵی یەکەمیدا دەڵێ: کە هێڵی سنوری تورکیا و عێڕاق بەشێوەیەکی یەکجارەکی بەو شێوەیە دەست نیشانکرا کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە کۆبونەوەی ١٩٢٤/١٠/٢٩ دا پەسەندی کرد ( هێڵی بڕۆکسڵ ) لەگەڵ دەستکاریەکی بچوکی هێڵەکە لە باشوری ( عەلامون و ئەشوتا ) بە شێوەیەك ئەو دوو ڕێگایەی بە خاکی عێراقدا بەم دوو شوێنەدا تێدەپەڕێت بخرێتە سەر سنوری تورکیا.

سەرچاوە: فاضل حسين، کێشەی ویلایەتی موسڵ (لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی دیبلۆماسیەتی عێراق — بەریتانیا — تورکیا و ڕای گشتی)، وەرگێڕانی: محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٣٠.

کۆمەڵەی گەلان و هەمیش لە عێراقدا. دواتریش لە پەیمانێکی سێ قۆڵیدا زیاتر بەستەرەکە چەسپا(****).

سەبارەت بەو ("بیرورِا وەرگرتنەی" کە بە "لام باشە" و "لام باش نیە" وەڵام دراوەاتەوە)، گوایە کورد بەشداری تێدا کردووە بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق ئەوە لە ڕاستیدا کردەیەکی ڕواڵەتی بووە و، زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان بەشداری تێدا نەکردووە، بە تایبەتی دانیشتوانی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکووك[١]، هەربۆیە دەبێ ئەوە دووپات بکرێتەوە کە زۆربەی کوردستان (تەنانەت) دژی ئەو "بیرورِا وەرگرتنە" بوونە کە بەریتانیا بۆ دانانی میر فەیسەل بە مەلیکی عێراق کردی و هەروەها دژی لکاندن بوون بە عێراقی عەرەبیەوە[٢].

لێرەدا توێژینەوەکە بە باشی دەزانێت هۆکاری ئەو لکاندنەی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە ڕوون بکاتەوە:

سەرەتا، ویلایەتی موسڵ هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگی هەبووە لە سنووری دەوڵەتی عوسمانیدا، شوێنی جوگرافی ویلایەتەکە دەکەوێتە نێوان ناوچە چیایی یە بەرزەکان لە تورکیا و ئێران و ئەرمینیا، وە نێوان زەوی و دەشتە نزمەکان لە هەریەکە لە سوریاو عێراق. ناوچەکانی ویلایەتی موسڵیش بە ڕێگایەکی سەرەکی دادەنرا بۆ ئەو نەتەوانەی هاتوون و تێپەڕیون بە شوێنەکەی، لە هەندێك کاتدا ویلاتەیەکە دەبووە وێستگەیەکی جێگیر بوون و مانەوە بۆ هەندێکیان .. یاخود دەبووە ناوچەیەکی ململانێ لە نێوان دانیشتوانە کۆچەریەکان و چیایی یەکان، ئەمەش بۆ دەست گەیشتن بوو بە زەویە بە پیتەکان[٣].

دەوڵەتی بەریتانیا گرنگیەکی گەورەی بە ویلایەتی موسڵ دەداو، هەوڵی پێ چەقاندنی خۆی

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل ١٢.

[٢] ڕەمەزان داودی، هەڵوێستی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق ١٩٢١–١٩٣٠، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٩)،ساڵی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەرد، هەولێر، کانونی یەکەمی ١٩٩٨، ل ٣٨.

[٣] خليل إسماعيل محمد، البعد القومي لمشكلة ولاية الموصل، مجلة گولان العربي، تصدر عن مؤسسة گولان للثقافة و الاعلام، العدد (١٧)، ٢٥/ تشرين الاول/١٩٩٧، ص٨٣.

دەدا لەسەر جوگرافیای خاکی ئەو ناوچانە، ئەمەش بە ئامانجی دەست گرتن بوو بەسەر تەواوی ئەو کێڵگە نەوتیانەی کە بێگومان بوو لە هەبوونیان لە ویلایەتەکە، هەربۆیە فەڕەنسای ناچارکرد واز لە ویلایەتەکە بهێنێت (چونکە بە گوێرەی ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆی ١٩١٦ بەشێك لە ویلایەتی موسڵ پشکی فەڕەنسا بوو)[١]. ئەم هەستکردنەی بەریتانیا و پێ زانینی بە گرنگی ستراتیژی شوێنی جوگرافی ویلایەتی موسڵ وای لێکرد بیر لە داگیرکردنی بکاتەوە، چونکە ناوچەیەکی گرنگ بوو بۆ هێزەکانی لە عێراق لە لایەك و تورکیا لە لایەکەی تر، هەروەها کرانەوەی دەست گرتنی بوو بەسەر ناوەڕاست و خوارووی ئێستای عێراق بۆ زاڵ بوون بەسەر بزووتنەوە نیشتیمانیەکان لە سوریا و عێراق[٢]. هەروەها هەڵکەوتی جیۆپۆڵەتیکی ویلایەتی موسڵ بۆ بەریتانیا زۆر گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی ئەم دەڤەرە دەوڵەمەند بوو بە دەرامەت و سامانە سروشتیەکان بە دیاریکراویش نەوت (کە ئاماژەکانی دۆزینەوەی هەر لە زووەوە دەرکەوتبوو لە ناوچەی توێژینەوە)، وە ویلایەتەکە هۆکاری تەناهی و ئاسایش بوو بۆ هەرێمە داگیرکاریەکانی بەریتانیا، هەروەها هۆکارێکی تر بوو کە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیای بە هیندستانەوە دەبەستەوە، بنکەیەکیش بوو بۆ گواستنەوەی نەوت بۆ کەشتیە بەریتانیەکان لە کەنداو و دەریای ناوەڕاست[٣].

کەواتە گرنگی شوێنی جوگرافی ویلایەتی موسڵ بە سەرەکی و وابەستە بوونی بە کۆمەڵێك هۆکاری ترەوە بە تایبەتی گەڕان بە دوای دابینکردنی ووزە لە لایەن بەریتانیاوە، لە هۆکارە سەرەکییەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوون بە عێراقەوە، کە ئەمەش کێشەیەکی قووڵی بە دوای خۆیدا جێ هێشت بۆ نەتەوەی کورد لە بەشی باشووری کوردستان، چونکە ئەو ناوچەیە پێکهاتە زۆرەکەی ویلایەتی موسڵی پێکدەهێنا، کە زۆربەی

---

[١] سعيد خديدة، حول إلحاق كوردستان الجنوبية (ولاية الموصل) بالدولة العراقية، مجلة گولان العربي، تصدر عن مؤسسة گولان للثقافة و الاعلام، العدد (٤٥)، ٢٩/ شباط/ ٢٠٠٠ ، ص٨٧.

[٢] المصدر نفسه، ص ٨٧.

[٣] نەوزاد عەبدولا هێتوتی، دۆزی کورد لە عێراقدا و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی دوای ٢٠٠٣، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩، ل ٢٨.

دانیشتوانەکەی کورد بوون بە گوێرەی ڕاپۆرتی لێژنەی کۆمەڵەی گەلان کە لە دواییدا بە قووڵاییدا دەچین. هەر ئەم داگیرکاری و پێوە لکاندنەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە وای کرد ناوچەکە بناسرێت بە "کوردستانی عێراق" و کوردیش دەستەوەستان نەبێت بە ڕووی داواکاریەکانی.

دەبینرێ هەر لە سەرەتاوە مافی چارەی خۆنوسین و خۆبەڕێوەبردن لە پێشەنگی داواکاریەکانی کوردبوون لە سنووری ناوچە کوردستانی و کوردنشینەکان. ئەمەش چ لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی یان لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی. بەرپەرچدانەوەی ئەمانەش لە لایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقی بەتوندی و دان نەنان بە بوون و مافی کوردبون، هۆکارێکی ماف سەندنەوەی کوردبوون کە چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین و قوربانیدانی لێکەوتەوە کە ئاکامەکەی بە زیانی هەردوولا کەوتۆتەوە.

دەست هەڵنەگرتنی کوردیش لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق بە گشتی و ناوچەی توێژینەوەیە بە تایبەتی، هۆکارێکی سەرەکی بەردەوامبوونی ئەو تەنگەژەیە بوو کە بۆ سەد ساڵە دەچێت بۆ کورد نراوەتەوە. لەبەرئەوە سەرکردایەتی کورد بۆ هیچ کاتێك سازشی لە سەر ئەم ناوچانەدا نەکردووە. هەر بۆیە مێژووی کوردی ئەو پارچە کوردستانیە لکێنراوەی بە عێراقی دروستکراو هەمیشە گۆڕەپانی شۆڕش بووە لەوانە :

- شێخ مەحمودی نەمر (١٨٨٢ – ١٩٥٦)، شۆڕشی دژی داگیرکەرانی بەریتانی و عێراقی بەرپاکرد لە نێوان ساڵانی (١٩١٩ – ١٩٤١). لە ڕاستیدا دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتی ئەو داواکردن بوو بۆ هەموو ویلایەتی موسڵ، سووریش بوو لەسەر دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان. بەڵام نوشست پێهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ هاوکۆك نەبونی پلانەکەی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە عێراق[١].

[١] جەلیل جەلیلی و ئەوانی تر، شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی: بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٩٥.

– شۆڕش و ڕاپەڕینی بارزانیەکان لە دیارترینیان: ڕاپەڕینی بارزانی یەکەم بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد و، ڕاپەڕینی بارزانی دووەم بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا کە ڕوویاندا لە نێوان ساڵانی (١٩٤٣ – ١٩٤٥)[١].

بەردەوامبوونی ئەم شۆڕشانە وایکرد لە نێوان حکومەتەکانی عێراقی یەك بەدوای یەك و سەرکردەکانی شۆڕش چەندین دانوستان ئەنجامبدرێت. ئاکامی دیارترینیان لێکەوتنەوەی ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبردن (*) بوو لە ژێر ڕێکەوتنامەی (١١ / ئادار/ ١٩٧٠) . ئەم ڕێکەوتننامەیەش بۆ دانیشتوانی کوردستانی عێراق لەو سەردەمەدا دڵخۆشکەر بوو، هەروەك (د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد) وای دەبینێت "ئەم ڕێکەوتننامەیە زۆر گرنگ بوو، بە درێژایی ڕێڕەوی دانوستانەکان، لەبەرئەوەی بۆ یەکەم جاربوو لە مێژوودا ڕابگەیەنرێت لە لایەن حکومەتی عێراقی بە دان پێدانراوێکی نوسراو کە " ناوچەی کوردستانی عێراق" بڕیاری لێبدرێت، وە ئامارێك ئەنجام بدرێت لە هەمانساڵدا، بۆ دیاریکردنی چارەنووسەکەی"[٢].

ئەوەی جێگای هەڵوێستەیە، ڕێکەوتنامەکە (١٥) خاڵی لە خۆوە گرتبوو لە گۆشەنیگای خاڵی (١٤) دا (پاشکۆی – ١)، لەبابەتی ڕاستکردنەوەی یاسای پارێزگاکاندا بە گشتی ئەوە

---

[١] بۆ زیاتر: پشتیوان صادق، نحو تأسيس دولة كوردستان، بدون مكان الطبع، أربيل، ٢٠١٣، ص ٨٣–٨٩.

(*) خۆبەڕێوەبردن ( الحكم الذاتي يان Autonomy )، دەستەواژەی خۆبەڕێوەبردن بە بەرزترین قۆناغی ناسەنتراڵی دادەنرێت، لەو ڕێگەیەوە دەدرێت بە ناوچەیەکی دیاریکراو لە نێو دەوڵەتێکدا بەهۆی تایبەتمەندیە جیاکەرەوەکانی، جا چ لە ڕووی لایەنە نەتەوەییەکەی بێت، یاخود لایەنە جوگرافی و مێژووییەکەیەوە بێت. وە بە لای بارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەشکێتەوە کە دەسەلاتی ناوەندی دانی پێدادەنێت. تەنانەت ئەو ناوچەیەی خۆبەڕیوەبردنی پێدەدرێت مافی سەربەخۆیی دارایی دەبێت بە پێی بودجەی ساڵانە و کەناڵەکانی تری بەخشین، ئەمە جگە لەوەی ملکەچی چاودێری دەسەلاتی ناوەندی دەبێت. ئەم دەستەواژەی خۆبەڕێوەبردن کاریگەری نیە لەسەر شێوەی دەوڵەت، بەو پێیەی دەوڵەت ناکاتە دەولەتێکی یەکگرتوو بەڵکو دەیکاتە دەوڵەتیکی یەکخەر.

سەرچاوە: ناظم عبدالواحد الجاسور، موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠١١، ص ٢٧٥.

[٢] خليل إسماعيل محمد، المناطق المتنازع عليها ( دراسة في الجغرافية السياسية )، المصدر السابق، ص ١٢٠.

دەخوێنرێتەوە كە سەرەتای دروستبوون و سەرهەڵدانی كێشەی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەوكاتەدا بە فەرمی لەگەڵ ئەم ڕێكەوتننامەیەدا دەستپێدەكات، چونكە یەكەم كەوتبووە دەرەوەی سنووری ناوچەی خۆبەڕێوەبردنەكە، دووەم لەبەرئەوەی دەست نیشانكردنی سنووری ناوچەی خۆبەڕێوەبردنەكە پابەندبوو بە ئەنجامدانی سەرژمێریەكی فەرمی دوای ڕاگەیاندنی ڕێكەوتنەكە. وەیەكێك لە توخمە سەرەكیەكانیشی، بوونی ناوچەیەكی جوگرافی سنوورداره لە ڕووی نەتەوەیی یەوە كە دام ودەزگاكانی خۆبەڕێوەبردن (فەرمانڕەوایی و كارگێڕی) تیایدا دەسەڵاتدارین[1].

ئەوەی جێی بایەخی ئەم نووسینەیە چۆنیەتی دروستبوونی ناوچەی توێژینەوەیە، چونكە ناوچەكە لە ماوەی دوو قۆناغی مێژوویی كاری لەسەر كراوە تا بە تەواوی دابڕێندرێ لە بەشەكانی تری كوردستانی عێراق. یەكێكیان لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ و لەگەڵ ڕێكەوتننامەی ئادار، ئەویتریان لە ماوەی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١.

لێرەدا ئەوەی گرنگە بگوترێت، ئەو ڕووداوانەی كە ڕژێمی پێشووی عێراقی بەسەر كوردیدا هێنا، وایانكرد بە لێخستنی ئەم ناوچەیە لە بەشەكانی تری كوردستانی عێراق، دروستبوونی سنوورێكی تایبەت بۆی لەگەڵ ناوچەكانی سەرووی خۆی، كە ئەمە دەرئەنجامی كۆمەڵێك دەرهاویشتەی سیاسی و سەربازی بوون. هەڵبەتە ڕێكەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ و ڕاپەرینی ١٩٩١ بوونە مایەی لێكەوتنەوەی دوو زاراوە ئەوانیش یەكێكیان "ناوچەی خۆبەڕێوەبردن" بوو ئەویتریان "هەرێمی كوردستان" بوو كە لە هەردوو حاڵەتەكەدا زۆربەی ئەو بەشە كوردستانیەی مایەوە، بەشێكن لە كوردستانی عێراق، وە دەكەونە چوارچێوەی سنووری ئەو ناوچانەی كە لە  دواییدا ناسران بە ناوچە كوردستانیەكانی توێژینەوەكە. بۆیە بە پێویست دەزانرێ باس لەم دوو زاراوەیە بكرێت:

---

[1] فەرەیدوون عەبدولرەحیم عەبدوڵا، بارودۆخی سیاسی كوردستان – عێراق ١١ی مارتی / ١٩٧٠ – ١١ی مارتی / ١٩٧٤ ( توێژینەوەیەكی مێژووی – سیاسیە )، نامەی ماستەر (بڵاوكراوە)، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی ئەدەبیات، بەشی  مێژوو، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٤٢.

## أ:- ناوچه‌ی خۆبه‌ڕێوه‌بردن:


ناوچه‌ی خۆبه‌ڕێوه‌بردن له‌ ساڵی ١٩٧٠ له‌ لایه‌ن حكومه‌تی عێراقه‌وه‌ هاته‌كایه‌وه‌. به‌ پێی مادده‌ی (٢) ی ده‌ستووری كاتی ١٩٧٠، ئه‌و ناوچه‌یه‌ بوو كه‌ "زۆربه‌ی دانیشتوانی كورد بن – غالبية سكانها من الأكراد"، وه‌ به‌ پێی برگه‌ی (١٤) ڕێكه‌وتننامه‌كه‌ ده‌بێ "زۆربه‌ی خه‌لكه‌كه‌ی كورد بن – .. التي تقطنها غالبية كردية"[(١)].

شوێنی جوگرافی ناوچه‌ی خۆبه‌ڕێوه‌بردن ده‌كه‌وێته‌ باكوور و باكووری ڕۆژهه‌ڵاتی عێراق، له‌ باكووره‌وه‌ دراوسێتی له‌گه‌ڵ توركیادایه‌، له‌ ڕۆژهه‌ڵاته‌وه‌ ئێران و، له‌ ڕۆژئاواوه‌: سوریا، (نه‌خشه‌ی – ٣). له‌ باشووره‌وه‌ دیاریكردنی سنووره‌كه‌ی یه‌كێ له‌ كێشه‌ سه‌ره‌كیه‌كانی نێوان نوێنه‌رانی كورد و حكومه‌تی عێراقی بووه‌.

(١) كۆڕی زانیاری كوردستان، سنووری هه‌رێمی كوردستان له‌ كۆماری عێراقدا، گۆڤاری ئه‌كادیمی كوردستان، ژماره‌ (٣)،چاپخانه‌ی‌وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌، هه‌ولێر، ٢٠٠٥، ل ٣١٨. (ئه‌م بابه‌ته‌ پشتی به‌ چه‌ند توێژینه‌وه‌یه‌كی مامۆستایانی زانكۆ به‌ستووه‌).

## ( نەخشەی -٣ )

## شوێنی جوگرافی ناوچەی خۆبەرێوەبردن لە ساڵی ( ١٩٧٠ ).




کاری توێژەرە پشت بەست بە: فەرید ئەسەسەرد، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستان (١٩١٤ – ٢٠٠٥)، ئامادەکردنی: سەردار موحەممەد عەبدول رەحمان و هۆشیار موحەم ئەمین، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٨٤.

جێـی باسـە بگوترێـت ناوچـەی بڕیارلێـدراوی خۆبـەڕێوەبردن بـۆ کوردسـتانی عێـراق لـە ڕووی کارگێڕیـەوە لـە (٧٨) یەکـەی کـارگێڕی پێکهـاتبوو، لەوانـە (٣) پارێزگـا (هەولێر، دهۆك، سلێمانی)، (٢١) قـەزا، (٥٤) ناحیـە، بـە ڕووبـەری (٣٧٠٦٢ کـم٢)[1]. ئـەم ڕووبـەرەش دەکاتـە ٨,٥٪ی ڕووبـەری گشـتی خـاکی عێـراق [*]، ئەمـەش دەکاتـە ٤٢,٤٪ سەرجەمی ڕووبەری کوردستانی عێراق [**].

## ب :- هەرێمی کوردستانی عێراق:

هەرێمی کوردستانی عێراق، زاراوەیەکی نوێ یە و لەم دواییانەدا بەکارهێنانی بڵاوبوویەوە، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١و، هەڵبژاردنی یەکەم ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢[2].

ئەم ڕاپەڕینەش هەلومەرج و کێشەی کوردی لە عێراقدا گەیاندە قۆناغێکی نوێ و جیاواز لەگەڵ حکومەتی ناوەندا، چونکە بۆ یەکەمجار بوو لە خەباتی نیشتیمانی گەلی کورددا زۆربەی هەرە زۆری شوێنی جوگرافی کوردستانی عێراق ئازاد بکرێت، وە بۆ یەکەمجاریش بوو شاری کەرکوك وەك شوێنێکی ستراتیژی و ئابووری و چەقی بەربەرەکانێی عێراق لەگەڵ کورد بکەوێتە دەست هێزی پێشمەرگەوە، هەرچەندە لە دواییدا سنووری ناوچەی ئازادکراو وەك خۆی نەمایەوە، لەبەر هێرشکردنەوەی ڕژێمی بەعس، بەڵام ئەمە ئومێد بەخشێکی گرنك بوو، بە جارێکیتری دەست کەوتنەوەیان.

---

[1] کۆڕی زانیاری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٨.

[*] ڕووبەری عێراق = (٤٣٨٣١٧ کم٢) . سەرچاوە: إبراهيم حلمي الغوري، أطلس العراق و الوطن العربي و العالم، دار الشرق العربي، طبعة جديدة و منقحة، بيروت، بدون سنة الطبع، ص ٤.

[**] کۆڕی زانیاری کوردستان لەو توێژینەوەیەی کردوویەتی (ڕووبەری کوردستانی عێراقی بە (٨٧٣١٧ کم٢) داناوە، لەسەر ئەم بنچینەیە توێژەر ژمارەو ڕێژەکانی ناوچەی خۆبەڕیوەبردنی هەژمارکردوون.

[2] خليل إسماعيل محمد، إقليم كوردستان العراق (دراسات في التكوين القومي للسكان)، الطبعة الثالثة، أربيل، ١٩٩٩، ص ٣.

پاشەکشەکردنی ڕژێم بووە مایەی ئەوەی ئەو ناوچانەی جێی هێڵا بکەونە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی کوردی، دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستبوو بۆ ئیدارەی ئەو بەشە کوردستانی، شوێنە جوگرافیەکەش بە تایبەتی ناسرا بە "هەرێمی کوردستانی عێراق"، (نەخشەی – ٤)، بەڵام ئەو ناوچانەی کە ڕژێمی عێراقی لێی نەکشایەوە، لە شوێنە زۆر گرنگەکان بوون و دەکەوتنە بەشی باشووری هەرێم، تەواوکەری خاکی کوردستانی عێراق بوون لە دواییدا ناسران بە "ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان".

سەبارەت بە ڕووبەری ناوچە ئازادکراوەکەش (هەرێمی کوردستان) ئەوا بە (٤٢ هەزار کم$^2$) پشت ڕاست دەکرێتەوە، بە گوێرەی ئەمەش بێت ڕووبەری هەرێمی کوردستان زیاترە لە ڕووبەری ناوچەی خۆبەڕێوەبردنی ساڵی ١٩٧٠، لەبەرئەوەی ناوچە ئازادکراوەکە (٢٣) قەزای لەخۆوەدەگرت لە هەرسێ پارێزگاکە و بەشێك لە پارێزگاکانی (موسڵ، کەرکوك، دیالە)[١].


دروستی ئەم ژمارانە ئەوە دەردەخات کە ڕێژەی ڕووبەری هەرێمی کوردستانی عێراق ٤٨,١٪ی سەرجەم ڕووبەری کوردستانی عێراقە، واتە ٥١,٩٪ی هێشتا لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی عێراقدا مایەوە کە ئەمەش خۆی ناساندەوە بە ناوچەی توێژینەوە.

---

(١) خسرو گۆران، الكورد في محافظة الموصل، ترجمة وتعليق: حازم هاجاني، دار سپيرێز للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٦، ص ٤٤.

**( نەخشەی – ٤ )**

**شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ( ١٩٩٢ ).**




کاری توێژەرە پشت بەست بە: فەرید ئەسەسەرد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧١.

ئەوەی جێی سەرنجە!، هەر لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا نەمانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، هیچ بەرەو پێش چونێکی دۆزی کورد لەو دەوڵەتەدا ڕووی نەدا. تا ڕوخانی ئەو دەسەڵاتە لە لایەن ئەمریکاو هێزە هاوپەیمانەکانەوە لە ٩/ نیسانی/ ٢٠٠٣.

لەناوبردنی ڕژێم سەرەتای هەناسەیەکی بێگەرد بوو بۆ دانیشتوانی ناوچە کوردستانیەکان و هۆکاری گۆڕانکاریەکی نوێ بوو کە مێژووی عێراق و ناوچەی توێژینەوە بە خۆیەوە نەی بینیبوو. کردەی نەمانی ئەم دەسەلاتە هیوا بەخشی لکاندنەوەی تەواوی ناوچەی توێژینەوە بوو بۆ سنووری جوگرافی خۆیان بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی.

دوای ئەم دۆخەش، لە میانەی سەر لە نوێ بنیاتنانەوەدا، یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە بەرواری ٨/ ئاداری/ ٢٠٠٤ دا دانی پێدانرا، تێیدا ماددەی (٥٨) تایبەت کرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەم ناوچانە هەر لە سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی بەعس و ڕژێمەکانی پێش خۆی تا دەگاتە گۆڕینی باری دیمۆگرافی و کارگێڕی لە عێراقدا[١] .. دواتریش ئەم ماددەیە گوێزرایەوە بە هەموو بڕگەکانیەوە بۆ دەستوری هەمیشەی کۆماری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ و ناسرا بە ماددەی (١٤٠)، ئەمەش بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرێکی دادوەرانە بۆ کێشەی ئەم ناوچانە[٢]، وە لەم ماددەیەدا نەخشە ڕێگایەکی چارەسەرکردن دانراوە کە بریتیە لە ( ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری، کۆتایی دێت

---

[١] بيان صالح، قانون إدارة الدولة العراق المؤقتة – غياب وتهميش إرادة الجماهير الحرة، الحوار المتمدن، العدد (٧٨٥)، بحث متاح على الموقع الاكتروني http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=16314، بتاريخ ٢٦/ ٣/ ٢٠٠٤.

[٢] أ – جمهورية العراق، مجلس النواب العراقي، الدائرة الإعلامية، الدستور العراقي، الباب السادس، المادة (١٤٠)، من الموقع الالكتروني .http://ar.parliament.iq/LiveWebsites/Arabic/IraqiConstitution.aspx

ب – نص الدستور العراقي الدائم الذي صوت عليه في ١٥/ تشرين الأول ٢٠٠٥، من الموقع الاكتروني . http://krg.org/a/d.aspx

بە ڕاپرسی لە کەرکووك و ناوچەکانی تری کێشە لەسەر بۆ دیاریکردنی ئارەزوومەندی هاونیشتیمانیانی) لە وادەیەکدا کە تێ نەپەڕێت لە ٣١/ کانونی یەکەمی/ ٢٠٠٧.

جێی هەڵوێستەیە بگوترێ سنووری ئیدارەی ناوچە کوردستانیەکان پێش ڕووخانی ڕژێم چۆن بوو وا خرانە دەستورەوە. بە واتایەکی تر ناوچەکانی بەریەککەوتن (تماس) لە دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێمی کوردستانی عێراق مانەوە. ئەم ماددەیەش ڕێی بە ڕۆژگاردا کرد و، کات لە ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و ٢٠١٠ تێ پەڕی بە بێ سەرژمێری کردن و ئێستاش لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٤) داین کەچی هێشتا کورد لەو ناوچانەدا بە دەستی فەرامۆشکردن و دواکەوتن دەناڵێنن[(١)]. بەو هیوایەی تێکەڵی بەڕێوەبردن و سنووری شوێنی جوگرافیان لەگەڵ عێراقدا یەکلایی بکرێتەوە.

ئەوەی پێویستە بگوترێ، سەبارەت بە ڕەهەندی مێژوویی – جوگرافی سنووری ناوچەی توێژینەوە ئەوەیە؛ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٥ بنەمای دروستبوونی دۆزی کورد بوو لە باشووری کوردستان. پاشان لە ڕێگای چەند پەیمانێکەوە بەبێ ئارەزوومەندی دانیشتوانەکەی سنوورە دەستیەکانی داڕێژرا. ئەم دەوڵەتەش لە پێشووتردا بوونی نەبوو، بەڵکو باڵادەستی دەرەکی و بەرژەوەندی زلهێزەکان ڕۆڵی هەبوو لە دروستکردنیدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی شوێنی جوگرافی ناوچەکە گرنگ بووە، بۆیە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی دراوە. ئەمانە بوونە مایەی سەرهەڵدانی خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی بە ئامانجی جیاکردنەوەی جوگرافیای نیشتیمانی کوردان لەگەڵ عێراقدا و دەست نیشانکردنی سنوورەکەی. لەم پێناوەشدا چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین ڕوویاندا. لە دیارترین دەسمایەیان ڕێکەوتننامەی ١١/ ئاداری/ ١٩٧٠ بوو بۆ خۆبەڕێوەبردنی کوردستانی عێراق کە ئەمیش تەواوی شوێنە جوگرافیەکەی نەدەگرتەوە، چونکە زیاتر لە نیوەی ناوچە

---

(١) خەلیل ئسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، پێداچونەوەو ڕێکخستن: هیوا سادق سەلیم، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٢٠٨ – ٢٠٩.

کوردستانیەکان نەخرانە نێو سنووری خۆبەڕێوەبردنەکە بە بیانووی جۆراو جۆرەوە. لێرەدا بە کردەیی بوون و بە فەرمی بوونی سەرهەڵدانی کێشەی ناوچەی توێژینەوە دەستی پێکرد.

# باسی دووەم / دیاریکردنی سنوور:

باسکردن لە سنوورەکانی کوردستانی عێراق پەیوەستکراوە بەو سنوورە سیاسیەی دەوڵەتی عێراق. ئەم دەوڵەتەی کە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم دروستکراو بە خستنەسەری ویلایەتی موسڵ کاری بونیاتنانی بۆ تەواوکرا، لەگەڵ ئەمانەش سنوورەکانی لە سایەی هەندێ ڕێکەوتنامە داڕێژرا کە هیچ بەهایەکیان بۆ چارەنوسی گەلانی ناوچەکە دانەناوە.

سەبارەت بە سنووری کوردستانی عێراق، کە لە ئێستادا بەشە سەرەکیەکەی ویلایەتی موسڵە، لە پێشتر هەرسێ ئاڕاستەکانی ڕۆژهەڵات و باکوورو باکووری ڕۆژئاوای بە فەرمی یەکلایی کراوەتەوە. بەڵام چارەنوسی باشووری ئەو بەشە کوردستانیە کە هەمان سنووری ناوچەی توێژینەوەیە(*)، بە درێژایی مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی هەمیشە کێشەیەك بووە لە نێوان کورد و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان، چونکە سنوورەکانی باشوور و ڕۆژئاوای بۆ کورد یەکلایی نەکراوەتەوە، لەبەرئەوەی بە بەشێك لە جوگرافیای سیاسی دەوڵەتی عێراق دانراوە. هەربۆیە ئەم کێشەیە بەردەوام بووەو ئاڵۆزیشی تێکەوتووە و تەنانەت بە کێشەیەکی ناوەخۆیی عێراقی هەژمارکراوە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت .

لەم دواییانەداو، لە دوای ئازادکردنی عێراقیش لە ساڵی ٢٠٠٣، لە ژێر سایەی دانوستانێکی قووڵ لە نێوان حکوماتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ لایەك نەیتوانی لایەنی دیکە ڕازی بکات سەبارەت بە ناوچەکانی دەرەوەی سنووری هەرێم، ئەمەش هەردوولای ناچارکرد لەسەر شێوازێك ڕێککەون، ئەویش ماددەی ژمارە (٥٨)ی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بوو کە بە "ناوچە کێشە لەسەرەکان" ناوبرابوو بەبێ دیاریکردنی ڕووبەر یان سنووری جوگرافی ئەم ناوچەیە. سەرەڕای گواستنەوەی ئەم ماددەیە بۆ دەستووری تازەی عێراق لە ژێر ناوی ماددەی (١٤٠)، بەڵام سنوورەکانی ئەم ناوچەیە یاخود یەکەکانی بەڕێوەبردنی دیاری نەکران، ئەمەش وایکرد کێشەکە بۆ ئاییندە

دوابخرێ، دەکرێ بگوترێ لە سەر ئاستی سەرکردایەتی کوردیش زیاتر جەخت لەسەر کەرکووك و دەوروبەری کرایەوە[1].

لە پێناو دیاریکردنی سنووری باشوورو باشووری ڕۆژئاوای کوردستانی عێراق، ئەوا لەم بارەیەوە هەوڵێکی زۆر بۆ دەست نیشانکردنی دراوە، کە تێیدا ئەوانەی لەم بارەیەوە نووسیویانە جەختیان کردۆتەوە لە سەر دابەشبوونی دانیشتوان، کە دابەشبوونێکە بە درێژایی مێژوو بە تایبەتی لە چەند دەیەی ڕابردوودا تووشی چەندین کردەی گۆڕینی ڕووخساری نەتەوەیی دیمۆگرافی بووە. دیارە هەر هەوڵێك بۆ دیاریکردنی ئەم سنوورە نەیتوانیووە خۆی لە کاریگەری کەسێتی و سیاسی و ڕەگەزی ڕابپسکێنێ[2]. لەگەڵ ئەوەش ئەم هەوڵانە بە یەکێك لە باشترین بەڵگە مێژوویی و جوگرافیەکانی ئەو گەڕیدەو نوسەرە بیانی و کوردانەدا دادەنرێت کە هەڵساون بە دیاریکردنی نیشتیمانی کوردان ئەمە سەرەڕای بەڵگەنامە فەرمییەکان، تایبەت بەو ناوچانەی کە سنوورییىن وەکو خوارووی ناوچە کوردستانیەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەبەرئەوەی هێڵی جیاکەرەوەیان پێکهێناوە، هەربۆیە

---

(*) توێژەرێك پێی وایە: ("سنووری خوارووی ناوچە دابڕاوەکان هەر هەمان سنووری خوارووی کوردستانی گەورەیە، هەرچەندە ئەگەر قووڵ بینەوە بۆ مێژوو سنووری خوارووی کوردستان ئەوە نیە، ئەوەی ئێستا سنووری خوارووی ناوچە دابڕاوەکانە، بەڵکو زۆر فراوانترە").

بۆ زانیاری زیاتر: مەسعود عەبدولخالق، کوردستانیەتی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان، لە

بڵاوکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ژمارە (١١)، ٢٠٠١١، ل ٧٧-٩٣.

توێژەر بەدواداچونی ئەم توێژینەوەیە بە دروست دەزانێت، بەڵام جێگەی ئەوەیە بگوترێت دەرفەتی قووڵایی باسی مێژوویی نامەکە ئەوە ناخوازێت، چونکە زۆربەی بۆچوونە وەرگیراوەکان تایبەت بە سنووری باشووری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بە هەند وەرگیراون، لەگەڵ ئەوەی هەندێ کات خستنەڕووی ڕاستییە مێژوویەکان ڕێ بە خۆ خزاندنی ناو بابەتەکان دەدەن.

[1] خەلیل ئسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠-١٧١.

[2] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جوگرافیای سنووری هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (سیاسەتی دەولی)، ژمارە (٣)، ساڵی چوارەم، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ١٩٩٥، ل ٥.

لە نوسینەکانیاندا جەختیان کردۆتەوە لەسەر پێشوێنی ناوچەیی و نەتەوەیی. لێرەدا بەڵگەکان دابەش دەکەین بەسەر چوار خاڵ، سەرەتاش لە بەڵگەنامەکانەوە دەست پێدەکەین:

## ١- سنووری باشووری کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامەکاندا:

**أ- بەڵگەنامەی فەرمی:** ڕاپۆرتی کۆتایی لێژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان دیارترین بەڵگەنامەی فەرمیە کە پشتی پێببەسترێ لە ساڵی ١٩٢٥ بە ئەنجام گەیشت، چونکە ئەم کۆمەڵەیە دەربڕی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دانپێدانراوی دەوڵەتانی جیهانی بووە لەو سەردەمەدا. لێژنەکە سەبارەت بە کێشەی ویلایەتی موسڵ کە پێشتریش باسکرا بەوە گەیشت عێراق سێ ناوچەی جیاوازە لە یەکتری، ئەوانیشی دابەشکرد بەسەر (عێراقی عەرەبی، جەزیرە، کوردستان)[١]. بە پێی نوسراوی لێژنەکە سنووری عێراقی عەرەبی لە باکووردا درێژنابێتەوە بە پلەیەك کە دوورتربێت لە هیت – تکریت (هیت لەسەر ڕووباری فوڕات و تکریت لەسەر ڕووباری دیجلە) یاخود خاڵی چیای حەمرین[٢].

**ب- بەڵگەنامەی یاسایی:** لێژنەی کێشەی ویلایەتی موسڵ بۆی دەرکەوت ناوچەکە بەشێکە لە کوردستان، بۆیە لە دەرئەنجامی سیاسی و یاسایی لێژنەکەدا هاتووە :(لا يمكن للعراق المطالبة بالأراضي المتنازع عليها(*) سواء كان بحجة حق الغلب او بأى حق قانوني آخر)[٣].

توێژەرێك دەڵێت: کەرکووك و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لەسەر میلاکی عێراق لە عوسمانی جیانەبوونەتەوە، بە پێی ماددەی (٩٤)ی ڕێکەوتنامەی سیڤەریش جیانەبوونەتەوە، بەڵکو لەسەر میلاکی کوردستان جیاکراونەتەوە بە پێی ماددەی (٦٢) بووە[٤].

---

[١] فاضل حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

[٢] عصبة الأمم، المصدر السابق، ص ٢٩.

(*) مەبەست ویلایەتی موسڵە.

[٣] المصدر نفسه، ص ١١٠.

[٤] مەسعود عەبدولخالق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢.

هەروەها لە بەڵگەنامە نوێیەکانیش کوردستانیەتی ئەو ناوچانە ئاماژەی پێکراوە هەروەکو لە دەستووری عێراقیدا بە ڕوونی لە خاڵی یەکەمی ماددەی (١٤٠) ئەوە خراوەتەڕوو کە: (دەسەلاتی جێبەجێکردن هەموو ئەو هەنگاوە پێویستیانە دەگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی ماددەی (٥٨) لە یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو بڕگەکانیەوە)[١]. ئەمەش دان نانە بە یاسایی بوونی داواکاریەکانی کورد لەسەر ناوچەکانی توێژینەوە، کە لە دوا بەشی ئەم توێژینەوەیە باس لەم دوو ماددەیە دەکرێت.

**ج- بەڵگەنامە ئەرشیفیەکان:** بە پێی بەڵگەنامەیەکی حکومەتی بەریتانیا بە (ژمارە F ٠٣٧١/٣٣٨٦ لە بەرواری ١٤/کانونی یەکەمی ١٩١٨) تایبەت بە دیاریکردنی سنووری کوردستانی گەورە دەڵێ لە ڕۆژهەڵاتدا: لە دەریاچەی ئورمیەوە لەگەڵ سنووری ئێرانی دەڕوات تاوەکوو دەگات بە مەندەلی و چیای پشتکوە. هەموو ئەو زەویانەشی بە کوردستان دیاریکردووە لە چوارچێوەی "کوردستان لە ئاسیای بچوکی تورکی" کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و زنجیرە چیای حەمرین هەتاوەکو سنووری فارسی، زەویەکانی ئەم ناوچەیەشی بە بەشێك لە سنووری ویلایەتی موسڵ داناوە، کەچی ناوەندی شاری موسڵی لەگەڵ دانیە، بەوەی کەوتۆتە لێواری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە. لە نێو شارە سەرەکیەکانی ناوچە کوردستانیەکەش ناوی هەریەکە لە ئاڵتون کۆپری و کەرکووك و کفری دێنێت[٢]. هەروەها لە کتێبی کورد لە ئەرشیفی ڕووسیاو سۆڤیەتدا لە باسی شوێنجێگای کورددا ویلایەتی موسڵ ناسراوە لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستان وەك جێگای پێکەوە ژیانی بە کۆمەڵی کوردەکان[٣].

---

[١] جمهوریه العراق، الماده (١٤٠)، المصدر السابق.

[٢] وليد حمدي، الكرد و كردستان في الوثائق البريطانية (دراسة تاريخية وثائيقية)، بدون مكان الطبع، لندن، ١٩٩١، ص ٣٦ – ٣٨.

[٣] ئەفراسیا و هەورامی، کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا و سۆڤیەتدا، زنجیرەی کتێبی (٩٠ – ٩٣)،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر، بێ ساڵی چاپ، ل ٧.

د- **ئینسکلۆپیدیا و فەرهەنگەکان:** لە چەندین کتێبی جیهانی سنووری کوردستان دەست نیشانکراوە بۆ وێنە: ئینسکلۆپیدیای عەرەبی جیهانی، چیای حەمرینی وەك سنوورێکی سروشتی دیاریکردووە لە نێوان کورد و عەرەبدا. لە هەمان سەرچاوەدا لە ناساندنی شاری کەرکووکدا نوسراوە: (کەرکووك بە پایتەختی کۆمەڵە کوردیەکان لە باکووری عێراق دادەنرێت)[1].

وە لە ئینسکلۆپیدیای ئازادی بەریتانیدا، دیسان حەمرین وەکو سنوورێکی سروشتی جیاکەرەوە دەست نیشانکراوە، لە (ماددەی: حەمرین) ئەوە بەڕووداخراوە کە: (حەمرین بە سروشتێکی جیاکەرەوە دادەنرێت کە ناوچە عەرەبییەکان لە ناوچە کوردیەکان جیادەکاتەوە لە عێراق، یا دەکرێ بە سنووری جیاکراوە دابنرێ لە نێوان کورد و عەرەبدا لە عێراق). هەروەها لە (ماددەی: کوردستانی گەورە) لە بەشی عێراق دەقەکەی خۆی، کەرکووك بە کوردستانی تۆمارکراوە و دەڵێ: (العراق – يتركز الأكراد في الألوية الشمالية و الشمالية الشرقية: محافظات السليمانية و أربيل و كركوك و دهوك ومناطق (سنجار وزمار والشيخان و عقرة والحمدانية وتل كيف والجانب الأيسر من مدينة الموصل) من محافظة الموصل. و كذالك في منطقتي (خانقين و مندلي) من محافظة ديالى)[2].

هەروەها گەورە نووسەری عوسمانی (شەمسەدین سامی) لە فەرهەنگی ڕاگەیاندنی خۆیدا کەرکووکی واناساندوە کە: "کەرکووك شارێکە، ناوەندی لیوای شارەزوورە، لە ویلایەتی موسڵی کوردستان (١٦٠ کم) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵە"[3]. لە جێگایەکی تردا و لە بابەتی ویلایەتی موسڵدا بە ڕوونی کوردستانیەتی شاری موسڵی پیشانداوە و

---

[1] الموسوعة العربية العالمية، المجلد (١٩)، الطبعة الثانية، الناشر مؤسسة أعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، الرياض، ١٩٩٩، ص ٢١٩.

[2] مەسعود عەبدولخالق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

[3] شەمسەدین سامی، قاموسئەعلامی کورد و کوردستان (لە یەکەم ئینسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا)، وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٢٩٠.

نکوڵی لە بوونی عەرەبیش نەکردوە و دەڵێت :(بەشی زۆری خەڵکەکەی کە عەرەبن بەڵام هەرێمەکە بە پارچەیەك لە کوردستان دادەنرێ)[(1)].

**هـ- کوردستانی عێراق لە نەخشە باوەڕپێکراوەکاندا:** دەوڵەتی عەبباسی لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە، ئیمپراتۆریەتی فراوانی خۆی دابەشکردبوو بەسەر هەرێمەکان. عێراقی ئەمڕۆ لەو سەردەمەدا بەسەر سێ هەرێمدا دابەشکرابوو، ئەوانیش: عێراق وەك ناوەندی دەوڵەت، جەزیرە، هەرێمی چیا. ناوچە کوردییەکان هەر لە چیای حەمرینەوە هەتاوەکو خانەقین و دەوروبەری سەر بە هەرێمی عێراق بوون ئەویش تەنها لە ڕووی داراییەوە. ئەمەش سەدە و نیوێکی خایاند. پاشان جیاکرایەوە و بووە بەشێك لە هەرێمی چیا. هەرچی ناوچەی (باجرمی یان بیت کرماي – واتە گەرمیان)ە کە ناوەندەکەی شاری (کرخ سلوخ – واتە کەرکووك)ی ئێستایە هەڵکەوتووی نێوان زێی بچوك و سیروان لەگەڵ ناوچەکانی (حزة یان حدیاب – واتە هەولێر) هەڵکەوتووی نێوان زێی بچوك و گەورە لەگەڵ ناوچەی شارەزوور سەر بە موسڵ بوون لە چوارچێوەی هەرێمی جەزیرە. هیچ کاتێك ئەم ناوچانە سەر بە هەرێمی عێراقی نەبوونە و سنووری ئەو هەرێمەش نەدەگەیشتە (جبل بارما – واتە چیای حەمرین) هەر لە دەسپێکیەوە تاوەکو ڕووباری سیروان[(2)].

---

(1) هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٦.

(2) عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیة تاریخیا و جغرافیا خلال خمسة الآف عام، الطبعة الثانیة، مطبعة شڤان، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص ٧٩- ٨٠.

(*) لە کاتی یەککردنی ویلایەتی شارەزوور لەگەڵ ویلایەتی موسڵ لەساڵی ١٨٧٩، سەنجەقی کەرکووك لە شەش قەزا پێك دەهات : کەرکووك، هەولێر، کفری، ڕواندوز، کۆیە و ڕانیە. لە ژێر کاریگەری کاری لێژنەی ڕێکەوتننامەی ئەرزەڕۆمی دووەم (کە لە ساڵی ١٨٤٧ ئەنجامدرا) بۆ کێشانی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، لە ساڵی ١٩١٤ هەندێك لە ناوچەکانی ئیلام (لوڕی – کوردە فەیلیەکان)، خودی ناوچەکانی بەدرە و جەسان بە فەرمی کەوتنە ژێرباری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەمانە لەگەڵ هەریەکە لە خانەقین و مەندەلی کەوتنە چوارچێوەی ویلایەتی بەغدا.

بۆ زیاتر: آزاد عثمان، مشکلة حدود أقلیم کردستان الفدرالیة (حقائق و دلائل، مواقف و مقاصد، الحل الصائب)،{بحث مقدم الی (مؤتمر الفدرالیة في العراق – الواقع و المستقبل)، الذي عقدته کلیة القانون والسیاسة/

لە نەخشەیەکی تردا، کە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و لەساڵی ١٨٩٣ کێشراوە بۆ ویلایەتەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتە لە ئاسیا، بە ڕوونی ناو و ناوچەکانی کوردستانی تێدا دەخوێنرێتەوە، زاراوەی کـوردستان بەسەر ناوچە کوردیەکاندا براوە. لە خانەقینەوە بەرەو خوارتر کەوتۆتە نێو سنووری ویلایەتی بەغدا، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی بەشە کوردستانیەکانی تری ناوچەی توێژینەوە لە "کوردستانی سەردەمی عوسمانی" پێکهاتەیەکی گەورە لە بەشی باشووری ویلایەتی موسڵ پێکدەهێنن(*).

لە نەخشەکەدا بە ڕوونی تێبینی دەکرێ کە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە بە عێراقی عەرەبی دانراوە، کێشانی نوسینی ئەم زاراوەیە تەنها بەسەر ئەم دووانەدا لە نەخشەکەدا براوە. هەرچی ویلایەتی موسڵە بەشێکە لە نێو سنووری جوگرافیای کوردستان[1]. (نەخشەی — ٥) .


---

جامعة صلاح الدين بالتعاون مع جامعة (DePaul) الامريكية و مكتب إقليم كردستان للدراسات الفدرالية في ٢٨ — ٢٠١٠/٤/٢٩ — في اربيل}، ص ٣٠.

[1] المصدر نفسه، ص ٣٠.

(نەخشەی – ٥)

کوردستان له نەخشەیەکی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی له ساڵی (١٨٩٣).



سەرچاوە: search image. Netwww.google

## ٢- ڕای نوسەرانی بیانی:

گەڕیدەی فەڕەنسی (Jan Otero) نوێنەری لویسی پانزەهەم بووە بۆ خۆرهەڵات، لە گەشتێکیدا کە نۆ ساڵی خایاندوە (١٧٣٤- ١٧٤٣)، لە مارسیلیاوە دەستی پێکردوە ئەسفەهان و ئەنادۆڵ و حەلەب و عێراق گەڕاوە، هەرچەندە بە ئاشکرا کوردستانی بوونی موسڵ ڕاناگەیەنێت بەڵام بە دڵنیاییەوە عەرەبی نەبوونی شاری ناوبراو ڕادەگەیەنێت، لەبەرئەوەی کە دەگاتە موسڵ باسی دوو ڕێگا دەکات لە موسڵەوە بۆ بەغدا، هەربۆیە دەڵێت: "لە عێراقەوە تا موسڵ شەش ڕۆژە ڕێ یە" واتە موسڵ بەشێك نەبووە لە عێراق، بۆیە وا دەیگێڕێتەوە. هەروەها ئەوە دەخاتە سەر کە "عێراق لە تکریتەوە تەواو ئەبێت ". سەبارەت بە خانەقینیش نووسیویەتی "ئەم شارە لە ژێر فەرمانڕەوایەتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانییەو بەشێکە لەسەر زەمینی خاکی کوردستان"[(١)].

(ژەنەڕاڵ ئەدمۆندن) کە لە ساڵی ١٩١٨ەوە سوپاسالارێکی کارگێڕی سیاسی و ڕاوێژکاری حکومەتی بەریتانیا بووە لە کوردستاندا، سنوورەکانی دیاریدەکات و تیایدا هێڵی سنووری باشووری ڕۆژئاوا دەکێشێت و بەو ئاڕاستەیەی: "ئەم هێڵە بە بناری چیاکاندا دەچێتە پێش تا دەگاتە دیجلە و لەوێوە شان بەشانی لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە دەچێتە خوارێ. هەندێك باکوورتر بە هێڵی کێوەسوور (چیای حەمرین) دا ڕوو لە ناوچەیەکی سنووری ئێران و عێراق لە نزیك مەندەلی دەکات "[(٢)].

نوسەرێکی تر لەو کارگێڕ و بەرپرسە بەریتانیانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاریکردوە (G.R.Driver)ە کە وەك پێویست شوێنەوارو نوسینەکانی لە گۆڕەپانی کوردناسیدا نەناسراوە، لە هاوینی ١٩١٩دا دەستی بە نووسینی توێژینەوەکەی کردووە لە ژێر ناوی (کورد و کوردستان) لە خاڵی یەکەمی بەشی یەکەمی نووسینەکەیدا لەبارەی

---

(١) خەبات عەبدوڵا، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١١٤، ل ١١٧.

(٢) سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورك عەرەب، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٧، ل ١٩.

کوردستان و سنوورەکەیدا هاتووە: "کوردستانی باشوور لە خواروی گۆلی وان تاکو شارۆچکەی مەندەلی درێژدەبێتەوە، ئەو هەرێمە بە بێشکەی گەلی کورد دادەنرێت کە نەوەی گەلی کوردوینی کۆنە. ناوی هەندێ لە شارەکانی هەرێمی کوردستانی هێناوە لەوانە شاری کەرکووک"(١).

لە ماوەی داگیرکاریەکانی بەریتانیادا بۆ ڕۆژهەڵات ئەوە بەرچاودەکەوێت کە بایەخی شوێنی جوگرافی کوردستان و سنوورەکەی کەوتەبووە بەر قەڵەمی پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز هەروەکو لە توێژینەوەیەکی تریان ئەوەیان خستۆتەڕوو کەوا : کوردستانی باشوور بەشێکە لەو هەرێمەی کە لایەکی لە دەریاچەی (وان)ی ئەوپەڕی خۆرهەڵاتی دیجلە و گردۆلکەکانی ئێرانەوەیە، لایەکەیتری لە دەریاچەی (ورمێ) وە دەستپێدەکات بەرەو باشوور دێت و لەوێوە بۆ ڕووباری سیروان و مەندەلی و دەشتی عێراق شۆڕدەبێتەوە، بە سنووری ئێران و تورکیا گەمارۆدراوە. تیاید ئاماژە بە هەندێك شاری کوردنیش دراوە لەوانە : (جەزیرەی ئیبنو عومەر)، زاخۆ، ئاڵتون کۆپری، هەولێر، کەرکوك، ڕواندز، سلێمانی، کۆیە، موسڵ. نوسیویانە ئەم شارانە پایتەخت و بازاڕی هەرێمن و بە شێویەکی ئاسایی زۆربەی دانیشتوانەکەیان کوردن(٢) (*).

دوابەدوای ئەمانە (Henry Field)ی ئەمریکی، نوێنەری زانکۆی هارڤارد، بە بێدەنگی و دوور لە چاوی ڕاگەیاندنەکان دێت و لە ساڵی ١٩٥١ توێژینەوەیەك ئەنجامدەدات بەشی دووەمەکەی بە ناونیشانی (ئەنترۆپۆلۆجیای عێراق :١. شمال الجزيرة ٢. کردستان)

---

(١) ئەحمەد عوسمان ئەبوبکر، کوردوکوردستان، لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویدا، وەرگێڕانی: ئازاد عوبێد ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٨٢-٨٤..

(٢) کۆمەڵێك لە پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز، کورد وکوردستان، وەرگێڕانی: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٢١-٢٢، ل ١٢١.

(*) توێژینەوەیەکە لە ژێر ناوی (کوردوکوردستان) سەبارەت بە باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی جوگرافیای کوردستان ئەنجامدراوە لە لایەن دانەرانەوە. لە ساڵی ١٩٢٣ بە زمانی ئینگلیزی لە فەڵەستین لە چاپدراوە. هەمان سەرچاوە، ل ٤.

وەك دەردەکەوێت سنوورەکانی دیاریکردووە، نووسیویەتی: "سنووری باشووری کوردستانی باشوور بە هێڵێك دەسپێیدەکات لە خاڵی سنووری فارسی هەتا پەیوەست دەبێت بە ڕووباری ئەڵوەند لەوێشەوە دەگات بە ڕووباری سیروان، بە ڕێڕەوی ڕووبارەکە دەڕوات و دەگاتە (قزل ڕەبات) ماوەی ئەم دووریەش (٢٠٨ کم)ە. سنووری ڕۆژئاواکەشی ڕاستەوخۆ بەدوای دا دێت بە دووری (٢٨٠ کم) هێڵی قزل ڕەبات – کفری – کەرکووك – ئاڵتون کۆپری – هەولێر – ئاسکی کەلەك"[(١)].

هەر لەم چوارچێوەیەدا مێژوونووسی ڕووس (Basil Nikitin) ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە "کورد بە شێوەی شەپۆلێکی فراوان بڵاوبوونەتەوە لەسەر زەمینێکی گەورە، سنووری عێراقی ئێرانی دەگرێتەوە و دەسپێدەکات لە شاری (مەندەلی) ڕۆژهەڵاتی بەغدا. لە باشووریش سنوورەکەی درێژدەبێتەوە بۆ چیاکانی شەنگاڵ و حەمرین و ڕێگای نەسیبین"[(٢)].

(Gerard Chaliand) وەك کوردناسێکی هاوچەرخ لە بابەتی جوگرافیای سروشتی و مرۆیی هەرێمی کوردستان دێتە سەر دیاریکردنی سنوور و باسەکەی بەوە درێژە پێدەدات و دەڵێت: "لێژاییە چیاییەکانی کوردستانی عێراق کۆتایی یان دێت بە گەیشتنیان بە دەشتاییە بە پیتەکان لە هەولێر و هەریر و شارەزوور و کەرکووك و، زنجیرە چیایەکانی حەمرین ئەم دەشتانە لە عێراق جیادەکاتەوە، وە ئەم زنجیرەیەش وەکو سنوورێکی سروشتی کاردەکات لە نێوان ناوچە کوردیەکان و ناوچە عەرەبیەکان"[(٣)].

---

(١) هنری فيلد، جنوب كردستان (دراسة أنثروبولوجية)، نقله الى العربية: جرجيس فتح الله، دار آراس للطباعة وانشر، أربيل، ٢٠١٢، ص ٦٨–٦٩.

(٢) باسيلي نيكيتين، الكرد (دراسة سوسيلوجية وتاريخية)، نقله من الفرنسية وعلق عليه: نوري طالباني، الطبعة السادسة المنقحة، من منشورات الأكاديمية الكوردية، أربيل، ٢٠١٢، ص ٧٨–٧٩.

(٣) جيرارد جاليناد، شعب بدون وطن (الكرد و كردستان)، ترجمة الى العربية: عبدالسلام نقشبندي، دار آراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠١٢، ص ٢١٨.

## ٣- ڕای نوسەرانی عەرەب:

هێڵی سنووری باشووری کوردستانی عێراق لە ڕێگەی بەریەککەوتنەوە دیاریدەکرێ، بۆ ئەمەش پێویست دەکات ئاوڕ لە تۆمارو سەرچاوە مێژوویەکان بدرێتەوە. سەرباری ئەمە چەندین گەڕیدەو مێژوونووس ئاماژەیان بە قووڵایی جوگرافی شوێنی نیشتەجێبوونی کورد کردوە. ویستن لە بەرەو ڕووچوونی مێژوو ئاماژەی زیاتر بە دیار دەخات. بۆ دوور نەڕۆیشتن لە سەردەمە نوێیەکانیشدا ئەمە بەرچاو دەکەوێت.

ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەسپێبکەین دەبینرێ لە سەردەمی عەباسیدا شاری موسڵ(*) بۆ ماوەیەکی درێژ مەڵبەندی سەرەکی دەڤەری (دیاربەکر) بووە. (إبن شداد ١٢٨٥ز) ناوی زیاتر لە پەنجا قەڵاو شاری خاوەن شورە دێنێ کە لەڕووی کارگێڕیەوە سەر بەو هەرێمە بوونە و زۆربەی دانیشتوانی شارو شارۆچکە و قەڵاکانی کوردبوونە و شاری موسڵیش یەکێك بووە لەو شارە کوردیانە. هەروەها مێژوونووس (إبن فضل الله العمري ١٣٠٠–١٣٤٨) هەردوو بازێڕی (الكرخيني و داقوق الساقية – واتە کەرکوك و داقوق)ی بە بەشێك لە (جبال الأكراد – واتە – کوردستان) داناوە(١). دروستی ئەم زانیاریە لە (مقدمة إبن خلدون) پشت ڕاست دەبێتەوە کاتێك باس لە چیای حەمرین دەکات بە (چیای کوردان) ناوی دەبات ئەمەش بەڵگەی زۆری نیشتەجێبوونی کوردە لە دەوروبەری ئەم زنجیرە

---

(*) توێژینەوە لە کوردستانیەتی شاری موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری بە تەژی، وەك یەکێك لە ناوچە سەرەکیەکانی نیشتیمانی کوردان بە درێژایی مێژوو بە ڕوونی لە نوسینی گەڕیدە و مێژوونوسە موسڵمان و بیانییەکان بە دیاردەکەوێت. لەبەرئەوەی ئەم باسە بە درێژی لێرەدا جێگای نابێتەوە، بۆیە سەرنجتان بۆ ئەم دوو ژێدەرە ڕادەکێشین:

أ– دەرسیم دیبەگەیی، مێژووی کوردستانێتی شاری موسڵ (بەرگی یەکەم و دووەم)، چاپ پەرتووکی ئەلیکترۆنی، دانمارك، ٢٠١١، بڕوانە ماڵپەڕی : http://www.kurdipedia.org .

ب– ئارشاك پۆلادیان، کورد لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ١٢٢–١٣٠.

(١) کۆڕی زانیاری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٢.

چیایە[1]. لە بارەی شاری شەنگالیش گەڕیدەی موسڵمان (إبن بطوطة ١٣٠٤ — ١٣٧٧) بەوە باسیان دەکات کە خەڵکی شەنگالْ کوردن و ئازا و ڕێزگری میوانن[2].

مێژوونوسی عێراقی (عبدالرزاق الحَسَنیْ) لە بارەی جێگای ژیانی کوردانەوە دەڵێت: "کوردانی عێراق لەو شارو گوندانەدا نیشتەجێن کە دەست پێدەکات لە سنووری ئێرانی — عێراقی بە هێڵێکی ڕاست لە چیای حەمرین درێژدەبێتەوە بۆ چیای شەنگالْ و هێڵەکە دەگات بە سنووری عێراقی — سوری"[3]. ئەم مێژوونوسە لە بۆچونێکی تری دا کە لە سیەکانەوە نوسیویەتی کاتێك باس لە قەزای بەدرە دەکات ئەوە دەخاتە ڕوو کە: "ناوەندی قەزای بەدرە کەوتۆتە سەر کەناری چەپی ڕووباری گەلاڵ و زۆربەی دانیشتوانەکەی بە کوردی ئاخاوتن دەکەن. قەزاکە لە دوو ناحیە پێك دێت: زورباتیە و جەسان. ناحیەی زووڕباتیە کە ناوەندەکەی گوندی زورباتیەیە بە (١٢,٨ کم) کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی بەدرە و سەرجەم دانیشتوانەکەی کوردن"[4].

چەندین کەسایەتی تری دیاری بواری نووسین لە عێراقیەکان سنووری باشووری ناوچەی توێژینەوەیان دیاریکردووە لەوانە: (فائق السامرائي)، توێژینەوەیەکی لە ژێر ناوی (دۆزی کورد) پێشکەش بە حکومەتی میسری کردووە لەسەردەمی سەرۆك جەمال عەبدولناسر تێیدا دانی بەو ڕاستیەدا ناوە کە سنووری کوردستانی عێراق چیای حەمرینە کە بە دەیان کیلۆمەتر کەوتۆتە باشووری کەرکووکەوە و نوسیویەتی: "لە باشووری ڕۆژئاواوە هێڵێك بە لاپاڵی گردەکانەوە دەڕوات و تا دەگاتە ڕووباری دیجلە پاشان لە ڕۆژهەڵاتی ئەم

---

(1) عبدالرحمن ابن خلدون، المقدمة، حققها وقدم لها و علق عليها: عبدالسلام الشدادي، الجزء الأول، ، دار البيضاء، ٢٠٠٥، ص ١٠٣ ، الناشر منتدى مكتبة الأسكندرية من الموقع الالكتروني http://www.bib-alex.com/ .

(2) رحلة إبن بطوطة، دار صادر بيروت، ١٩٩٢، ص ٢٣٧، الموقع الإلكتروني نفسه.

(3) عبدالرزاق الحَسَنيْ، العراق قديما و حديثا، الطبعة الثالثة ، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٥٨، ص ٣٧.

(4) عبدالرزاق الحَسَنيْ، موجز تأريخ البلدان العراقية، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٣٠، ص ١٢١— ١٢٣.

ڕووبارەوە بەرەو خوار دەچێت و پێچی باکوور دەکاتەوە و لەگەڵ هێڵی چیای حەمرین دەڕوات و تا دەگاتە مەندەلی لەسەر سنووری عێراقی – ئێرانی)[١].

هەرچی (محمود الدرة)یە زیاتر بە قوڵای ئەو بابەتەدا دەچێت و بۆچونی وایە: " سنووری کوردستان لە زەویەکانی عێراقیدا لە فیشخابورەوە لەسەر ڕووباری دیجلەی ڕۆژهەڵات دەست پێدەکات و بە پاڵ کەنار دەڕوات و هەتاوەکو ناوەندی ڕێگاکە لە نێوان زاخۆ لە باشوور و موسڵ لە باکور، بە دوایدا هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ناوچە چیایی یەکان و زەویە شەپۆڵاویەکان دێت کە زۆرینەی دانیشتوانی عەرەبە هەتا زێی گەورە، پاشان زۆرینەی تورکمانی دێت کە دادەنرێت بە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان کوردەکان لە ڕۆژهەڵات و، عەرەبەکان لە ڕۆژئاوا، هێلەکە درێژدەبێتەوە لە هەولێر لە باکور تاوەکو مەندەلی لەوپەڕی باشور، لەم هێڵەوە ناوچەی کوردی هەیە بۆ ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە و ناوچەی عەرەبی هەیە بۆ ڕۆژهەڵات پەل دەهاوێت، لە نێوان هەردوو زێدا ناوچەیەکی کوردی هەیە درێژدەبێتەوە تاوەکو (مەخمور)، وە دوو ناوچەی تری عەرەبی هەن دەوری کەرکوک دەدەن لە باکووروو لە باشوریدا، و درێژدەبنەوە بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات و کۆتایی یان دێت (لەگەڵ هاونیشتیمانیانی تورکمان) لەلای زنجیرە چیای هەماوەند لە ڕۆژئاوای (چەمچەماڵ) . وە لە باشوری کەرکووک هێڵی سنوری جیاکەرەوەی زەویەکانی کورد و زەویە عەرەبیەکان بە ڕوونی بە دیاردەکەوێت، پەل هاوێشتنی ناوچەکان کەم دەبێتەوە بۆ یەکتری، هێڵەکە دەڕوات بە درێژای باشووروو بەرەو داقوق و دوزخورماتوو کەمێك زیاتر بەرەو کفری و خانەقین و مەندەلی"[٢]. وا دەخوێنرێتەوە (دوڕڕە) سنووری ناوچە عەرەبیەکانی زۆر زیاتر کردوە لە سەر هەژماری ناوچە کوردیەکان بەڵام ئەوە بۆچونی ئەوە.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر:

أ– جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی : ح – أ، بڵاوکار جەمالی عەلی باپیر، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١١، ل ١٣.

ب– عبدالرقيب يوسف، المصدر السابق، ص ٢٣٤.

[2] محمود الدرة، القضية الكردية، الطبعة الثانية، منشورات دار الطليعة، بيروت، نيسان ١٩٦٦،ص ٣٢

لە لایەکی تر جوگرافیناس (د.شاکر خەسباك) کاتێك باس لە کوردستانی عێراق دەکات وا دەیناسێنێت ئەم ناوچانە بریتین لە: ( پارێزگاکانی موسڵ و هەولێر و سلێمانی و کەرکووك، هەروەها بە نێو پارێزگای دیالەشدا درێژەی هەیە و ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی دەگرێتەوە)[١].

دیدگای ئەم نووسەرە عێراقیە لە دەرخستنێکی تریدا بە دیاردەکەوێت کاتێك ناوچەکە بە ڕوانگەی سروشتی دەبینێت و بە بەشێك لە ناوچەی تەپۆڵکە و گردۆڵکەکان دایدەنێت و بە ئاڕاستەی باکووری ڕۆژئاوا بۆ باشووری ڕۆژهەڵات دەیکێشێت و ڕای وایە: "سنووری باشووری ئەم ناوچەیە بە چیای شەنگاڵ هەڵکەوتووی نزیك سنووری سوریاوە سروشت دەگرێت و نەخشەی خۆنواندنی خۆی تەواودەکات بە بەدوای یەکداهاتنی هەریەکە لە چیاکانی "ئەشکەفتە – تەلەعفەر – ئیبراهیم – عدیە – مکێحل – پاشان حەمرین" – لە نزیك سنووری ئێرانی کۆتایی دێت[٢].

سەرەڕای نوسەرانی پێشوو ئەوا نوسەرە میسرپەکانیش جێدەستی بیروڕایان دیارە لە دیاریکردنی سنووری ئەم ناوچەیە لەوانە جوگرافیناس (د. إبراهیم شریف) لە باسکردنی کاریگەری مێژوو لەسەر شوێنی جوگرافی عێراقدا ئاماژە بەوە دەکات کە: "پشتێنی سەربازگە تورکیەکان کە تورکە سەلجوقیەکان یان تورکە عوسمانیەکان درووستیان کردووە ناوچەی عەرەبنشینەکان لە ناوچەی کوردنشینەکان جیادەکاتەوە، ئەم پشتێنەیە لە ناوچەی مەندەلیەوە دەست پێدەکات و بە خانەقین و قزل ڕەبات و قەرەتەپە و کفری و کەرکووك و دوز و پردێ و موسڵ تێدەپەڕێ تا لە تەلەعفەر کۆتایی دێت"[٣].

---

[١] شاکر خەسباك، کورد و مەسەلەی کورد، وەرگێڕانی: ئەمجەد شاکەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٤٥.

[٢] شاكر خصباك، العراق الشمالي (دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية)، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص ٣٣.

[٣] إبراهيم شريف، الموقع الجغرافي للعراق وأثره في تاريخه العام حتى الفتح الاسلامي، الجزء الأول، مطبعة شفيق، بغداد، بدون سنة الطبع، ص ٢٥٧.

هەروەها (کتێبی مێژووی کوردەکان) لەلایەن دوو مامۆستای زانکۆی ئەسکەندەریە نووسراوە[1]، لە بەشی شانۆی جوگرافی کوردەکان و لە بابەتی شوێنی جوگرافی و فەلەکی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمە بیروڕای چەندین گەڕیدە و نوسەریان وەرگرتووە لە توێژینەوەکەیاندا ئەوە هەڵدەهێنجرێت کە: هۆزە کوردەکان شارستانیەتی خۆیان لەسەر زەویەك بونیاتناوە پێی دەڵێن کوردستان، سنوورەکەی لە چیای ئاراڕاتەوە دەست پێدەکات هەتاوەکو چیای حەمرین. کوردەکان لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق بڵاوبوونەتەوە لە باکوور و ناوەڕاست و خواروویدا. زۆربەی ناوچەی نیشتەجێ بوونیان کەوتۆتە ناوچە چیاییەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق کە وێکچووی مانگێکی شێوە کەوانەییە لایەکی لە شاری خانەقینەو لایەکەی تری لەسەر ڕێڕەوی ڕووباری دیجلەیە لە نزیك خاپوور. وە لە زۆربەی ناوچەکانی موسڵ و دەوروبەری و بەرزاییەکانی باکووری نیشتەجێن.

## ٤- ڕای نوسەرانی کورد:

کوردانی شارەزا لە مێژوونوسان و جوگرافیناسان و ئەوانی تر، بە گەڕانەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی کورد لە ڕابردوو ئێستاکەدا، مافی دیاریکردنی سنووری شوێنی جوگرافی نیشتیمانی نەتەوەکەیان وەئەستۆ کەوتوە، بۆ ئەمەش بیر و بۆچوونی چەند کەسایەتیەکی دیاری ئەو بوارە وەردەگرین.

مێژوونوسی گەورەی کورد (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) لە کتێبەکەیدا (پوختەی مێژووی کورد و کوردستان) تێیدا سنووری باشووری نەتەوەیی بۆ کورد دیاری دەکات و لە بۆچونەکەی وا دەخوێنرێتەوە کە: "هێڵێك لە سنووری ئێرانی – عێراقی دەسپێدەکات و بە باشووری مەندەلی تێپەڕدەبێت و بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت و لەوێوە سەردەکەوێت و دەگات بە هێڵی بەرزاییەکانی حەمرین و لەگەڵیدا بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەکشێت، تا دەورو بەری

[1] سحر السيد عبدالعزيز سالم و إبراهيم محمد علي مرجونة، تاريخ الأكراد (دراسة تاريخية حضارية في ظل الخلافة العباسية)، الناشر مؤسسة شباب الجامعية، أسكندرية، ٢٠١٠، ص : ٤٠،٥٨، ٨٠، ٨٦، ١١١.

باکووری شاری موسڵ و لەوێشەوە بۆ باشووری شەنگاڵ شۆڕدەبێتەوە بۆ سنووری عێراقی – سووری [1].

(د. خەلیل ئیسماعیل) دەنوسێت: سنووری کوردستان لەناو قەدی عێراقەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی بەدرە لە پارێزگای واست دەسپێدەکات، بەرەو باکوور تا پردی نەوت لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلی هەڵدەکشێ، بە تەنیشت بەرزاییەکانی حەمرینەوە تا فەتحە دەڕوا و شان بە شانی ڕووباری دیجلە سەردەکەوێ و لە باکووری شاری موسڵ بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بادەداتەوە بە ئاڕاستەی شارۆچکەی حەزەر پاشان بەرەو ڕۆژئاوا بە ئاڕاستەی سنووری عێراق – سوریا لە باکووری شارۆچکەی بەعاج"[2].

(د. ئازاد نەقشەبەندی)، وا دەبینێت: "سنووری کوردستان لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا لە سنووری نێو دەوڵەتی عێراق – ئێرانەوە دەسپێدەکات بە باشووری (جەسان) تێپەردەکات بەرەو ڕۆژئاوای شارەکانی (بەلەدروز، شارەبان "مقدادیە" و دەلی عەباس) دەکشێ تا دەگاتە چیای (حەمرین) و لەگەڵ ئەم زنجیرە چیایەدا درێژدەبێتەوە تا دەگاتە (فەتحە) لەسەر ڕووباری دیجلە. پاشان لەگەڵ ڕووباری دیجلە بەرەو باکوور دەکشێت تا شاری (موسڵ) ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا دەکشێ و بە باشووری (تەلەعفەر و شەنگال) دا تێدەپەڕێ تا دەگاتە سەر سنووری نێودەوڵەتی عێراق – سوریا لە دەوروبەری تەل کۆچك (یعربیة)"[3].

هەروەها (د. سلێمان عەبدوڵا) سنووری باشوورو باشووری ڕۆژئاوای کوردستانی عێراق بەم شێوەیە دیاری دەکات: (لای گوندی کورەمشیە لەسەر سنووری عێراق – ئێران

---

[1] محمد أمین زکي، خلاصة تأریخ الکرد و کرستان (من أقدم العصور التاریخیة حتی الآن)، ترجمة: محمد علي عوني، الجزء الاول،

الطبعة الثانیة، بغداد، ١٩٦١، ص ٣٦– ٣٨، ص ٥١– ٥٢.

[2] خەلیل ئسماعیل محەمەد، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جوگرافیای سنووری هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

[3] ئازاد نەقشەبەندی، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێم، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە (١٩)، سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات، هەولێر، هاوینی ٢٠١٣، ل ٢٢.

دەسپێدەکات و هێڵە سنووریەکەی بەناو جەسان تێدەپەڕێ و دەگاتە دەوروبەری ڕۆژئاوای مەڵبەندی ناحیەی ترساق و بە ڕۆژئاوای مەندەلی دەگات، لەوێوە بە درێژایی لقی ڕووباری مەندەلی درێژدەبێتەوە تا دەگاتە (مەنسوریەی جەبەل)، ئینجا بە تەنیشت لای باشووری زنجیرە چیای حەمرین تا دەگاتە (فەتحە) و لەوێش بەرەو باکوور بە نێو ڕووباری دیجلە تا شاری موسڵ بەشی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵدابێ و، درێژدەبێتەوە بەرەو باکووری تەلەعفەر، ئەوسا بۆ باشووری شەنگاڵ بە سنووری عێراق – سوریا کۆتایی دێت)[(١)].

هەرچی بیرو بۆچونی (د.جەزا تەوفیق تالب)ە لە ڕاکەی سەرەوە نزیکە، جیاوازیەکەی لە دەسپێك و کۆتایی سنوورەکەدایە، لە سەرەتادا وای دەبینێت هێڵەکە لە باشووری شاری مەندەلی لە نزیك سنووری ئێرانی ڕێ دەکەوێ و کۆتاییەکەشی دەڕوات بە باشووری قەزاکانی تەلەعفەر و شەنگاڵ لە لای سنووری سووری[(٢)].

بەردەوامی ئەم کێشانی سنوورە، توێژەر دەگەیەنێتە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی مێژوونوسێکی تری هاوچەرخی کورد کە زیاتر بە ڕووی باسکردنی ئاڕاستەی ئەو سنوورەدا چووە و پوختەی دەرئەنجامەکەی بریتیە لە: "هێڵێك بە باشووری شەنگاڵ تێدەپەڕێ بۆ باشووری تەلەعفەر، لەوێوە هێڵەکە بۆ ڕووباری دیجلە دەچێت لە سەرووی موسڵ کە ژمارەیەك گوندی کوردانی گرتۆتە خۆ. لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی موسڵ هێڵەکە لە شێوەی کەوانەیەکی دەرەکی بادەداتەوە تا دەگاتە ڕێژگەی زێی بادینان لەسەر دیجلە و بە تلکێف و بەعشیقەدا تێدەپەڕێ، ئینجا لەگەڵ ڕێڕەوی دیجلە بۆ فەتحە دەچێت و لەوێوە زنجیرە چیای حەمرین وەکو ڕووباری دیجلە دەبێتە سنوورێکی سروشتی و ئیتنی ناوچە کوردنشینەکان، تا دەگاتە باشووری قزل ڕەبات. لە کلکەی خوارووی حەمرینیشەوە تا

---

(١) سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل، چەمك و سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٤)، ساڵی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، کانوونی یەکەم ١٩٩٩، ل ١١– ١٢.

(٢) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في إقليم كردستان، منشورات مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص ٣٩.

شارۆچکەی جەسان بە تەواوکەری بەشی باشووری کوردستان دادەنرێ کە شارۆچکەکانی خانەقین و مەندەلی و بەدرە و جەسان دەگرێتەوە"[(1)].

هەروەها لە تێزێکی زانستیدا بە ناونیشانی (شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق)، سنووری باشوور و باشووری ڕۆژئاوای کوردستانی عێراق بەم شێوەیە دەست نیشان کراوە: "هێڵی سنوور لە کۆتایی باشووری سنووری یەکەی بەڕێوەبردنی ناحیەی جەسان لە نزیك سنووری ڕۆژئاوای ناحیەی شەهابی دەست پێدەکات، تێدەپەڕێت تا کۆتایی یەکەکە و بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت، پاشان ئاڕاستەی باکوور دەگرێت بەرەو ڕۆژئاوای شاری مەندەلی هەنگاو دەنێت، لەوێشەوە بۆ سەعدیە، پاشان بۆ مەنسوریەی جەبەل، بە لاپاڵی باشووری چیای حەمرین دەڕوات تا دەگاتە فەتحە و، بە ڕێڕەوی ڕووباری دیجلەدا دەڕوات بە ئاڕاستەی باکوور، هەتا دەگاتە باکووری شاری موسڵ، پاشان هێڵە سنووریەکە کەوانەیەك دروستدەکات و درێژدەبێتەوە لە ڕۆژئاوا بۆ باشووری ڕۆژئاوا لە لای باشووری ناحیەی (ئاڤگەنی) هەتا باشووری تەلەعفەر، دواتر بۆ باشووری قەزای شەنگال تا بە سنووری نێودەوڵەتی سوریا کۆتایی دێت"[(2)].

لە میانەی پێشچاوخستنی کۆی ئەو بەڵگە و ڕاو بیرو بۆچوونانەی خرانەڕوو سەبارەت بە سنووری کوردستانیەتی باشوورو باشووری ڕۆژئاوای ناوچەکانی توێژینەوە. ئەوا پێویست دەکات دوان لە ڕاڤەیان بدەین، چونکە گەواهی چەند ڕاستیەك دەدەن کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

أ – **بەڵگەنامەکان دەریدەخەن** زۆرینەی ناوچەی توێژینەوە جگە لە خانەقین تا جەسان نەبێت دەکەوێتە نێو سنووری ویلایەتی موسڵ. وە دەبێ ئەوە دوپات بکەینەوە کە ڕاپۆرتی

---

(1) سەعدی عوسمان هەروتی، سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧، ل ٥١– ٥٢.

(2) سفین جلال فتح الله، موقع اقليم كوردستان العراق (دراسة في الجغرافية السياسية)، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠١٢، ص ٦٢.

کۆتایی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە لە ساڵی ١٩٢٥ بە ئەنجام گەیشت ڕاستی تێنەپەڕاندی سنوری عێراقی لە هێڵی (هیت — تکریت)ی جەخت لێکردۆتەوە بەساغکردنەوەی بەڵگەیی و، بە دواداچونەکانی لێژنەکە. وە بە پێی یاسای ئەو لێژنەیە دەوڵەتی عێراق بۆی نەبوو داوای ئەو ناوچانە بکات کە دەکەونە دەرەوەی ویلایەتی بەغدا، چونکە بە پێی بەڵگەنامەکانی زانیاری کۆکراوەی لێژنەکە ئەم ناوچانە عێراقی نەبوون، وە تەنانەت زۆرینەی خەڵکەکەی ناوی عێراقیان هەر نەبیستبوو[١].

یەکێك لە جوگرافیزانەکانی کورد بۆ مێژوو دەنوسێت: دیاریکردنی ئەو سنوورە، ئەو ناوچانەی نەدەگرتەوە کە دەکەوێتە باشووری بەرزاییەکانی شەنگاڵ کە بریتین لە قەزاکانی حەزەر و بەعاج ، هەروەها زەوییەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە لە قەزاکانی موسڵ و شەرگات، لەگەڵ ئەوەی بەشێك بوون لە ویلایەتی موسڵی کوردی. چونکە ئەو ناوچانە توشی سیاسەتی بە عەرەبکردن بووبوونەوە لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، هەروەك چۆن ئەم سنوورە ناوچەکانی باشووری قەزای بەدرە وەکو قەزاکانی (ئەلحەی لە ڕۆژئاواو ناوەندی قەزای کوت)ی نەدەگرتەوە. لەگەڵ ئەوەی تا کاتێکی پێش ئێستاش زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردبوون، پێش ئەوەی خێڵە عەرەبیەکان لەوێ نیشتەجێ بکرێن، ئەمەش لەسەر هەژماری دەرکردنی هەزاران ڕۆڵەی ئەو ناوچانە[٢].

ئەوەی لێرەدا دەمێنێتەوە ئاماژەی پێبکرێت بەراوردێکردنێکە لە نێوان سنووری ناوچەی توێژینەوە و سنوری باشووری ویلایەتی موسڵ لەگەڵ عێراقدا. بە پێی نەخشەی دەوڵەتی عوسمانی سنووری ویلایەتەکە لە بەشی باشووری بە شاری تکریت تێدەپەڕی لە ڕۆژهەڵاتی ئەو شارە بەرەو خوار شۆڕدەبێتەوە و پاشان بۆ باکور سەردەکەوێت و لە دوایدا بەسەرووی خانەقین و جارێکیتر بۆ ڕۆژهەڵات ڕەت دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ناوچەکانی زنجیرە چیای حەمرین و دەروبەری و تەنانەت بەشێکیش لە باشووری

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عصبة الأمم، المصدر السابق، ص ٢٩.

[٢] خەلیل ئسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١ — ١٤.

زنجیرەکەش دەگرێتەوە. واتە هێڵە سنوورییەکە لە بەشی باشوری حەمرینەوە بۆ سەرووی خۆی بە سنووری فەرمی ویلایەتی موسڵ دانراوە، ئەمەش لە ڕاستیدا یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بەشێکی سنووری ناوچەی توێژینەوە.

هەر لە بارەی ئەم سنوورەوە لە بەڵگەنامە ئەرشیفیەکاندا، ئەوا بەڵگەنامەی بەریتانی سنوور تا مەندەلی دەبات و حەمرینیش دەکاتە هێڵی جیاکەرەوە و ڕۆژهەڵاتی هەریەکە لە حەمرین و ڕووباری دیجلە لە نێو جوگرافیای کوردستان دەنەخشێنێت. ئەرشیفی ڕووسی و سۆڤیەتیش نووسی موسڵ شارێکی کوردانە. لەو چەند فەرهەنگە جیهانیەی بە نمونە هێنرانەوە حەمرینیان بە سنووری یەکلاکەرەوە ناسیووە و کەرکویشیان وەك پایتەختی کوردانی هەرێم ناوزەندکردوە.لەگەڵ ئەمانەشدا ژێدەری نەخشەکانی فەرمی دەوڵەتی عەباسی و عوسمانی ئەوەیان نیشاندا کە شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە لە یەکەمیاندا بەشێکە لە هەرێمی جەزیرەو لە دووەمیاندا بەشێکە لە ویلایەتی موسڵ ( واتە بەشێك نەبووە لە عێراق).

ب - **لە نێو ڕا بەڵگەیی یەکانی نوسەرانی بیانیدا** کۆدەنگیەك هەیە لەسەر ئەوەی کە سنووری ناوچەی توێژینەوە لە سنوری ئێرانیەوە لەگەڵ شاری مەندەلی دەست پێدەکات. تەنها (هنری فیلڎ) نەبێت کە وای بۆ دەچێت هێڵەکە لەهەمان سنوورەوە لەگەڵ ڕووباری ئەڵوەندو سیروان ڕێدەکەوێ و شۆڕدەبێتەوە بۆ دەشتی حەمرین و لەوێوە بەرەو باکور سەردەکەوێ. یەکدەنگیشن لەسەر ئەوەی سنوورەکە بە حەمریندا هەڵدەگەڕێ و بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە ناوچەکانی کوردستانە و بناری چیای شەنگاڵیش هێڵی سنووری پێکدەهێنێت. هەرچی (ژان ئۆتێری) گەڕەندەیە باسە سنووریەکەی لەگەڵ هاوهێڵی سنووری ویلایەتی موسڵ یەکدەگرێتەوە و تا تکریت بە عێراق دەزانێت. سەبارەت بە شارەکانی کەرکوك و موسڵ، ئەوا گشتیان هاوڕان لەسەر ئەوەی کەرکوك کوردستانیەو، ئەوەی تایبەتە بە موسڵیش ئەوا ئۆتێری دەیخاتە دەرەوەی عێراق و کۆمەڵە ئەفسەرەکەی سیاسی ئینگلیزیش کە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتونەتە ناوچەکە شاری موسڵ

لەگەڵ شارەکانی "کوردستانی باشور" (بە دەربڕینی ئەوان) بەوە دەیناسێێنن کە پایتەختی هەرێمەکەیەتی و زۆربەی دانیشتوانەکەشی کوردە.

ج- **نوسەرانی عەرەب** ڕا جیایی یەکی زۆریان هەیە لەمەڕ هێلە سنووریەکەی ناوچەی توێژینەوە هەیە، نمونەی توێژینەوەکە لە نوسینی گەڕیدەکانی موسڵمانان لە سەدەکانی ناوەڕاست دەریخست کە ئەوان هەریەکە لە شاری موسڵ و دەورو پشتی و شەنگاڵ و چیای حەمرین بە ناوچە کوردیەکان ناودەبەن.

هەرچی نوسەرانی سەردەمی نوێیە ئەوا بێجگەلە (مەحمود دوڕە) کە بە تەنیا باسی دەکەین ئەوا زۆربەیان هاوکۆکن لەسەر ئەوەی زنجیرە چیای حەمرین سنووری جیاکەرەوەیە لە نێوان کورد و عەرەبدا، بەڵام ناکۆکیان لەسەر دەسپێك و کۆتایی ئەو سنوورە هەیە. (حەسەنی) دەڵێت: قەزای بەدرە شارێکی کوردیە کەواتە بە پێی ڕای ئەو مێژوونوسە سنوورەکە لەوێوە دەسپێدەکات. هەردوو مامۆستاکەی ئەسکەندریە لە خانەقینەوە هێڵە سنووریەکە دەکێشن، ئەوانیتر (سامەڕائی و خەسباك و شەریف) لە شاری مەندەلیەوە بە دەسپێك دەزانن. بەڵام هاوڕانین لەسەر باکوری ڕۆژئاوای ناوچەکە ئەوەی بەڕوونی دیارە (خەسباك)ە دەڵێت: پارێزگای موسڵ بەشێکی تەواوکەری پێکهاتەی کوردستانی عێراقە.

ئەگەر بە تێڕوانینی (دووڕە) دا بچین ئەوا هیچ لە سنووری کوردستانیەتی ناوچەکانی توێژینەوە نامێنێتەوە!، چونکە سنووری کوردستانی عێراقی وا تەسك کردۆتەوە کە وەك وا دیاربێت تەنها ناوچە سەرکەشەکان بێت، تەنانەت بەراوردبکرێ ناکرێ بە هەمان ڕووبەری سنوری ناوچەی خۆبەڕێوەبردنەکەی ساڵی (١٩٧٠). بە پێی دەربڕی نوسینەکەی و نواندنی نەخشەکەی لە لاپەڕە (یەك)ی کتێبەکەی (القضية الكردية) ئەوا ناوچە کوردیەکانی بە شێوەیەکی نەشیاو بۆ عەرەب جێکردۆتەوە کە پێش بینی دەکرێت!!: ناوچەی کوردی بە ڕەنگی زەردو ناوچەی عەرەبی بە ڕەنگی سپی جیاکردۆتەوە. لە پارێزگای موسڵدا، جگە لە بەشە ناوەندیەکەی قەزای شەنگاڵ نەبێت تەواوی قەزا و ناحیەکانی تری ئەو پارێزگایەی بە ناوچەی عەرەبی لە کاغەزداوە. بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری هەولێری خستۆتە نێو

ئەو ناوچەیە و دەڵێت ناوچەیەکی کوردی هەیە تا مەخمور پەل دەهاوێت. ئەوەی سەیردەکرێت دوڕە تەنها ناوچەیەکی زۆر بچوکی کوردی لە ڕۆژئاوای دهۆکی گەیاندۆتە سەر ڕووباری دیجلە، ئەگینا لە هیچ شوێنێکی تری نەخشەکەیدا کوردستانی عێراق چ جای ناوچەی توێژینەوە نزیکی دیجلە بەخۆیەوە نابینێت. هەروەها جگەلە ناوەندی ئەو قەزایانە نەبێت (چەمچەماڵ، کەرکوك، توزخورماتوو، کفری، قەرەتەپە) سەرتاپای ڕووبەری پارێزگای کەرکوکی بەر ڕەنگە سپیە عەرەبیەکە یەکخستوە. لە باشوری ڕۆژهەلاتیشدا تەنها خانەقین و مەندەلی وەك ناوەندەکانیانی بە کوردی لە قەڵەم داوە.

**د-** دەبەرچاوخستنی جیاوازی و بەراوردکاری بۆچونەکان سەبارەت بە هێڵی جیاکەرەوەی سنووری شوێنە جوگرافیەکانی ناوچەی توێژینەوە تەنها نووسەرانی بیانی و عەرەبی نەگرتۆتەوە بەڵکو **شارەزایانی کوردیش** لە جوگرافیناسان و مێژوونوسان و .. ڕا جیاییان تێکەوتوە لەو بابەتەدا. بەڵام توێژینەوەکە سنوورکێشانە جیاوازەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ بنەماکانی دیاریکردن کە خۆی لە پێوەرەکانی دیاریکردن دەبینێتەوە. وەکو پێوەرەکانی جوگرافی و مێژووی و دیمۆگرافی و واقعی ناوچەکەو سەرژمێریە گشتیەکان و بارودۆخە سیاسیە نەخوازراوەکانی بەسەر شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوەدا هاتووە. هەڵبەتە ئەم ناوچانە سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەی جیاوازی بەرامبەر بەکارهاتووە ئەمەش سیمای ئەتنۆگرافی و دیمۆگرافیەکەی شێواندووە ئەمە سەرباری گۆڕانکاریە دەسیەکانی یەکە کارگێڕیەکان، ئەمانەو چەندینی تر کە لە دوایدا زیاتر بەرچاو ڕوونتر دەکرێن.

تێگەیشتنی کوردانە بۆ خوێندنەوەی تێپەڕبوونی هێڵە سنووریەکەی باشووری ناوچەی توێژینەوە بەسەر سێ خاڵدا ڕاڤە دەکرێت، ئەمەش بە پێی بە ڕێداچوونی ئاڕاستە سنوورییەکە هەر لە باشوری ڕۆژهەڵات هەتاوەکو باکووری ڕۆژئاواکەی:

١- ڕای زۆرینە وای بۆ دەچێت کە سنوور لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە لە باشووری شارۆچکەی جەسان لە قەزای بەدرە لە پارێزگای واست لەسەر سنووری ئێرانی عێراقی دەست پێدەکات و بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت و، سنوورە کارگێڕیەکەی تەواو دەکات و بەرەو باکوور هەنگاو دەنێت، بۆ ئەوەی کە

زرباتیە و قەزانیە و مەندەلیش لەخۆوەبگرێت. کەچی هەریەکە لە (زەکی بەگ و د.جەزا) ڕای تریان هەیە و سەرەتای ئەم سنورە بۆ مەندەلی دەگەڕێنەوە بە باشوری ئەم شارە تێپەڕی دەکەن و بەرەو ڕۆژئاواو پاشان بۆ زنجیرەی حەمرین. هەر لەم سۆنگەیەوە هێڵی سنووری سەرجەم نووسەرەکان بێجگەلە (نەقشەبەندی) نەبێت شارەکانی (بەلەدروز و شارەبان) دەخەنە ڕۆژئاوای هێڵەکەوە. بەڵام ڕوانگە نەقشەبەندی وایە کە ئەم شارانە بەشێکن لەسەر زەمینی ناوچەی توێژینەوە.

٢- خاڵی هاوبەشی نێوان سنوور کێشەرانی کورد لە نێوە ڕاستی هێڵە سنوریەکەوەیە، ئەوان وا هاوڕان لە باشوری دەریاچەی حەمرین لە نزیك مەنسوریە هێڵەکە دەست پێدەکات تا دەگات بە زنجیرە چیای حەمرین، پێیدا دەڕوات تا خۆی لە (فەتحە) دەبینێتەوە، لە وێشەوە بەرەو باکوور بە نێو ڕێڕەوەی ڕووباری دیجلەدا سەردەکەوێت تا شاری موسڵ دوو لەت دەکات و دەگات بە باکووری ئەو شارە، گشت بەری ڕۆهەڵاتی سنوورەکە دەربڕی خاکی کوردستانی عێراقە.

٣- سەبارەت بە بەشی باکووری ڕۆژئاوای ئەم ناوچەیە، ئەوا دەکرێ بە پێی چوار ئاڕاستەکانی جوگرافی لە بازنەی شاری موسڵ شی بکرێنەوە. (هەرووتی) نەبێت سەرجەمیان بیروڕایان وایە سنورەکە لە باشوری شاری موسڵ بە ڕێڕەوی ڕووباری دیجلە سەردەکەوێت و شاری موسڵ دەبڕێت. هەرچی ناوبراوە وای دەبینێت هێڵەکە بە تلکێف و بەعشیقەدا تێدەپەڕێ بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەخاتە سەر ناوچە عەرەبیەکان. ئەگینا ئەوانی تر بەری ڕۆژهەلاتی شارەکە بە ناوچەی توێژینەوە دەناسێنن. هەروەها نووسەرەکانی ئەو کۆمەڵەیە پێیان وایە لە لای باکووری شاری موسڵدا هێڵەکە کەوانەیەکی دەرەکی دروست دەکات و پاشان بۆ باشوری ڕۆژئاوا شۆڕدەبێتەوە. هەرچی تایبەتە بە ڕۆژئاوای شاری موسڵ ئەوا (د. سلێمان) ی لێدەرچێت کە سنوورەکە بە باکووری قەزای تەلەعفەردا دەبات ئینجا دەیباتەوە بۆ باشووری شەنگاڵ. نوسەرانی تر هەموویان هەردوو (قەزای

تەلەعفەر و شەنگاڵ دەخەنە نێو سنوری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.


هەنووکە دەکرێت، دوای خستنە خوێندنەوەی سەرنجە شیکاریەکانی پێشوو، پاڵپشت بە سەر لە نویٚ گەڕانەوە بۆ تێگەیشتن و لەبەرچاوگرتنی ڕاو بیروبۆچونی شارەزایان و بەڵگەکانی کوردستانی، وە هەروەها بە خوێندنەوەیەکی ووردی واقیع بینانەی ئێستای جوگرافیای کورد لە عێراق و وابەستەکرانی ئەو بەشەی کوردستان بەو دەوڵەتەوە، ئەوا سنووری باشور و باشوری ڕۆژئاوای ناوچەکانی توێژینەوە، بەم شێوەیە دیاری بکرێت:

" لە سنووری کۆتایی باشووری ڕۆژهەڵاتی یەکەی جەسانەوە کە هاوهێڵی سنووری نێودەوڵەتی عێراق – ئێرانە دەست پێدەکات، لەگەڵ هێڵی باشووری ئەم یەکەیەدا بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت تا تەواوی دەکات و دوای سەردەکەویٚ و سنووری قەزای بەدرە دەبڕیٚ، لەوێوە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا دەگرێت و ناوچەکە خۆی فراوان دەکات و بەرەو باکور هەنگاودەنێت بۆ ئەوەی کە هەریەکە لە یەکە کارگێڕیەکانی ( مەندەلی و قەزانیە) لە خۆوەبگرێت، هەڵکشانی هێڵەکە سنووری ناوچە کوردستانیەکان دیاریدەکات و پێچی باکووری ڕۆژئاوا دەگرێت و، دەگات بە دامێنی خوارووی دەریاچەی حەمرین بە کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەکە سەردەکەوێت بە هەمان ئاڕاستە، پاشان بە خوارووی زنجیرە چیای حەمرین دەگات و لەوێوە لێواری ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای حەمرینی باشووروو باکوور دەگرێت و، تا لە فەتحە خۆی دەبینێتەوە لەسەر ڕووباری دیجلە، لەگەڵ ڕێڕەوی ئەو ڕووبارەیەدا دەڕوات تا بە شاری موسڵ دەگات، (لێرەدا دەبێ ئەوە بگوترێ ئەوەی دەکەوێتە نێو جوگرافیای بەری ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای حەمرین و ڕووباری دیجلە ناوچەی لەمێژینەی کوردانە و سروشتی کوردستانیەتی ناوچەکە جیادەکاتەوە لە خوارووی خۆی کە مەبەست لێی عێراقە). لەسەرووی موسڵیشەوە لە شێوەی نیوە بازنەیەك هێڵی سنوور بەرەو باشوری ڕۆژئاوا پێچ دەکاتەوە و بە ئاڕاستەی شارۆچکەی حەزەر پاشان بەرەو ڕۆژئاوا سنووری کوردستانیەتی ئەو ناوچانە دەکێشێت و بە باشووری قەزاکانی تەلەعفەر و

شەنگاڵدا درێژدەبێتەوە تا دەگاتە سەر سنووری عێراق – سوریا لە دەوروبەری ناحیەی تەل كۆچك". بڕوانە (نەخشەی – ٦).

### (نەخشەی — ٦)

### شوێن و سنووری جوگرافی كوردستانی عێراق




**كاری توێژەرە پشت بەست بە:**

١ – هاشم یاسین حمد أمین حداد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

٢ – خليل إسماعيل محمد، إقليم كوردستان العراق (دراسات في التكوين القومي للسكان)، المصدر السابق، ص ١٢.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دیاریکردنەی سنووری باشوورو باشووری ڕۆژئاوا لە دیدگای شارەزایانەوە، کە هاوکات سنووری دوایی کوردستانی عێراقە لەگەڵ عێراقدا، توێژینەوەکە هەوڵدانێکی تر دەدات، بۆ دەست نیشانکردنی سنووری جوگرافی و یەکەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەویش بە خستنەڕووی ئەم بەڵگە فەرمیانە:

١– لە دەقی هەریەکە لە ماددەکانی (٥٨) لە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ ساڵی ٢٠٠٤، وە ماددەی (١٤٠) ی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و سنوورەکەیان **(دیاری نەکراوە)**، تەنها ئەوەی ناوی هێنراوە (کەرکووك) بووە، جا لێرەدا مەبەست پێی شاری کەرکووکە یان پارێزگای کەرکووك یان هەرێمی کەرکووك؟!، ڕوون نیە، لەگەڵ ئەوەش گووتراوە (ناوچەکانی تر) بەڵام دیسان هەر دەست نیشانی هیچ شوێنێك نەکراوە، (پاشکۆکانی ٢ – ٣) ئاماژەیەکە. بۆیە دەگەینە ئەوەی بڵێین ئەم ناوچانە بە دەست نیشان نەکراوی لە دەستووردا ماونەتەوە، چونکە ناوی هیچ کامێکیان جگە لە کەرکووك (کە دیار نیە مەبەست پێی چیە ! ؟) نەهێنراوە.

٢– لێژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق بە سەرپەرشتی (ستیڤان دیمستۆرا)، لە هەردوو بەرگی ڕاپۆرتەکەیدا (یونامی)، کە لە نێوان ساڵانی ( ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩) ئەنجامدراوە، زاراوەی ناوچەی توێژینەوەی لە ژێر ناوی (سنوورە ناوەخۆیی یە کێشە لەسەرەکان) لە عێراق بەکاردەهێنێت، لە پرۆژەکەیدا ئەم ناوچانەی دیاریکردووە، کە لە (١٤ قەزا) و (٢) ناحیە، پێکهاتوون، ئەمانیش بریتین لە:" شەنگاڵ، تەلەعفەر، تلکێف، شێخان، ئاکرێ، حەمدانیە، مەخمور، دوبز، ناوەندی کەرکووك، حەویجە، داقوق، دوز خورماتوو، کفری، خانەقین "، ناحیەکانی "قەحتانیە و مەندەلی"[1]. (نەخشەی – ٧) .


---

[1] الأمم المتحدة، الحدود الداخلية المتنازع عليها وهو التقرير الذي رفعته بعثة الأُمم المتحدة لمساعدة العراق وفقا لقرار مجلس الأمن رقم (١٧٧٠) في آب ٢٠٠٧، الجزء الأول، ص ٢.

کوردستانەوە پەسەند کراوە، بە پێی خاڵی یەکەمی ماددەی (٢)ی پڕۆژەکە، پشت بەست بە ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق کە لە خاڵی دووەمی ماددەی (٢) ی پڕۆژەکەی هەرێمدا هاتووە، (پاشکۆی – ٤) نیشاندەری دەقەکەیە، ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەك لە دەستوورەکەدا هاتووە (پشت بەست بە برگەی (أ)ی ماددەی (٥٣) ی یاسای کاتی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە واتە ماددەی (١٤٣) ی دەستووری عێراق) وا دەردەکەوێت بریتییە لە: "پارێزگای کەرکووك و قەزاکانی شێخان و شەنگاڵ و تلکێف و قەرەقۆش و ناحیەکانی زوممار و بەعشیقە لە پارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە"، بەشێکن لە کوردستانی عێراق. (نەخشەی –٨).

(نەخشەی – ٧)


ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە بۆچوونی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان (ستیڤان دیمستورا) لە ساڵی (٢٠٠٩).




المصدر: الأمم المتحدة، المصدر السابق.

**( نەخشەی — ٨ )**

**ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە پێی پرۆژەی دەستووری هەرێم لە ساڵی ( ٢٠٠٩ ).**




کاری توێژەرە پشت بەست بە: پەرلەمانی کوردستان — عێراق، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان — عێراق، لە ٢٤/ ٦/ ٢٠٠٩ پەسەندی کردووە، ل ٥.

ئەوەی شایانی گووتنە لە پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٩، ئەوەی پەیوەستە بە ناوچەی توێژینەوە کە لێرەدا بە گرنگ دەزانرێت باسی بکرێت لە ماددەکانی (١ ، ٢) کە بە بنەما سەرەکیەکانی ئەو پرۆژە دەستوورەدا دانراوە ئەوەیە:

بە پێی ماددەی (١): کوردستانی عێراق بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق، عێراقێکی کۆماری و فیدراڵ و دیموکرات کە "هەرێمی کوردستان" لە نێو ئەم دەوڵەتەدا خاوەن قەوارەیەکی جوگرافی و مێژوویی یە.

بە پێی ماددەی (٢) ناوچەکانی دیاریکراوە کە دەست پێدەکات هەر لە "قەزای شەنگالەوە تا دەگاتە ناحیەی مەندەلی". ئەوەی جێی تێڕامانە لەم ناساندنە جوگرافیەی بۆ کوردستانی عێراق لە پڕۆژە دەستوورەکەدا کراوە، باس لە (قەزای بەدرە نەکراوە. لە قەزای تەلەعفەر تەنها زوممار دەست نیشانکراوە، ئەی ناوەندی تەلەعفەر، یاخود ناحیەی ئاڤگەنی، یان ناحیەی ڕەبیعە؟. بەهەمان شێوە ناحیەی ئەلقەحتانیە لە قەزای بەعاج ئاماژەی پێ نەکراوە. هەروەها لە قەزای بەلەدروز ناوی مەندەلی هێنراوە کە خۆی ناحیەیە بە قەزا نووسراوە، کەچی قەزانیە لەبیرکراوە). بۆیە بە ڕوانگەی بەڵگە مێژوویی و جوگرافیەکانی توێژینەوەکە ئەمانە بەشێکن لە تەواوکەری ناوچە کوردستانیەکان. لە لایەکی تر بە پێی برگەی (أ) لە ماددەی (٥٣) قەزای ئاکرێ بەشێکە لە پارێزگای دهۆك، کەچی ماددەکە لە دەرەوەی ئەو یەکە کارگێڕیەی پارێزگاکە ناوی هێناوە وەك ئەوەی بەشێك نەبێت لە پارێزگای دهۆکی دوای ساڵی ١٩٩١.

جێی خۆیەتی توێژینەوەکە سەرنجێك بۆ ئەوە ڕاکێشێت کە هەندێك لەم ناوچە کوردستانیانەی ئاماژەیان پێدرا بە پێی بڕیاری ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٢ ی پەرلەمانی کوردستان بۆ بنیاتنانی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە گۆڤاری وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، دواتریش بە پێی هەمان پرۆژەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان کە لە ٢٢/ ٨/ ٢٠٠٦ دەرچووە بەشێکن لە کوردستانی عێراق، لە هەردوو پرۆژە

دەرچووەکەدا (پاشکۆی – ٤) (قەزاکانی تەلەعفەر و بەدرە) بە کوردستانی ناسێندراون[(١)]، بۆ لە پرۆژەکەی ساڵی ٢٠٠٩ ئەم ناوچانە لە جوگرافیای کوردستانی عێراق دەرهێنراون؟، پاشان هەمان هەڵەکان پێش کەوتوون، وەك لە سەرەوە باسکراون، قەزای ئاکرێ و پارێزگای دهۆك هەریەکە بە جیا ناویان هاتووە، زوممار ناحیەیەکە لە قەزای تەلەعفەر، ناوی قەزاکە هێنراوە ناحیەی ناوبراویش بە جیا، ئەی ناحیەکانی تری خۆ ئەمانیش بەشێکن لە قەزاکە؟. قەزای قەرەقۆش لە دەقی پرۆژەکەی ساڵی ٢٠٠٢ دا ناوی نەهێنراوە، بەڵام لە هەردوو پرۆژەکەی ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٩ ئەم قەزایە خراوەتەوە نێو ناوچەکانی تری کوردستانی عێراق؟.

سەرباری ئەمانە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نەخشەیەکی بۆ "هەرێمی کوردستان" پەسەندکردووە لە ساڵی ٢٠٠٥ کە دەکرێت بگوترێت یەك ناگرێتەوە لەگەڵ هیچ کامێك لە پرۆژە دەرچووەکانی پەرلەمان (نەخشەی – ٩)، لەبەرئەوە دەبینرێ ناوەندی قەزای تەلەعفەر لە نەخشەکەدا بەشێك نیە لە کوردستانی عێراق، کەچی لە هەردوو پرۆژەکەی ساڵی ٢٠٠٢ و ساڵی ٢٠٠٦ بەشێکە، لەگەڵ ئەوەی دواییش تێك ناکاتەوە، چونکە لە نەخشەکەدا تەنها ناوەندی قەزای بەدرە دانراوە، کەچی لە پرۆژەکەی ٢٠٠٩ بەشێك نیە لە کوردستانی عێراق.

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر: **أ–** بڕیاری بنیاتنانی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان، گۆڤاری وەقایعی کوردستان، ژمارە (٣٨)، ساڵی سێیەم ٣٠/ ١٢/ ٢٠٠٢، وەزارەتی داد، ل ٥.

**ب –** ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق، ٢٢/ ٨/ ٢٠٠٦، ل ٣.

**( نەخشەی — ٩ )**

**نەخشەی پەسەندکراوی کوردستانی عێراق لە لایەن پەڕلەمانی هەرێمەوە لە ساڵی ( ٢٠٠٥ ).**




سەرچاوە: پەڕلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق، نەخشەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، تەمموزی ٢٠٠٥.

هەر چۆنێك بێت ئەم ناساندنەی پرۆژەکانی دەستووری هەرێم بۆ کوردستانی عێراقیان کردووە مایەی پێداچوونەوەیە، هەرچەندە زۆربەی ناوچە کوردستانیەکانی توێژینەوەکە بەشێکن لە کوردستانی عێراق؛ پارێزگای کەرکووك بە سنووری کارگێڕی پێشوو، پێش دەسکاریکردنی، زۆربەی ناوچە کوردستانیەکان لە پارێزگای نەینەوا، بە هەمان شێوە ئەوانەی خراونەتە سەر سنووری پارێزگای دیالە، بەڵام هەڵە و کەم کوڕی تێدایە، چونکە چەند یەکەیەکی کارگێڕی دابڕیوە.

دەگەڕێینەوە ئەوەی بگوترێت هەرچی تایبەتە بە خاڵی دووەمی ماددەی دووەم (پاشکۆی — ٥) لە پڕۆژەکەی ساڵی ٢٠٠٩، تێیدا هاتووە کە ئەم سنوورە سیاسیەی هەرێمی کوردستانی عێراق وابەستەیە بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق، ئەمەش ئەم خوێندنەوانەی لێ دەکرێت:

- واتایەك ئەوەیە پڕۆژەکە دان بە بوونی کوردستانیەتی ئەم ناوچانە دادەنێت کە دیاریکردووە بە پشت بەستن بەو ماددەیە.
- هەروەها ناوهێنای ماددەی (١٤٠) لە پڕۆژە دەستووریەکەی هەرێم، دووپاتکردنەوەی متمانەدانی دڵنیاییە بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠). بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەگەر ماددەی (١٤٠) جێ بەجێنەکرێت واتە سنوورە سیاسیەکەی هەرێم دیاری ناکرێت؟!.

هەڵبەتە لە خاڵی سێیەمدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەرێم نابێت بەشێکی لێ دابپچڕێت وەك هەرێمێکی سەربەخۆ کە ئەمە بۆ ئەو ناوچانەی پێکهاتەی تورکمانی لێیە وەك (تەلەعفەرو کەرکووك و دوزخورماتوو مەندەلی) ناشێ بگوترێت، چونکە زۆرجار قسە و باسی لایەنە تورکمانەکانی لەسەرە کە لە بەشی چوارەمدا ئاماژە بە هەڵوێستیان دەکەین لەو بارەیەوە. یان بۆ کەرکووك بە تەنها وەك هەرێمێکی سەربەخۆ، لەبەرئەوەی کێشەیەکی زەقی نێو ماددەی (١٤٠)ە. هەرچۆنێك بێت ئەمانە پێچەوانەی پڕۆژە دەستووری هەرێمن.

٤ – لێژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری کۆماری عێراق هەڵساوە بە دەست نیشانکردنی ناوچەکانی توێژینەوە و لەمانەی خوارەوەدا کۆی کردونەتەوە، (پاشکۆی – ٦)[1]:

أ – پارێزگای کەرکووك: پارێزگای کەرکووك بە سەرجەم قەزاو ناحیەکانی لە چوارچێوەیاندا "قەزای داقوق/ دوز خورماتوو، چەمچەماڵ، کەلار، کفری".

ب – پارێزگای نەینەوا:

– " قەزای شەنگاڵ و ناحیەکانی: (قەیرەوان، ناحیەی شیمال "سنونی").

– قەزای شێخان و ناحیەکانی باعەدرێ. فاروق (زیلکان)، ئەتروش "مزوری"، مرێبا (قەسرۆك).

– قەزای حەمدانیە و ناحیەکانی.

– قەزای تلکێف و ناحیەکانی

– ناحیەی بەعشیقە.

– ناحیەی ئەلقەحتانیە لە قەزای بەعاج.

– قەزای مەخمور و ناحیەکانی: قەراج (باقرتە))، کەندێناوە (دیبەگە))، گوێر، عەدنانیە (مەلا قەرە).

– ناحیەی زوممار.

– قەزای ئاکرێ و ناحیەکانی.

ج – پارێزگای دیالە: قەزای خانەقین و ناحیەکانی "مەیدان، قۆرەتوو، جەلەولا، سەعدیە"، قەزای مقدادیە (شارەبان) و ناحیەکانی، ناوەندی قەزای بەلەدروز لە چوارچێوەیدا ناحیەی مەندەلی، هەروەها قەزای بەدرەو ناحیەی جەسان. (نەخشەی – ١٠).

---

[1] جمهورية العراق، رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من دستور جمهورية العراق، مفهوم المناطق المتنازع عليها، من الموقع الإلكتروني:
.http://www.com140.com/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=5

ئەوەی جێی هەڵوێستەیە تیشکی بخرێتە سەر ئەویش ئەوەیە: کە بە پێی نووسراوە فەرمیەکانی لیژنەی ماددەی (١٤٠) ی تایبەت بە ناوچە کێشە لەسەرەکان، یەکە کارگێڕیەکانی وەك: "قەزاکانی کفری لە پارێزگای دیالە و کەلار و چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی" (کە پێش ساڵی ١٩٧٦ سەر بە پارێزگای کەرکووك بوونە)، لەگەڵ "قەزای ئاکرێ" (کە فەرمانەکەی یەکلایی کراوەتەوە پشت بەست بە برگەی (أ) لە ماددەی (٥٣) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و ماددەی (١٤٣) لە دەستووری کۆماری عێراقی)، ئەمانە لیژنەکە بە ناوچە کێشە لەسەرەکان هەژماری کردوون[١]. ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر پارێزگا بنچینەکەی خۆیان بەر لە ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر چارەنووسیان.

لێرەدا توێژینەوەکە دەگاتە ئەوەی بڵێت: دوای خستنە ڕووپەڕی ئەمانەی سەرەوە، وە بە خوێندنەوەیەکی وردی جوگرافیای کوردستانی عێراق، دەکرێت بەم شێوەیە لە چەمك و زاراوەو سنوور و ڕووبەر و شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بدوێین و دەست نیشانی یەکە کارگێڕیەکانی بکرێت، لەمیانەی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

١ – زاراوەی "ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان"، هێمایە بۆ ئەو شوێنە جوگرافیەی کە بەشێکی دانەبڕاو و جیانەکراوەیە لە خاك و ڕووبەری شوێنی جوگرافی کوردستانی گەورە، بە تەواوکەری پێکهاتەی سروشتی کوردستانی عێراق دادەنرێت، ئەم ناوچانە سەرجەمی ئەو یەکە کارگێڕیانە لە
( پارێزگا، قەزا، ناحیە، گوند)انە دەگرێتەوە کە لە ئێستادا دەکەونە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

---

[١] دەرباز محەمەد، خاکی نیشتیمان لە چارەسەری دەستوریی یەوە بۆ ململانێی سەربازی، کوردستان و عێراق ململانێی ناوەخۆیی و ئایندەی سیاسی، کتێبی ژووری توێژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٤، ل ٣١٤.


مەبەست لە چەمکی "ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم" بریتییە (لەو ناوچانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا ڕووبەڕووی کردەوەکانی گۆڕانکاری دیمۆگرافی و سیاسەتی بەعەربکردن و گۆڕانکاری لە باری دانیشتوان بوونەتەوە، ئەمەش لە ڕێگای ڕاگوێزران و شار بە دەرکردن و کۆچ پێکردنی تاکەکانی لە شوێنی نیشتەجێبوونیان وەك کۆچ پێکردن بە زۆرەملێ، نیشتەجێکردنی خەڵکانی تر لە شوێنیان، داگیرکردنی سەروەت و سامان و زەوی و زاریان و دەست بەسەر داگرتن بە نواندنی خاوەندارێتی بۆیان، وە کوژاندنەوەی مافی مامەڵەکردن پێیان و، قەدەغەکردنیان لە کارکردن یان لە ڕێگەی ئەوەی پێی دەوترا ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی، یاخود لە ڕێگەی یاریکردن بە سنوورەکانی ئیدارەی ئەم ناوچانە، لە پێناوهێنانەدی ئەو ئامانجە سیاسیانەی کە ڕژێمی پێشوو بە نیازی بوو، هەربۆیە لە ماوەی یاساییدا کار لەسەر ماددەی ١٤٠ ی ناوچە کێشە لە سەرەکان دەکرێت کە دەکەوێتە نێوان بەرواری ١٧/ تەموزی/ ١٩٦٨ تاوەکو دەگاتە ٩/ نیسانی/ ٢٠٠٣)[١].

---

[١] جمهورية العراق، مفهوم المناطق المتنازع عليها، المصدر السابق.

## ( نەخشەی — ١٠ )

## ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە ڕوانگەی لێژنەی ماددەی ( ١٤٠ )




کاری توێژەرە پشت بەست بە: جمهورية العراق، مفهوم المناطق المتنازع عليها، المصدر

٢ – بە درێژایی ماوەی خرانە دەرەوەی ئیدارەی ئەم ناوچانە، لە لایەن توێژە جیاجیاکانی کوردستانەوە چەندین زاراوەی جۆراوجۆر بەسەر ئەم ناوچانەدا براوە کە ئامانج لە گووتنی هەریەکەیان لە دیدگای بڕوابوونە بە کوردستانیبوونیان. ئەم زاراوانەش بریتین لە: (ناوچە دابڕاوەکان، ناوچە دابڕێندراوەکان، ناوچە نەگەڕێندراوەکان، ناوچە داگیرکراوەکان، ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم). ئەمەو لە دەستوری عێراقی نوێشدا بە (المناطق المتنازع عليها) ناویان هاتووە، جا لەم گۆشەیەوە دەستەواژەکە بۆ کوردزمانی وەرگێردراوە بە ناوەکانی: (ناوچە کێشە لەسەرەکان، ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، یان ناوچە جێ ناکۆکەکان). هەندێك لە بەرپرسانی عەرەبیش لە باری خۆیانەوە و بۆ تێکدانی سیمای کوردستانیبوونی ئەم ناوچانە و لە باربردنی ماددە دەستورییەکە، ناوی تریان داهێناوە لەوانە: (المناطق المختلطة یان المناطق المختلف عليها) واتە (ناوچە تێکەڵیەکان یان ناچە جیاوازی لەسەرەکان) .

وەك دەبینرێ لەبەر زۆربوونی زاراوەکانی تایبەت بە ناوچەی توێژینەوە، سەرۆکایەتی هەرێم بڕیاریدا زاراوەی "ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم" بەکاربهێنرێت لە جیاتی "ناوچە کێشە لەسەرەکان"، هەر بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاری (٢٦) ی ساڵی ٢٠١٢ی دەرکرد، (پاشکۆی – ٧).

ئەمەو دوای ئەمەش پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی چوارشەممە، بەرواری ٢٤/ ٤/ ٢٠١٣ بە زۆرینەی دەنگ بە پێی ماددەی دووەمی پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یەکەمی یاسای دەستەی گشتی بۆ هەرێمی کوردستان تایبەت بە ناوچە کوردستانیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٠، بڕیاریدا لەمەودوا ناوی "ناوچە کێشە لەسەرەکان بگۆڕدرێت بۆ "ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم"[(١)].

---

[(١)] پەرلەمانی کوردستان دەستەواژەیەك لە دەستووری عێراق دەگۆڕێت، تۆڕی ڕووداو، هەولێر، ماڵپەڕی:
http://rudaw.net/sorani/kurdistan/2404201313

٣ – ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەپێی دابەشبوونی هەنووکەی کارگێڕی دابەشبوون بەسەر شەش مەڵبەندی پارێزگاکان، کە لە (١٣) قەزا و (٥٢) ناحیە پێکدێن (بە ناحیەکانی ناوەندیشیانەوە)، توێژینەوەکە بەم شێوەیە دیاریان دەکات، (نەخشەی – ١١) ڕوونی دەکاتەوە:

**أ:– پارێزگای نەینەوا:**

١ – ناحیەی بەعشیقە لە قەزای موسڵ.

٢– قەزای حەمدانیە "قەرەقۆش": ناوەند، نەمرود "خدر ئەلیاس"، بەرتڵە.

٣– قەزای تلکێف. ناحیەکانی: ناوەند، ئەلکێش "ئەڵقۆش"، وانە.

٤– قەزای شێخان "ئێسفنیٚ" ناحیەکانی: ناوەند، زیلکان.

٥– قەزای تەلەعفەر. ناحیەکانی: ناوەند، زوممار، ئاڤگەنیٚ " العیاضیة"، سەعدە " رەبیعە".

٦– قەزای شەنگالٚ. ناحیەکانی: ناوەند، سنونی " الشیمال"، قەیرەوان.

٧– ناحیەی تەل عوزێر "القحتانیە" لە قەزای بەعاج.

**ب:– پارێزگای هەولێر:**

قەزای مەخمور. ناحیەکانی: ناوەند، قەراج "باقرتە"، کەندێناوە "دیبەگە"، گوێر، مەلا قەرە.

**( نەخشەی — ١١ )**

**ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم بە تێڕوانینی توێژینەوەکە**



**ج:- پارێزگای کەرکوك:**

١ - قەزای کەرکووك. ناحیەکانی: ناوەند، پردێ "ئاڵتون کۆپری"، شوان "ڕێدار"، لەیلان "قەرەحەسەن"، تازەخورماتوو، یایچی، مەلاعەبدوڵا "الملتقی".

٢- قەزای دوبز.ناحیەکانی: ناوەند، سەرگەڕان.

٣- قەزای حەویجە ناحیەکانی: ناوەند، ڕیاز، عەباسی "الجبور"، شەك "زاب".

٤- قەزای داقوق. ناحیەکانی: ناوەند، ڕەشاد.

**د:- پارێزگای سەلاحەددین "تکریت":**

- قەزای دوزخورماتوو. ناحیەکانی: ناوەند، ئامرلی، سلێمان بەگ، قادر کەرەم، نەوجوڵ.

**ه:- پارێزگای دیالە:**

١ - قەزای خانەقین. ناحیەکانی: ناوەند، جەلەولا "قرغان"، سعدیە " قزل ڕەبات ".

٢- ناحیەکانی کۆکس، قەرەتەپە، جەبارە.

٣- ناحیەکانی مەندەلی و قەزانیە لە قەزای بەلەدرۆز.

**و:- پارێزگای واست:**

قەزای بەدرە. ناحیەکانی: ناوەند، زرباتیە، جەسان "سەرپێڵە".

٤ - بە پێی ( خشتەی - ١) ڕووبەری کوردستانی عێراق ١٩,٩٪ دەوڵەتی عێراقە، هەرێمی کوردستانیش ٩,٦٪، وە ناوچەی توێژینەوەش ١٠,٣٪ یە واتە (١/١٠ ڕووبەری عێراق پێکدەهێنێت). ڕووبەری هەرێمی کوردستان بە گوێرەی کوردستانی عێراق ٤٨,١٪ پێکدەهێنێت، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕووبەری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە کە خۆی لە (٤٥٣١٧ کم$^{٢}$) دەدات و دەگاتە ٥١,٨٪، ئەمەش مانای ئەوەیە کە زیاتر لە نیوەی کوردستانی عێراق کەوتۆتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

**(خشتەی – ١)**

**ڕووبەری هەندێك لە شوێنە جوگرافیەکانی پەیوەست بە ناوچەی توێژینەوە.**

| ڕیزبەند | ناوی شوێنی جوگرافی | ڕووبەر (کم²) | ڕووبەر بە گوێرەی دەوڵەتی عێراق ٪ | ڕووبەر بە گوێرەی کوردستانی عێراق ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١- | عێراق بە بێ کوردستان | ٣٥١٠٠٠ | ٨٠,١ | ٠ |
| ٢- | کوردستانی عێراق | ٨٧,٣١٧ | ١٩,٩ | ١٠٠ |
| ٣- | هەرێمی کوردستان | ٤٢,٠٠٠ | ٩,٦ | ٤٨,١ |
| ٤- | ناوچەی توێژینەوە | ٤٥,٣١٧ | ١٠,٣ | ٥١,٩ |
| ٥- | عێراقی گشتی | ٤٣٨٣١٧ | ١٠٠ | ١٠٠ |

ئامادەکراوە پشت بەست بە:

١– إبراهيم حلمي الغوري، المصدر السابق، ص ٤.

٢– کۆڕی زانیاری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٠.

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە :

هەرێمی کوردستان + ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم = کوردستانی عێراق

کوردستانی عێراق – ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم =هەرێمی کوردستان

کوردستانی عێراق – هەرێمی کوردستان = ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

٥ – لە ڕاستیدا چەند یەکەیەکی کارگێڕی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ساڵی ١٩٩١ ەوە، لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمدان، بە پێی ماددەی (٥٣) لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ دانی پێدانراوە، کە بەشێکن لە هەرێمی کوردستان، هەر ئەم ماددەیەش گواستراوەتەوە بۆ ماددەی (١٤٣) لە دەستووری هەمیشەیی بۆ ساڵی ٢٠٠٥، لەوانە: (ناحیەکانی ئەتروش و قەسرۆك و باعەدرێ لە قەزای شێخان، قەزای ئاکرێ، ناوەندی کفری و ناحیەی سەرقەڵا، هەردوو ناحیەی مەیدان و قۆرەتوو لە قەزای خانەقین، قەزاکانی کەلار و چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی)[1].

کەواتە لە دوای ساڵی ناوبراوەوە بە درێژایی هێڵی سنووری نێوان هەرێم و ناوەند، لە سنووری چەند قەزایەکدا تێکەڵیەك دروستبووە، بەوەی بەشێك لە ڕووبەری ئەو قەزایانە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمن و بەشەکەی دیکەیان لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندان[2].

ئەوەی شایانی باسە ئەمڕۆ، لە دوای گۆڕانکاریەکانی ١٠/ ٦/ ٢٠١٤ دا، زۆرێك لە ناوچەکانی توێژینەوە بە **کردەیی** لەڕووی سەربازی و ئاسایشیەوە کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی ئیدارەی کوردی، ئەگەرچی بە فەرمی فەرمانەکەی یەکلایی نەکراوەتەوە لەوانە: (ناحیەکانی زوممارو رەبیعە لە قەزای تەلەعفەر، قەزای شێخان، قەزای مەخمور، پارێزگای کەرکوك جگە لە قەزای حەویجە، قەزای دوزخورماتوو، قەزای خانەقین جگە لە ناحیەی سەعدیە نەبێ، قەزای کفری)، ئەمانە تەواوی ئەو ناوچانەن کە هەرێمی کوردستان تێیاندا باڵادەستە.

لە پوختەی ڕاڤەکردنی بەشی دووەمدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی: کە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم، بە گەڕانەوە بۆ ڕەهەندی مێژوویی -

---

[1] أ – دەرباز محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٤ – ٣١٥.
ب – خەسرۆ گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٧.

[2] دەرباز محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٤.

جوگرافی ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گرفتێکی قووڵ تر ئەویش کێشەی ویلایەتی موسڵە. گرنگی شوێنی جوگرافی ویلایەتەکە بە سەرەکی لە ناوچە کوردستانیەکانی توێژینەوەکەدا دەبینرا، بەهۆی هەڵکەوتەی پێگەکەی، هەربۆیە لە لایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە داگیرکراوە. بنچینەی کێشەی ناوچەی توێژینەوە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١ و لکاندنی ویلاتەکە لەسەر دەستی بەریتانیا بەو دەوڵەتەوە لە ساڵی ١٩٢٥ سەرچاوەی گرتووە. دەستپێکی ئەو کێشەیەش بە فەرمی لەگەڵ ڕێکەوتنامەی ١١/ ئاداری/ ١٩٧٠ هاتەکایەوە کە تایبەت بووە بە ناوچەی خۆبەڕێوەبردن بۆ کوردستانی عێراق.

هەروەها شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە نێوان پارێزگا چیایی و پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، لە سنووری عێراق – سوریا لە قەزای شەنگاڵ دەست پێدەکات و بە سنووری عێراق – ئێران لە قەزای بەدرە کۆتایی دێت، بەو مانایەی ناوچەکە پێکهێنەری بەشی باشووری کوردستانە، هەربۆیە بەدرێژایی مێژوو لە لایەن چەندین گەڕیدە و نوسەر و توێژەرەوەی بیانی و عەرەبی و ناوەخۆیی سنووری بۆ کێشراوە، کە هەریەکەیان بە خوێندنەوەی خۆی سەرنجی داوەتێ و لەبارەیەوە نوسیویەتی، بۆیە بۆچوونی هەندێکیان جیاوازە و ڕامانی هەندێکیشان لەگەڵ ئەوانیتر لە یەکتری نزیکە یان لە چەند سەرێکەوە تێکدەکاتەوە. ناوچەکە چەندین تایبەتمەندی و گرنگی هەیە هەر بۆیە بەردەوام جێگەی ململانێی کورد و حکومەتی عێراقی بووە بە درێژایی مێژوو.

# بەشی سێ یەم

# تایبەتمەندیەکانی شوێنی جوگرافی ناوچە

# کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

## باسی یەکەم

## تایبەتمەندی ئەتنۆگرافی

## باسی دووەم

## تایبەتمەندی ئابووری

# باسی یەکەم/ تایبەتمەندی ئەتنۆگرافی (*)

ناسراوە کە شوێنی جوگرافی بە ڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت لە پێکەوەنانی کەسایەتی بۆ هەر نەتەوەیەك لە نەتەوەکان. شوێنی جوگرافی بنەپایەك دەنوێنێت کە چالاکی و کردارەکانی ئەو تاك و کۆمەڵەیەی لەسەر وەستاوە، ئەوەی لێی دەردەچێت بریتیە لە یەکێتی ڕۆشنبیری و بەرژەوەندی و ئامانجەکان .. لێرەوە هەست بە هاتنە ڕیزی نەتەوەیی کرا، کە ئەمەش هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە بوونی هەبووە، تا هەمیشە ئەو شوێنەی لەسەری دەژین شوێنیان بێت، وە زمانەکە زمانیان بێت، وە مێژوو کەلەپوریان بێت .. وە بە کۆمەڵەکەیانەوە کۆڵەکانێکی ڕاستەقینە پێك دەهێنن بۆ هەر نەتەوەیەك[1] (**).

پێکهاتە نەتەوەیەکانی نێو شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ڕەگێکی مێژوویيان هەیە. فەراهەم بوونی سەرچاوەکانی بژێوی ژیان لەم ناوچانەدا

---

(*) زانستی ئەتنۆگرافی لقێکی زانستی ئەنترۆپۆلۆجیە، توێژینەوەکانی دادەنرێت بە توێژینەوەیەکی وەسفی بۆ ڕێگا و شێوازی ژیانی گەلێك لە گەلەکان، یاخود کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان، وە گرنگی دەدات بە توێژینەوە لە ڕەگ و ڕەگەزی مرۆڤ جا لە ئێستا بوونیان هەبێت یاخود لە ماوەیەکی نزیکی بەر لە ئێستا دیار نەمابن. وە تیشك دەخاتە سەر ڕۆشنبیری گەلان و شێوەکانی ڕێککاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و قۆناغەکانی پێش کەوتنی ژیان. سەرچاوە: ناظم عبدالواحد جاسور، المصدر السابق، ص ٦٣.

(1) خليل اسماعيل محمد، أثر الموقع الجغرافي للعراق على التكوين القومي لسكانه، گۆڤاری ئەکادیمی کوردستان، ژمارە (١٤)،

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ، ٢٠١٠ ، ل ١٦٣.

(**) بە پێناسێکی هاوچەرخانە نەتەوە: بریتیە لە کۆمەڵێ مرۆڤ کە هۆشیاریان لەبارەی پێکهێنانی کۆمەڵەکەی خۆیانەوە هەیە، ڕابردوویەکی هاوبەش و پرۆژەیەکی هاوبەشیان بۆ ئایندە هەیە، بانگەشە بۆ مافی حوکمڕانی خۆیان دەکەن.

سەرچاوە: مۆنتسرات گیبرانا، نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی، وەرگێڕانی: کەمال ڕەشید شەریف، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشی (ی.ن.ك)، زنجیرە کتێبی (١٦)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٤.

هەر لە زووەوە وایکردووە ببێتە جێگایەك بۆ ڕووتێکردن و مانەوەی خەڵکانی کۆچکردوو لە نەتەوە هاتووەکان لە ڕزگاریخوازان و داگیرکەران. هەربۆیە ئەم هۆکارە و چەندانی تر کاریان کردۆتە سەر هەمەڕەنگی پێکهاتەی ئەتنۆگرافی دانیشتوانەکەی.

شوێنە جوگرافیەکەی بووەتە هێڵی جیاکەرەوەیی نێوان نەتەوەی کورد لە باکوور و ناوچە چیایی و بەرە چیایی یەکان و نەتەوەیی عەرەبی لە باشوورو ناوچە تەختەکان. چەند بەرەو ژوورووی ناوچەی توێژینەوە بچین ئەتنۆگرافی ناوچە کوردیەکان بە هۆی تۆبۆگرافی زەویەکەی تایبەتمەندیەکانی پارێزراوتر دەبێت. بەڵام ناوچەی توێژینەوە سەرەڕای جیاکاری سەربەخۆی خۆی لە ژێری خۆی، کەچی کەوتە بەر تینی سیاسەتی حکومەتەکانی عێراقیەوە هەر لە ڕۆژگاری دامەزراندنیانەوە.

سەرەتای ئەم دیاردە نامۆیەش بە کارکردن لەسەر باری نەتەوەیی دەستی پێکرد هەر لە قەزای شەنگاڵەوە هەتاوەکو بەدرە. ئەمانەش بە ناوچەیەکی تاڕادەیەك جیاوازتر دادەنرێت لە گشت پارچەکانی تری عێراق، جۆراوجۆر لە نەتەوەیی لێ نیشتەجێن، کە هەریەکەیان خاوەنی زمان و کلتوری سەربەخۆن.

جۆراوجۆرایەتی ئەتنۆگرافی (نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی)، سیمایەکی سەرەکی دانیشتوانی ناوچەکەن. بوونی نەتەوەکانی " کورد، تورکمان، عەرەب و، کلدۆ ئاشوری" و ئاینی " ئیسلام، مەسیحی و، ئێزیدی" و مەزهەبەکانی " سوونە و شیعە" لەم ناوچانە ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن(١).

بۆ ئەوەی لایەنی ئەتنۆگرافی ناوچەی توێژینەوە بخرێتەڕوو، ڕێژەی نەتەوەکان لە ناوچەکە دیارترین جیاکەرەوەی ئەو لایەنانەیە، بۆ ئەمەش دەبێ لە ئامارە فەرمیەکاندا بگەڕێین تا لەو ڕێگەیەوە دووپاتی خاوەندارێتی شوێنی جوگرافی ناوچەکە کە بەر کورد دەکەوێت بۆ نەتەوەکان ئاشکرا بکرێت.

(١) ئازاد نەقشەبەندی، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

لە پێشتردا ئاماژە بەوە کرا کە کێشەی ئەم ناوچانە هەڵقووڵاوی کێشەیەکی مێژوویی ترە، ئەویش کێشەی ویلایەتی موسڵە، بۆیە بە پێویست دەزانرێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئامارانەی کە هەرسێ حکومەتەکانی **" تورکی و بەریتانی و عێراقی"** پێشکەشیان کرد بە لێژنەی دانوستانکاری یەکلاکەرەوەی کێشەکە، ئەمەش تا ڕاستی چەندێتی بوونی نەتەوەی کورد بەبەراورد بە ئەوانیتر لە ویلاتەکە بزانرێ ، (ئەگەرچی ژمارەی کوردی ناوچەکانی هەردوو پارێزگای دیالە و واست لە خۆوە ناگرێت). (خشتەی – ٢).

بە تێبینی کردنی ڕێژەی ئەو ژمارانەی لە خشتەکەدا هاتووە ئەوە دەخوێنرێتەوە کە:

**نەتەوەی کورد** بەرزترین پێکهاتەیە لە هەرسێ داتای حکومەتەکان: بەرزترینیان حکومەتی عێراقی بە ٦٥٪ ئاماریکردوە، ژمارەی خەملێنراوی دەسەڵاتدارانی بەریتانی کە ئەنجامیان داوە لە ساڵی ١٩٢١ ڕێژەکەی گەیشتۆتە ٥٧,٩٪ و تورکەکان لەوان کەمتر بە ٥٦٪ تۆماریانکردوە.

**نەتەوەی عەرەب** دێت کە لە نزمترین ژمارەیدا ڕێژەی دەرخستنی تورکیە کە بە ٨,٦٪ هەژماریکردون، هەریەکە لەوانیتر بۆ بەرژەوەندنی لکاندنی ویلاتەکە بە عێراق، عەرەبیان بە بەرزتر نواندوە لەوانە بەریتانیەکان بە ٢٣,٧٪ و حکومەتی عێراقی بە ٢٠,٨٪ دایان ناون.

**تورکمانەکان** لە لایەن تورکەکانەوە بە ٢٩,٢٪ دانراون کە بەرزترینیانە بە بەراورد بە ئەوانی تر، ئەمەش بۆ دەرخستنی ئەوەی کە ئەم نەتەوەیە بوونێکی باشی هەیە لە ویلایەتەکە تا بمێنێتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیای دوای عوسمانیەکان.

**نەتەوەکانیتر کە مەسیحی و یەهودیەکانن**، یەکەمیان لە بەرزترین ژمارەیدا بەریتانیەکان بە ٧,٩٪ خەمڵاندویانە، دووەمیان عێراقیەکان بە ١,٧٪ و بەریتانیەکان بە ٢,١٪ پیشانیانداون.

کەواتە دەردەکەوێت؛ نەتەوەی کورد لە نێو نەتەوەکانی ویلایەتی موسڵ لە پێشەنگیاندایە لە ڕووی ژمارەو ڕێژەیەوە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ویلایەتەکە ٣/٥ کوردبووە، هەربۆیە لەو ڕۆژگارەدا ناسرابوو بە ویلایەتی موسڵی کوردی. کەوابوو ئەگەرچی کاری لێژنەکە خزمەتی بە پرسی کورد نەکرد، بەڵام دەرئەنجامی ڕاپۆرتەکەیان لەو

بارەیەوە بەو ئەنجامە گەیشت کە نەتەوەی کورد پێکهاتەی سەرەکی و نەتەوەی یەکەمی ویلایەتەکەن[(١)].

لە لایەکی تر و لەسەر ئاستی لیواکانی ویلایەتەکەش (پارێزگاکان) ی، دانیشتوانی کورد لە پێشەوەیە (ئەمە جگە لە پارێزگای موسڵ نەبێت کە ئەمیش هۆکاری خۆی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ خۆخزاندنی عەرەب بۆ ناوچەکە بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق). لە ( خشتەی – ٣) ئەوە دەبینرێ کە:

**( خشتەی – ٢ )**

**دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بە گوێرەی نەتەوە.**

| نەتەوە | ئاماری حکومەتی تورکی کە بەرزکرابووەوە لە لۆزان ١٩٢٣ | داتای خەملێنراو لە لایەن حکومەتی بەریتانی لەساڵی ١٩٢١ | ئاماری کۆتای ئەنجامدراو لەلایەن حکومەتی عێراقی ١٩٢٢- ١٩٢٤ |
|---|---|---|---|
| کورد وئێزیدی | ٪٥٦ | ٪٥٧,٩ | ٪٦٥ |
| عەرەب | ٪٨,٦ | ٪٢٣,٧ | ٪٢٠,٨ |
| تورکمان | ٪٢٩,٢ | ٪٨,٤ | ٪٤,٨ |
| مەسیحی | ٪٦,٢ | ٪٧,٩ | ٪٧,٧ |
| یەهود | – | ٪٢,١ | ٪١,٧ |
| سەرجەم | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |

ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە داتاکانی: عصبة الأمم، المصدر السابق، ص ٣٣.

(١) عصبة الأمم، المصدر السابق، ص ٣٣.

ژمارەو ڕێژەی کورد لە هەردوو لیوای **هەولێر و سلێمانی** قسەی لەسەر نیە لە زۆرینەی بوونی نەتەوەی کورد تێیاندا. ئەوەی تایبەتە بە لیواکانی **موسڵ و کەرکووك** وەك بەشێکی نێو ناوچەی توێژینەوە، ئەوا نەتەوەی کورد لە یەکەمیاندا بە ڕێژەی ٣٧,٣٪ [ئەم ڕێژەیە کۆکراوەی ژمارەی کورد (٨٨٠٠٠ = ٢٨,٧٥٪) و ئێزیدیەکان (٢٦٢٠٠ = ٨,٥٦٪)، چونکە لێژنەی چارەسەرکردنی ویلایەتی موسڵ ئێزیدیەکانیان بە جیا لە کورد هەژمارکردبوو، بەڵام توێژینەوەکە کۆیان دەکاتەوە[1]]، و عەرەب بە ٣٩٪ بەشدارن لە پێکهاتەی لیواکە بە جیاوازی ١,٧٪ بۆ عەرەب. لە دووەمیاندا لە کەرکووکدا نەتەوەی کورد ٤٢,٥٪ ی پێکهێناوە، بەڵام عەرەب بە جیاوازی ١٠,٥٪ کەمتر لە کورد گەیشتۆتە ٣٢٪.

کەمە نەتەوایەتیەکانی تر؛ پلەی سێیەم بۆ مەسیحیەکانە لە دوای عەرەب و کوردەوە لە موسڵ و، بۆ تورکمانەکانیشە لە کەرکووك لە دوای کورد و عەرەبەوە، واتە ئەم دوو نەتەوەیەی سەرەتا لەم دوو ناوچەیە پێچەوانەن، لە لیوای موسڵ مەسیحیەکان بە ژمارەی ڕاپۆرتەکە ١٨٪ پێکدەهێنن، کەچی تورکمانەکان بە بەراورد بە مەسیحیەکانی موسڵ لە لیوای کەرکووك زیاترن ٢٣,٤٪ ڕێژەیانە. هەرچی یەهودیەکانیشە لە زۆرترین باری بوونیاندا لە موسڵ گەیشتونەتە ٢,٥٪ کە لە هەریەکە لە هەولێر و سلێمانیش بوونیان هەبووە.

هەروەها بە پێی ژمارەکانی (خشتەی — ٣) بێت، ئەوا دانیشتوانی نەتەوەی کورد لە لیواکانی ویلایەتی موسڵ، بە شێوەی (خشتەی — ٤) دا دابەشبوون بەم شێوەیە:

لە میانەی بە چاو بینینی ئەم ژمارانە دەزانرێ کە **لیوای سلێمانی** زۆرترین دانیشتوانی نەتەوەی کوردیی بەسەردا دابەشبووە بە ڕێژەی ٣٦,٤٪ لە پێشەوەیە. لە دوای ئەویش **لیوای هەولێر** دێت بە ٣٢,٧٪ ئەمەش لەبەرئەوەیە کە هەردوو لیواکە لەوکاتەدا دووربوونە لە کرداری بە عەرەبکردن. وە هێشتا دەوڵەتی عێراقیش ویلایەتەکەی پێوە نەلکێنرابوو، هەرچی کەوتنی ڕێژەی کوردە لە لیوای کەرکووك لە نزمترنیاندایە کە ٩,١٪، وە **موسڵیش**

---

[1] المصدر نفسه، ص ٣٣.

٢١,٨٪یە کە ئەم دووانەی دوواییان تا ڕادەیەك لە سەرەتای کرداری بە عەرەبکردندا بوون (ئەگەرچی موسڵ زۆر زووتر پێش کەرکووك کەوتووە)، دەوڵەتی عێراقیش لە سەرەتای هەژموونی بە هێزکردنی عەرەبدابووە لەو ناوچانە.

**( خشتەی — ٣ )**

**ژمارەو ڕێژەی نەتەوەکان لە لیواکانی ویلایەتی موسڵ بە پێی ڕا پۆرتی ( خەملێندراوی ) لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی ( ١٩٢٤ ).**

| نەتەوە | موسڵ | | هەولێر | | کەرکووك | | سلێمانی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە٪ | ژمارە | ڕێژە٪ | ژمارە | ڕێژە٪ | ژمارە | ڕێژە٪ |
| **کورد** | ١١٤٢٠٠ | ٣٧,٣ | ١٧٠٦٥٠ | ٨٩ | ٤٧٥٠٠ | ٤٢,٥ | ١٨٩٩٠٠ | ٩٩,١٥ |
| **عەرەب** | ١١٩٥٠٠ | ٣٩ | ١١٧٠٠ | ٦,١ | ٣٥٦٥٠ | ٣٢ | ٧٥ | ٠,٠٥ |
| **تورکمان** | ٩٧٥٠ | ٣,٢ | ٢٧٨٠ | ١,٥ | ٢٦١٠٠ | ٢٣,٤ | — | — |
| **مەسیحی** | ٥٥٠٠٠ | ١٨ | ٣٩٠٠ | ٢ | ٢٤٠٠ | ٢,١ | — | — |
| **یەهودی** | ٧٥٥٠ | ٢,٥ | ٢٧٥٠ | ١,٤ | — | — | ١٥٥٠ | ٠,٨ |
| **سەرجەم** | ٣٠٦٠٠٠ | ٪١٠٠ | ١٩١٧٨٠ | ٪١٠٠ | ١١١٦٥٠ | ٪١٠٠ | ١٩١٥٢٥ | ٪١٠٠ |

ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە داتاکانی: عصبة الأمم، المصدر السابق، ص ٩٣— ٩٥.

**( خشتەی – ٤ )**

**دابەشبوونی ژمارەو ڕێژەی نەتەوەی کورد لە لیواکانی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ( ١٩٢٤ ).**

| لیوا ( پارێزگا ) | ژمارەی کورد | ڕێژەی دابەشبوونی نەتەوەی کورد ٪ |
|---|---|---|
| موسڵ | ١١٤٢٠٠ | ٢١,٨ |
| هەولێر | ١٧٠٦٥٠ | ٣٢,٧ |
| کەرکووك | ٤٧٥٠٠ | ٩,١ |
| سلێمانی | ١٨٩٩٠٠ | ٣٦,٤ |
| سەرجەم | ٥٢٢٢٥٠ | ٪١٠٠ |

ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە ( خشتەی – ٣)

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەگەرچی ڕاپۆتەکە بەرچاویەکی تا ڕادەیەکی باش دەدات بە دیاریکردنی ڕێژەی نەتەوەی کورد لە ویلایەتی موسڵ، کە لە لایەن ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئاڕاستە دەکرا، بەلاّم سەرژمێرە فەرمیەکانی ئەنجامدراو لە عێراق، یەك لەدوای یەك ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەی کورد، کەم دەکەنەوە لە ناوچە کوردستانیەکانی ئێستای دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم لەوکاتەدا. بۆ نمونە:

یەکەم سەرژمێری کە لە ساڵی ١٩٤٧ ئەنجامدراوە، ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی عێراق تێیدا زیاتر بوو لە ٣٠٪ ی کۆی دانیشتوانی عێراق، ئەم ڕێژەیە پێ بە پێ تووشی نزمبونەوەی بەردەوام بوو تا ڕێژەکە خۆی نەگەیاندە ٢٠٪ لە ساڵی ١٩٩٧. وەك بەڵگە لە (خشتەی – ٥) دا نیشاندراوە. ڕێژەی گۆڕانکاری دانیشتوانی کوردستانی عێراق لەم خشتەیەی خوارەوەدا لە نێوان یەکەم سەرژمێری ١٩٤٧ و دواهەمینیان ١٩٩٧ یەکسانە بە ١٠,٨٪ کە ئەمەش زۆر جێگای پرسیارە؟.

لە ڕاستیدا ئەم جیاوازی کەمبونەوەیەش لە باری نەتەوەیی زیاتر لە ناوچەکانی توێژینەوە زەقتر دەبێتەوە، بێگومان هەموو ئەمانەش هۆکاری سیاسی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لەگەڵ هاتنیان تیشك دەخرێتە سەر هەندێکیان و دەست نیشانیان دەکرێن.

**(خشتەی – ٥)**

**دانیشتوانی کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٤٧ – ١٩٩٧).**

| ساڵ | دانیشتوان ٪ |
|---|---|
| ١٩٤٧ | ٣٠,٤ |
| ١٩٥٧ | ٢٣,٤ |
| ١٩٧٠ | ٢٢,٩ |
| ١٩٧٧ | ٢٢,٤ |
| ١٩٨٧ | ٢١,٢ |
| ١٩٩٧ | ١٩,٦ |

**سەرچاوە:** خليل إسماعيل محمد، إقليم كوردستان العراق (دراسات في التكوين القومي للسكان)، المصدر السابق،ص ٤٧.

هەر لەو پێناوەشدا پێکهاتەی ئەتنۆگرافی ناوچەی توێژینەوە لە نێویشیدا بە دیاریکراوی پێکهاتەی نەتەوەیی دەخرێتەڕوو، وە بە خشتەی ڕاڤەکراو هۆکارەکانی شی دەکرێنەوە، هەروەها گرنگی شوێنی ئەتنۆگرافی ناوچەکە بەدیاردەخرێن. بۆ ئەو مەبەستەش سەرژمێریەکانی ساڵانی ( ١٩٤٧، ١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧) وەردەگیرێن، تا لەو ڕێگەیەوە توێژینەوەکە بگاتە ئەو ڕاستیانەی کە بوونەتە مایەی بەرزبوونەوەی نەتەوەیەك و

نزمبونەوەی ئەوانی تر. بۆ ئەمەش لە چەند خاڵێك هەڵوێستەیان لەسەر دەکرێت و بە پێی پارێزگاکان بەدوایەکدا دەهێنرێنەوە، لەوانە:


## أ:- پارێزگای نەینەوا:

شوێنی جوگرافی پارێزگای نەینەوا دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژئاوای عێراقەوە. لە بەشی باکووریدا بە دیاریکراوی پارێزگای دهۆك و دەوڵەتی سوریا هەڵکەوتووە، لە ڕۆژهەڵاتیەوە پارێزگای هەولێرە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتیدا پارێزگای کەرکووکە، لە بەشی باشووریدا هەردوو پارێزگای سەڵاحەددین و ئەنبارە، لە ڕۆژئاوایەوە دراوسێی سوریایە. شوێنی فەلەکی پارێزگاکە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی ( ١¯ : ٣٤° — ٣¯ : ٣٧°)ی باکوری گۆی زەوی، وە هێڵەکانی درێژی ( ٢¯ : ٤١° — ١¯ :٤٤°)ی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی. (نەخشەی – 12).

پارێزگای نەینەوا شوێنێکی جوگرافی زۆر گرنگی هەیە، هەر تەنها لەبەرئەوە نیە کە دادەنرێت بە بەستەرەی گەیاندنی نێوان هەندێك لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ناوەڕاست و خوارووی عێراق بە تەنها، بەڵکو بە پردێکی وابەستەکردنی عێراق دادەنرێت بە هەریەکە لە دراوسێکانی سوریا و تورکیا، هەروەها ئەم پارێزگایە بایەخی شوێنەکەی زیاتر بوو کاتێك گرنگیەکەی زیاتر بە دیارکەوت لە ڕووی بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵداریەکان، سەرباری ئەوەی کەوتۆتە سەر ناوچەیەکی نەوتی بەرهەمهێن، لە پاڵ گرنگیە ئەتنۆگرافیەکەی کە شوێنی بەیەك گەیشتنی نەتەوەکانە، نیشتیمانی تیرە و ئاینەکانە،

(نەخشەی – ١٢)

## شوێنی جوگرافی ناوچەکانی توێژینەوە بە پێی پارێزگاکان




کاری توێژەرە پشت بەست بە:

١ – حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشە سازی هەولێر، بەشی( GIS )، نەخشەی کارگێڕی دەوڵەتی عێراق. ٢ – فەرید ئەسەسەرد، سەرچاوەی پێشوو، ١٧٦.

٣ – هاشم یاسین حمد أمین حداد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩

هەروەك (قوستەنتین زریق) لەو بارەیەوە دەڵێت: "خوا لەسەر زەویەكەی تێكەڵەیەك لەگەڵ و گرۆهەكانی كۆكردەوە، كە نمونەی دەست ناكەوێت لە هەر شوێنێكی تری سەر زەوی"(١).

لە ڕووی ئەتنۆگرافیەوە شوێنی پارێزگای نەینەوا زیاتر لە پارێزگاكانی تری باكوور ئاڵۆزترە، لە ڕاستیدا خۆی هەر لە مۆزەخانەیەك دەچێت. لەم پارێزگایەدا لە پاڵ یەك هەموو ئەو كۆمەڵە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیانە دەژین، كە لە دەوڵەتی عێراقدا خۆیان دەنوێنن. ئەوانیش كۆمەڵە (نەتەوەییەكانی "كوردی و عەرەبی و سریانی و توركمانین". ئەم كۆمەڵانە بە شێوەیەك بە یەكداچوون كە دیاریكردنی ناوچەكانی تایبەت پێیان كارێكی ئاسان نی یە(٢).

شوێنی جوگرافی ناوچە كوردستانیەكانی پارێزگای نەینەوا سێ لای پارێزگاكەیان گرتووە و لە بەشەكانی ڕۆژهەڵات و باكوور و ڕۆژئاواكەی هەڵكەوتوون، هەربۆیە نەتەوەیی كورد لەو بەشانەیدا نیشتەجێن. هەمیشە هەوڵی كەمكردنەوەیان دراوە لە لایەن حكومەتەكانی عێراقی لەو سەرژمێریانەی ئەنجامی داون. ئەمەش لە پێناو دەستگرتن بەسەر سەرجەمی شوێنی جوگرافی پارێزگاكە، تاوەكو دەستی نەتەوەی عەرەب بگاتە هەرسێ ئەو ئاڕاستانەی كە ئاماژەیان پێكرا.

دەرخستەی باری ئەتنۆگرافی پارێزگای نەینەوا، لە سەرژمێریە ئەنجامدراوەكان بەرچاو دەكەوێت، ئەگەرچی نا ڕوونیەكی زۆریان تێدا بەدی دەكرێ دەربارەی باری نەتەوەیی كورد لە ناوچە كوردستانیەكانی پارێزگاكە، بەڵام چاری دەستكەوتنی زانیاریەكان، تەنها لەوانەوە ترووسكای دەگرێ، هەربۆیە بە پشت بەستن بەو سەرژمێریانەوە دەرخەری ڕووی نەتەوەیی پارێزگاكە پیشان دەدرێت.

(١) نقلا عن :- خليل إسماعيل محمد، الوجود الكردي في محافظة نينوى يعتمد على البعد التاريخي المتأصل، جريدة الإتحاد يومية سياسية، ٢٠٠٥، من الموقع الإلكتروني:
.http://www.alitthad.com/paper.php?name=News&file=article&sid=

(٢) شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص ١٤١ – ١٤٣.

بە سەرنجدان لە (خشتەی – 6 ) دا، دەردەکەوێت کە نەتەوەی کورد لە پارێزگای نەینەوادا کەمی کردووە و لە بەرامبەردا عەرەب زیادی کردووە، کاتێك بەراوردی ئەم ڕێژانەی خشتەی لاپەرەکە دەکەین ئەوا دەبینرێ: کە پێکهاتەی **کورد** لە نێوان سەرژمێری یەکەم ١٩٤٧ بۆ سەرژمێری دوایی ١٩٧٧ لە پارێزگای نەینەوا بە ڕێژەی ٢٢,١٪ لە کەمی داوە لە ماوەی ٣٠ ساڵدا . بەڵام **عەرەب** بە پێچەوانەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ بۆ ١٩٧٧ لە ماوەی ٢٠ ساڵدا ٢٩,٣٪ بەرەو زیادبوون چووە!. ڕێژەی **تورکمان** بە **هە**مان شێوەی کورد دابەزیووە. ڕێژەی **ئەوانیتر** کە زیاتر خۆی لە کلدۆ ئاشوریەکان دەبینێتەوە لە ٩٪ بەرزبۆتەوە بۆ ١٢,٢٪ لە کۆتایشدا بە ٠,٤٪ گەیەنراوە.

**( خشتەی – ٦ )**

**پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بە پێی سەرژمێریەکانی ساڵانی ( ١٩٤٧ – ١٩٧٧ ) لە لەسەر ئاستی پارێزگای نەینەوا**

| سەرژمێری | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|---|
| نـــەتـــەوە | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ |
| کـــــورد | ٣٥,٤ | ٣٠,١ | ٢٥,١ | ١٣,٣ |
| عـــەرەب | – | ٥٦،١ | ٥٨,٧ | ٨٥,٤ |
| تــورکمان | – | ٤,٨ | ٤ | ٠,٩ |
| ئەوانـیتر | – | ٩,٠ | ١٢,٢ | ٠,٤ |
| سەرجەم | ٣٥,٤ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |

ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی:

١– أحمد فوزي، قاسم و الأكراد، خناجر و جبال، بدون مكان الطبع، بيروت، ١٩٦١، ص ٣٥.

٢- محمود الدرة، القضية الكردية، الطبعة الثانية، منشورات دار الطليعة، بيروت، نيسان ١٩٦٦، ص ٢٢٥.

٣- شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص ١٢٩ - ١٢١.

٤- فەیسەڵ دەباغ، کوردو کەمەنەتەوایەتیەکان لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، بەشی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٣، ل ١٨.

لەسەر ئاستی هەندێك مەڵبەندی قەزاو ناحیەکانی پارێزگای نەینەوا (خشتە - ٧)، پێکهاتەی نەتەوەیی بەم ڕەنگەیە: ڕێژەی سەرجەم نەتەوەکان (جگە لە عەرەب نەبێت) لە گشت ژمارەکانی دەرخراو نزمبونەوەی بە خۆیەوە بینیووە، بە یەك بەدوای یەکداهاتنی سەرژمێریەکان، لە بەرامبەردا عەرەب زیادیکردووە ڕێژەی کەمکردنەوەی ئەوانی تری تەواوکردووە بەم شێوەیە:

- **مەڵبەندی قەزای قەرەقۆش:** کورد لە ساڵی ١٩٤٧و ١٩٥٧ کە ٤٥٪ی ئەو ناوەندەی پێکدەهێنا کەمکراوەتەوە بۆ ١٠٪ ی ١٩٦٥ و ٠,٢٪ ی ١٩٧٧ واتە لەو دوو ماوەی یەکەم و کۆتای ٤٤,٨٪ گۆڕانکاری ڕێژەیی بەسەرداهاتووە، کەچی عەرەب لە دوا سەرژمێری ئاماژەپێکراو لە هەمان شوێنی ناوبراو گەیەنراوەتە ٩٩,٧٪.

- لە **ناحیەی ئەلکێش** ئەگەرچی کورد کەمکراوەتەوە، بە هەمان شێوە کلدۆئاشوریەکانیش لە نێوان دوانزە ساڵی سەرژمێری ١٩٦٥ بۆ ١٩٧٧ لە ١٢,٥٪ بۆ ڕێژەیەکی هیچ بۆ نەماوەی نێو سەرژمێریەکە پاکتاوکراوە.

- **مەڵبەندی قەزای شێخان:** کورد لە سەرژمێری ١٩٦٥ بریتی بوون لە ٧٦٪ بەڵام نزمکراوەتەوە بۆ ٧,٢٪ی ساڵی ١٩٧٧ بە جیاوازی ٦٨,٨٪ ، کەچی عەرەب لە هەمان مەڵبەند ٧٨٪ زیادی بۆکراوە لە نێوان ئەو دوو سەرژمێریە، کە ئەمە گومانی تێدا نیە ڕێژەی کورد بۆ عەرەب هەژمارکراوە.

- **قەزای تەلەعفەر:** بە ناوچەیەك ناسراوە کە دانیشتوانی تورکمان تێیدا بەرزە، لە مەڵبەندەکەیدا لەو دوو دوا سەرژمێریەی نوسراو، لە ٦٩٪ بۆ ١,٥٪ دابەزیووە بە جیاوازی

٦٧٪ ! لە ماوەی (١٢ ساڵ)دا، کە ئەمە زۆر بە ڕوونی دەبێ ئاشکرابکرێت کە ناگونجێت لەگەڵ واقیعی ئەو نەتەوەیە لەو قەزایەدا، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە لە سەرژمێریەکان و بە تایبەتیش لە سەرژمێری ١٩٦٥ دەستێکی گەورەی شێواندنی ڕووخساری نەتەویی بوونی هەبووە.

– **مەڵبەندی قەزای شەنگالیش**: کورد لە هەموو سەرژمێریەکان یەك لە دوای کورتی هێناوە، کە ئەوە ڕوونە ئەم قەزایە بە یەك لە شوێنە سەرەکیەکانی نیشتەجێبوونی دانیشتوانی کوردانی ئێزیدی دادەنرێت. لە ماوەی بیست ساڵی سەرژمێری ١٩٥٧ و سەرژمێری ١٩٧٧ لە ٧٠٪ بۆ ٩,٥٪ دابەزیووە، ئەوەی جێگای پرسیارە چۆن دەکرێت نەتەوەیەك لە ماوەیەکی ئاوا کورتدا کە هیچ دیاردەیەکی سروشتی لە ناوچەکەیدا ڕووی نەدابێت لە سەدا ٦٠,٥٪ گۆڕانکاری کەمبونەوەی بەسەرداهاتبێت؟!. وە لە **ناحیەی سنونی** قەزای شەنگالیش، ژمارەکە زۆر لەوەی پێشوو سەرنج ڕاکێشترە، ٩٠٪ی کوردی ناوچەکە بۆ ٠,٩٣٪ نزمکراوەتەوە بە جیاوازی ٨٩,٠٧٪ لە ماوەی سەرژمێری یەکەم و دوای وەرگیراو. کەچی نەتەوەی عەرەب لە ١٤٪ی ١٩٦٥ بووەتە ٩٨,٨٣٪ ی ساڵی ١٩٧٧ بە جیاوازی ٨٤,٨٣٪.

کۆی ئەو داتایانەی سەرەوە، توێژینەوەکە دەگەینێتە ئەوەی کە هەمەڕەنگی نەتەوەیی لە پارێزگای نەینەوادا بەدی دەکرێت، ئەم دیاردەیەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە مێژوویی و سیاسیەی کە ناوچەکە پێیدا گووزەری کردووە، وە هۆکاری شوێنی جوگرافی ڕۆڵی تایبەتی هەبووە لە دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەکە. هەرچەندە دەبێ ئەو ڕاستیە بخەینەڕوو کە لەگەڵ ئەوەی شوێنی جوگرافی پارێزگاکە و تایبەتمەندییە ئابووری و ئەتنۆگرافیەکەی گرنگن، بەڵام حکومەتەکانی عێراقی لەماوەی سەدەی پێشوو هەوڵی جێبەجێکردنی پلانی گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ناوچەکەیان داوە لە بەرژەوەندی دانیشتوانی عەرەب لە دیارترین دیاردەکانی گۆڕینی سیمای ئەتنۆگرافی ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوا بریتین لە:

١ – تەوەرەی جەزیرە (موسڵ) یەکێکە لە تەوەرەکانی بە عەرەبکردن: کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە هەتاوەکو سنووری عێراقی – سووری، ئەمەش بە پلان بە ئەنجام گەیشت. لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ویلایەتی موسڵ پێیەوە، دەوڵەتەکە زۆر پڕۆژەی نەخشە بۆ دارێژراوی بە خۆیەوە بینی، دیارترین ئەم پڕۆژانەش، پڕۆژەی جەزیرە بوو کە بەشداری لە بونیاتنانی سەدان گوندو کۆمەڵگای دانیشتوانی عەرەبی کرد، بە تایبەتی هۆزەکانی (شەممەر) کە لە ناوچەکەدا جێگیرکران. لە ژێر سایەی ئەم پڕۆژەیە هەزاران لەدانیشتوانی بیابانیان لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥ – ١٩٥٨) نیشتەجێکرد بە تایبەتی لە سێکوچکەی "تەلەعفەر –شەنگاڵ – حەزەر". ئەم کردەی نیشتەجێکردنە لە شەستەکاندا لە ناوچەی جەزیرە بەرفراوان بوو، ئەنجامی ئەم کارەش گوندێکی نمونەیەی بوو بە ناوی (ڕەبیعە) و ئەوەندەی نەبرد بوو بە مەڵبەندی ناحیەی ڕەبیعەی سەر بە قەزای تەلەعفەر[1].

[1] خەلیل ئیسماعیل مەحەمەد، ئاڕاستەکانی نیشتەجێکردنی عەرەب لە پارێزگای نەینەواو کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢١)، ساڵی پێنجەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، پایزی ٢٠٠١، ل ٥٤ – ٥٥.

**(خشتەی – ٧)**

**پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بە پێی سەرژمێریەکانی ساڵانی (١٩٤٧ – ١٩٧٧) لە هەندێك مەڵبەندی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای نەینەوا**

| سەرژمێری | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | | | | | ١٩٧٧ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەتەوە / یەکە | % کورد | % کورد | % کورد | % عەرەب | % تورکمان | % کلدۆ ئاشوری | % ئەوانیتر | % کورد | % عەرەب | % تورکمان | % کلدۆ ئاشوری | % ئەوانیتر |
| م.ق. قەرەقۆش | ٤٥ | ٤٥ | ١٠ | ٧٣,٣ | ١,٧ | ٠,٥ | ١٤,٥ | ٠,٢ | ٩٩,٧ | – | – | ٠,١ |
| م.ق. تلکێف | ٥ | ٥ | ٣,٣ | ٧٦,٨ | ٠,١ | ٣,٩ | ١٥,٩ | ١,٤ | ٩٥,٤ | – | ٣,١ | ٠,١ |
| ن. ئەلکێش | ٣٠ | ٣٠ | ٥٩,٧ | ٢٧,٧ | ٠,١ | ١٢,٥ | – | ٣,٢ | ٩٥ | ١,٢ | – | ٠,٦ |
| م.ق. شێخان | ٦٠ | ٦٠ | ٧٦ | ١٣,٨ | ٢ | ٣,٩ | ٤,٣ | ٧,٢ | ٩١,٨ | ٠,٤ | – | ٠,٦ |
| ن. ئەتریش | – | – | ٧٠,٨ | ٢٨,٦ | – | – | ٠,٦ | ٦٤ | ٣٥ | ٠,٤ | – | ٠,٦ |
| ن. قەسرۆك | – | – | | | | | | ٧٢,٧ | ٢٦,٣ | – | – | ١ |
| م.ق. تەلەعفەر | ١٥ | ١٥ | ٢,٤ | ٢٦,٧ | ٦٩ | ٠,١ | ١,٨ | ٠,٧ | ٩٧,٦ | ١,٥ | ٠,١ | ٠,١ |
| ن. زومار | ٣٠ | ٣٠ | ٤٢,٥ | ٥٦,٨ | ٠,٠٢٤ | – | ٠,٦٧٦ | ٤,٩١ | **٩٤,٧٥** | ٠,٠٢ | – | ٠,٣٢ |
| م.ق. شەنگاڵ | ٧٠ | ٧٠ | ٥٧,٣ | ٤٦,٦ | ٠,٦ | ٠,٥ | – | ٩,٥ | ٨٩,٥ | ٠,٦ | ٠,١ | ٠,٣ |
| ن. سنونی | ٩٠ | ٩٠ | ٨٥,١ | ١٤ | ٠,٥ | ٠,١ | ٠,٣ | ٠,٩٣ | **٩٨,٨٣** | ٠,١٧ | ٠,٠٠٢ | ٠,٠٦٨ |

ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی (خشتەی – ٦).

٢ – ئەنجامدانی چەندین گۆڕانکاری لە سنووری ئیداری پارێزگاکە، کە ئامانجی تەواوکردنی پرۆسەی بە عەرەبکردنی لە دواوە بووە، لەوانە[١]:

أ – فراوانکردنی پێکهاتەی ئیداری پارێزگای نەینەوا: لەم بوارەدا چەند قەزایەکی داهێنا وەك قەزاکانی "حەزەر و شەرگات و حەمدانیە و بەعاج" کە هەریەکێکیان چەند ناحیەیەکی بۆ دیاریکراو لە هەمووشیان عەرەب نیشتەجێکرا. (ئەم ناوچانەش لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێشوو بە عەرەبکراون).

ب – قرتاندنی هەندێ قەزا لە پارێزگاکەو لکاندنی بە پارێزگای ترەوە کە زۆربەی یان هەموویان کورد بوون، بۆ نموونە قەزای زێبار لە پارێزگای نەینەوا سەنرایەوە و خرایە سەر پارێزگای هەولێر، جیاکردنەوەی قەزاکانی دهۆك و زاخۆو ئامێدی و پێکهێنانی پارێزگای دهۆك لە ساڵی ١٩٦٩، کە ئەمەش لە دیارترین ئاماژەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن بوو، بووە هۆی زیادبوونی عەرەب لە پارێزگای نەینەوا.

ج – هەڵوەشانەوەی گوندە کوردیەکان لە ژێر ناوی "ستراتیژیەتی پەرەپێدانی لادێیی" بە تایبەت گوندە سنوورییەکان، ئەوانەی کە شوێنێکی ستراتیژیان هەیە، بە کۆمەڵگاکردنی دانیشتوانەکەی بۆ ئەوەی بتوانرێ چاودێرییان بەسەرەوە بکرێت، ئەمەش دوور لە شوێنە ڕەسەنەکانیان[٢].

٣– بەنداوی موسڵ نزیکەی بە (٥٠ کم) دووری کەوتۆتە باکووری شاری موسڵ لەسەر ڕێڕەوی ڕووباری دیجلە و لە ساڵی ١٩٨٣ دروستکراوە، بە گەورەترین بەنداوی عێراق دادەنرێت. ئەم بەنداوە ڕۆڵێکی کاریگەری باشی نەگێڕاوە بۆ ناوچە کوردیەکان، بەڵکو هۆکاری پێ چۆڵکردن و ڕاگواستن و بە ئاو داپۆشینی زۆربەی گوندە کورد نشینەکان بووە لە ڕووبەری ئەو پانتاییەی کە بەنداوەکە لەخۆیەوە گرتووە، لەم بارەیەوە ئامارەکان لە

---

[١] ڕزگار سەعید پشدەری، تەورەکانی تەعریب و ڕاگواستن لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٦٣)، ساڵی هەژدەهەم، سلێمانی، تشرینی دووەم، ٢٠١٠، ل ٨٤.

[٢] خليل اسماعيل محمد، دهوك – نينوى (دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص ٤ – ٢٤.

نێوان ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٨٨) ئاماژە بە لەناوبردنی (٣٤١ گوند)ی کوردی دەکەن، ئەمەش سەرخستنی کەمبوونەوەی خەڵك و خاکی کوردە لە پارێزگای نەینەوا[(١)].

٤– ژمارەی کورد لە قەزاکانی "شێخان و شەنگاڵ و موسڵ" لە سەرژمێریەکان لە کەمی داوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بە عەرەب ناونووسکردنی کوردە ئێزیدیەکانی شەنگاڵ و شێخان، هەروەها گەرگەری و شەبەك و تورکمانەکانی تەلەعفەر.. . ئەمە سەرباری نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچەکە[(٢)].

٥– زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی سنووری ئەم پارێزگایە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن کەوتوون، چونکە زۆربەی شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی لە ناوچە گرنگەکانی تەوەرە ستراتیژیەکانن. بۆ نمونە لە دوای ساڵی ١٩٧٥ەوە هەموو ناوچەی زوممماری سەر بە قەزای تەلەعفەر کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگوێزران و بە عەرەبکردن و چەندین هۆزی عەرەبی بۆ هێنران لەوانە: شەممەر، جبور، شەرابی، معامرە، جحێش ......[(٣)].

٦– یاسای بەناو "ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی"، ئەم یاسایە لە چوارچێوەی ئەم بە جێگەیاندنانە بوو کە دەسەڵاتدارانی عێراقی وەریانگرتبوو، بە ئامانجی زاڵبوونی ڕەگەزی عەرەبی لە ناوچەکانی زۆرینەی کوردی، ئەمەش لە کۆی ئەو یاساو ڕێسایانە بوون کە دەردەچوون لە باڵاترینی سەرکردایەتی دەوڵەت. ئەم یاسایەش خۆی دەنواند لە (داواکاری) ی هاونیشتیمانیانی نا عەرەب بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییان بۆ عەرەب، هەتاوەکو کارەکە گەیشت بە (پێوە پابەندبوونی فەرمانبەران و کرێکاران)[(٤)]، کە وایکرد هەندێك

---

(١) خەلیل ئیسماعیل مەحەمەد، ئاڕاستەکانی نیشتەجێکردنی عەرەب لە پارێزگای نەینەواو کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

(٢) فەیسەڵ دەباغ، کورد و کەمە نەتەوایەتیەکان لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، بەشی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل ١٣.

(٣) ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٦٠.

(٤) خليل اسماعيل محمد و آخرون، سياسة التعريب في إقليم كردستان العراق (دراسة وثائقية)، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٤، ص ٢١– ٢٢.

لەوان لە ترسی دەرکردن و نانبڕین لە کارەکانیان خۆیان لە نەتەوەی کورد و تورکمان بگۆڕن بۆ عەرەب.

٧- بە خاوەنداریکردنی زەوی و زاری دانیشتوانانی ناعەرەب بۆ عەرەبانی هاوردە، وە دەست بەسەرداگرتنیان، کە ئەمەش بە رێککخراو و بە نوسراو لە بەڵگەنامە فەرمیەکاندا هاتووە، بە تایبەتی دوای راپەڕین و دوای ڕوخانی ڕژێم دەست کەوتوون و لە سەرچاوەکانی بەعەرەبکردن ئاماژەیان پێکراوە کە تەنها تایبەت نیە بە پارێزگای نەینەوا و بەس، بەڵکو گشت شوێنەکانی توێژینەوە، بە پارێزگا و قەزاو ناحیەکانی تێی کەوتوون[١].

ئەمانەش هەندێك لەو خاڵانەن کە وایانکرد سیمای ئەتنۆگرافی ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوا وەك خۆی نەمێنێت.

## ب :- پارێزگای کەرکووک :

پارێزگای کەرکوك هاوسنووری چەند پارێزگایەکی گرنگی عێراق و هەرێمی کوردستانە، دەکەوێتە بەشی ناوەڕاست لە باشووری کوردستانی عێراق و ناوەڕاستی لاکێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. لە بەشی باکووریدا بە دیاریکراوی پارێزگای هەولێرە، لە ڕۆژهەڵاتیدا پارێزگای سلێمانیە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتیدا پارێزگای دیالەیە، لە ڕۆژئاواو و باشووری ڕۆژئاوایەوە پارێزگای سەڵاحەددینە. شوێنی فەلەکی پارێزگاکە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی ( ١¯ : ٣٤° — ٣¯ : ٣٧°)ی باکوری گۆی زەوی، وە هێڵەکانی درێژی ( ٢¯ : ٤١° — ١¯ :٤٤°)ی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی. (نەخشەی — ١٣).

بنچینەی سروشتی کەرکوك دەوەستێە سەر چەند ڕەگەزێکی سروشتی لە دیارترینیان "شوێنە"، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە سەرە ڕێگەی شەپۆڵە بازرگانی و کۆمەڵایەتی و شارستانیەکان، کە وای کردووە توانای کاریگەری سیاسی و ئابووری و سەربازی هەبێت لە

[١] بۆ زانیاری زیاتر: غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١١٩ — ٢١٤. ( نمونەیەکە لە بەڵگەنامەکان).

کاتە جیاوازەکان لەسەر ناوچەکانی تر. گرنگی شوێنی کەرکووك لەوەدایە کە دوورە لە شوێنی دەوڵەتانی دراوسێ[1]. لەرێگەی هێڵەکانی سنووری، چونکە هەمیشە سنوور کاریگەر دەبێت بە کێشەکانی بەرگریکردن و هێرشبردن و ناوەندەکانی ستراتیژی و پەیوەندیە ئابووریەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ. کەرکووك رێگایەکی گرنگی بازرگانی تێپەڕیوو بووە لە هەموو لایەك لە نێوان ئێران لە رۆژهەڵات و ئەنادۆڵ لە باکوور و جەزیرە و وڵاتی سوریا و دەریای ناوەڕاست لە رۆژئاوا. لە کۆنیشدا کەوتبووە سەرە (رێگەی ئاوریشمی) درێژبووەوە لە چین بۆ کەنارەکانی ئەورووپا. پاشان کەوتە سەرە رێگەی سوڵتانی کە میسۆپۆتامیای بە سوریا و ئەنادۆڵ دەبەستەوە[2].

هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی کەرکووك وای کردووە لە رووی ستراتیژیەوە بایەخەکەی دەربکەوێت، سنوورە جوگرافیەکەی هێڵێکی بەرکەوتە پێك دەهێنێت بۆ باشووری رۆژئاوای کوردستان، زنجیرە چیاکانی حەمرینیش کۆتایی ئەم سنوورە سروشتیەی جوگرافیای کەرکوکە، لەبەرئەوە بە شێوەیەکی گشتی هێڵێکی بەرگری گونجاو پێکدەهێنێت بۆ زەویەکانی کوردستان[3].

هەنووکە پارێزگای کەرکووك یەکێکە لە پارێزگا گەورە و گرنگەکانی کوردستانی عێراق، بە درێژایی مێژوو رۆڵی لە رووداوەکانی ناوچەکەدا بینیووە، لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی دەستکردا بایەخی زیاتر بوو، لەبەرئەوەی لەو ماوەیەدا نەوتی تیادا دۆزرایەوە،

---

(1) آيدن آقصو، كركوك و أهميتها الجيبولتكية، بغداد، من الموقع الإلكتروني:
http://www.mesopot.com/old/adad

(2) المصدر نفسه.

(3) فوئاد حەمە خورشید، کەرکووك لە بەڵگەنامەکاندا، وەرگێرانی: نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٢٩ – ١٣٠.

ئەوەش وایکرد حکومەتەکانی عێراقی یەك لەدوای یەك هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی و سنووری جوگرافی یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگاکە بدەن، لە بەرژەوەندی عەرەبدا[1].

لە ڕووی ئەتنۆگرافیەوە پارێزگای کەرکوك دابەش دەبێت بەسەر چەند کۆمەڵەیەکی ئەتنۆلۆجی، سەرەکیەکانیان ئەمانەن: کۆمەڵەی "کوردی و عەرەبی تورکمانی ". کۆمەڵەی کوردی زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێك دەهێنێت، لە بەشەکانی چیایی و ناوچە بەرزەکانی پارێزگایەکە نیشتەجێن. کۆمەڵەی عەرەبی ژمارەیان زیاد دەبێت لە ناوچە دەشتاییەکانی پارێزگاکە، واتە لەو دەشتە فراوانەی کە درێژبووەتەوە لە بەشەکانی باشوورو ڕۆژئاوای پارێزگاکە. بەڵام کۆمەڵەی تورکمانی لە پارێزگای کەرکوك نیشتەجێن و بە گرنگترین ناوچەی ئەم کۆمەڵەیە دادەنرێت[2].

جیاوازی پێکهاتەی ئەتنۆگرافی پارێزگای کەرکوك و هەمەڕەنگی پێکهاتەی نەتەوەیی بە تایبەتی، هۆکاری مێژوویی خۆی هەیە، بەڵام دەستکاریکردنی ئەم هەمەڕەنگیە بە پیلان هۆکاری سیاسی لە دواوەیە، کە لە دوای خستنەڕووی ئاماری وەرگیراوی توێژینەوەکە تیشکیان دەخرێتە سەر، بۆ ئەو مەبەستە بە پێی (خشتەی – ٨) کە نمونەیەکی دەرخراوەی ڕەنگەکانی پارێزگایەکەیە، تیایدا دەردەکەوێت:

ڕێژەی نەتەوەکانی پارێزگاکە لە ماوەی سەرژمێریەکانی ڕابردوو، ئەوە دێنێتە بەرچاو کە قورسایی ڕێژەی عەرەب زیادبووە لە سەر "ژمێرەی" نەتەوەکانی کورد و تورکمان و تەنانەت ئەوانیتریش، **کورد** لە ساڵی ١٩٤٧ تا ١٩٧٧ لە ٥٢,٦٪ دابەزیووە و بووە بە ٣٧,٦٪ بە جیاوازی ١٥٪ ئەم ڕێژەیە کەم نیە بۆ نەتەوەیەك کە خۆ بە خاوەندانی ڕەسەنایەیەتی ناوچەی کەرکوك دەزانێت. لە کاتێکدا **عەرەبی** هێنراو بە گەڕانەوە بۆ

---

[1] فاتیح عەبدوڵا شوانی، پارێزگای کەرکوك لە ساڵی ١٩٥٧– ١٩٧٧ (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – سیاسی بەراودکارییە لە ڕووی‌شێواندنی سنووری جوگرافی و کارگێڕی و باری نەتەوەییەوە)، چاپخانەی ڕامان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٧.

[2] شاکر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص ١٥٢.

ڕابردووی سەدەیەك لەمەوبەر بوونیان نەبووە لەو ناوچەیە، کەچی سەیر دەکرێت لە ١٩٥٧ کە ٢٨,٢٪ بوون، دواتر لە ١٩٧٧ گەیشتونەتە ٤٤,٤٪ی پارێزگاکە. وە **تورکمانەکان** لە ساڵی ١٩٥٧ کە ٢١,٤٪ پارێزگای کەرکووك بوونە بەڵام دواتر لە ١٩٦٥ بۆ ١٩,٥٪، وە لە ١٩٧٧ بۆ ١٦,٣٪ دابەزیون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو بەرنامەیەی بە پلان و بە پیلان بەرامبەر بە کورد جێبەجێکراوە تورکمانەکانیشی لێ بێبەش نەکراوە. هەرچی ئەوانیتر سەرەڕای کەمینەیی یان کەمیش کراونەتەوە ئەوەتا لە سەرژمێری ١٩٦٥ دەگەیشتنە ٥,٤٪ بەڵام بە تەواوی دابەزێنراون بۆ ١,٧٪ لە ١٩٧٧، واتە ئەوانیش وەکو کوردو تورکمان دوچاری هەمان کرداری بە عەرەبکردن بوونەتەوە بە شێوازی جۆراوجۆر.

**( خشتەی – ٨ )**

**پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگای کەرکووك بە پێی سەرژمێریەکانی ساڵانی ( ١٩٤٧ – ١٩٧٧ ).**

| سەرژمێری | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|---|
| نەتەوە | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ |
| کورد | ٥٢,٦ | ٤٨,٢ | ٣٦,١ | ٣٧,٦ |
| عەرەب | – | ٢٨,٢ | ٣٩ | ٤٤,٤ |
| تورکمان | – | ٢١,٤ | ١٩,٥ | ١٦,٣ |
| ئەوانیتر | – | ٢,٢ | ٥,٤ | ١,٧ |
| سەرجەم | – | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |

ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی (خشتەی – ٦).

بە درێژایی مێژوویی دامەزراندنی وڵاتی عێراق نەتەوەی عەرەب زیادی پێکراوەو، نەتەوەکانیتریان بەرەو کەم بوونەوە بردووە بەتایەتیش کورد (خشتەی – ٩) بۆ نمونە:

– **مەڵبەندی قەزای کەرکوك:** کورد وەك نەتەوەی ڕەسەنی شارەکە تاوەکو سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ گەیەنراوەتە ٣٨,٣٪، بەڵام عەرەب پێ بە پێی ئەو ماوەیە زیادکراوە تاوەکو لە هەمان ماوەی ناوبراودا گەیشتۆتە ٣٨,٥٪زیاتر لە کورد.

– **ناحیەی داقوقیش:** کورد لە ١٩٤٧ کە ٦٠٪ی ناحیەکەی پێکدەهێنا کەچی بە جیاوازی ٢٣,٧٪ لە ساڵی ١٩٧٧ بووەتە ٣٦,٣٪ کە ئەمە بێگومان نەخشە بۆ داڕێژراوە بووە.

– **ناحیەی تازە خورماتوو:** سەر بە قەزاکە لە نێوان هەردوو سەرژمێری ساڵانی (١٩٦٥ – ١٩٧٧) کوردو تورکمان ڕێژەیان دابەزێنراوە یەکەمیان ١٤,٩٥٪ بۆ ٠,٤٤٪ و ئەویتریان لە ٤٣,٣٪ بۆ ٣٢,٠٢٪ کەمکراوە، واتە کورد بە پۆینت ڕێژەکەی بۆ ماوەتەوە بەڵام تورکمان ١٢,٢٨٪ گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.

– **قەزای حەویجە** کە مەبەست لە دروستکردنیدا هەبوو، هەربۆیە لە مەڵبەند و ناحیەکانی ڕێژەی عەرەب لە لوتکەدایە.

– **مەڵبەندی قەزای دوزخورماتوو:** لە کاتێکدا کورد لە ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ ڕێژەکەی ٤٠٪ بووە کەچی لە ١٩٦٥ بووەتە ١٧,٤٪ و، وە لە ١٩٧٧یش بووەتە ٣٤,٢٪ ئەمەش دەرخستەی ئەوەیە کە سەرژمێری ١٩٦٥ نا دروستیەکی زۆری پێوە دیارە نەك تەنها لەم ژمارەیە، چونکە حکومەتی عێراق سەرەڕای بە عەرەبکردن تا بۆی بلوابایە ڕێژەی کوردی زۆر کەمتر لە خۆی نیشاندەدا، کەچی ڕێژەی دواتری ئەو سەرژمێریە بەرزترە، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە نێوان سەرژمێری یەکەم و کۆتای ٥,٨٪ دابەزیو.

– **ناحیەی شێروانە:** سەر بە قەزای کفریە ڕێژەی عەرەب لە ١٩٦٥ بە ٤٠,٨٪ پیشاندراوە، کەچی ١٩٧٧ دەرخراوە بە ٥,١٪، ئەمەش بێگومان نیشانی پرسیاری زۆر لەسەر ئەو سەرژمێریانە دروست دەکات؟!، چونکە کاتێك بە چاو گەڕانەوەیەك بکرێت بۆ سەرژمێریەکانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ دا دەردەکەوێت ناحیەی شێروانە ٩٠٪ بۆ ٩٥٪ ی لەڕاستیدا کورد پێکیهێناوە واتە ناحیەکە هەر خۆی ناحیەیەکی تەواو کوردی بووە.

**( خشتەی – ٩ )**

**پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بە پێی سەرژمێریەکانی ساڵانی ( ١٩٤٧ – ١٩٧٧ ) لە هەندێك مەڵبەندی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای کەرکوك**

| سەرژمێری | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | | | | | ١٩٧٧ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەتەوە / یەکە | ٪ کورد | ٪ کورد | ٪ کورد | ٪ عەرەب | ٪ تورکمان | ٪ کلدو ئاشوری | ٪ ئەوانیتر | ٪ کورد | ٪ عەرەب | ٪ تورکمان | ٪ کلدو ئاشوری | ٪ ئەوانیتر |
| م.ق. کەرکوك | ٣٠ | ٤٠,٢ | ٣٨,٥ | ٢٢ | ٢٩,٢ | ٥,٣ | ٥ | ٣٨,٣ | ٣٨,٥ | ٢١ | ١,٤ | ٠,٨ |
| ن. داقوق | ٦٠ | ٦٠ | ٤٧ | ٣٨,١ | ١١,٣ | ٠,٠٣ | ٣,٥٧ | ٣٦,٣ | ٥١,٧ | ١١,٣ | ٠,٠٣ | ٠,٦٧ |
| ن. تازە خورماتوو | – | – | **١٤,٩٥** | ٤٠,٠٩ | ٤٣,٣ | ٠,٠٦ | ١,٦ | ٠,٤٤ | **٦٦,٩٥** | ٣٢,٠٢ | ٠,٠١ | ٠,٥٨ |
| م.ق. حەویجە | ٥ | ٥ | ٢١ | ٧٢,٨ | ٢,٤ | – | ٣,٨ | ٧,١٤ | ٩١,٦٧ | ٠,٨٩ | ٠,٠١ | ٠,٢٩ |
| ن. ڕیاز | – | – | ٢,٥ | ٩٦,٧ | ٠,٢ | – | ٠,٦ | ١,٤ | ٩٧,٣ | ١,١ | – | ٠,٢ |
| م.ق.دوز خورماتوو | ٤٠ | ٤٠ | ١٧,٤ | ٤١,٢ | ٤٠,٥ | ٠,٠٣ | ٠,٨٧ | ٣٤,٢ | ٢٦,٢ | ٣٩,٥ | ٠,٠١ | ٠,٠٩ |
| م.ق. کفری | ٧٠ | ٦٠ | ٦٤,٣ | ٨,٧ | ١٧,٦ | – | ٩,٤ | **٦٩,٢١** | **١١,٢٤** | **١٨,٢٤** | ٠,٠٥ | ١,٢٦ |
| ن. شێروانە | ٩٥ | ٩٠ | ٥٥,٤ | ٤٠,٨ | ٠,٠٣ | ٠,٠٣ | ٣,٧٤ | ٩٣,٣ | ٥,١ | ٠,٢ | – | ١,٤ |

**ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی (خشتەی – ٦).**

لە میانەی ئەو زیادبوونەی ڕێژەی عەرەب و، شێواندنەی سیمای ئەتنۆگرافی و بنچینەیی پارێزگای کەرکوك، دەکرێ دەست نیشانی هەندێك خاڵ بکرێت وەك ئەو هۆکارانەی ڕۆڵیان هەبووە لەم شێواندنەدا، لەوانە:

١ – لە ڕووی کارگێڕیەوە؛ ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی، هەوڵی زۆریانداوە بۆ شێواندنی سنووری کارگێڕی پارێزگای کەرکوك و تەسککردنەوەی سنوورەکەی، بۆ ئەوەی یەکەکانی کەم بکەنەوە، بەوەش ژمارەی دانیشتوانی کوردی ڕوو لە دابەزین بکەن. لەم پێناوەشدا کەوتنە پارچە پارچەکردنی پارێزگای کەرکوك، بە شێوازێکی ئەوتۆ کە هیچ دوورابیەکی بۆ پارێزگایەکە نەهێلاوەتەوە[١]. کاریان لەسەر ئەوە کردووە ئەو یەکە کارگێڕیانەی دانیشتوانی کوردی زۆرە بیخەنە سەر پارێزگا کوردیەکان و، ئەوانەشی کەمترە بیخەنە سەر پارێزگا عەرەبیەکان تا مۆرکی سەرەکی خۆی پێوە نەمێنێت.

مێژووی دەستکاریکردنی سنووری کارگێڕی پارێزگای کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای داگیرکردنی بەریتانی لە عێراق. پێکهاتەی کارگێڕی سەنجەقی کەرکوك هەروەکو خۆی مایەوە تاکو داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ لە لایەن بەریتانیەکانەوە، بە هۆیەوە کارگێڕی بەریتانی لە ساڵی ١٩١٩ ەوە دەستی کرد بە پارچەکردنی ئەم سەنجەقەوە، هەر بۆیە چەند بەشێکی لێ جیاکردەوە و لیوای نوێشی لێ دروستکرد، لەوانە لیوای هەولێر. بە هۆی ئەم گۆڕانکاریانەوە ناوچەی کەرکوك بووە لیوایەکی سەربەخۆ لە پێکهاتەی حکومەتی عێراقی[٢]. لێرەوە کەرکوك بوو بە یەکێك لەو (١٤) لیوایەی کە عێراقیان پێك دەهێنا و لە (٤ قەزا) و (١٥ ناحیە) پێکهاتبوو[٣]. لە ساڵی ناوبراوەوە تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ یەکە کارگێڕیەکانی ناوچەی کەرکوك بەم شێوەیە بوو[٤]:

---

(١) فاتیح عەبدوڵا شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

(٢) فوئاد حەمە خورشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦.

(٣) فاتیح عەبدوڵا شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ٥٨ – ٥٩.

أ – قەزای کەرکوك، ناحیەکانی: ناوەند، قەرە حەسەن، ئاڵتون کۆپری، حەویجە، شوان.

ب – قەزای کفری، ناحیەکانی: ناوەند، قەرەتەپە، پێباز، شێروانە.

ج – قەزای چەمچەماڵ، ناحیەکانی: ناوەند، ئاغجەلەر، سەنگاو.

د – قەزای دوز خورماتوو: ناوەند، داقووق، قادر کەرەم.

گۆڕینی پێکهاتەی کارگێڕی پارێزگای کەرکوك بۆ بچووکردنەوەی ڕووبەری پارێزگاکە و گۆڕینی ڕووخساری نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە گۆڕانێکی زۆری بەسەر داهات لە دیارترینیان ئەمەیە[(١)]:

أ – لکاندنی قەزای دوز خورماتوو بە پارێزگای سەلاحەددینەوە، ناحیەی داقووقی لێ دەرچێ کە خرایەوە

سەر کەرکووك. ئەم قەزایە ٣٤٪ سەرجەمی ڕووبەری کەرکووکی پێك دەهێنا.

ب – لکاندنی قەزای کفری بە پارێزگای دیالەوە.

ج – لکاندنی قەزای چەمچەماڵ بە پارێزگای سلێمانیەوە. ئەم قەزایە یەك ڕەنگە کورد بوون، بەڵام لە

شەستەکانەوە دەستی بە عەرەبکردنی پێ گەیشت.

د – لکاندنی قەزای کەلار بە پارێزگای سلێمانیەوە، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم قەزایە کوردن.

ئەم قەزایەش بە فەرمانی (١٣٧) ی کۆماری عێراق لە٢٨/ ٢/ ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە.

٢ – یەکێکی تر لە هۆکارەکانی شێواندنی سیمای ئەتنۆگرافی پارێزگای کەرکووك خۆی دەبینێتەوە لە جێ نشینکردنی عەرەب لە ڕێگای پرۆژەکانی ئاودێری: وەك پرۆژەکانی کەرکوك، حەویجە، سەددام .. پرۆژەی حەویجە لە بەشی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای

---

(١) ڕزگار سەعید پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.

پارێزگای کەرکووك دروستکراوە لە ساڵی ١٩٣٦ کە یەکێك بووە لەو هەشت پڕۆژەیەی کە دەسەڵاتدرانی عێراقی نەخشەیان بۆ کێشابوو. بریتی بوو لە ڕاکێشانی کەناڵێکی ئاو بە درێژایی (٥٥ کم) لە بەشی خوارووی زێی بچوك ئاو وەردەگرێت، تواناکەی لە ڕووی ئاودێریەوە دەگاتە (١٥م$^{٣}$) لە هەر چرکەیەك، ئاو بۆ زیاتر لە (٢٣٧ هەزار دۆنم) زەوی دابین دەکات، بە تەواوبوونی لە ساڵی ١٩٥٢دا دەسەڵاتدرانی عێراقی چەندین هەزار ماڵە عەرەبی کۆچەرو دەوارنشینیان هێنا بۆ دەوروبەری پڕۆژەکە و لە دەیان گوندی تازە نیشتەجێیان کردن و، زەویان بە سەردا دابەشکردن. گرنگترین هۆزە عەرەبیەکانیش بریتی بوون لە : عوبێد، ئەبو حومدان، جەبور.. بە جۆرێك لە سەرژمێری ١٩٥٧دا ژمارەیان گەیشتە نزیکە ( ٢٧٧٠٥ کەس)[١].

٣ – نەوت هۆکارێکی سەرەکی بووە لە دەرخستنی گرنگی شوێنی جوگرافی پارێزگای کەرکووك، نەوت دەسکەوتێکی نیشتیمانی پێکدەهێنێ، بەڵام ڕۆژگار سەلماندی کە سامانە گەورەکەی نێو گەنجینەی دەوڵەت و وەبەرهێنانە زۆرەکەی لە لایەن دەسەڵاتی بەعسەوە بەکارهات بۆ لاوازکردنی کورد لە پارێزگای کەرکووك و، هاندانی هەزارەها عەرەب بە کۆچکردنیان لە عێراقەوە بۆ کەرکووك[٢].

٤ – لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردن و دەرکردنی کورد لەم پارێزگایە، ژمارەی کورد کەم بۆتەوە عەرەب زیادیکردووە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش دەستکاری تۆمارەکانی دانیشتوان و ئەنجامی سەرژمێریەکان کراوە بە تایبەتی سەرژمێری ١٩٥٧، چونکە ئەم سەرژمێریە سەربار ی ڕەخنەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسی و نەتەوەیی و سنووریەکانی ئەم پارێزگایە، لە ئێستادا زیاتر جێگەی باوەڕکردنە، وە لەبەرئەوەی لە دوای ئەم سەرژمێریە ئامارەکان گۆڕانی نا ئاساییان بەسەرداهاتووە و ناتوانن لە گەڕان بە دوای

---

[١] حمید عبداللە صالح، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ سیاسەتی تەعریب لە شاری کەرکووك و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی، نامەیماستەر (بڵاوکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٣٤ – ٣٥.

[٢] فوئاد حەمە خورشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

چارەسەرکردندا هاریکار بن. ئەم ڕەفتارەی حکومەتی عێراق شاڵاوێك نەبوو تەنیا بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی کورد لە پارێزگای کەرکووك دا، بەڵکو سڕینەوەی کولتور و ڕۆڵی کورد بوو لەم پارێزگایەدا، شاڵاوێکی فرە ڕەهەند و بەربڵاو بوو بۆ ئەوە بوو وا پیشانبدرێ وەکو ئەوەی کورد هیچ کاتێ لەم پارێزگایەدا پێگەیەکی وای نەبووە ببێتە بنەما بۆ داخوازیە ڕەواکانی[1].

٥ – ڕژێمی عێراقی هەر بەمانەی پێشوو نەوەستا بەڵکو دەستیکرد بە لەناوبردنی خەڵك و دانیشتوانەکەی بە کیمیا بارانکردن و ئەنفالکردن. بەرزترین ڕێژەی ئەنفال و پاشماوەی ئەنفالکراوەکان، خەڵکی سنووری پارێزگای کەرکووکن، ئەمان لە گشت ناوچەکانیتری کوردستان زەرەرمەنتربوون لە ڕووی مرۆییەوە[2].

## ج:- قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر:

بە واقیع دیدەگرتنی ئەم قەزایە دەریدەخات کە لە ڕاستیدا مەخمور گرفتێکی نی یە، لەبەرئەوەی بەشێك بووە لە لیوای ئەربیل. لە ڕووی ئیداریەوە مەخمور بەردەوام سەر بە هەولێر بووە. لە سەرەتای دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەم، کاتێك بڕیاری دروستکردنی لیوای ئەربیل درا بۆ ئەو زەویانەی کەوتونەتە نێوان زێی گەورە لە باکوور و زێی بچوك لە باشوور. لیوا نوێیەکە هەموو ئەو ناوچانەشی دەگرتەوە کە دەکەوتنە باشووری هەولێر. بەم شێوەیە قەزای مەخمور بەسەر سێ یەکەی ئیداری دابەشکراو، بوو بە یەکێك لە کۆکەرەوەی ئەو پێنج قەزایانەی کە لیوای ئەربیلیان پێکدەهێنا[3].

---

[1] سنور سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك (١٩٦٣ – ١٩٩١)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٥٥.

[2] یوسف دزەیی، ئەنفال – کارەسات – ئەنجام و ڕەهەندەکانی (لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیە لە پارێزگای هەولێر)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٢٤١.

[3] فريد أسسرد، المسألة الكردية بعد قانون إدارة الدولة العراقية، منشورات مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤، ل ٩٩.

سەبارەت بە شوێنی جوگرافی قەزای مەخمور ئەوا دەکەوێتە نێوان هەر چوار پارێزگای هەولێر و کەرکوك و نەینەوا و سەلاحەددین، بە دیاریکراوی لە باشووری پارێزگای هەولێر هەڵکەوتووە، بە نزیکەی (٦٠ کم) لە شاری هەولێرەوە دوورە[١].

قەزای مەخمور پێشتر بەشێك بووە لە ناوچەی خۆبەڕێوەبردن و ڕژێمی پێشووی عێراقی هیچ یاسا و فەرمانێکی دەرنەکردووە بە جیاکردنەوەی لە (پارێزگای هەولێر) و لکاندنی بە پارێزگای نەینەوا. وە ئەم قەزایە هیچ کاتێك بەشێك نەبووە لە مێژووی ململانێی نێوان کورد و بەغدا، وە لە لایەن بەغداشەوە هیچ ئاماژەیەکی بیرکردنەوە بە دابڕاندنی لە هەولێر دەرنەکراوە، هەربۆیە ئەم بارە بەردەوام بوو تا دوای ساڵی ١٩٩١، کاتێك بەغدا بەشەکانی سوپای کشاندەوە لە ناوچەیەکی فراوان کە درێژدەبوویەوە هەر لە زاخۆوە تاوەکو باکووری خانەقین، ئەم کشاندنەوەیە مەخموری نەگرتەوە، وە هەتا ئەم کاتەش بەغدا پەیوەندیەکانی مەخموری بە هەولێر نەبڕیبوو. بۆیە مەخمور بووە تاکە ناوچەی خۆبەڕێوەبردن کە لە ژێر دەسەڵاتی عێراقیدا مایەوە، بەڵام وابەستەبوونی بە پارێزگای نەینەوا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٦[٢].

مەخمور بە زیاترین ئەو ناوچانە دادەنرێت کە کاریگەری بە عەرەبکردن لە لایەن ڕژێمی پێشوو لەسەری بەڕێوەبراوە، هەندێك لە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە جوگرافیە ستراتیژیەکەی کە وایکردووە قەزایەکە ببێتە شوێنێکی دیاریکراوی کاریگەر، بۆ چالاکیە سەربازیە حکومیەکان، وە لە بەرامبەردا بە هەمان شێوە بەرەنگاربوونەوەی نەتەوەی کورد بۆ ئەو سیاسەتانە لەم ناوچەیە، تا گۆڕانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣، بەم هۆیە بووە جێگای

---

(1) محمد إحسان، كركوك والمناطق المتنازع عليها في المنظور الدستوري العراقي، دار المدى للثقافة والنشر، بيروت، ٢٠١٢، ص ٢٤٦.

(2) أ – ئازاد نەقشەبەندی، بایەخی جیۆپۆڵەتیکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

ب – فريد أسسرد، المسألة الكردية بعد قانون إدارة الدولة العراقية، المصدر السابق، ص ٩٩ – ١٠٠.

نیشتەجێکردنی عەرەب لە ماوەی ڕۆژگارێك کە کەم نیە[1]، ئەمەش وای کرد ژمارەی عەرەب لە ناوچەکەدا ڕوو لە بەرزبوونەوە بکات. دەتوانرێ بگوترێ هەمان ئەو ژمارە زیادبووەی پێکهاتەی عەرەبە لە قەزای مەخمور بووەتە ڕێژەیەکی دیاری نێو خشتەی سەرژمێریەکانی پارێزگای هەولێر، وەك لە (خشتەی — ١٠) دا بەرچاودەکەوێت و تێیدا: کورد لە پاریزگاکە ١٩٤٧دا ٩١,٣٪یە، دوای دە ساڵێك بووەتە ٨٩٪، تا ڕادەیەك ڕێژەکە وەك خۆی ماوەتەوە لەسەرژمێری دواتر، بەڵام لە ١٩٧٧ بە جیاوازی ٥,٣٪ لەگەڵ یەکەم ڕێژەدا دابەزیوە بۆ ٨٦٪. بەڵام عەرەب لە ١٩٥٧ کە ٦,٥٪ ی پێکهێناوە کەچی لە سەرژمێری ١٩٧٧دا خۆی لە ١٠,٤٪ داوە، واتە بەو ژمێرەیە بێت ڕێژەی عەرەب دەگاتە ١٠/١ی پارێزگای هەولێر، وە تورکمان لەم پارێزگایەدا لە ١٩٥٧دا ٢,٥٪ یان تۆمارکردوە کەچی لە ١٩٦٥دا بۆ ٠,٠٧٪ و لە ١٩٧٧دا بۆ ١,٦٪ کەمیان کردوە.

دەرخستەی ئاماری پارێزگای هەولێر لەو ماوانەی ئاماژەپێکراودا ئەوە دەڵێت عەرەب لەو پارێزگایەدا ژمارەیان زیادی کردووە و هەڵکشاون لە سەرژمێریەك بۆ ئەوەی تر، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ڕژێمەکانی عێراقی و بەتایبەتی ڕژێمی پێشوو بە سیاسەتەکانی، خۆی گەیاندە نێو جەرگەی ناوچە کوردیەکان و لە نێویشیاندا پارێزگای هەولێر و قەزای مەخموری سەر بەو پارێزگایەو ناحیەکانی بە تایبەتی، ئەمەش وای کرد ڕووخساری ئەتنۆگرافی قەزای مەخمور و ناحیەکانی وەك خۆی نەمێنێت.

قەزای مەخمور لە ڕووی ئەتنۆگرافیەوە پێکهاتە سەرەکیەکەی تەنها نەتەوەی کوردبووە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، دوابەدوای ئەوە پەیتا پەیتا عەرەب خزیوەتە ناوچەکە بە تایبەتی بە مەبەستی گەڕان بەدوای لەوەڕگە. ئیتر بە پێی ئامارەکان بێت تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ژمارەیەکی بەرچاویان دەرکەوت لە ناوچەکە. لە پاش

---

[2] محمد إحسان، المصدر السابق، ص ٢٤٦.

ئەوەش بە بەرنامە عەرەب هاوردەکران بۆ گشت ناوچەکانی قەزاکە وەك لە (خشتەی — ١١) دا دەبینرێت:

**( خشتەی — ١٠ )**

**پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر بە پێی سەرژمێریەکانی سالانی ( ١٩٤٧ — ١٩٧٧ ).**

| سەرژمێری / نەتەوە | ١٩٤٧ ٪ | ١٩٥٧ ٪ | ١٩٦٥ ٪ | ١٩٧٧ ٪ |
|---|---|---|---|---|
| کورد | ٩١,٣ | ٨٩ | ٨٩,٢ | ٨٦ |
| عەرەب | — | ٦,٥ | ١٠,٣ | ١٠,٤ |
| تورکمان | — | ٢,٥ | ٠,٠٧ | ١,٦ |
| ئەوانیتر | — | ٢ | ٠,٤٣ | ٢ |
| سەرجەم | — | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |

**ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی ( خشتەی — ٦ ).**

— لە سەرژمێری ١٩٤٧ لە **مەڵبەندی قەزای مەخموردا** کورد ٩٥٪ ئەو ناوەندەی پێکدەهێنا، بەو مانایە بێت پێکهاتەکانیتر ٥٪یان بەرکەوتووە. وە لە سەرژمێری ١٩٧٧دا ئەو ڕێژەیە دابەزیووە بۆ ٦٥,٦٩٪، هاوکات ژمارەی عەرەب ڕێژەی سەدییەکەی تری تەواوکردووە بە ٣٣,٧٪ ئەوەی تریش کە ماوەتەوە ڕێژەیەکی کەمە کە بەر نەتەوەکانیتر کەتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نەتەوەی کورد لە نێوان ئەم دوو سەرژمێریە شیکراوەدا بە ڕێژەی ٢٩,٣١٪ کەمیکردووە، واتە لە ماوەی هەر دە ساڵێك ٩,٧٧٪ لە کورتیداوە؟!.

– **لە ناحیەی قەراجدا کورد** ٨٥٪ی ناحیەکە بووە لە ساڵی ١٩٥٧، کەچی نزمکراوەتەوە بۆ ٤٦,٢٣٪ لە ساڵی ١٩٧٧ و بە جیاوازی ٣٨,٧٧٪ . بەڵام عەرەب لەم دووساڵەدا لە یەکەمیان ٤٨,٤٪، لە دووەمیاندا ٥٢,٨٨٪، بە پێی ئەو ژمارانە بێت نیوەی زیاتری ناحیەکە عەرەبن.

– لە **ناحیەی گوێڕدا** کە تاڕادەیەك نزیکە لە شاری **هەولێر** لە ساڵی ١٩٧٧دا ڕێژەی کورد نزمبۆتەوە بۆ ٦٤,٢٣٪ ، بەڵام عەرەب بەرزبۆتەوە بۆ ٣٥,٠٣٪، و ئەوانیتر ٠,٨٤٪یان پێکهێناوە.

کەواتە بە پێی ڕێژەی نەتەوەکان لەسەر ئاستی قەزاکە (خشتەی – ١٢) ئەوە بەرچاو دەکەوێت؛

– **ڕێژەی نەتەوەی کورد** لەسەر ئاستی قەزاکە لە سەرژمێریەکان بەرزی و نزمیەکی بە خۆیەوە بینیووە، لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ کورد ٨٠٪ ی قەزای مەخموری پێکدەهێنا، بەڵام لە ١٩٥٧ دا بۆ ٦٧,٥٪ دابەزیووە، پاشان ١٩٦٥ دابەزینەکە زیاتر بووە و خۆی ٥٩,٦٪ داوە، دواتریش لە ١٩٧٧ ڕێژەکە ٦٨,٣٪ ی تۆمارکردووە. ئەوەی سەرنج دەدرێت هەردوو ژمارەی سەرژمێریەکانی (١٩٥٧ و ١٩٧٧) تاڕدەیەك لە یەکتری نزیکن، ئەمەش نزیکە ڕاستیان دەردەخات.

– **ڕێژەی عەرەب** لە سەرژمێری ١٩٦٥ دا گەیەنراوەتە ٣٢,٩٪ و دواتر تاڕادەیەك کەمترێك وەك خۆی ماوەتەوە. هەرچی **پێکهاتەکانیترە** لە دانیشتوانانی قەزای مەخمور لە سەرژمێری ١٩٦٥ دا ٧,٥٪ یان بەرکەوتووە بەڵام تا گەیشتوونەتە ساڵی ١٩٧٧ ئەوا ڕێژەکەیان زۆر کەمبۆتەوە و گەیەنراونەتە ٠,٧٪.

## ( خشتەی – ١١ )

## پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بە پێی سەرژمێری ( ١٩٤٧ – ١٩٧٧ ) لە قەزای مەخمور

| سەرژمێری | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | | | | | ١٩٧٧ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەتەوە / یەکە | ٪ کورد | ٪ کورد | ٪ کورد | ٪ عەرەب | ٪ تورکمان | ٪ کلدو ئاشوری | ٪ ئەوانیتر | ٪ کورد | ٪ عەرەب | ٪ تورکمان | ٪ کلدو ئاشوری | ٪ ئەوانیتر |
| م.ق. مەخمور | ٩٥ | ٧٥ | ٤٣,٧ | ٣٠,٣ | ٠,٠١ | – | ٢٥,٩٩ | **٦٥,٦٩** | ٣٣,٧ | ٠,١٤ | ٠,٠٦ | ٠,٤١ |
| ن. قەراج | – | ٨٥ | ٥١,٥ | ٤٨,٤ | – | – | ١ | **٤٦,٢٣** | **٥٢,٨٨** | ٠,٠١ | – | ٠,٨٨ |
| ن. کەندێناوە | ٩٥ | ٨٥ | ٧٨ | ١٨,٦ | – | – | ٣,٤ | **٩٧,١٨** | ٢,٦٧ | ٠,٠٢ | ٠,٠١ | ٠,١٢ |
| ن. گوێر | ٥٠ | ٢٥ | ٦٥,٤ | ٣٤,٤ | – | – | ٠,٢ | **٦٤,١٣** | **٣٥,٠٣** | ٠,٠٢ | ٠,٠٢ | ٠,٨ |

**ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی (خشتەی – ٦)**

سەرجەم ژمارە پیشاندراوەکانی خشتەکان ئەو ڕاستیە دوپات دەکەنەوە کە گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچەکە هۆکارێك بووە بۆ هێنانی ئەو ژمارە زۆرەی عەرەب بۆ قەزای مەخمور.

( خشتەی – ١٢ )

**پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزای مەخمور بە پێی سەرژمێریەکانی سالانی ( ١٩٤٧ – ١٩٧٧ )**

| سەرژمێری | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|---|
| نـــەتـــەوە | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ |
| کـــــورد | ٨٠ | ٦٧,٥ | ٥٩,٦ | ٦٨,٣ |
| عـــــەرەب | – | – | ٣٢,٩ | ٣١ |
| پێکهاتەکانیتر | – | – | ٧,٥ | ٠,٧ |
| سەرجەم | – | – | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |

ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی (خشتەی – ٦)

## د:- ناوچە کوردستانیەکان لە هەردوو پارێزگای دیالە و واست:

سەرجەم ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە کەوتوونەتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق، خۆیان دەنوێنن لە هەندێك قەزا و ناحیەکانی " خانەقین و کفری و بەلەدروز و بەدرە"، بەشێکن لە پێکهاتەی سنووری ڕۆژهەڵاتی عێراق لەگەڵ ئێراندا. بە پێی سنووری کارگێری ئێستای ئیدارەی عێراق بێت، بەشێکن لە پێکهاتەی سنووری هەریەکە لە پارێزگاکانی دیالە و واست. هەریەکە لەم قەزایانە لەگەڵ ناحیەکانیان هەڵکەوتەی شوێنێکی جوگرافی گرنگن، شێوەیەکی لاکێشەی لاری درێژبووەوە بە ئاڕاستەی لاپاڵی سنووری نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ پێکدەهێنن، گەلێك بایەخی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و ستراتیژیان بۆ هەردوولا هەیە. ( نەخشەی – 13،).

قەزای خانەقین دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالە لەسەر درێژایی سنووری عێراق – ئێران. لە باکووریدا هاوبەشی سنووری هەیە لەگەڵ هەریەکە لە قەزاکانی کەلار و

دەربەندیخان و هەڵەبجە لە پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژئاوا لەگەڵ قەزای کفری، دراوسێی قەزاکانی خاڵس و شارەبان و بەلەدروزە لە باشوور هەر لە پارێزگای دیالە. مەرزی مونزریەی ستراتیژی دەکەوێتە قەزاکە لەگەڵ ئێران، بە ڕێگایەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ بارهەڵگرەکانی سووتەمەنی کە لەوێوە گەشتیارانی ئێرانی بەرەو نەجەف و کەربەلا و کازمیە و سامەڕا ڕێدەگرن، وە ڕێگایەکی مێژوویی بازرگانی تێپەڕیوو بووە لە نێوان عێراق و ئێران و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و باشووری قەوقاز[(١)].

ئەم شوێنە جوگرافیەی قەزای خانەقین لە پاڵ سنوورە ئەتنۆگرافیەکەی لە نێوان کورد و نیشتەجێبوونی لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی، وە لە نێوان ئەو عەرەبانەی بڵاوبوونەتەوە لە ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای تا ئێستاش دادەنرێت بە یەکێك لە دیارترین ئەو گرفتانەی کە هەیە لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی[(٢)]. ئەمە سەرباری ئەوەی جوگرافیای بەغدا پاڵی نا بە فشار خستنە سەر خانەقین، لەبەرئەوەی نزیکترین هەرێمی کوردی پێکدەهێنێت لە پایتەخت. بە سەرنجدان لە بە عەرەبکردنی خانەقین ئەوە دەردەکەوێت کە پاڵنەرەکانی بەغدا بۆ بە عەرەبکردنی خانەقین وێکچووی هەمان ئەو پاڵنەرانەن لە کەرکووك، دیارترینی ئەمانەش دۆزینەوەی نەوتە لە ناوچەکە[(٣)].

لە لایەکی تر ئەم کاریگەریەی گرنگی شوێنی جوگرافی بەسەر لایەنی ئەتنۆگرافی ناوچەکە هەر تەنها لە خانەقین ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو ناحیەیەکی وەك مەندەلی لە قەزای بەلەدروز گرنگیەکی زۆری هەیە لە نێو ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای دیالە. ئەم ناحیەیە لە باشووری چیای حەمرین و لە بەری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالە هاوسێی سنووری عێراقی ئێرانی هەڵکەوتووەو، لە باکووردا درێژدەبێتەوە بۆ ناوچەی نەوتخانە بەرامبەر قەزای خانەقین و درێژ دەبێتەوە لە باشوور بۆ بیابانی بەلەدروز[(٤)].

---

(١) الأمم المتحدة، المصدر السابق، ص ٣٥.

(٢) خليل إسماعيل محمد، منطقة التخصر الحدودية بين العراق و ايران، مطبعة كمال، السليمانية، ٢٠١٣، ص ٧٩.

(٣) فريد أسسرد، المسألة الكردية بعد قانون إدارة الدولة العراقية، المصدر السابق، ص ٧١.

(٤) الأمم المتحدة، المصدر السابق، ص ١٨.

ناوچەی مەندەلی گرنگیە جوگرافیەکەی لە جەنگی عێراق — ئێران زیاتر بە دیار کەوت، لەبەرئەوەی سیفەتی ناوچەیەکی بەرگری پێبەخشراوە، ئەمەش لە هێرشەکانی سوپای ئێرانی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو زۆر بە ڕوونی بە دیارکەوت دوای هەوڵە دووبارەکانی سوپای ئێرانی هات بۆ بڕینی هێڵی بەرگریەکانی عێراقی چەندین جار لە ناوچەکە، شوێنی جوگرافی شارەکەش ئەم گرنگیەی بەهێزتر کرد بە هەڵکەوتنی لەسەر ڕێڕەوی بەغدا — مەندەلی — سومار — تەهران، کە دادەنرێت بە نزیکترین ئەو تەوەرانەی کە پایتەختی هەردوو دەوڵەتی دراوسێ لە یەکتری نزیك دەکاتەوە، ئەمانەی کە ململانێیەکی درێژ و جەنگێکی زۆریان لە مێژووی کۆن و نوێ لەگەڵ یەکتردا بینیووە[1].

لە پاڵ ئەم گرنگیە ستراتیژیەی شوێنی جوگرافیای ناحیەی مەندەلی کە بەشێکە لە هەڵکەوتەی تەواوکەری سنووری عێراقی — ئێرانی بەڵام لە ڕووی ئەتنۆگرافیەوەش تایبەتمەندی خۆی هەیە بەو پێیەی ناوچەی بەریککەوتنی نەتەوەی کوردی و عەرەبیە، لەگەڵ ئەوەی کە پەیوەندیەکی بە هێزی بە خانەقین هەیە، مەندەلی کۆمەڵگایەکی تایبەتی هەیە لە ڕووی جۆراوجۆریەتی ناسنامەی ڕەگەزەکانی. لە کاتێکدا کوردەکانی پەیوەندیان لەگەڵ کوردانی خانەقین پاراستووە، بە هەمان شێوە عەرەبەکانیشی پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ عەرەبەکانی خانەقین و بەعقوبەدا پاراستووە[2]. هەر لە بارەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانەوە لە ناحیەی مەندەلی ئەوا ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان (ستیڤان دیمستۆرا) لە ساڵی ٢٠٠٩ دا سەبارەت بە ڕێژەیان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ٨٢٪ ناحیەکە لە نەتەوەی عەرەب و ١٢٪ کورد و ٣٪ تورکمانن، لەگەڵ ئەوەی نووسیویەتی کە کۆدەنگیەکی تەواو نیە لەسەر دروستی ئەو ژمارانە[3]. لە ڕاستیدا ئەم ڕێژانە دەرخەری ئەوەن کرداری بەعەرەبکردن ڕەنگی داوەتەوە لە ناوچەکەدا.

---

(١) محمد إحسان، المصدر السابق، ٢٣٥.

(٢) فريد أسسرد، المسألة الكردية بعد قانون إدارة الدولة العراقية، المصدر السابق، ص ٨١.

(٣) الأمم المتحدة، المصدر السابق، ص ١٨.

لە ڕووی ئەتنۆگرافیەوە ئەوەی تێبینی دەکرێت جیاوازیەکی یەکجار گەورە دەبینرێت لە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ناوچە کوردستانیەکانی هەردوو پارێزگای **دیالە و واست**، هەر بۆیە لەسەر ئاستی قەزا و ناحیەکانی، خانەقین و مەندەلی تەنها نین لە شێواندنی باری نەتەوەیی دا. لێرەدا بە پێویستی باسەکەی دەزانین داتاکان لەسەر ئاستی هەردوو پارێزگاکە بخەینە ڕوو لە دوایدا ڕاڤەی هۆکارەکانی کەمبوونەوەی نەتەوەیی کورد و ئەوانیتر لە ناوچەکەدا لە بەرامبەر عەرەبدا پێشچاو دەخەین، بۆ ئەو مەبەستە دەبێ لە (خشتەی – ١٣) بڕوانرێ، وە ئەگەر سەرنجی لێبدرێ و بەراوردی ڕێژەکانی بکرێت ئەوا ڕێژەی زیادبوونی عەرەب وە دابەزینی کورد و تورکمان بە جۆرێکە کە ئەستەمە باوەڕی پێبکرێت ! .

پێکهاتەی عەرەب زۆرینەی هەر دوو پارێزگاکەن، لەگەڵ ئەمانیش کورد و کەمە نەتەوەیی تر دەژین، بەڵام ڕێژەیان زۆر لە کەمیداوە. بە درێژایی مێژوویی سەرژمێریەکان لەم دوو پارێزگایەدا لەبەر بوونیان وەك ناوچەیەکی سنووری هەردوو دەوڵەتی عێراق – ئێران و، گرنگی شوێنی جوگرافیان، بەر کەوتەیان وەك هێڵی بەرگری ناوچە کوردستانیەکان لە باشووردا بەرامبەر ئەو هەموو ستەمەی دەرهەق بە دانیشتوانەکەی کراوە لەم ڕووەوە دەردەکەوێت گۆڕانکاری بەسەر باری ئەتنۆگرافی ناوچەکەدا هێنراوە وەك دەبینرێ:

لە ڕێژەی دیتراوەکانی **پارێزگای دیالەدا** ئەوە دەبینرێ: کە لە لە ساڵی ١٩٤٧دا ڕێژەی نەتەوەی **کورد** ٢٦,٦٪ی پارێزگاکە بووە، کەچی دواتر بە بەرنامە لە ١٩٥٧ کەم کراوەتەوە بۆ ١٨,٢٪، ئینجا لە ١٩٦٥دا بووەتە ١٥٪ و، دواتریش جارێکیتر لە ١٩٧٧دا دابەزیووە بۆ ١٠,٧٪، ڕێژەی گۆڕانکاری کورد لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا ١٦٪ کەمی کردووە لەو پارێزگایەدا. بەڵام **عەرەب** لە کاتێکدا لە ١٩٥٧دا ٧٩,٣٪ ڕێژەکەیان بووە کەچی لە ١٩٧٧دا گەیشتونەتە ٨٧,٥٪ . هەرچی **تورکمانە** لە پارێزگای دیالەدا لە ٢,٢٪ی ساڵی ١٩٥٧ بۆ ١,٤٪ی ساڵی ١٩٧٧دا لە کورتیداوە. لە **پارێزگای واستیش** کە تەنها قەزای بەدرەی کوردستانی سەر بەو پارێزگایەیە ڕێژەی **کورد** لە هەردوو سەرژمێری ١٩٥٧ و

١٩٧٧دا لەو پارێزگایەدا لە ٠,٨٪ بۆ ١٪ی بۆ تۆمارکراوە. بەڵام **عەرەب** لە نێوان ئەم دوو ساڵەی بەرچاوخراون ٩٨٪ ی پێکهێناوە.

**( خشتەی – ١٣ )**

**پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگاکانی دیالە و واست بە پێی سەرژمێری ساڵانی ( ١٩٤٧ – ١٩٧٧ ).**

| سەرژمێری | پارێزگای دیالە | | | | پارێزگای واست | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ |
| نەتەوە | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ |
| کورد | ٢٦,٦ | ١٨,٢ | ١٥ | ١٠,٧ | ٠,٨ | ١ |
| عەرەب | – | ٧٩,٣ | ٨٢,٤ | ٨٧,٥ | ٩٨,٩ | ٩٨ |
| تورکمان | – | ٢,٢ | ١,١ | ١,٤ | – | – |
| ئەوانیتر | – | ٠,٣ | ١,٥ | ٠,٤ | ٠,٣ | ١ |
| سەرجەم | – | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ |

**ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی ( خشتەی – ٦ ).**

سەرباری ئەم خستنەڕووەی پێشوو کە لەسەر ئاستی پارێزگاکان بە ئەنجام گەیشتووە، ئەوا جاریکیتر لەسەر ئاستی قەزا و ناحیەکانی هەردوو پارێزگاکەش ڕوونتر ڕاڤەی هۆکارەکانی کەمبوونەوەی نەتەوەیی کورد و ئەوانیتر لەم ناوچەیەدا دەکرێت ئەویش بە تێبینیکردنی (خشتەی – ١٤):

– **مەڵبەندی قەزای خانەقیندا** لە هەر چوار سەرژمێری خشتەکەدا پێکهاتەی کورد یەك بە دوای یەك کەمبوەتەوە لە ساڵی ١٩٤٧دا ٨٠٪ و لە ١٩٥٧دا ٥٠٪ و لە ١٩٦٥دا ٧٣٪ و لە ١٩٧٧دا ٤٥٪ واتە لە نێوان ماوەی یەکەم و کۆتای ٣٥٪ دابەزیوە، کەچی عەرەب کە

١٩٦٥دا ١٨٪یان پێکهێناوە لە دوا سەرژمێری دەرخراودا بەرزبونەتەوە بۆ ٤٨٪ و بەڕێژە ٣٠٪ زیادیانکردوە.

– **ناحیەی قزل رەبات** کورد و تورکمان وە ئەوانیتریش جار لە دوای جار کەمبونەتەوە بۆ نمونە: تورکمان لە ١٩٦٥دا کە ٨,٧٪ی ناحیەکە بوونە کەچی لە ١٩٧٧دا بۆ ٤٪ دابەزیون.

– هەروەها لە هەردوو **ناحیەی مەیدان و قۆرەتوو** کە ڕێژەی کورد لە یەکەم و دووەم ئاماری نیشاندراوە ١٠٠٪ی تۆمارکردووە، بەڵام ڕێك ئەو ژمارەیە پێچەوانە وەرگەڕاوە، لە **ناحیەی مەیدان** عەرەب لە ٢٦,٢٪ی ساڵی ١٩٦٥ بەرزکراونەتەوە بۆ ٩٨,٢٪ی ساڵی ١٩٧٧ بە جیاوازی ٧٢٪.

– وە لە **ناحیەی قۆرەتووش** دیسان عەرەب لە ٥,٧٪ی ساڵی ١٩٦٥ بە ٩٤,٨٪ گەیشتوون لە دوا سەرژمێری. کە ئەمە گومانی تێدا نیە ئەم شێوە ئامارە جێگای نابێتەوە بە هیچ پێودانگێکی ئاماری جیهانی، وە بە ئاشکرا نیشانەی ئەوەیە کە بە ڕاستی و بە کارامەیەکی زۆرەوە ڕەگەزی کورد لەو ناوچانە لەباربراوە.

– لە **ناحیەکانی مەندەلی و قەزانیەش** ڕێژەی عەرەب لە ١٩٧٧دا گەیەنراوە بە ٩٩٪ و ٩٩,٧٪، لە کاتێکدا لە پێشتردا کورد نیوەی سەدی تەواوی هەردوو ناحیەکەی پێکدەهێنا لە ١٩٤٧دا.

– وە لە **مەڵبەندی قەزای بەدرەو ناحیەکانی: زرباتیە و جەسان** کورد بە تەواوی جێی پێ چۆڵکراوە لە شوێنیدا عەرەب ٩٩٪ی ئەو ناوچانەی گرتۆتەوە.

سەرجەم ئەو ژمارەو ڕێژانەی پێش چاوخران لە خشتەی سەرەوەدا، ڕێ بە چەند ڕاستیەك دەدەن کە پێویستە دەستیان بخرێتە سەر، چونکە گۆڕانکاریە نەتەوەییەکان لە ناوچە کوردستانیەکانی هەردوو پارێزگای دیالە و واست بە شێویەك بە ئەنجام گەیەنراوە کە بە ئاشکرا واقعی لاوازکردنی نەتەوەی کوردی و دانیشتوانی تری نا عەرەب جێبەجێکراوە، کە کاری زۆر لە کەمکردنەوەیان کردووە لەو ناوچانە. لەوێدا بە نەخشەکاریەکی زۆر سەرکەوتوو کرداری بەعەرەبکردن پەیڕەوکراوە تا هەرگیز ئەو ناوچانە ڕووی

ئەتنۆگرافیانەی كوردیان پێوە نەمێنێت. بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوەر هەندێك لە هۆكارەكانی دەخەینەڕوو وەك:

١ – ئەو ناوچە كوردستانیانەی توێژینەوەكە كە دەكەونە تەوەرەی ڕۆژهەڵاتی بەغدا، هەروەها ناسراون بە ناوچەی كوردە فەیلیەكان، چونكە لە بنچینەدا ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆیانە، وە ئەوان بەشێكی جیانەكراوەن لە گەلی كورد، درێژدەبنەوە بۆ ئەو هۆزە كوردیە ناسراوانەی ژیاون و لە ناوچەكانی خۆزستان و ڕۆژهەڵاتی عێراق و بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە كە كۆنترین ناوچەی مێژوویيانە[١].

كوردە فەیلییەكان لەو شارو شارۆچكانە نیشتەجێن هەر لە خانەقینەوە هەتاوەكو جەسان، هەروەها شارە عێراقیەكانی وەكو كوت و عومارە و حەی ریفاعی و عەلی غەربی و عەلی شەرقی ..، لەو دیوی سنووری ئێرانیشەوە بەشەكەی تریان درێژدەبنەوە بۆ پارێزگایەكانی كرمانشان و ئیلام و باشووری ئەو پارێزگایانە. ئەم بەشەی كورد بە زمانی كوردی شێوەزاری لوڕی دەدوێن، بە ئاینیش موسڵمان و شیعە مەزهەبن[٢].

٢ – شوێنی جوگرافی كوردە فەیلیەكان بە شوێنێكی ستراتیژی دادەنرێت، ڕۆڵی سەرەكی هەبووە لەسەر ئەوەی دەسەڵاتدرانی عێراقی هەوڵی گۆڕینی پێكهاتەی نەتەوەیی بدەن، لەبەرئەوەی پشتێنەی هەرە گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی یە بۆ پایتەختی عێراق "بەغدا"، هەربۆیە بۆ دەستگرتن بەسەریدا و فەرمانبەرداریكردنی ئەو ناوچانە بە گرنگ زانراوە[٣].

٣ – سەرەتای تەنككردنی بوونی نەتەوەی كورد لەم ناوچانە، لەگەڵ سیاسەتی بەریتانیا لە عێراق دەستیپێكرد. نكووڵی لە كوردبوونی كوردانی فەیلی كرد لەو ناوچانە و، وای دانان كە ئەوان لە بنچینەدا دانیشتوانی ئێرانن و دەركراون بۆ عێراق، وە بە هۆكاری هۆزایەتی و خزمایەتی بەیەكەوەگرێدراون بە لوڕەكانی لوڕستان و بەختیاری ڕۆژهەڵات. هەربۆیە كاتێك

---

[١] زهير كاظم عبود، المسؤلية القانونية في قضية الكورد الفيلين، مطبعة و مؤسسة ئاراس، أربيل، ٢٠٠٧، ص ٣٧.

[٢] المصدر نفسه، ص ٤٦– ٤٨

[٣] خليل إسماعيل محمد، الكرد الفيليون بين حملات التسفير و سياسة التعريب، مديرية مطبعة الجامعة، ٢٠٠٥، ص ٥٧.

یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە (٤٢)ی ساڵی ١٩٢٤ دەرچوو، قەدەغەی کردن لە وەرگرتنی ڕەگەزنامەکە و، فەرمانبەردارانی عێراقیش لەو کاتەدا یاساکەی بەسەریاندا جێبەجێکرد بەو بیانوەی کوردە فەیلیەکان وابەستەگی ئێرانن. ئەمەش بوو بە ڕیخۆشکردنێك بۆ دەستپێکردنی کرداری بە عەرەبکردنی ناوچەکانیان[1].

[1] أحمد ناصر الفيلي، الفيليون الأصالة التاريخية و المواطنة المهدورة، مطبعة آراس، أربيل، ٢٠١٢، ص ١٨٣.

**( خشتەی – ١٤ )**

**پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بە پێی سەرژمێریەکانی ساڵانی ( ١٩٤٧ – ١٩٧٧ ) لە هەندێك مەڵبەندی قەزا و ناحیەکانی هەردوو پارێزگای دیالە و واست**

| سەرژمێری | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | | | | | ١٩٧٧ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەتەوە / یەکە | کورد ٪ | کورد ٪ | کورد ٪ | عەرەب ٪ | تورکمان ٪ | کلدو ئاشوری ٪ | ئەوانیتر ٪ | کورد ٪ | عەرەب ٪ | تورکمان ٪ | کلدو ئاشوری ٪ | ئەوانیتر ٪ |
| م.ق. خانەقین | ٨٠ | ٥٠ | ٧٣ | ١٨ | ٤,٥ | – | ٤,٥ | ٤٥ | ٤٨ | ٥,٨ | ٠,١ | ١,١ |
| ن. جەلەولا | – | – | ٢٢,٣ | ٧٧,٧ | – | – | – | ١٩,٨ | ٧٧ | ٢,٥ | ٠,١ | ٠,٦ |
| ن. قزل ڕەبات | ٥٠ | ٢٠ | ٢٠,٤ | ٦٧ | ٨,٧ | – | ٣,٩ | ٥,٢ | ٩٠,٣ | ٤ | – | ٠,٥ |
| ن. مەیدان | ١٠٠ | ١٠٠ | ٧٣ | ٢٦,٢ | – | – | ٠,٨ | ١,٣ | ٩٨,٢ | ٠,٢ | – | ٠,٣ |
| ن. قۆرەتوو | ١٠٠ | ١٠٠ | ٩٣,٦ | ٥,٧ | – | – | ٠,٧ | ٥,١ | ٩٤,٨ | ٠,٠٣ | – | ٠,٠٧ |
| ن، مەندەلی | ٥٠ | ٢٠ | ٢٩,٦ | ٦٥,٧ | ٢ | – | ٢,٧ | ٠,٦ | ٩٩ | – | ٠,٣ | ٠,١ |
| ن. قەزانیە | ٥٠ | ٢٠ | – | – | – | – | – | ٠,٢ | ٩٩,٧ | ٠,٠٧ | ٠,٠٣ | – |
| م.ق. بەدرە | – | – | – | – | – | – | – | ٠,٥٢ | ٩٩,٣٥ | ٠,٠٢ | – | ٠,١١ |
| ن. زڕباتیە | – | – | – | – | – | – | – | ٠,٦ | ٩٩,٢ | – | – | ٠,٢ |
| ن. جەسان | – | – | – | – | – | – | – | ٠,٠٦ | ٩٩,٩٤ | – | – | – |

**ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی ( خشتەی – ٦ ).**

٤ – یەکێك لە قۆناغە کاریگەریەکانی گۆڕینی باری دیمۆگرافی ناوچەکە، ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٥– ١٩٥٨) بوو، کە زیاتر لە کرداری بە عەرەب بوون دەچێ لەوەی بە عەرەبکردن بێت، لە شار وشارۆچکەکانی پارێزگای دیالە وەك خانەقین و جەلەولاو قزل ڕەبات و مەندەلی و شارەبان[(١)].

٥ – دەرکردن و کۆچ پێکردنی کوردە فەیلیەکان (١٩٧٠ – ١٩٩٠) لە عێراق و ڕەوانەکردنیان بۆ ئێران، بە بیانووی ئەوەی وابەستەگی ئێرانن، بەمجۆرە ژمارەیەکی زۆری کوردی فەیلی لە شارەکانی بەغدا، مەندەلی، شارەبان، بەدرە و کوت و خانەقین، ڕەوانەی ئەو دیوی سنوور کران و بەم شێوەیە لە نێوان ئەم دوو ساڵەدا نزیکەی نیو ملیۆن کوردی فەیلی ڕەوانەی ئێران کران[(٢)].

ئا بەم نەخشە ڕێگایانە و چەندانی تر توانرا ناوچە کورستانیەکانی هەردوو پارێزگای دیالە و واست کە لە مێژوودا ناوچەی کوردە فەیلیەکانن گۆڕانکاری گەورەی نەتەوەییان تێبخرێت و، ڕێژەی زیادبوونی عەرەب لە ماوەی دەیەها کردەی پاکتاوکردنەوە سەربخرێت بەسەر دانیشتوانە ڕەسەنەکەی. وە لە ڕاستیدا شوێنی جوگرافی ئەم ناوچانە هەردەم وەك قەڵغانیکی سنووری و بەرگریین بۆ کوردستانی عێراق.

لە لایەکی تر ناوچەی توێژینەوە هەروەك چۆن لە ڕووی نەتەوەییەوە دابەشبوون بەسەر نەتەوەکانی " کورد، عەرەب، تورکمان، کلدۆئاشووری" بە هەمان شێوە لە ڕووی بیرو باوەڕی ئایینیشەوە تێکەڵاویەکی زۆر هەیە لە ناوچەکەدا، ئاینزاکانی " موسڵمان، مەسیحی، ئێزیدی .." دەبینرێن. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە، کە یارمەتی ئەوەی داوە چەندین ئایین لە ناو دانیشتواکەیدا پەیدا ببێ. پێش هاتنی ئیسلام و وەرچەرخانی زۆربەی هەرە زۆری کورد بە لایدا، چەند ئاینێکی کۆن

(١) شێخ سدیق، پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە مێژوودا، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٥٧.

(٢) نەوزاد عەبدوڵا هێتۆتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.

لە ئارادا بوون وەك زەردەشتی کە سەرتاسەری کوردستانی گرتبۆوە. زۆرێك لە توێژەران پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە جێی گومانە هەندێ کورد پێش بوونیان بە موسڵمان مەسیحی بووبن، چونکە زۆربەی کورد زەردەشتی بوون و لەویشەوە دەم و دەست بوون بە موسڵمان[1].

لێرەدا ئەوەی ماوەتەوەی ئاماژەی پێبکرێت لە تایبەتمەندی ئەتنۆگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، دەرخستنی وێنەی ئاینزاکانی ئەم ناوچەیەیە بە پێی دابەشبوونی شوێنی جوگرافیان و ڕێژەیان بە پێی ئامارەکانی بەردەست، ئەمەش وەك هەڵبژێردراوێکی نێو بابەتەکە هەربۆیی توێژینەوەکە ساڵی ١٩٧٧ی وەرگرتووە وەك نموونە(خشتەی — ١٥)، تێیدا ڕێژەکان بەم ڕەنگەی پەیڕەوانی ئاینەکان هاتووە لە هەرسێ پارێزگای نەینەوا و کەرکوك و دیالە:

- **موسڵمانەکان** لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلامن و، دابەشبوون بەسەر نەتەوەکانی کورد و تورکمان، لە مەزهەبەکانی شیعە و سوننە پەیڕەوی دەکەن، نیشتەجێن لە گشت ئەو پارێزگایانەی کە ناوچەی توێژینەوە لە خۆوە دەگرن. پەیڕەوانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەرزترین ڕێژەیان پێکهێناوە، لە پارێزگای دیالەدا بە ڕێژەی یەکەم ٩٩,٧٢٪ ی پارێزگاکە پێکدەهێنن، ئینجا لە کەرکوك لە بەرزیدان، لە نەینەواش ڕێژەکەیان کەم دەبێتەوە بە جیاوازی ١٠,٣٥٪ و خۆیان لە ٨٩,٣٧٪ ی پارێزگاکە دەدەن. هۆی ئەم ڕێژە بەرزییەی موسڵمانان لەم پارێزگایانەی ناوچەی توێژینەوە و تەنانەت عێراق و هەرێم و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ هەژموونی ئیسلام لە ڕۆژهەڵات، کە مێژوویێکی ئازادکردنی سەدان ساڵەی هەیە، ئەوەی ماوەتەوە لە پەیڕەوانی ئایینەکانی تر لە ناوچەکەدا

[1] جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیپۆڵەتیکی دانیشتوانی کوردستانی عێراق، بڵاوکراوەکانی سەنتەری ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٦٢.

دەگەڕێتەوە بۆ نەکەوتنە ژێرباری ئیسلامێتی بوون و مانەوەیان لەسەر ئاینەکەی خۆیان.

- **مەسیحیەکان** لە ناو خۆیاندا دابەش بوون بەسەر ئەرمەن و کلدان و ئاشووری، بە زۆری لە ناوەندی قەزای تلکێف و ناحیەی ئەلکێش، وە لە ناحیەی بەعشیقەی سەر بە ناوەندی قەزای موسڵ دەژین، ئەمە بێجگە لەوەی لە ناوەندی قەزای حەمدانیە و ناحیەی بەرتللەی سەر بە پارێزگای نەینەوا هەن. مەسیحیەکان ئەگەرچی لە دوای ئێزدیەکانەوە دێن لە نەینەوا بەڵام لە نێو ئەو سێ پارێزگایەدا بەرزترین ڕێژەیان لە نەینەوادایە کە ٤,٩٪ یان تۆمارکردوە، وە لە کەرکوکیشدا بە بەراورد بە ڕیژەی پێشوو کەمترن و گەیشتونەتە ٢,٣٥٪، و پاشان لە دیالەدا ٠,١٣٪ ی پەیڕەوانیان هەیە.
- **ئێزدیەکان** ئەگەرچی لە ڕووی نەتەوەییەوە بە ڕەسەن کوردن بەڵام خاوەنی تایبەتمەندی ئاینی خۆیانن و لەو لایەنەوە جیادەکرێنەوە لە کوردە موسڵمانەکان و نیشتەجێن لە ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا، لە قەزای شەنگاڵ بە سەرەکی هەن و لەگەڵ هەریەکە لە ناحیەکانی سنوونی و قەیڕەوان و قەزای شێخان. دووەم پلەی پەیڕەوانیان هەیە لەو پارێزگایەدا و بە ڕێژەی ٨,١٦٪ بەشدارن لە پێکهاتەی ئاینەکان، پاشان لە کەرکوک بە ٠,١٢٪ دێن، ئینجا لە دیالەش بوونیان هەیە بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر کە دەگاتە ٠,٠٢٪.
- **ئاینزاکانیتر** کە بریتین لە **سابیئیەکان و یەهودیەکان و ئەوانیتر** وەکو بوون هەن بەڵام ژمارەیان زۆر کەمە و ڕێژەکانیان زۆر کەم دەردەچێ بۆ نمونە: ئەو خەڵکانەی ئاینەکەیان نادیارە لە پارێزگای نەینەواد ڕێژەکەیان ٠,٢٤٪، یان سابیئیەکان لە پارێزگای دیالەدا ٠,٠٧٪ی ئەو پارێزگایەن.

( خشتەی — ١٥ )

**دابەشبوونی ئاینی دانیشتوان لە هەرسێ پارێزگای ( نەینەوا و کەرکوك و دیالە )**

**بە گوێرەی ئاماری ( ١٩٧٧ )**

| پارێزگا | موسڵمان ٪ | مەسیحی ٪ | ئێزیدی ٪ | سابیئی ٪ | یەهودی ٪ | ئەوانیتر ٪ | نادیار ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەینەوا | ٨٩,٣٧ | ٤,٩ | ٨,١٦ | ٠,٠١ | ٠,٠٠١ | ٠,٠٠٠٢ | ٠,٢٤ |
| کەرکوك | ٩٧,٣١ | ٢,٣٥ | ٠,١٢ | ٠,٠٦ | ٠,٠٠١ | ٠,٠٠١ | ٠,١٥ |
| دیالە | ٩٩,٧٢ | ٠,١٣ | ٠,٠٢ | ٠,٠٧ | ٠,٠٠١ | ٠,٠٠٢ | ٠,٠٦ |

**المصدر:** روژهات ويسي خالد، مشكلة المناطق التنازع عليها في العراق (إقليم كردستان نموذجا)، مطبعة جامعة دهوك، ٢٠١٢، ص ١٢٤.

لە کۆتایی ئەم تایبەتمەندیە گرنگەدا، جێی ئاماژەیە بگوترێت لەگەڵ ئەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە مێژووی ڕابردووی خۆیدا سیمایەکی ڕاستەقینەی هەمەڕەنگی ئەتنۆگرافی هەبووە، بەڵام بە داخەوە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی دەستکاری ئەم هەمەڕەنگی و تیکەڵاوییە جۆرایەتیەیان کردووە لە ڕێگەی هاوردەکردنی عەرەب و دەرکردن و کۆچپێکردنی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ناوچەکە لە کورد و تورکمان و کلدۆر ئاشووری، ئەمەش بە ئامانجی زاڵکردنی نەتەوەی عەرەب لەسەر ئەوانیتر و دەست بەسەرداگرتنی شوێنی جوگرافی ناوچەکە.

## باسی دووەم/ تایبەتمەندی ئابووری :

جوگرافیای ناوچەی توێژینەوە خاوەن چەندین تایبەتمەندی ئابووری گرنگە كە خۆی دەبینێتەوە لە بوونی سامانێكی سروشتی و مرۆیی دەوڵەمەند. سامانە سروشتیەكەی لەو دەرامەتە بایەخدارانەدا دەردەكەوێت كە خواكردی زەوی و خاكەكەیەتی، سامانە مرۆیەكەشی لە هێزی دانیشتوان و چالاكیەكەكانی سەرچاوە دەگرێ.

لەو ڕوانگەیەوە تایبەتمەندییە ئابووریەكانی جوگرافیای ناوچەكە لە خوارەوە ڕادەخرێن و نمونەی هەڵبژێردراویان لێ دەهێنینەوە، دواتریش بایەخ و گرنگیەگەی لەسەر ئاستی هەرێم و ناوچەكە بۆ خزمەتكردنی دۆزی كورد لە عێراق نیشاندەدرێن. بۆ ئەو مەبەستە تایبەتمەندیە ئابووریەكانیش لەمانەی خوارەوە كۆدەكرێنەوە:

### أ- تایبەتمەندی ناوچەكە لە ڕووی بوونی دەرامەتی ئاوی:

ئاو دەرامەتێكی سروشتی یە، پێویستی باسكردنی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و لە سەدەی بیست و یەكدا لە هەموو كات زیاترە، چونكە بایەخێكی ستراتیژی گرنگ و گەورەی هەیە بە تایبەتی لە ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی تریش لە ناوچە وشك و نیمچە وشكەكانی، هەر بۆیە كێشەی ئاو بووەتە كێشەیەكی هەرێمی و نێو دەوڵەتی، دەوڵەتان وەك كارتێكی فشاری سیاسی لە بەرامبەر یەكتری بەكاریدەهێنن[(١)].

سامانی ئاو گرنگیەكی زۆری هەیە، چونكە بە یەكێك لە كۆڵەگە بنەڕەتیەكانی بەرهەمهێنانی كشتوكاڵی و پیشەسازی و نیشتەجێكردن دادەنرێت. ڕووباری دیجلە و لقەكانی یەكەم سەرچاوەی ئاوی سەر ڕووی زەویین لە كوردستانی عێراق دا[(٢)]. ناوچەكە

---

[(١)] فارس مظلوم العاني و آخرون، السياسات المائية و إنعكاساتها في الأزمة المائية العربية، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٢، ص ٧.

[(٢)] ئازاد جەلال، هاوسەنگی ئاوو كەش و هەوا لە ئاوڕێژگەی ڕووباری دیجلە و ئاسۆی ئایندەی ئاو لە هەرێمی كوردستاندا،گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٢)، ساڵی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان، هەولێر ،كۆتایی حوزەیرانی ١٩٩٩، ل ٢٦.


خاوەن سامانێکی ئاوی زۆرە، وە خۆی دەبینێتەوە لە هەموو جۆرە ئاوەکانی سەر زەوی و ژێر زەوی و شێوەکانی دابارین کە ڕەنگدانەوەی دەستکەوتی ئاوی بەسەر سەرجەم پانتایی شوێنە جوگرافیەکەیدا بەخشیووە، لە نێویشیدا ناوچەکانی توێژینەوە.

شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ڕووی دەرامەتی ئاوییەوە خۆی لە دەسپێکی سنووری ڕێڕەوی بەردەوامی ڕووباری دیجلەدا دەبینێتەوە لە سێگۆشەی هاتنە ناوەوە ڕووبارەکە لە نێوان سنوورەکانی تورکیا — سوریا — عێراق لە نێوان پارێزگای دهۆك و نەینەوا، پاشان بە تێ ڕژانی ئاوڕێژگەی لقەکانی دیجلە تێ پەڕبوونی بەردەوام دەبێت بەسەر خاکی سەرجەم ئەو پارێزگایانەی کە ناوچەی توێژینەوە بەسەریدا دابەش بووە هەر لە پارێزگای نەینەوا تا پارێزگای دیالە. لە لایەکی تردا زۆربەی لقەکانی دیجلە هەڵکەوتەی شوێنی سەرچاوەی ئاو لێ هاتوویان لاپاڵی بەرزاییە سنوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ئێرانە.

سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی ناوچەی توێژینەوە لە هەرێمی کوردستانەوە بە ڕێ کراوە. سەرەتا ڕووباری دیجلە وەك سامانێکی بەهاداری سروشتی سوودی لێ وەردەگیرێت لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی تر، هەروەها وەك سنوورێکی جیاکەرەوەش کاردەکات لە نێوان کوردستانی عێراق و عێراق هەر لە باکووری شاری موسڵ تا دەگاتە فەتحە، وە بە ئاودەرێکی سەرەکی شوێنی جوگرافی ئەو ناوچانە دادەنرێت بە گشتی، لەبەرئەوەی ئاوڕێژگەی لقەکانی بە هەمان ئەو ناوچانە تێ پەردەبێت.
(نەخشەی — ١٣) .

**( نەخشەی – ١٣ )**

## نەخشەی سروشتی کوردستانی عێراق



تێكڕای بڕی داهاتی ئاوی ساڵانەی ئەم ڕووبارانە كە سیمای هەڵبەزین و دابەزینی هەیە نزیكەی (٤٤ ملیار مەتر سێ جایە)، وە ماوەی تێپەڕبوونی هەریەكەیان لە ناوچەی توێژینەوەدا جیاوازە. ئەوەی تێبینی دەكرێت لە (خشتەی – ١٦) دا ئەوەیە: زێی گەورە لە سەرجەم لقەكانی ڕووباری دیجلە زیاتر بەشداری داهاتی ساڵانەی ئاوی دەكات و بە (١٢,٧ ملیار م³) بەشدارە، ئەگەرچی درێژیەكەی (٦٠ كم) لە هەموویان كەمترە. زێی عوزەیم بە پێچەوانەوە درێژیەكەی لەوانی تر زیاترە (٢١٠ كم) ماوەی تێپەڕبوونی هەیە لە ناوچەی توێژینەوەدا، كەچی بە كەمترین داهات كە دەگاتە (٠,٩ ملیار م٣) بەشدارە.

**(خشتەی – ١٦)**

**ڕووبار و ڕێژگەكانی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم.**

| ڕێژگە و ڕووبار | درێژی لە ناوچەكە بە (كم) | تێكڕای بڕی داهاتی ئاوی ساڵانە (ملیار مەتر سێ جا) |
|---|---|---|
| زێی گەورە | ٦٠ | ١٢,٧ |
| زێی بچوك | ١١٥ | ٧,١ |
| عوزەیم | ٢١٠ | ٠,٩ |
| سیروان (دیالە) | ٨٥ | ٥ |
| دیجلە | ١٢٥ | ٤٤,٤ |

سەرچاوە: ئازاد نەقشەبەندی، بایەخی جیۆپۆلەتیكی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی بەڕێوەبردنی حكومەتی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ، ل ٢٧.

سەبارەت بە ئاوی ژێر زەویش بە هەموو جۆرەكانی "سەرچاوە و كانیاوەكان .."، وە ئامرازەكانی سوود لێوەرگرتنیان وەك " بیر و كارێزەكان .." بە گرنگترین شێوەی سامانەكانی ئاوی ژێر زەوی دەژمێردرێن، كە دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بۆ دابینكردنی

پێداویستیەکانی ناوماڵ و کشتوکاڵ و پیشەسازی پشتی پێدەبەستن و، بە شێوەیەکی بەرچاو دابەشکردنی شوێنەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە ناوچەکە دیاری دەکەن[1].

گرنگی تایبەتمەندی دەرامەتی ئاویی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، وای کرد سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئاویی لە ناوچەی توێژینەوە هەڵسێ بە بوونیاتنانی چەند بەنداوێك بە مەبەستی گلدانەوەی ئاو لە ناوچەکەدا، لەوانە بەنداوەکانی: دوبز و حەمرین.

بەندوای حەمرین: ئەگەرچی ئەم بەنداوە هەنووکە سەر بە پارێزگای دیالەیە، بەڵام پێش دابەشکردنی لە ڕووی کارگێریەوە سەر بە پارێزگای کەرکوك بوو، بەنداوەکە (١٠ کم) لە شوێنی بەنداوی جێگیری دیالە و (١٢٠ کم)یش بە ئاڕاستەی باکووری ڕۆژهەڵات لە بەغداوە دوورە، گرنگی پڕۆژەکە لەوەدایە دەتوانێت ئاو بۆ (١,٢ ملیۆن دۆنم زەوی) دابین بکات، و هەروەها لوتکەی لافاو لە ڕووباری دیالە لە (١٤٠٠٠م$^3$) بۆ (٤٠٠٠م$^3$) کەم بکاتەوە[2].

پڕۆژە ئاودێرییەکانی عێراق لەسەر ڕێژگەکانی ڕووباری دیجلە سوود بەخشە بۆ ناوچەی توێژینەوە، بەڵام زیاتر بەرژەوەندی ناوەڕاست و باشووری عێراقی تیا ڕەچاو کراوە، ئەمە جگە لەوەی هەندێك لەو پڕۆژانە ئامانجی سیاسییان هەبووە کە بریتی بووە لە ڕاگواستنی کورد و بە عەرەبکردنی ناوچەکە، بۆ نموونە پڕۆژەی ئاودێری حەویجە لەسەر ڕووباری دیجلە[3].

ئەمەو شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بەهۆی هاوسنووری لەگەڵ عێراق و ئێران ئەندازەیەك گرنگی ئەو ڕووبار و لافاوانەی، بە تایبەتی لە کاتی باران بارین و توانەوەی

---

[1] ئازاد جەلال، ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٣)، ساڵی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، ئەیلوولی ١٩٩٩، ل ٢٥ – ٢٦.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٢٥ – ٢٦.

[3] ئازاد نەقشەبەندی، سیاسەتی ئاوی دەوڵەتانی حەوزی دیجلە و کاریگەریتی لەسەر هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠)، ساڵی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، هاوینی ٢٠٠١، ل ١٤٤.

بەفرەکان پێیدا دەڕۆن، بە پیتی خاکەکەی، ئەم خەسڵەتانە چەند هاوبەشیان لە بەرزکردنەوەی پەرەپێدانی دانیشتوان کردووە، بە هەمان ڕادەو بگرە زیاتریش ڕۆڵی خراپیان لە ڕووبەڕوبوونەوەی دانیشتوانەکەیدا گێڕاوە، کە لە لایەك بوونەتە هۆی خراپ بوونی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت، لە لایەکی دیکەش چەند گۆڕانکاریەکی بەسەر بارودۆخی ناوچە کوردستانیەکاندا هێناوە، بە تایبەتیش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم[1]، بۆ نمونە ئێران ناوچەی مەندەلی لە ئاوی ڕووباری (گەنگیر) بێ بەش کردووە کە بە پێی ڕێککەوتنەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی عێراق و ئێران دەبووایە تەنیا نیوەی ئاوی ڕووبارەکەی (کە بڕەکەی لە هاویندا لە نێوان (٣,٧ — ٧ م$^{٣}$ ئاوە لە چرکەیەکدا) بەکاربهێنابایە، کەچی ئێران ئەمڕۆ هەموو ئاوی ئەم ڕووبارە بەکاردەهێنێت، ئێران هەمان کاری دەربارەی ئاوی (گەنجانە چەم) و (گەڵاڵی بەدرە) ئەنجام داوە، بڕی ئەو ئاوەی کە پێشتر دەگەیشتە بەدرە ( ٢ — ٣ م$^{٣}$/ چرکە) بووە، بەشی ئێران لە ئاوی ڕووبارەکە بە پێی ڕێککەوتنەکانی پێشووی دەسەڵاتدارانی سنووری عێراق و ئێران تەنیا ( ٦٠٪) ی ئاوی ڕووبارەکە بووە، کەچی ئێستا ئێران بە تەواوی دەستی بەسەر ئەم ڕووبارەدا گرتووە[2]. هەر بۆیە لە پەیوەندیە سیاسیەکانی لەگەڵ عێراق وەك کارتێکی فشار بەکاری دەهێنێت، لە دیاردەکانی ئەم کارەشی ئاوەڕۆی زۆرێك لە ڕووبارە سنووریەکانی گۆڕیوە و، چەندین بەنداوی لەسەر بوونیات ناون، ئاوەکانیانی لاداوە بۆ چەند ناوچەیەکی دیکە[3]. ئەمەش بە زیانی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە شکاوەتەوە، چونکە پشت بەو ڕووبارانە دەبەستن.

## ب - تایبەتمەندی ناوچەکە لە ڕووی کشتوکاڵەوە:

---

(1) خەلیل ئیسماعیل محەمەد، گرفتی ڕووبارە سنووریەکان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٨)، ساڵی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، زستانی ٢٠٠١، ل ٩٦.

(2) ئازاد نەقشەبەندی، سیاسەتی ئاوی دەوڵەتانی حەوزی دیجلە و کاریگەرێتی لەسەر هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦.

(3) خەلیل ئیسماعیل محەمەد، گرفتی ڕووبارە سنووریەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

کشتوکاڵ وەك چالاکییەکی گرنگی مرۆڤ زامنی خۆراك و بەردەوامبوونی ژیانە، بۆیە ئەنجامدانی ئەم چالاکیە لە شوێنێکی وەك ناوچەی توێژینەوەدا وابەستەیە بە خاك و ئاوهەوای ئەو شوێنە، چونکە کار لە ڕواندن و گەشەکردن و پێگەیشتنی دەکات، بۆیە بەر لە چوونە سەر ئەو باسە دەبێ ئەو بنەمایانەی کشتوکاڵ ڕوونکرێن.

خاکی ناوچەی توێژینەوە جۆراوجۆرە، بە گشتی دەتوانرێت بگوترێت: خاکی ئەم ناوچانە خاکێکی پێگەیشتوو و قووڵە. بە پێی پۆلێنی وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمریکی ساڵی ١٩٦١ بۆ خاك، بەشی هەرە زۆری خاکی ئەم ناوچانە لە جۆری دووەمە کە دەست دەدات بۆ چاندنی هەموو جۆرە بەرووبومە کشتوکاڵیە زستانی و هاوینیەکان بە تایبەتی گەنم و جۆ و سەوزەوات. هەروەها خاکی ئەم ناوچانە گەرچی ڕێژەی تەنە ئۆرگانیەکانی تیادا کەمە و لە هەندێك شوێن کێشەی ڕاماڵینی هەیە، بەڵام دوورە لە کێشەی سوێر بوون، کە کێشەی سەرەکی خاکە لە ناوەڕاست و باشوری عێراق[(١)].

ئەوەی تایبەتە بە ئاوهەوای ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بریتیە لە جۆری ئاوهەوای نیمچە وشکی هاوینی گەرم و وشك و زستانی باراناوی، (BSsh)، بە پێی پۆلێنی کۆپن. تێکڕای پلەی گەرمای ساڵانەی لە نێوان (٢٠ – ٢٢,٥)° س دایە و جیاوازی گەورەی هەیە لە نێوان پلەی گەرمای وەرزەکانی ساڵ. بۆ نمونە تێکڕای پلەی گەرمای وەرزی زستان لە نێوان (٦,٥ – ١٠,٥)° س دایە و تێکڕای پلەی گەرمای وەرزی هاوین لە نێوان (٣١ – ٣٥)° س دایە و، مەودای گەرمی ساڵانە لەم ناوچانە لە نێوان (٢٦ – ٢٨)° س دایە[(٢)].

هەرچی تایبەتە بە باری دابارین لە ناوچەی توێژینەوە، لە شێوەی بارانە کە زیاتر لە هەردوو وەرزی زستان و بەهاردا دەبارێت، (٥٠٪) و (٣٥٪)ی کۆی بارانی ساڵانەیە یەك لەدوای یەك و، (١٥٪)ی بارانی ساڵانەش لە وەرزی پایزدا دەبارێت. کۆی بارانی ساڵانە لەم

---

(١) ئازاد نەقشەبەندی، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦.

ناوچانە لە نێوان (١١٢ — ٤٠٣ ملم) دایە، و بە گشتی دەتوانین بڵێین كە بڕی باران لە ناوچەكەدا بە ئاڕاستەی باكور و باكوری ڕۆژهەڵات زیاد دەكات[1].

كەواتە ئەم تایبەتمەندییانەی خاك و ئاوهەوای شوێنە جوگرافیەكە كاری كردۆتە سەر چالاكیە مرۆییەكانی ناوچەكە بە تایبەتیش چالاكی كشتوكاڵی و بەرووبومەكانی. كە ئەم چالاكیەش لە پێشەوەی چالاكیە ئابووریە گرنگەكان دادەنرێت، ئەم گرنگیەش ڕەگێكی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاكانی زانینی مرۆڤ، شوێنەواری "گوندی چەرمۆ" لە پارێزگای كەركووك نمونەیەكی ئاشكرای ئەو سەرەتایەیە كە دەری دەخات پەیوەندی هەبووە لە نێوان سروشت و چالاكیەكانی مرۆڤـ[2].

سروشتی تایبەتمەندی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە چەندین دەشتی بە پیتی كشتوكاڵی لە خۆوە گرتووە لەوانە: دەشتەكانی: "موسڵ و شەنگاڵ و كەركوك و حەمرین.." (گەڕانەوە بۆ نەخشەی — ١٤) كە بە دەشتەكانی ناوچەی نیمچە شاخاوی ناسراون و خاوەن ڕووبەرێكی فراوانی زەوی كشتوكاڵین. هەروەك نموونەیەك لە (خشتەی — ١٧) دا دیارە:

دەشتی حەمرین دەكەوێتە باشووری ناوچەی توێژینەوە، درێژیەكەی (٧٥ كم) دەبێت و پانیەكەشی (٢٢ كم)، تێكڕای بەرزی دەشتەكە لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە دەگاتە (١٨٠ — ٢٥٠ م) و، خاكەكەی لە بنچینەدا بەشێكە لە پارێزگای كەركووك. هەروەها دەشتی كەندێناوە دەكەوێتە بەشی باشووری شاری هەولێر و بە یەكێك لە دەشتە بەناو و دەنگەكان دادەنرێت بەهۆی پیتداری داچاندن تێیدا، ڕووبەری پانتاییەكەی بە (٥١٢ كم $^2$) هەژماركراوە. سەرەڕای ئەمانە، دەشتی شنگال بە یەكێك لە دەشتە ناسراوەكانی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوە ئیدارەی هەرێم دادەنرێت كە دەكەوێتە سنووری كوردانی ئێزیدی

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦.

(٢) محمد عبدالله عمر، زراعة الوديان والسفوح الجبلية، مجلة زانكو للعلوم الإنسانية، العدد (٩)، السنة الرابعة، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، أذار ٢٠٠٠، ص ١٥٩.

لە باکووری ڕۆژئاوای شاری موسل لە پارێزگای نەینەوا، ئەمیش بۆ کشتوکاڵی وەرزەکان خەڵکی ناوچەکە سوودی لێ وەردەگرن، ڕووبەری دەشتەکە خۆی لە (٣٦٠ کم٢) دەدات کە ئەمە بە لای توێژینەوەکەوە داهاتێکی پڕ هاتووی دەبێت، کاتێك بە داچاندنێکی ڕێکخراو کاری بۆ بکرێت.

کەواتە دەرخستەی نموونەی هەندێك لەم دەشتانە لە ناوچە کوردستانیەکان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە سەرجەمی ڕووبەری ئەم دەشتانەی خرانەڕوو لە ناوچەکە دەگەنە (٢٤١٢ کم$^{٢}$)، بێگومان ئەگەر داچاندنی تەواوەتی بۆ بکرێت ئەوا پێویستییەکانی دانیشتوانی ناوچەکە و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش پڕ دەکەنەوە.

( خشتەی – ١٧ )

**گرنگترین دەشتە کشتوکاڵیەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.**

| ناوی دەشت | درێژی/ کم | پانی/ کم | تێکڕای بەرزی/ م | شوێنی جوگرافی | کم٢ |
|---|---|---|---|---|---|
| **حەمرین** | ٧٥ | ٢٢ | ١٨٠ – ٢٥٠ | پارێزگای کەرکووک | ١٥٤٠ |
| **کەندێناوە** | ٨٠ | ١٦ | ٣٠٠ | پارێزگای هەولێر | ٥١٢ |
| **شەنگاڵ** | ٦٠ | ٥٠ | ٣٠٠ | پارێزگای نەینەوا | ٣٦٠ |

**سەرچاوە:**

١– عەبدوڵا عامر عومەر، بەرزی و نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی
عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٥٦.

٢– ساکار محمد حسن گەردی، ڕۆڵی دانەوێڵە لە زامنکردنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی)، نامەی ماستەر (بڵاوکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٦٤.

بۆ زیاتر جەخت کردنەوە، ئەم دەشتانە بە ناوەندێکی گرنگی بەرووبومی کشتوکاڵی دادەنرێن، بۆ وێنە دەشتێکی وەکو موسڵ بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و تەواوی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی تر سوودی لێوەردەگیرێت وەکو پاقڵەمەنیەکان و سەوزەوات لە ناوچەکە، لە وەرزە باراناویەکانیش بە گوێرەی سەرچاوە کشتوکاڵیەکان نیوەی ڕووبەری چێنراوی

دەبێتە بەرهەمی گەنم، ئەم هۆکارە زیندووە وای لێ کردووە کە لە وەرزە باراناوی یە چاك و خراپەکان بە گوێرەی بوون و نەبوونی باران کاریگەری ئابووری بکاتە سەر شاری موسڵ و، داهاتی تاك لە کۆمەڵگاکەیدا هەڵبەز و دابەز بە خۆیەوە ببینێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاری لەسەر ژیانی ئابووری ناوچەکە کردووە[1].

هەڵبەتە دوای ئەوەی هەندێك پڕۆژەی ئاودێری لەسەر بەنداوی موسڵ و ڕووباری دیجلە دروستکران کشتوکاڵ گەشەی کرد لە پارێزگای نەینەوادا، ئەمەش وایکرد هەندێك لە بەرووبومە پیشەسازییەکانی وەکو "گەنمەشامی و لۆکە و چەوەندەری شەکر" داچاندنی بۆ بکرێت لە ژێر ڕێکخستنە ئاودێرییە کۆن و نوێیەکان بە شێویەکی ڕێژەیی، لەگەڵ ئەم نوێکارییە ڕێژەییە کە بە پێوەری ناوەخۆیی دەپێورێ، کەچی کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا لە دواوەیە بە گوێرەی جیهان و پێوەرە کشتوکاڵیە سەردەمیەکان[2].

هەروەها لە قەزا کوردستانیەکانی تری پارێزگای نەینەواشدا چالاکی و بەرووبومی کشتوکاڵی ڕۆڵی خۆی هەیە لە پێش کەوتنی ژیانی ئابووری، ناوچەیەکی وەکو قەزای شەنگال گرنگییە ئابووریەکەی لەوەدایە خاوەن زەوی زارێکی بە پیتە بۆ چاندنی "گەنم و نیسك و نۆك" و متمانەیان لەسەر بارانە. دارستانە هەمیشە سەوزەکانی زەیتون و ڕەزە پان و بەرینەکانی ترێ و هەناریش دیارترین بەرهەمەکانی هاوینەی ئەم ناوچەیەن. هەروەها جۆری چاکی هەنجیر لە شەنگاڵ بەرهەم دەهێنرێت. هەندێك ناوچەی قەزاکەش چاندنی توتنی لێ دەکرێت و جۆرێکی باشی توتنی کوردستانی عێراق لەم ناوچەیەدا دەهێنرێتە بەرهەم[3].

---

[1] محمد إحسان، المصدر السابق، ص ١٩٦.

[2] المصدر نفسه، ص ١٩٦.

[3] خەسرۆ گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠ – ١٥١.

لە ڕاستیدا دەشتاییەکانی موسڵ لە هەموو شوێنێکی تری عێراق بەناوبانگترن بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ، وە ڕۆڵێکی دیاریان هەیە لە گەشەسەندنی ئابووری ناوچەی توێژینەوە و سەرجەم عێراقدا[1].

ئەوەی جێگای تێڕوانینە، ئەم تایبەتمەندییە گرنگانەی شوێنی جوگرافیای ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوای پێ دەناسرێتەوە، وای لێکردووە ببێتە شانۆیەکی شاڵاوەکانی بەعەرەبکردن کە لە سەدەی ڕابردوودا پەیڕەوکراوە، وە دوورابیەکی سیاسی و نەتەوەیی وەرگرتووە، وە بووەتە یەکێك لە دیارترین لەمپەرەکانی بەردەم ڕێگا چارەسەریەکانی کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێرقدا[2].

بە هەمان شێوە، کاتێك باس لە بایەخی تایبەتمەندیەکانی شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای کەرکوك دەکەین لە ڕووی کشتوکاڵیەوە، ئەوا گرنگیەکەی کەمتر نی یە لە پارێزگای نەینەوا. دەبینرێ تایبەتمەندیەکانی ئەو پارێزگایەش لە دەشتە بە پیتەکەیدا دەردەکەوێت، کە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی بەرووبوومەکانیەتی، ئەم دەشتەیەش بۆ لای زنجیرەی گردەکانی حەمرین درێژدەبێتەوە (کە لەوێدا بە دەشتی حەمرین دەناسرێتەوە) و پێچاوپێچیەکەی قوپاوە، بەهۆی نیشتەنیە هاتووەکانی لافاو و باراناوی بەرزاییەکانی دەوروبەری پڕبووەتەوە[3]. دەکرێ ئەم دەشتە گەورە کشتوکاڵیەی کەرکوك ژێربار بخرێت بە تایبەتی بۆ دانەوێلە و میوەهات و جۆراوجۆر لە بەرووبومی خۆماڵی کە دوورابیەکی نەتەوەیی و ستراتیژی دەبێت بۆ کوردستانی عێراق لە ڕووی بەرهەمهێنانی دەرامەتە خۆراکیە جیاوازەکان کە بە پەیوەندیەکی بەتین بەستراوەتەوە بە

---

[1] دلێر ئیسماعیل شاوەیس، بارودۆخی ئابووری لە کوردستانی عێرقدا (کۆتایی ساڵانی ١٩٥٠ – سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠)، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١١)، ساڵی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، کۆتایی ئایاری ١٩٩٩، ل ١٣٩.

[2] خليل إسماعيل محمد، دهوك – نينوى (دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)، المصدر السابق، ص ٩.

[3] محمد عبدالله عمر، الأمن القومي الكوردي لأراضي محافظة كركوك الزراعية، گۆڤاری هاواری کەرکووك، ژمارە (١)، هەولێر، ئەیلوولی ١٩٩٨، ل ١٤٣.

ئاسایشی نەتەوەیی کورد[1]. وە سەرەڕای ئەمەش دەتوانرێ بەرووبومە کشتوکاڵیەکان بچنە بواری پیشەسازی خۆاکیەوە و لەو لایەنەوە کەڵکیان لێوەربگیرێت.

## ج - تایبەتمەندی ناوچەکە لە ڕووی دەرامەتە پیشەسازیەکان:

گەشەسەندنی ئابووری بەتایبەتی لایەنە پیشەسازیەکەی لە هەر شوێنێکی جوگرافی جیهاندا بە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاسایشی ئەو ناوچەیەوە بەستراوەتەوە، کە شوێنەواری لە هەموو ڕووێکی پێشکەوتنی ئابووری ڕەنگدەداتەوە و، سیاسەتی ئابووری پەیڕەولێکراو ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێ. گەشەسەندنی ئەو شوێنانەش پشت بە ئاستی فرەیی دەرامەتە کانزاییەکان دەبەستێت کە ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرەو پێشبردنی بژێوی ئابووری دانیشتوانی شوێنەکە دەگێڕێت[2].

کوردستانی عێراق بە یەکێك لە شوێنە جوگرافیە دەوڵەمەندەکانی سەر نەخشەی ئابووری جیهان دادەنرێت، کە بە تایبەتمەندی هەبوونی دەرامەتێکی گەورەی ژێر زەوی و سەر زەوی جیادەکرێتەوە، لەسەر ئاستی ناوچەکانیش ناوچەی توێژینەوە بە پڕ بایەخترین ناوچەی ئەو بەشەی کوردستان دەناسرێتەوە لە بوونی سامانێکی زۆرو زەبەندی سروشتی، لە کاتێکدا لە باوەشی دابێت هێزی سیاسی و ئابووری هەرێم لە سەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بەهێزتر دەکات.

دەرخستەی هێزی شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە دەرامەتە بە نرخەکانیدا دەردەکەوێت، لە پێشەوەی هەموشیان دەرامەتە کانزاییەکانی، کە دەبنە دوو جۆر:

١ - **کانزا فلزییەکان:** ئەو کانزایانەن کە دەردەهێنرێن و دەتاوێنرێنەوە و، فلزی تریان لێ وەدەست دێت. کانزا فلزیەکان، ئەم جۆرەش توخمە فلزییە ئازادەکانی وەك: زێڕو زیو و

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١٤٣.

(٢) عیمادەدین عومەر حەسەن، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل ١٥١.

تەنگستن.. و، گشت ئاوێتەیەکی توخمە فلزیەکانی وەك ئۆکسیدی ئاسن و گۆگرداتی قورقوشم و زینك و مس و کاربۆناتی ئاسن.... دەگرێتەوە[١].

بۆ نموونە زەوی کەرکووك چەندین کانزایی لەم جۆرەی تێدایە لەوانە "گۆگرد و مس و قیر و قورقوشم". بەڵام ئەو کانزایەی کە چەرخی شارستانیەت دەسوڕێنێتەوە و گڕ لە باری سیاسی بەردەدات و ئاگری جەنگ دادەگیرسێنێت و ڕووخساری مێژوو دەگۆڕێت تێیدا دۆزرایەوە، بەڵێ .. نەوتیان لە کەرکووك دۆزیەوە[٢].

٢ – **کانزا نافلزییەکان:** دوو پۆلی سەرەکی دەگرێتەوە، یەکەمیان کانزای سووتەمەنییە وەك "خەڵوز و نەوت و گازی سروشتی و کانزاکانی سووتەمەنی ناوەکی"، دووەمیش کۆمەڵە کانزایەکە جگە لە (کانزا سووتەمەنیەکان) دەگرێتەوە کە لە ژێر زەوی دەردەهێنرێن وەك "فۆسفات" کە لە پیشەسازی پەینی فۆسفاتی بەکاردەهێنرێت، "باریت و هاڵایت (خوێی چێشت)"[٣].

زۆربەی جۆری کانزا نافلزیەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا بوونیان هەیە، لەوانە[٤]:

- خوێ "خوێی چێشت" (کلۆریدی سۆدیۆم $NaCl$) لە ناوچەی خوێاوگەکانی : "حەمرین و دوزخورماتوو و چەند ناوچەیەکی تردا" هەیە.
- گۆگردی هاوێنەی پوخت لە چینە قوڕینەکانی "ناوچەی سلێمان بەگ"دا هەیە.
- خەڵوزی بەردین لە شوێنەکانی "قەزای کفریدا" بوونی هەیە.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٤.

(٢) وەلید شەریکە، کەرکوك (توێژینەوەیەکی جیۆ – مێژووییە، ڕەسەنایەتی هەمەجۆری ڕەگەزی – الإثني و ستراتیژی شوێنی جوگرافی لە کوردستانی عێراق دەردەخات)، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠)، ساڵی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، هاوینی ٢٠٠١، ل ١٦٢–١٦٣.

(٣) عیمادەدین عومەر حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٢– ١٦٦.

– كانزای جبسۆم و ئەنهایدرایت لە "باكووری ڕۆژهەڵاتی مەخمور" بوونیان هەیە و ناوچەكەشیان (٥كم) دوورە لە ناوەندی قەزای مەخمور و نیشتووەكانی لە (٧ چین)ی جبس پێكهاتوون كە بەردی قوڕین لە یەكتریان جیادەكاتەوە.

لە نێو كانزا نافلزییەكانیشدا، سەرەكیترین و دیارترینیان كانزای سووتەمەنی **نەوتە**، كە ناوچەی توێژینەوەی پێی بەناوبانگە، لەبەرئەوەی لە ژێریدا كانگایەكی گەورەی تێدا گلدراوەتەوە.

ئەمڕۆ لە جیهان سامانی نەوت بە كەرەسەیەكی ستراتیژی و توخمێكی سەرەكی پەرەپێدانی ئابووری جیهان دادەنرێ. وە بۆ هاتنەدی ئامانجە مەزەندەكراوەكان لە هەموو سەرچاوە و سامانێكی دیكە بە توانا ترە. لەوانەیە ئەو ئاستە گوزەران و بژێوەی دەوڵەتانی كەنداو هەیانە و ئەو گەشە ئابووریەی هەیانە، نموونەیەكی زۆر چاكی ئەو ڕاستیە بێت كە چۆن سامانی نەوت بەشداریكردووە لە هاتنەدی هەندێك لەو ئامانجانەدا[1].

لەم ڕوانگەیەوە، ناوچەی توێژینەوە دەوڵەمەندە بە وەها سامانێك، دەكرێت ببێتە مایەی وەدەستهێنانی ئابووریەكی بەرز بۆ دانیشتوانەكەی، لەبەرئەوەی بنچینە سروشتیەكەی ناوچەكە لەسەر چەند ڕەگەزەێكی سەرەكی وەستاوە لە پێشەوەی هەموویان شوێنی جوگرافی ناوچەكەیە، كە كەوتۆتە سەر ڕێگای شەپۆڵە بازرگانی و كۆمەڵایەتی و شارستانیەتیەكان، وای لێكردووە كە توانا و كاریگەری سیاسی و ئابووری و سەربازی هەبێت لە زۆر كاتی جیاوازدا لەسەر ناوچەكانی تر. لە دیارترین شوێنە جوگرافیەكانی ناوچەكەش، شوێنی كەركووكە .

دەركەوتەی ناسراوی كەركوك، بەهۆی هەڵكەوتەی تایبەتمەندی شوێنە جوگرافیەكەیەوە بووە كە لە دەمی دەریاچەیەكەوە سروشتی گرتووە، كە بە یەكێك لە كانگا بەناوو دەنگەكانی نەوتی لە جیهاندا دادەنرێت، كەركوك و نەوت دوو ناون ئاوێزانی

[1] پارتی دیموكراتی كوردستان، نەوتی كوردستانی عێراق (نەوت و چارەنوسی سیاسی كورد و كوردستان)، بەشی دووەم، دیراسەی ژمارە (٣٢)، لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، ١٩٩٩، ل ٤٣.

یەکدی بوون [1]. لەوەتەی بوونی ئەو کانزایە لە کوردستان دۆزراوەتەوە، پێگەی دیاری سەر نەخشەی چاو تێبڕینی دەوڵەتانی زلهێزی جیهان بووە. لە پێشەوە هەموویان دەوڵەتی ئەڵمانیا بووە لە ڕابردوودا و، دواتریش بەریتانیای مەزن، هەنووکەش ئەمریکای زلهێز. لەبەرئەوەی پێگەی نەوتی ناوچەی توێژینەوە لە نێو پەیژەی کردنی نەوتی ڕۆژهەڵات لە سەرەوەدایە و شوێنێکی دیار و بە بایەخی وەرگرتووە لە نێو سیاسەت و ستراتیژییەکانی ئەمریکا و، ئەم بڕە نەوتە زۆرەی لە ناخی شوێنەکەیدا گڵدراوەتەوە، گومانی تێدا نیە لە ئایندەدا بە ئەرێنی ڕەنگدانەوەی دەبێ بەسەر چارەنووسی گەلەکەمان، ئەگەر هاتوو هۆکارە ناوەخۆییەکان لە ئاست لانی کەمی ململانێی ڕووداوەکان بێ، ئاکامی باشی لێدەکەوێتەوە [2].

هەروەها بە گەڕانەوەی چاو خشاندنێکی کورتی مێژوویی دەردەکەوێت کە نەوت ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە مەسەلەی دیاریکردنی چارەنووسی کوردستانی عێراق و لکاندنی بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی دوای جەنگی جیهانی یەکەم [3]. لەمەوە دەردەوکەوێ کە ناوچەی توێژینەوە وەك بەشێکی نەوتاوی کوردستان چەندە گرنگی پێدراوە و پێی دەدرێ لە لایەن دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهانەوە، هەر زوو بایەخی ئەم ناوچانەیان زانیووە و ڕێکەوتننامەی تایبەتی قۆرغکاری و دابەشکارییان لە بارەیەوە بەستووە.

زەنگینی ئەم ناوچانە بە نەوت لە جیاتی ئەوەی ببێت بە خێر و خۆشی بۆ خەڵکی ناوچە کوردستانیەکان کەچی بوو بە نەفرەت لە دژیان، لەبەرئەوەی سامانەکەی دژ بە بەرژەوەندی کوردستان بەکارهاتووە و، هۆیەك بووە بۆ پەراوێزکردن و داگیرکردن و ژێر دەستەکردنی لە لایەن حکومەتەکانی عێراقیەوە. بە شێوەیەکی ڕوونتریش نەوت هۆکارێکی

---

[1] وەلید شەریکە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣.

[2] کاوە نادر قادر، ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕوناکبیری، کتێبی ژمارە (٦٣)، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣٧٤.

[3] پارتی دیموکراتی کوردستان، نەوتی کوردستانی عێراق (نەوت و چارەنوسی سیاسی کورد و کوردستان)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

یاریدەدەر بووە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕاگواستنی ناوچە کوردییەکان و بە عەرەبکردنیان، چونکە حکومەتەکان بەهۆی نەوتەوە توانیویانە سوپایەکی بەهێز دابمەزرێنن و گوندەکانی کوردستانی پێ خاپور بکەن، هەروەها هۆیەك بووە بۆ بەردەوام بوونی شەڕ لە کوردستان، ئەو گوندانەشی توشی ڕاگواستن بوونەتەوە، هەمان گوندەکانی ناوچە نەوتاوییەکانن [1]، کە خاوەنی دەیەها چاڵگەی نەوتیین و سەدەها بیری نەوتیان تیادا هەڵکەنراوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە یەدەگێکی نەوتی مەزنی هەیە و، لە ژێریەوە گلدراوەتەوە وەك لە (خشتە – ١٨) بەرچاو دەکەوێت کە تێیدا دەریدەخات:

کێڵگەی بابەگوڕی بەرهەمهێنراو لە کەرکووك بڕی (١٥ ملیار بەرمیل/ نەوت)ی یەدەگی هەیە، لە دوای ئەو جەمبووری باکوور (٥,٩٠ ملیار بەرمیل/ نەوت) یەدەگی هەیە، کیلگەکانی عەین زالە و بەتمە خاوەنی (٠,٤٨ ملیار بەرمیل) نەوتی یەدەگن کە ڕۆژانە بەرهەم دەهێنرێت، کیلگەی نەوتخانەش لە خانەقین کە چالاکە و بە (٠,٢٣ ملیار بەرمیل/ نەوت) ی یەدەگ بەشداری لە دەرهێنانی بەردەوام دەکات.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر: سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل، ڕاگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٢)، ساڵی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، حوزەیرانی ١٩٩٩، ل ٨.

**( خشتەی – ١٨ )**

**یەدەگی سەلمێنراوی هەندێك لە کێڵگە نەوتیەکانی ناوچەی توێژینەوە.**

| ناوی کێڵگە | شوێنی جوگرافی | یەدەگ ( ملیار بەرمیل ) | تێبینی یەکان |
|---|---|---|---|
| **بابەگوڕگوڕ** | کەرکوك | ١٥,٠٠ | بەرهەم هێنراو |
| **بای حەسەن** | کەرکوك | ٠٣,٠٥ | بەرهەم هێنراو |
| **جەمبور** | کەرکوك | ٠٠,٤٠ | بەرهەم هێنراو |
| **بخمە حەسەن** | کەرکوك | ٠٣,٧٠ | بەرهەم نەهێنراو |
| **جەمبوری باکوور** | کەرکوك | ٠٥,٩٠ | بەرهەم نەهێنراو |
| **عەین زالە** | نەینەوا (ڕۆژئاوای دیجلە) | ٠,٠٨ | بەرهەم هێنراو |
| **بەتمە** | نەینەوا (ڕۆژئاوای دیجلە) | ٠,٤٠ | بەرهەم هێنراو |
| **نەوتخانە** | خانەقین | ٠,٢٣ | بەرهەم هێنراو |

**المصدر**: الحزب الديمقراطي الكوردستاني، نفط كوردستان العراق (دراسة تأريخية، جيولوجية، جغرافية، إقتصادية)، الجزء الأول، دراسة رقم (٣١)، من منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي، ١٩٩٧، ص ٦٢.

یەکێك لە چاڵگە نەوتیە بە ناو و دەنگەکانی دونیا چاڵگەی بابە گوڕگوڕە لە کەرکوك، کە لە ساڵی ١٩٢٧ نەوت تێیدا دۆزراوەتەوە و بە ئەندازەی بازرگانی و لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٣٤ بە بری (١٦,٥ هەزار بەرمیل) لە ڕۆژێکدا نەوتە خاوەکەی نێردرایە سەر دەریای ناوەڕاست بە دوو بۆڕی نەوت، درێژایی گۆڕەپانی چاڵگەی نەوتی بابەگوڕگوڕ (٩٦ کم) و پانیەکەشی (٤,٥ کم) و لە قوڵایی (٣١٠ – ٣٧٠ م ) نەوتی لێ دەردەهێنرێت، لە ساڵی

١٩٨٦ لە چینی دووەمیش نەوتی تیادا دۆزرایەوە و، لە قوڵای (١٣٥٠ م) لە جەوەڵەبۆر دەست پێدەكات و لەسەر زێی گەورە نزیك شارۆچكەی گوێڕ تەواو دەبێت[١].

بێجگە لە چاڵگە نەوتیەكانی سەرەوە، ناوچەی توێژینەوە چەندین چاڵگەی نەوتی تر لە خۆوەدەگرێت لەوانە[٢]:

١ – چاڵگەكانی "سفەییە و شەنگاڵ" لە پارێزگای نەینەوا.

٢ – چاڵگەكانی "گوێڕ و قەرەچوغ "چیای بلباس" و مەخمور" لە قەزای مەخمور.

٣ – چاڵگەی "جدیدە" لە باشووری داقوق و، چاڵگەی "كۆرۆمۆر" لە ناوچەی قادر كەرەم.

٤ – چاڵگەكانی "گلاَبات و ناودۆمان و تەل غەزال و دارەخورما" لە قەزای خانەقین.

٥ – چاڵگەی "حەمرین" : ئەم چاڵگەیە دەكەوێتە زنجیرە چیای حەمرین لە سەر هەردوولای ڕێگەی گشتی كەركووك – تكریت و (١٢ چاڵە نەوتی) تری تێدایە، جۆری نەوتەكەی باشە، لە ساڵی ١٩٧٣ یەوە نەوتی تیادا دۆزراوەتەوە.

ئەمانەو چەندین چاڵگەی نەوتی تر، كە توێژینەوەكە دەرفەت نارەخسێنێت ناوی گشتیان بهێنین.

هەربۆیە ئەوەی گرنگە بگوترێت لە ئەنجامی دەرهێنانی نەوتی ئەو چاڵگە نەوتیانەی ناوچەكە، هەناردەكردنیان بۆ بازاڕەكانی جیهان، ئەوە داهاتێكی بە خەیاڵ نەهاتووی بۆ دەسەڵاتدرانی عێراق لێ وەدەست هاتووە، بە نموونە لە ساڵانی (١٩٣١ – ١٩٩٠) چاڵگە نەوتیەكانی كەركووك بە زیاتر لە (٦٣٪)ی كۆی گشتی داهاتە نەوتیەكانی عێراق بەشداری كردووە، ئەم ڕێژەیە لە نەوەدەكاندا بەرزبویەوە و، ساڵی ١٩٩٧ بە پتر لە (٦٧,٧٪)ی كۆی

---

[١] كاوە نادر قادر، سەرچاوەی پێشوو، ٦٥.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل ٧٠ – ٧٢.

گشتی داهاتە نەوتییەکانی عێراق بەشداری کردووە، دەبێت ئەوەش لە یاد نەکرێت کە تا ساڵی ١٩٥٠ نەوتی کەرکووك تاکە سەرچاوەی داهاتی نەوت بووە لە هەموو عێراق[1].

هەرچەندە ئەم زێڕە ڕەشەی کەرکووك و ناوچەکانی دەوروبەری لە سەردەمی ڕژێمەکانی عێراقی پێشوو بۆ کورد سوودی نەبووە، بەڵکو بە دژی شکاوەتەوە. بەڵام دەبێ بگوترێت دەرامەتە کانزایی و پیشەسازییەکانی ناوچەکە قازانجێکی شکۆمەندانەیان دەبێت لە دوا ڕۆژدا، گەر بۆ گەلی کوردمان لە هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە. ئەم هەرێمەی ئێستا لە عێراقی فیدراڵی نوێدا بە فەرمی خاوەنی سەرچاوەکانی وزەی کانزای خۆیەتی، بە تایبەتی نەوتی خاو لەگەڵ گازی سروشتی، هەر بۆیە بە هاتنە سەری بڕە نەوتی ناوچەی توێژینەوە، سەرەتایەکی باش دەبێت بۆ دامەزراندنی ژێر خانێکی ئابووری سەقامگیر، وە بە شێوەیەکی سەرەکی شوێنێکی گرنگی چاو لەسەری بازاڕی دەبێت بۆ دەوڵەتانی دونیا. لێرەوە وزە نێردەرییەکەی ناوچەی توێژینەوە هەڵقوڵاوی نێو دەڤەری شوێنە جوگرافیەکەی خۆمان دەبێت، کارتێکی فشار و جوڵێنەری سەرکەوتن دەبێت بەسەر پەیژەی سەربەخۆیی، لەبەرئەوە بە شایستەوە هەرێمەکەمان دەبێتە خاوەن وزەیەکی بەهادار کە توانای فرۆشتنی نەوتی خاو و گازی سروشتی دەبێت بە دەوڵەتانی جیهان، لەمانیشەوە دەتوانین تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو هاوردە بکەین[2].

دەگەینە ئەوەی بڵێین، چاکەی دەرکەوتنی ئاییندەیەکی گەش بۆ کوردستانی عێراق سەرچاوەی گرتووە لە بایەخی تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی دەرامەتە کانزاییەکانەوە لە ترۆپکیان سامانی نەوت، کە بەهۆیەوە، گرنگیەکی گەورە

---

(١) ئازاد نەقشەبەندی، کاریگەری نەوتی کەرکووك لەسەر ڕاگوێزانی کورد لە کەرکووك و بەعەرەبکردنی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠)، ساڵی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، هاوینی ٢٠٠١، ل ٢٦.

(٢) بۆ زیاتر: قەیوان سوارە سیوەیلی، سیاسەتی پەرەپێدانی نەوتی خاو و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٦ – ٩.

دەستەبەردەبێت بۆ ناوچەکە، چونکە شوێنەکەی دەکەوێتە سەرووی عێراق و دەوڵەتانی کەنداو، وە درێژاییە سنووره جوگرافییە نەوتیەکەی هاوسێی ئێرانە، لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە دەکەوێتە ناو بازنەی بەرهەمهێنانی وزەی جیهانی، لە بەرئەوە هەڵکەوتەی نێو پردی دابینکردنی سووتەمەنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، وە شوێنکەشی بە یەکێك لە گرنگترین گوومەزە جۆریە جیهانەکان لە ڕووی یەدەگی نەوتەوە دادەنرێت، ئەمەش وا دەکات ڕێڕەوی بەرەو پێش چوونی ئابووری ناوچەکە لە هەڵکشان دابێت .

دوا سەرنج لەبارەی دەرامەتە پیشەسازییەکانەوە ئەوەیە کە ئەم دەرامەتە کانزاییانەی ئاماژەیان پێکراو و دەیان دەرامەتی دیکەی ئابووری لە ناوچەی بەرباس وایانکرد ناوچەکە بەرووداکرانەوەیەکی بازرگانی و جموجۆڵی بازاڕی گرنگ بە خۆیەوە ببینێت.

## د - تایبەتمەندی ناوچەکە لە ڕووی چالاکی بازرگانی:

کرداری بازرگانیکردن بە یەکێك لە پایە بنەڕەتیەکانی تەواوکردنی ئابوری کۆمەڵگای مرۆیی دادەنرێت لە هەر شوێنێکی جوگرافی دونیادا بێت. دەسکەوتنی پێداویستیەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی دەرامەتە جۆراوجۆرەکانی ژیانەوە لە کۆنی ڕۆژگارەوە نەك هەر لە کوردستان بەڵکو لە هەموو وڵاتانی جیهان هەر بووە و هەر دەبێت.

ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە کە بازرگانی ڕۆڵی خۆی لە ژیانی مرۆڤدا گێڕاوە، لەم چوارچێوەیەدا مرۆڤ هەوڵیداوە ئەو بەرهەمانەی کە لەخۆی زیادە بیانفرۆشێ و ئەوانەیش کە پێویستن بۆ ژیانی ڕۆژانەی بیانکڕێ و پەیدایان بکات. هەر ئەمەش پاڵی بە مرۆڤەکانەوە ناوە کە لە پێناو قازانجدا ئەو شتانەی لە پێداویستی بەکارهێنانی ناوچەکەوە زیادن بیانگوازێتەوە بۆ هەرێم یان ناوچەیەکیتر کە پێویستیان پێیەتی. دیارە ڕێژەی بەرهەم و هەروەها ڕادەی پێویستی بوون بە پێی کات و شوێن جیاوازە، بۆیە ئاستی پەرەسەندنی بازرگانی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر وە هەروەها لە سەردەمێکەوە بۆ

سەردەمێکیتریش جیاوازە. لە هەمان کاتیشدا چالاکی بازرگانی نیشاندەری ڕادەی پەرەسەندنی ئابوری و تەنانەت بە دیارخەری ئاستی شارستانی هەر ناوچەیەکە[(١)].

لە سۆنگەی تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی بازرگانیەوە ئەوە هەڵدەدرێتەوە کە شوێنێکی وەك پارێزگای نەینەوا ڕۆڵێکی پڕ بایەخی گێڕاوە لە ڕابردوودا لە نێوان هەر چوار هەرێمە جوگرافیەکانی "جەزیرە و عێراق و ناوچە چیایی و بیابانیەکان". شوێنەکەی باشترین پشکی چالاکی بازرگانی لە نێوان ئەو شارستانیەتە جیاوازانە وەرگرتووە. زۆرێك لە جوگرافیەکان ئاگادارن بە گرنگی شوێنی نەینەوا لە ڕووی بازرگانیەوە، لە کۆندا بە وێستگەی کاروانسەراکان وەسفیان کردوە، لەوێوە دەردەچوون بۆ دەوڵەتان، هەر بۆیە بە دەروازەی کوردستان و کلیلی خۆراسان و دەرچوون بۆ ئازەربایجان دادەنرا[(٢)].

لە سەردەمی نوێشدا شوێنی جوگرافی پارێزگای نەینەوا گرنگی بازرگانی خۆی هەیە لە ڕووی بەستنەوەی کوردستانی عێراق بە دەوڵەتانی تورکیا و سوریاوە، وە بەسترانەوەی بە هەرێمەکانی دەریای ناوەڕاست و ناوچەکانی ترەوە لە ڕێگەی ئۆتۆمبێل و هێڵی ئاسنینەوە. وە لە سەر ئاستی ناوەخۆش دادەنرێت بە بازاڕێك و ناوەندێکی کۆکردنەوەی بەرووبومی ناوچە چیای و نیمچە چیایی و ناوچەی دەشتە نیشتەنیەکان، ئەمە لە پاڵ توانا کشتوکاڵی و نەوتیەکانی[(٣)].

لە نێوخۆشیدا پارێزگاکە بووەتە خاوەنی چەند شوێنێکی بازرگانی گرنگ یەك لەوانە شاری "شەنگاڵە". ئەم شارە مێژوویێکی کۆنی هەیە، گرنگی شوێنە جوگرافیەکەی بە خراپ

---

(١) سەعدی عوسمان هەروتی و بەختیار سەعید شوانی، چالاکی بازرگانی کەرکوك لە سەدەی نۆزدەهەمدا (توێژینەوەیەکی مێژوویی) یە، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە (١١)، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٥.

(٢) الأب سهيل قاشا، الموصل في القرن التاسع عشر (دراسة سياسية ١٨٣٤ – ١٩٠٩)، الناشر التنوير للطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠، ص ١٨٦.

(٣) خليل إسماعيل محمد، دهوك – نينوى (دراسات في الخصائص الديموغرافية)، المصدر السابق، ص ٨، ص ٢٣.

بەسەر دانیشتوانەکەیدا شکاوەتەوە، لە ڕابردوودا کەوتبووە نێوەڕاستی ئەو ڕێگایانەی کە ئیمپراتۆریەتیەکان پێیدا تێپەڕدەبوون، فەرمانبەرداری ئەو هەرێمانەیان دەکرد کە کەوتبوونە دەوروبەری شەنگاڵ و ناوچەکانی، وە شوێنەکەی سەرە ڕێگەی جموجۆڵیان بووە، لە باکووریدا ڕۆمەکان و لە ڕۆژهەڵات فارس و تورکەکان و لە باشووریدا پاشانشینیە عەرەبیەکان کۆببوویەوە، ئەم شوێنەشی بە باشی نەدەناسرا، تەنها دوای دەرکەوتنی قەوارە سیاسیەکان و دروستبوونی ناوەندی هێزەکان نەبێت لە ناوچەکەدا[1].

بە خوێندنەوەی هەنووکەی جوگرافیای پارێزگای نەینەوا ئەوە دەردەکەوێت کە شوێنی جوگرافی شاری شەنگاڵ نموونەیەکی دیاری ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوایە کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاواکەی و نزیکە لە سنووری نێودەوڵەتی سوریاوە، وە شاری موسڵ لە ڕێگای هێڵی سەرەکی هاتوچۆی وشکانیەوە بەو دەوڵەتەوە دەبەستێتەوە. شەنگاڵیش بەهۆی کەوتنی وەك شارێکی سەرە ڕێی بازرگانی لە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە کاریگەریەکی بازاڕی دیاری بەسەرەوە هەبووە لەگەڵ ئەوەی نزیکە لە شاری موسڵ و پەیوەندیەکی باشی لەگەڵیدا هەیە ئەمە وایکردووە لە ڕووی بەیەکگەیشتنی هێڵە بازرگانیەکانەوە دەربکەوێت. بازاڕی سەرەکی شەنگاڵ دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە، سەرجەم چالاکی گوندەکانی دەوروبەری تێ دەڕژێت، وە دانیشتوانە هاوسێکەی بۆ فرۆشتنی هەمەجۆری بەروبوومەکانیان ڕووی تێدەکەن، بە پلەی یەکەم بەروبوومەکان بۆ شاری موسڵ ناردەنی دەکرێت لە ڕێگەی بازرگانەکانی خەڵکی شەنگاڵ خۆی یاخود ئەو خەڵکە موسڵیانەی بەیەکەوە دێن بۆ شارەکە و بە ئامانجی بازرگانی کردن یاخود خاوەنداریکردن و بە کرێگرتنی بێستانە کشتوکاڵیەکان، ئەمەش بۆ دەستهاتنی بەرهەم تێیدا، وە خەڵك و دانیشتوانە لادێیەکانی دەوروبەری دێن بۆ کڕینی مەڕوماڵات و

[1] كفاح محمود، سنجار التاريخ و الهوية، المنتدى بحزاني، الملتقى الأيزيدي، بحوث و دراسات، من الموقع الإلكتروني:
http://www.bahzani.net/services/forum/showthread.php?31762

بەرهەمەکانی ڕۆنی ئاژەڵی و پێستەو خوری ..[١]. ئەم بازرگانیکردنە بەردەوامەی نێوان خەڵکی شەنگالْ و بازرگانیە موسڵیەکان بووە مایەی کرانەوەی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوان هەردوولا، وە لەبەرئەوەی بەرژەوەندی بازرگانییان زیادبوو لەوێدا، وە بۆ پارێزگاریکردنیشی، هەندێك لەوان کۆچیان کردوو و جێگیربوون لەگەڵ خێزانەکانیان لە ماوەی سەدەی ڕابردوو[٢].

ئەمەی لە بارەی شەنگاڵەوە ووترا مانای ئەوەیە شەنگالْ گەشەکردنێکی بازرگانی زۆری هەیە لەگەڵ لاکانی دەوروبەری، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە نایابەکەی هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا. بەڵام هۆکارەکەی تر کە یارمەتی گەشانەوەی بازرگانیەکەی داوە بوونی زۆری تۆڕی ڕێگاکانی گواستنەوەیە کە شەنگالی بە زۆر لاوە بەستۆتەوە، لەوانەی سەرنجی خرایە سەر بوونی ڕێگایەکە لە ڕۆژئاوای موسلْ کە بە دەرگای شەنگالْ دەناسریْ، تـــا ئێستــاشی لەگەڵدابێت[٣].

دیارە ئەم پێگەو ڕێگە گرنگەی بازرگانی هەر ناوچەکانی نەینەوای نەگرتۆتەوە، بەڵکو پارێزگای کەرکوکیش بەشێکە لەو ناوچە بازرگانییە کوردیە فراوانانەی ناوچەی توێژینەوە کە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگا هاوسێکانی، هەر بۆیە لە مێژوویی سەردەمە ئابووریەکانی ناوچەی کەرکووکدا، ڕێگای بازرگانی کەرکووك وەك ناوچەیەکی پێکەوە بەستراو لەگەڵ خوارو و ناوەڕاستی عێراق ناسراوە، هەربۆیە ناوچەیەکی سەرە ڕێی بازرگانی هاتوچۆیی

---

[١] محمود شيخ سين حسو الريكاني، شنگال "سنجار" في العهد الملكي (١٩٢١ – ١٩٥٨) (دراسة تاريخية)، مطبعة الحاج هاشم، أربيل، ٢٠١٢، ص ١٩٩، ص ١٣١.

[٢] المصدر نفسه، ص ١٣١.

[٣] بيان محمد سعيد، سياسة التعريب في قضاء شنگال، من منشورات أكاديمية التوعية و تأهيل الكوادر، التسلسل (٣٤٠)،السليمانية، ٢٠١٠، ص ٥١.

هێنان و بردنی شتومەك بووە لە نێوان شاری موسڵ لە باکووریدا و، ناوەڕست و خوارووی عێراقیش لە باشووریدا[1].

شوێنی جوگرافی کەرکووك ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر چالاکی بازرگانی شارەکە، بەو پێیەی کەوتۆتە نێوان هەردوو هەرێمی شاخاوی و دەشتایی، ئەمەش بۆتە هۆیەك کە ببێتە خاڵی پێکگەیاندنیان. ئەم شوێنە ستراتیژیەی کەرکووك بووە هۆی ئەوەی شارەکە ببێتە ناوەندێکی بازرگانی گەورە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی شتومەك و کەلوپەلی بازرگانی لە نێوان هەردوو هەرێمی ناوبراودا. ئەمەش وای کردووە بزوتنەوەیەکی فراوانی بازرگانی لەم شارەدا لەچاو شارەکانی تری هاوسێیدا دەربکەوێت[2]. وە لە ڕێگای تۆڕەکانی گواستنەوەش زیاتر بایەخەکەی دەربکەوێت هەروەك لە ڕابردووشدا بە تۆڕێکی پڕ بایەخەوە بەسترابووەوە، تەنانەت کاتی خۆی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی ڕێگای (شەنگاڵ — موسڵ — هەولێر — پردێ — کەرکووك — داقووق — کفری — خانەقین — مەندەلی — کرماشان، یاخود بۆ بەغدا یەکێك بووە لە ڕێگا سەرەکیەکانی ناوچەکە (کە تا ئیستاش سوودی لێ دەبینرێت). دواتریش بە هاتنی ئینگلیزەکان و پێشڤەچوونی هۆکارەکانی گواستنەوە و پەیوەندی، ئەم گرنگیەی لەدەست نەدا، بەڵکو بەهۆی سنووری بوونی ناوچەکەوە گرنگی زیاتری پەیداکرد[3].

کەواتە شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە کەڵکێکی زۆری هەیە لە ڕووی بازرگانیەوە، شوێنێکی گرنگ و بە بایەخی هەیە لە ڕووی بزاوتە بازرگانیەکانەوە، وە هەتا ئەمڕۆش ئەم

---

[1] بۆ زیاتر: سمکۆ بەهرۆز، مێژوویی سەردەمە ئابووریەکانی ناوچەی کەرکووك، بەشی پێنجەم، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە (١٤)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر، کەرکووك، ئایاری ٢٠٠٤، ل ٨.

[2] سەعدی عوسمان هەروتی و بەختیار سەعید شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

[3] عەلی مەحمود محەمەد، کەرکووك شاری قەڵا و ئاگر و خوێن (چارەسەری نمونەی برۆکسل یان بەرلین؟)، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووك، ٢٠٠٦، ل ٩٨.

گرنگیە شوێنیەی خۆی پاراستووە کە تایبەتمەندی هاتوچۆکردنی بە نێو ناوچەکانی دەوروپشتی دەبەخشێت. لە ناوەخۆیی عێراقدا سەرپەرشتی گەیاندنی جووڵەی بازرگانی هەرێمی کوردستان بە ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەکات، لە باکووری ڕۆژئاواوە هاتوچۆکردنی دەوڵەتی عێراق بە گشتی دەگەیەنێت بە دەوڵەتی سوریا، لە ڕووە ڕۆژهەڵاتەکەیەوە سنوور بەستانی لەگەڵ ئێران هەناردە و هاوردەکردن ئاسان دەکات، هەربۆیە جووڵە بازرگانیەکانی دانیشتوانی ناوچەکە گەواهی دەری ئەو ڕاستیەن کە شوێنە جوگرافیەکەی چەندە بە بایەخە لە ڕووی ئابوریەوە.

# بەشی چوارەم

## گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە

## باسی یەکەم

## تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی ناوچەکە

## باسی دووەم

## گرنگی ناوچەکە لە لایەن حکوماتی عێراقی و هەرێمی کوردستان

# باسی یەکەم/ تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی ناوچەکە

لە پێشتردا ئەوە باسکرا کە ناوچەی توێژینەوە دوورایییەکی مێژوویی و جوگرافی هەیە، تا کێشەکەی بە ئەمڕۆ گەیشتووە. وە لەڕووی جیاکاری نیشتیمانی سنوورەکەی لەگەڵ عێراقدا دیاریکراو دەست خرایە سەر مەڵبەندو یەکە کارگێڕبەکانی. بۆیە دەگوترێ ناساندنی شوێنی جوگرافی هەر ناوچەیەك خۆی تەواو ناکات بە بێ دەرخستنی تایبەتمەندیەکانی شوێنەکە جا سروشتی بن یان مرۆیی. لەم ڕوانگەیەوە بە پێی بواری نوسینی توێژینەوەکە لەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە دەدوێین:

## 1- تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی:

دابەشبوونی پێکهاتە سروشتیەکان لە جیهاندا، هەرێمی جیاجیای دروستکردوە، گرنگی هەر کامێکیان بۆ مرۆڤ جیاوازە و بەڵکو ڕێژەییە و گەوهەری شوێنگەکەی دیاریدەکات، وە بە پێی بارودۆخە تۆبۆگرافیەکانیش دەگۆڕێت.

بارودۆخی دیاردەکانی هەر شوێنێکی جوگرافی کاردەکاتە سەر دیاریکردنی هێزی سیاسی ئەو شوێنە جا هەرێمێك بێت یا یەکەیەکی سیاسی. هێزی سیاسی ئەو شوێنەش پشت دەبەستێت لەسەر بەگەڕخستنی دەرامەتی دیاردەکانی ناوچەکە. هەرچەندە شوێنەکە دەرهاویشتەی بەرهەمەکانی زۆربێت و کارای توانستە مرۆییەکانی چالاك بێت، ئەوا بەهێزبوونی سیاسی و ئابووری لێدەکەوێتەوە پێچەوانەکەشی لاوازی یەکەکە دەگەیەنێت. زۆرێك لە بڕیارەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی بە توانا و کاریگەری تایبەتمەندیەکانی ئەو شوێنەوە بەندە.

بۆیە زۆر گرنگە لە بابەتی جوگرافیای سیاسیدا تایبەتمەندیەکانی شوێنی جوگرافی بناسرێن ئەگەرچی شوێنەکە خۆی جێگیرە و ناگۆڕێت بەڵام بایەخەکەی هەمیشە دەگۆڕێت

لەگەڵ بەدوایەكداهاتنی كات و پێش هاتنی ڕووداوەكان و گەشەسەندنی بوارەكانی ڕۆژگار [(١)].

سەبارەت بە شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە، ئەوا لە گۆشە نیگای تێگەیشتنی شوێنەوە بە خوێندنەوەی سیاسیانە باس دەكرێت، چونكە خۆی خاوەنی كەسایەتیەكی جوگرافی (سروشتی و مرۆییە)، لەبەرئەوە دەكرێت لە نێو پەیوەندیە شوێنیەكان بدۆزرێتەوە و هەڵسەنگاندنی سیاسیانەی بۆ بكرێت.

شوێنی جوگرافی ئەم ناوچەیە لەگەڵ كوردستانی عێراقدایە، پێگەی ئەم ناوچەیەش دڵی جیهانی دێرینە كە هەریەك لە (ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا) دەنوێنێت و پردێكە دەریای ناوەڕاست دەبەستێتەوە بە كەنداو، بەهۆی ڕێگا ستراتیژیەكانی نێوان ئەستەنبۆڵ و بەغدا و بەسڕاوە[(٢)]. هەر لەم ناوچەیەوە ڕێگایەك تێپەڕدەبێت كە "بەغدا" دەبەستێتەوە بە "تاران" لە ڕێی خانەقین و كرمانشانەوە، بە ڕێگای (خۆراسان) یان (ئاوریشمی چینی) ناسراوە[(٣)].

هەر لەم سۆنگەیەوە شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بە دیاریكراوی دەكەوێتە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای كوردستانی عێراق. لە هەمان كاتدا شوێنە جوگرافیەكەی بە پێی ڕووبەرو پانتایی یە ئاوییەكانی دەوروبەری، تا ڕادەیەك شوێنێكی داخراوی هەیە لە ڕووی گەیشتنی بە دەریاو زەریاكانەوە لەوانە دەریای ناوەڕاست یا دەریای سوور. بە چاو سەیركردنی نەخشەییەوە دەردەكەوێت نزیكترین گەیشتنێك هەیبێ لە كەنداوەوەیە، بۆیە پێویستی بە دروستكردنی هەماهەنگی پەیوەندیەكانی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە لەگەڵ

(١) سەفین جلال فتح الله، بنچینە و بنەماكانی زانستی جوگرافیای سیاسی، نارین بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٦٥.

(٢) خەلیل ئیسماعیل محەمەد، كێشەی كورد لە عێراق كێشەی سنوورە یان بوون؟، وەرگێڕانی: عەبدوڵا ڕەشید حسێن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١١.

دەوڵەتانی کەناردارى کراوە تا بتوانێت سوود لە بەندەرە جیهانیەکانیان وەربگرێت. واتە ناوچەکە دەتوانێت هەموو جۆرەکانی پەیوەندی ببەستێت لەسەر ئاستە جیاوازەکان و پێداویسیەکانی لە سەرجەم بوارەکان پڕبکاتەوە. لە لایەك نزیکە لە دەریای ناوەڕاست و لە لایەك لە کەنداو ئەوا دەکرێت ئەو لەمپەرە وشکانیەی پێیبەخشراوە بە چاککردنی پەیوەندیە سیاسیە دۆستایەتییەکانی لەگەڵ دراوسێکاندا خۆی ببینێتەوە لە نزیکترینی بەندەرەکانی دەوڵەتانی کەناردارى دراوسێ، کە ئەمە زۆر گرنگە بۆ دانیشتوانی کوردستانی عێراق بە گشتی و ناوچەی توێژینەوە بە تایبەتی، چونکە زیاتر نزیك دەبێت لە بازاڕەکانی دەوڵەتان و ناوەندی ئاڵ و گۆڕی بازرگانی و ئابووری جیهانی.

سەبارەت بە شوێنی فەلەکی ناوچەکە؛ ئەوا هەڵکەوتەی نێو بازنە پانیە مام ناوەندیەکانە لە باکووری گۆی زەوی، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینج. واتە شوێنە فەلەکیەکەی بە پێی بازنەکانی پانی دەکەوێتە نێوان ( ٣٣َ – ٣٧ْ) باکوور و هێڵی درێژی ( ٤١َ – ٤٦ْ) ڕۆژهەڵات[١]. (نەخشەی –١٤).

شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، قوربانی شوێنە ستراتیژیە گرنگەکەیەتی کە هەڵکەوتەی نێو ناوچەیەکە لە چوارچێوەی ناوەندی ململانێی هێزەکان و بەیەکداچوونە شارستانیەکانە، کە هەریەکەیان هەوڵی زاڵکردنی دەسەڵاتی خۆی دەدات، لە هەمان کاتدا ئەم شوێنەیە بەشداریەکی کارا دەکات لە پێدانی گرنگیەکی تایبەت لەو لایەنەی پەیوەندی هەیە بە کاردانەوە ئابووری و بازرگانیەکان[٢]. دەرکەوتەی ئەم پێگە ناوەندیەی نێو هێزە ڕکابەرەکان دەتوانرێ لە باسکردنی سنووری دراوسێتی شوێنە جوگرافیەکەی لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی زیاتر بەرچاو ڕوون بکرێ.

پێگەی سنووری ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی دراوسێتیەوەیەوە بەم شێوەیە؛" ئەم ناوچانە لە سنووری نێو دەوڵەتی عێراق – سوریا لە باکووری ڕۆژئاواوە، درێژدەبنەوە بۆ

---

[١] ئازاد نەقشەبەندی، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.


[٢] سفين جلال فتح الله، موقع اقليم كوردستان العراق (دراسة في الجغرافية السياسية)، المصدر السابق، ص ٥٦.

سنووری نێو دەوڵەتی عێراق – ئێران لە باشووری ڕۆژهەڵات، بە درێژایی زیاتر لە (٩٠٠ کم) هاوسنووره لەگەڵ عێراقی عەرەبی و خاوەنی زیاتر لە (١٥٠ کم) و (٤٠٠ کم) سنووری هاوبەشە لەگەڵ هەریەکە لە (سوریا) و (ئێران)" [(١)]. واتە ناوچەکە (لەگەڵ هەرێمی کوردستان) دا ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ (چوار دەوڵەت)ی دراوسێدا هەیە، کە ئەمەش بە ڕوودانی هەر بارگرژیەکی سیاسی ئابووری ناوچەیی لە ئەگەری خنکاندن دووری دەخاتەوە، لێرەوە ناوچەی توێژینەوە دەتوانێت پەیوەندییە شوێنیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ ڕێکبخات لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش لە ڕێگەی دەروازە سنووریەکانەوە ژێرخانی ئابووری خۆی بوونیات بنێت، وە پەرە بە ڕێکخستنی هاوسەنگی سیاسی و ئاسایشی ناوچەکە بدات.

(١) ئازاد نەقشەبەندی، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

(نەخشەی – 14)

**هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی دەریایی و کیشوەری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم .**




سەرچاوە: ١ – هاشم یاسین حمد أمین حداد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

٢ – نەخشەی ئامادەکراو لە ناو سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS – 9.3).

٣ – فەرید ئەسەسەرد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦.

ئەمەو ئەم دەروازە پوختەیەی سەرەوە ڕاڤەی تێگەیشتنێکی زیاترمان دەداتێ دەربارەی پێگەی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە و بایەخی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی، هەر بۆیە گرنگیەکەی زیاتر بە دیار دەکەوێت، چونکە هەڵکەوتەکەی هۆکارێکی گرنگە کە ناوچەکان لەسەر ئاستی دراوسێتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بە تایبەتی دەوڵەتانی عێراق — سوریا — تورکیا – ئێران، بەمەش پێگەکەی بەو هەڵکەوتەیە بەهێزتر دەبێت، لەبەر ئەوەی شوێنەکەی ڕەگەزێکی سروشتی گرنگە بۆ ئاڕاستەکردنی پەیوەندیە سیاسی و ئابووریەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا. بە واتایەکی تر یارمەتی دیاریکردنی بەرژەوەندیەکان دەدات و بازنەی پەیوەندی دەوڵەتانی ناوچەکە لە ڕێگەی خۆیەوە گرێ دەدات.

بۆ ئاستی ناوەخۆی عێراق و هەرێمی کوردستانیش شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بەهای تایبەتی خۆی هەیە؛ لە بەشی باکووری ڕۆژئاوایەوە لە ڕێگەی پارێزگای نەینەواوە هاوسنووری لەگەڵ دەوڵەتی سوریا بەستووە و دەتوانێت پردی هاموشۆو ئاڵوگۆڕی بوارەکانی ژیان بکاتەوە و هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی سوریا یان عێراق و دەوڵەتی سوریا بەیەکەوە پەیوەست بکات. لە سنووری پارێزگاکانی عێراق و هەرێمیشدا دەتوانێت پارێزگاکانی باکوورو باکووری ڕۆژهەڵات (کە مەبەست پارێزگاکانی "موسڵ و دهۆك و هەولێر و سلێمانی و کەرکووك"ە) بە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ببەستێتەوە کە لەم ڕێگایەوە ئاڵ و گۆڕی بەروبوم و کاڵاکان بەهێز بکات. لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتیشدا هەر لە خانەقینەوە تاوەکو بەدرە، بە درێژایی سنووری ئەم ناوچەیە پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ دەوڵەتی ئێران پەرەپێبدات و دەست باری هەناردەکردن و هاوردەکردنی هەرسێ لا بدات. لەگەڵ ئەمانەش ناوچەکە لە ڕێگەی سنووری هەرێم — تورکیا خۆی دەگەیێنێتە ئەو دەوڵەتە.

لە ڕووێکی ترەوە کە زیاتر گرنگی شوێنی جوگرافی ئەم ناوچەیە بەدیاردەخات ئەوەیە خاوەنی سروشتێکی جوگرافی تایبەتە، کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی دیاردەکانیەتی وەك

(جیۆلۆجیای ناوچەکە و بەرزی و نزمی و دەرامەتی ئاو و ئاوهەوا و جۆری خاك و دەرامەتی سروشتی) کە ئەمانە گشتیان ڕۆڵیان هەبووە لە دەوڵەمەندێتی سەرچاوەکانی و ڕۆڵیان گێڕاوە لە بونیاتنانی ئاواکاری و ئاوەدانی ناوچەکە[(١)].

دەوڵەمەندێتی ئەم دەرامەتانە لە نێوشیدا بە دیاریکراوی نەوت وای کردووە لەسەر ئاستی ناوچەکە و دەوروبەری، ناوچەی توێژینەوە گرنگیەکی جیۆپۆڵەتیکی زۆری هەبێت، ئەمەش دەرکەوت بە تایبەتی دوای دۆزینەوەی نەوت و، پاشان دەرهێنانی کە بووە مایەی ئەوەی تەنانەت ڕوانگەی جوگرافی داگیرکاری بگۆڕدرێت پلانگێڕیەکی نێو دەوڵەتی ئەنجام بدرێت بۆ جیاکردنەوەی شوێنە جوگرافیەکەی بە ئامانجی دەستگرتن بەسەر دەرامەتەکانی.

ئەمە جیا لەوەی ناوچەکە جیادەکرێتەوە بەهۆی شێوەی زەوی و دەرهاویشتەی بەرەو ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵات، کە ئەوەش نیشانەیەکی جیاکەرەوەیە بە تایبەتی لەڕووی ئاوهەواوە کە ئەویش بەهۆی باران بارینیساڵانەوە ئاسانکاریەکی باش دەکات بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، کە هۆکارێکی ژیان بوون لە ماوەیەکی کورتی بەر لە ئێستادا و هۆکارێکی باشە بۆ پەیداکردنی خۆراکی تەواوی عێراق، ئەمەش بەر لەوەی خاوەنە ڕەسەنەکانیان بێبەش بکرێن، و گوندەکانیان وێران بکرێن و، دانیشتوانەکانیان ڕابگوێزرێن لەسەر زێدی خۆیان[(٢)].

بەرپرسیاری ئەم کارانەو چەندانی تر کە لە دواییدا تیشکیان دەخەینە سەر ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی هەڵی دەگرن.

پێداگرتنی دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتە لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ کورددا بەڵگەی گرنگی و بایەخی ئەم ناوچانە دەردەخات لە ڕووی بوونی شوێنێکی ئابووری و بازرگانی و ستراتیژی. وە دەوڵەمەندی ئەم ناوچانە بە سامانە سروشتیەکانی نەوت و بوونی زەوی و

(١) ئەحمەد رەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا)، نامەی ماستەر (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٨٢.

(٢) خەلیل ئسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩.

زاری بە پیتی کشتوکاڵی و سەرچاوەکانی ئاوی، بایەخی بۆ حکومەتەکانی عێراقی دەرخستووە. هەر وەکوو دەبینرێ بەشێکی هەرە زۆری سەروەت و سامانە کانزاییە ستراتیژییە جیۆپۆلەتیکیە گرنگەکانی کوردستانی عێراق لەم شوێنانەدا هەن[١].

کەواتە گونجاوی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی توێژینەوەکە کۆمەڵێك خەسڵەتی سروشتی داوەتە ناوچەکە و کردوویەتی بە خاوەن چەندین بنەمای جوگرافی بەهێز، کە ڕەنگدانەوەی ئەم هەڵو مەرجە جۆرێکی تایبەتی کەسێتی بە کوردستانی عێراق بەخشیوە، تا ئەو ڕادەیەی بە شوێنێکی جوگرافی دەوڵەمەند بە دەرامەتە سروشتیەکان لە قەڵەم بدرێت. بەو واتایەی کوردستانی عێراق ناوچەیەکی پڕ بایەخە لە بوونی دەرامەتی سروشتی، بە ئەندازەیەك کە دەکرێ هەریەك لەو دەرامەتانە ببن بە هەوێنێك بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و بەهێزکردنی کەرتی ئابووری بە هەموو لقەکانیەوە، کە هەمیشە زەمینە خۆشکەرە بۆ سەرخستنی دەوڵەت بۆ بەرزترین لوتکەی دەسەڵات[٢].

لێرەدا ئەوەی پێویستە ڕابگەیەنرێت ئەوەیە کە تایبەتمەندی شوێنی ناوچەی توێژینەوە لەگەڵ هەرێمدا بەشێوەیەك تەواوکەری یەکترە کە هیچ دیاردەیەکی ناچوونیەکی جوگرافی لە نێوانیاندا بەدیناکرێت، بە پێچەوانەوە لەگەڵ عێراقدا دیارترین لەمپەری سروشتی چیای حەمرین و ڕووباری دیجلەیە لە هەندێك شوێنیدا، کە تایبەتمەندی سروشتی هەردوولا وەك دابڕێکی جوگرافی لە یەکتری جیادەکاتەوە.

---

(١) هەورامان کەمال میرزا و تاریق ڕەئوف محەمەد، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراقدا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمان، ٢٠٠٨، ل ٩.

(٢) ساکار محمد حسن گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

سەرەڕای تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی ناوچەکە، ئەوا ناوچەکە ناسینەوەیەکی تری هەیە ئەویش شوێنەکەیەتی لە ڕووی هەمەچەشنی پێکهاتە ئەتنۆگرافیەکەیەوە (وەك لە پێشتردا خرایەڕوو) کە ئەمە وەك تایبەتمەندیەکی گرنگ بە بایەخەوە سەیری دەکرێت.

## ٢- تایبەتمەندی شوێنی ستراتیژی:

تایبەتمەندی ستراتیژی هەر شوێنێکی جوگرافی دەکەوێتە سەر چەندێتی تواناکانی دەوڵەت بۆ دەست بەسەرداگرتن و دەست ڕۆیشتنی بەسەر تەواوی دەروازە جوگرافی و سنوورییەکانی، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە پەیوەندییە دەرەکی و سیاسیەکانی پەرەپێبدات و دەستی بگاتە هێنان و هەناردەکردنی ئابووری و دەست مایە بازرگانیەکان، بە ئاسانیش بتوانێت گواستنەوە و گەیاندن فەراهەم بکات. وە لە ڕووی سەربازیشەوە شوێنە ستراتیژەکە پێگەی ئەو دەوڵەتە لە ڕووی توانستەکانی سوپا و گوڕی بەرگریکردن و هێرشبردن بەهێز بکات.

پسپۆڕانی کاروباری ستراتیژی، پشت بەست بە بەها ستراتیژیەکانی شوێنەوە، شوێنی جوگرافی کوردستانی عێراق لەم ڕوانگەیەوە زۆر بە گرنگی وەسفدەکەن، هەربۆیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی شوێنەکە دەکەوێتە سەرە ڕێی گەیاندنی ڕێگاکانی وشکانی کە دەریای ناوەڕست و تورکیا بە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەبەستێتەوە، وە لەبەرئەوەی دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدەهێنێت، هەر ئەمە وایکردووە ببێتە گۆڕەپانێك بۆ داگیرکەران و پێداڕۆیشتنی سوپای ئیمپراتۆرە دێرینەکان[1].

---

[1] سفين جلال فتح الله، موقع اقليم كوردستان العراق (دراسة في الجغرافية السياسية)، المصدر السابق، ص ٧٤ – ٧٥.

لە ڕاستیدا تێگەیشتن لە شوێنی جوگرافی کوردستانی عێراق، خوێندنەوەیەکی سێ بازنەییمان دەداتێ دەربارەی بایەخی شوێنی ستراتیژی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، کە ئەوانیش خۆیان لەمانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

**أ – بازنەی ناوەخۆیی:** ناوچەی توێژینەوە کە لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات درێژدەبێتەوە، لە قەزای شەنگالی سەر بە پارێزگای نەینەوا بە پارێزگای کەرکوك تێپەڕدەبێ تا قەزای بەدرە لە پارێزگای واست. ئەمە هۆکارێکی گرنگی جوگرافی و ستراتیژییە کە ناوچەکان پێکەوە دەبەستێتەوە بە تایبەتی لە نێوان پارێزگاکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق وە پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق.

**ب – بازنەی دەرەکی:** لێرەدا چوارچێوە سروشتییە جوگرافیەکی، بڕیاری سنووربوونی لێدەدات، لەبەرئەوەی پێکهێنەری بەشی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراقە هەر بۆیە لەو لایەنەوە [بەدەر لە سنوورە دەستکردەکەی ناوەخۆیی عێراق – وەك لە خاڵی پێشوو باسکرا] دەتوانرێت وەك سنوورێکی ڕاستەقینەی سروشتی لە باشوور لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی سەیری بکرێت، لەو ئاڕاستەیەوە پەیوەندیەکانی ببەستێت. لە لایەکی تر لە ڕێگەی هەرێمیشەوە خۆی دەگەیەنێتە دەوڵەتی تورکیا. لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتیەوە هاوسنووری دەوڵەتی ئێرانە، کە ئەمە لە ڕووی ستراتیژیەوە بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە سنووری عێراق – ئێران بەدەردەخات، بەهۆیەوە سنوورەکانی ئێران زۆر لە بەغدای پایتەخت نزیك دەخاتەوە، وە هەروەها لە مێژووی ڕووداوەکانی هەردوو دەوڵەتیشدا ناوچەیەکی ئاڵۆز و جێگەی ململانێ بووە. لە باکووری ڕۆژئاواشدا سنوورە دەرکیەکەی لەگەڵ سوریادا هەیە، هەر بۆیە لەم ئاڕاستەیەوە پەیوەندی هەرێم – سوریا یان سوریا – عێراق بەیەکەوە پەیوەست دەکات.

**ج – بازنەی نێودەوڵەتی:** پەیوەندییە ستراتیژیەکانی نێو بازنەی نێودەوڵەتی ناوچە کوردستانیەکان، سنووری دراوسێتی دەبڕێت و وەك پردێك کاردەکات بۆ بەستنەوەی عێراق

بە ئەوروپاو تورکیاوە لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە[1]، وە لاریێتی درێژبوونەوە جوگرافیەکەی سنووری هەردوو دەوڵەتی سوریا و ئێران لە یەکتری نزیکدەکاتەوە لە ڕێگەی خۆیەوە بەیەکتریان دەگەیەنێت.

گومان لەوەدانیە کە ئەو سێ بازنە ستراتیژیە پڕ بەهایانەی شیکرانەوە زۆر گرنگن بۆ پێگەی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە، بەڵام هێشتا چێوەی بنکە سەرەکیەکەی بازنە ستراتیژیەکە تەواوناکەن تا نەگەن بەو تایبەتمەندییە "دیمۆگرافی و ئابووری و کشتوکاڵی و بازرگانی"یە نایابانەی ناوچەکە کە لە خاڵەکانی پێشوودا خرانەڕوو، هەربۆیە بەڕووداچوونی تایبەتمەندی ستراتیژی هەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی توێژینەوە بایەخی خۆی هەیە، هەر لەم بارەیەوە نموونە بە چەند شوێنێکی جوگرافی ستراتیژی ناوچەکە دەهێنینەوە لەوانە:

**أ – تایبەتمەندی شوێنی ستراتیژی " شاری شەنگاڵ":** شاری شەنگاڵ بە تایبەتمەندی شوێنە جوگرافیە ناوازەکەیەوە دەناسرێتەوە، کە دەکەوێتە گۆشەی باکووری ڕۆژئاوای کوردستانی عێراق، دەکەوێتە سەر هێڵی بازنەی پانی (٣٦°) باکوور و و هێڵی درێژی (٤٢°) ڕۆژهەڵات، لەسەر لاپاڵی باشووری تاکە چیایەك هەڵکەوتووە، کە ناوەکەی بەخۆیەوە هەڵگرتووە، بەرزیەکەی (١٤٦٢ م)ە، درێژدەبێتەوە لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا بە درێژایی (٧٢ کم)، سەرەڕای ئەوەی لەسەر لێژاییەکی بە پیت هەڵکەوتووە، لە باکوور و باشووریدا دەشتی شەنگاڵ هەیە، کە بە بیابان دەورەدراوە[2].

گرنگی ستراتیژی شوێنی جوگرافی شاری شەنگاڵ لە پاڵ لایەنە بازرگانی و کشتوکاڵی و سەربازی و ئابووریەکەی زیادی کردووە، هەروەها شوێن هەڵکەوتنی لە سێگۆشەی

---

[1] خليل إسماعيل محمد، القضية الكوردية بين مطرقة دول الجوار و سندان الحكومات العراقية، مطبعة موكريان، أربيل، ٢٠١٢، ص ٦٨.

[2] بۆزانیاری زیاتر: أ – محمد صالح زيباري، الأهمية السياسية و العسكرية لمدينة شنگال في القرن الثاني عشر الميلادي، مجلة لالش، يصدرها مركز لالش الثقافي و الاجتماعي، العدد (١٥)، نيسان ٢٠٠١، ص ٣٢

ب – عبدالفتاح علي بوتاني، شنگال – شنگار (سنجار) في سالنامات ولاية الموصل ١٣٠٨ – ١٣٣٠ – ١٨٠٩ – ١٩١٢، المصدر نفسه، ص ٤٦.

دراوسێتی سنووری عێراق – تورکیا – سوریا بەڵگەی ستراتیژیەتی ناوچەکە پشت ڕاست دەکاتەوە، ئەمەو هێڵی ئۆتۆمبێلی نێودەوڵەتی کە بە شەنگالّ تێپەڕ دەبێت، شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بە دەوڵەتی سوریا دەبەستێتەوە، وە هێڵی ئاسنی موسڵ – ڕەبیعە – سوریا لەباکووری قەزاکە، بەدەستهێنەری جیاکەرەوەی ستراتیژی شاری شەنگالّن[١].

شەنگالّ بەهۆی بەپیتی خاکەکەی و شوێن نیشتەجێی کوردانی ئێزیدی، بەردەوام بووەتە شوێنێك کە مایەی چاو تێبڕینی تێکراوە، زۆرێك لە هێز و لایەنە ڕکابەرەکان، هەوڵی دەست بەسەر داگرتنیان بۆداوە، لە سەردەمی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی دەست دراوەتە باری دیمۆگرافی و کارگێری قەزاکەی، دانیشتوانەکەی ڕووبەڕووی گەلێك ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئاینی بوونەتەوەوە لە ڕێگەی کرداری کۆچ پێکردن و بەعەرەبکردنی ناوچەکەیان[٢]. ئەمەش هەمووی بۆ گرنگی شوێنە ستراتیژیەکەی دەگەڕێتەوە.

**ب – تایبەتمەندی شوێنی ستراتیژی " قەزای خانەقین":** بەدیاردەکەوێت لە هاوسێتی بوونی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و، بوونی وەك دەروازەیەکی سەرەکی بۆ کوردستانی عێراق، هەڵبژاردنی شوێنی خانەقین وای کردووە لەڕووی ئیدارییەوە وەك ناوەندێك بۆ قەزاکە دیاری بکرێت، ئەمەش یارمەتی ڕاکێشانی دانیشتوانیدا، پاشان بایەخەکەی زیادبوو لەڕووی بەستنەوەی بە ڕێگا وشکانییە نوێیەکانی گەیاندن، هەڵکەوتنی قەزاکەش لە نێوان ناوچە دەشتە نیشتەنیەکان وە ناوچە چیاییەکان وای کرد ببێتە ناوەندێکی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی نێوانیان، لە گرنگیەکەشی زیادی کرد. وە شوێنە جوگرافیەکەی لەڕووی سیاسیەوە بەدیارکەوت لە پەیوەندی بوونی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران، وە هەبوونی ڕێگاکانی گواستنەوە لە نێوانیان، ئەمەسەرەڕای گرنگی شوێنەکەی لەڕووی

---

(١) خليل إسماعيل محمد، البعد القومي للإستيطان الريفي في قضاء شنگال، المصدر نفسه، ص ٢٠.

(٢) المصدر نفسه، ص ٢١.

نەوتەوە، ئەمانەش پاڵی بە حکومەتی ناوەندینا پێش بکەوێت لە بە عەرەبکردنی ناوچەکە[1].

ج – **شوێنی ستراتیژی "ناحیەی مەندەلی"**: بە یەکێك لەو ناحیە سەرەکیانە دادەنرێت کە دەکەوێتە بەرە چیای پشتکوەی ئێرانی و دەڕوانێت بەسەر دەشتە پانکەییە درێژبووەکانی بە ئاڕاستەی شاری بەغدا، ئەمیش لە بە پیترینی دەشتەکانی عێراق دادەنرێت. بەشێکە لە پێکهێنەری هاوسێتی سنووری عێراقی – ئێرانی، ئەمە بووەتە مایەی بە دەستهێنانی گرنگیەکی ستراتیژی بۆی، بە تایبەت (لە شاری مەندەلی) یەوە سنوورەکە نزیك دەبێتەوە لە پایتەختی عێراقی ماوەی دووریەکەی لەوێوە زیاتر نابێت لە تەنها (١٥٠ کم) نەبێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناحیەی مەندەلی بە دەروازەیەکی سنووری باشووری کوردستانی عێراق دادەنرێت[2].

هەر تەنها ئەم ناوچانەی ئاماژەیان پێدرا لە پێشەوەی ئەو تەوەرە ستراتیژی و نەوتاویانەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نین کە بە عەرەبکراون و، دانیشتوانەکەشیان پەرت و بڵاو و پەڕاگەندەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و عێراق بوون، یا کۆچیان پێکراوە بۆ دەرەوەی عێراق. بەڵکو گەلێك ناوچەی تریش هاوشێوەی ئەوان لە تەوەرە ستراتیژیەکانی ناوچەی بەرباسن لەوانە: "قەزای بەدرە لە پارێزگای واست، پارێزگای کەرکووك بە سنووری پێش دەستکاریکردنی، قەزاکانی شێخان و تلکێف و تەلەعفەر و قەرەقۆش، لە پارێزگای نەینەوا ، قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر"[3].

چاو لەسەر بوونی گرنگی ستراتیژی ئەم ناوچانەی توێژینەوە وایکرد ڕژێمی پێشووی عێراقی لە ڕێگەی بە ئەنجامگەیاندنی چەندین کردەوەی سەربازی دوژمنکاریانە، ناوچەکە

---

[1] صلاح الدين أنور قيتولي، تعريب قضاء خانقين (من منظور جيوسياسي)، مركز الدراسات الكوردية، السليمانية، ٢٠٠٨، ص ١٣.

[2] خليل إسماعيل محمد، منطقة التخصر الحدودية بين العراق و ايران، المصدر السابق، ص ٨٦ – ٨٧.

[3] ئەمین قادر مینە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩ – ١٧١.

ڕووبەڕووی دەیان کارەساتی کاولکردن و ماڵ وێرانکردن بکاتەوە، کە ئەو کردەوە سەربازیانەی ڕووبەڕووی ناوچەکان کرانەوە زۆرن و لە ناوەخۆیاندا جۆراوجۆرن، بەڵام ئامانجەکانیان یەکن، ئەویش کەمکردنەوی بوونی کوردبوو لەو تەوەرانەی تیشکیان خرایە سەر، هەربۆیە لەم ناوچانەدا ئەوەی بە سوپای سەربازی دەکرێت بە کردەوە کرا، کە دەکرێ لەمانەی خوارەوە پوخت بکرێنەوە:

١. "کۆچ پێکردن و دەرکردن و ڕاگوێزان" ی دانیشتوان بە هێزی سەربازی و لە ژێر ترساندن و تۆقاندن.
٢. بە "عەرەبکردن"ی بەردەوام بە پاڵە پەستۆی سوپا.
٣. "کوشتن و گرتن و ڕاوەدونان"ی خەڵکی بە کاریگەری هێزی سەربازی.
٤. "کیمیابارانکردن و ئەنفالکردن"ی ئەو ناوچانەی مەبەستیان بوو.

شاڵاوەکانی بە ناو ئەنفال بە یەکێك لە دڕندانەترین شێوازەکانی ستەمکاری دادەنرێت کە ڕژێمی پێشووی عێراقی بە قۆناغ لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە ئەنجامی گەیاند دەرهەق بە دانیشتوانی ڕەگەز کوردی کوردستانی عێراق. دەسپێکی ئەم کردەوەیە لە مانگی دووی ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکرد و لە نیسان گەیشتە لووتکە، بۆ وێنە ناوچەی گەرمیان لە قۆناغی سێیەمی ئەم شاڵاوانەدا کەوتە بەر ئەو کردەوە لەناوبردنە بێ بەزەییانەی سەرانی عێراقی ئەوکات کە لە ٧ – ٢٠/ نیسانی ١٩٨٨ تەواوکرا، ئەم شاڵاوەیەی سەر ناوچەکانی گەرمیان گەورەترین و بەرفراوانترین هێرش و پەلاماربوو لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ سەر کوردستان، هەموو ناوچەکانی : دوز، قادرکەرەم، کەلار، کفری، چەمچەماڵ، تیلەکۆ، پێباز، سەنگاو و تەکیەو بەشێك لە ناوچەی ئاغجەلەری ڕاماڵی و زیانێکی ئێجگار گەورەی گیانی و ماڵی بە دانیشتوانی گەرمیان گەیاند[1] و، زیاتر لە (٥٠٠ گوند)ی پارێزگای کەرکووکی کاوڵکرد، پتر لە (٣٠,٠٠٠) ژن و منداڵ و پیر و گەنجی بێ سەرو شوێنکرد، سەرەڕای شوێن بزرکردنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی ناوچەکان و تاڵانکردنی ماڵ

[1] یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

و سامانیان، چوار ناحیەشی وێرانکرد، تەنها لە یەك ڕۆژدا لە ١٤/ نیسانی/ ١٩٨٨ نزیکەی (٢٠,٠٠٠ کەس)ی لە هەموو تەمەنەکان لە هەردوو گوندی کوڵەجۆو ملەسوورە کۆکردەوە و بۆ قۆرەتووی ڕەوانەکردن، پاشانیش شوێن بزری کردن هەر بۆیەش ئەم ڕۆژە لە هەموو ساڵێك کراوەتە ڕۆژی یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال لە کوردستان[1] (*).

دوا ڕوانین ئەوەیە کە هاتنەوە سەر هەرێمی ئەو ناوچانە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر بەهێزبوونی زیاتری پێگە ستراتیژیەکەی. هەر ئەم بایەخەی ناوچەکەشە هەمیشە وای کردوە بە درێژایی ڕەوڕەوەی دۆزی کورد لە عێراق شوێنەکەی بە گرنگ بزانرێت چ لە لایەن حکومەتەکانی عێراقیەوە بێت یاخود لە لایەن کوردەوە خۆی.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١١٣.

(*) جوگرافیای شاڵاوەکانی بەناو ئەنفال لە هەمان سەرچاوە زۆر بەروونی باس لە کردەوە سەربازیەکانی ڕژێم دەکات بە نمونەی زیندوو کە تێیدا دەریدەخات ناوچەکانی توێژینەوە زیانی گیانی و ماڵی گەورەیان لێکەوتووە، بۆ زیاتر بڕوانە لاپەرەکانی (٨٤ – ١٦٥) ی هەمان سەرچاوە.

## باسی دووەم/ گرنگی ناوچەکە لە لایەن حکوماتی عێراقی و هەرێمی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەك لە پێشووتر بەرچاو ڕوونکرا، بەهای گرنگیان ئەوەندە زۆرە پێکهاتەی دەوڵەت و ژێرخانی پتەوی دامەزراوەکانی لەسەر بونیات دەنرێت کە ڕەنگدانەوەی گرنگیەکەی دەبەخشێتە تەواوی جومگەکانی دەسەڵات، جێگیرتر و تۆکمەتریان دەکات، هەربۆیە سازشکردن لەسەری بۆ بستە خاکێکیش بێت بە کارێکی ئەستەم زانراوە چ لە لایەن حکوماتی عێراقیەوە بێت یاخود لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە بێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دیدەوە گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بۆ هەردوو لا وەبیر دەهێنینەوە، پێداگری مێژوویی سیاسیانەیان دەخەینەڕوو.

### ١:- گرنگی ناوچەکە لە لایەن حکوماتی عێراقی:

کوردستان بەهۆی شوێنە جوگرافیایەکەیەوە بە درێژایی مێژوو هەر لەسەردەمی کۆنەوە بۆتە جێگەی چاوتێبڕینی دەوڵەتە زلهێزەکان، وە هەمیشە ململانێیەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەبووە، تا بتوانن لە ڕێگای کوردستانەوە دەستیان بگاتە ئەو شوێنانەی کە مەبەستیانە وەکو هیندستان و کەنداوی عەرەبی .. ئەمەش بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیان[1]. شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی کوردیش بە هەموو بەشەکانیەوە بە شوێنێکی دەوڵەمەند و گرنگ دادەنرێت لە ڕووی ستراتیژیەوە، هەربۆیە جێگایەکی تایبەتی هەبووە لە بیری داگیرکاری زلهێزەکاندا لە پێشەوە هەموویان ئەڵمانیەکان کاتێك لە ساڵی ١٨٧١ دەستەیەك لە ئەندازیارانی نارد بۆ سەردانیکردنی ناوچەی کەرکوك و دەوروبەری ئەوەیان بەدیارخست

[1] ئاراس عبدالرحمن موستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

کە ناوچەکە خاوەنی سامانێکی زۆر و زەبەندی نەوتە و کێڵگەکانی نزیکە لەسەر زەوی[1].

دوای ئەمانیش بەریتانیاکان، هەر ئەمەش هانی بەرپرسان و هەندێك لە بازرگانان و دەست ڕۆیشتووانی ئەو دەوڵەتەیدا بە هۆکار گەلی جیاوازەوە داوا و هەوڵی بەهێزکردنی دەسەڵاتی بەریتانی بدەن لەو ناوچانەدا، ئەمەش لە پێناو دەستەبەرکردنی سامانی دەستکەوتوو، هەروەها مسۆگەرکردنی ڕێگاکانی وشکانی گەیەنراو بە هیند و دەست بەسەرداگرتنی ناوچەیەکی فراوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرکەوتن بەسەر کوردستانیش هاوشان زاڵبوون بوو بەسەر ئەو ڕێگایەو، ئەو دۆخەی بۆ بەریتانیا دەرەخساند کە مەبەستی بوو[2].

بەرژەوەندی خوازی دەوڵەتانی هاوپەیمان بە سەرکردایەتی بەریتانیا بووە مایەی تێکشکانی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم و، دابەشکردنی کوردستان و، داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٩١٨، دواتریش دامەزراندی دەوڵەتێکی نوێ لە ڕوانگەی چاوتێبڕینی سیاسی و ئابووری و ستراتیژیەکانی بەریتانیا بوو. پاشانیش هەوڵەکانی ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢٥ بۆ لکاندنی ویلاتەکە بە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی نەوت لە کەرکووك و ناردەنیکردنی ئەو نەوتە بەهۆی بۆڕی تایبەتەوە لە ناو خاکی ناوچە کوردستانیەکان بۆ سەر دەریای ناوەڕاست و لەوێوە بۆ ڕۆژئاوا، ئەمەش لە هۆیە سەرەکیەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوون بە عێراقەوە، لەو ڕۆژانەشدا پەیوەندی ئینگلیز و تورکەکان خراپ بوو نەیاندەتوانی نەوتی کەرکووك لە ڕێگای تورکیاوە ڕەوانەی ئەوروپا بکەن، بەڵام ئەم کارە ڕژێمی سەددام بە ئەنجامی گەیاند لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، نەوتی کەرکووکی گەیاندە بەندەری "جیهان"ی تورکی لە سەر دەریای سپی ناوەڕاست[3].

---

[1] الحزب الديمقراطي الكوردستاني، نفط كوردستان العراق (دراسة تأريخية، جيولوجية، جغرافية، إقتصادية)، الجزء الأول، المصدر السابق، ص ١٢.

[2] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، سياسة بريطانيا تجاه كرد العراق (١٩١٤– ١٩٣٢)، من منشورات مؤسسة ژين لإحياء التراث الوثائقي و الصحفي الكردي، السليمانية، ٢٠٠٩، ص ٥١.

[3] نوری تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

سەرنج لەوە دەدرێت دەسەڵاتدرانی عێراقی هەر لە سەرەتای دامەزراندی ئەو دەوڵەتەوە جەختیان لەسەر ئەم شوێنە کردۆتەوە، لەبەر پێ زانینی گرنگی ناوچەی توێژینەوە "ویلایەتی موسڵیان" بە بەشێکی دانەبڕاوی عێراق زانیووە، تەنانەت بە هەرێمێکی عەرەبیش. هەربۆیە دەبینرێ لە مایسی ١٩٢٣دا مەلیك فەیسەڵ لە وتارێکیدا لە شاری موسڵ ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە " ویلایەتی موسڵ بەشێکی دانەبڕاو و هەمیشەیی عێراقە، حکومەتی بەغدا هەرگیز ناتوانێت و لە توانایدا نی یە تەنها یەك ڕۆژ بەبێ ئەم هەرێمە بژییێت". لە هەمان کاتدا ئەندامانی (المجلس التأسيسي العراقي) لە ساڵی ١٩٢٤ سەبارەت بە پرسی ویلایەتی موسڵ جەختیان لەسەر ئەو خاڵە کردووە کە "ویلایەتی موسڵ هەرێمێکی عێراقی – عەرەبی یە و زۆر گرنگە بۆ عێراق"[(١)].

لە ڕاستیدا لە مێژەوە دەرخستەی بایەخی شوێنی جوگرافی ویلایەتەکە بە سەرەکی لە ناوچەکانی توێژینەوەیە دەبینرا، بە تایبەتی لە دوادوایەکانی دەوڵەتی عوسمانی و لە سەدەی نۆزدە. ئەمە و هاتنی گەڕەیدەکانی دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ ئەو ناوچانە لە خۆوە نەبووە. ئاشکراکردنی بایەخی شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکان لە بەراییاندا کەرکووك هەمیشە لە هەڵکشاندا بووە، وە پشت ئەستووریش بووە بە لایەنە ئابوریەکەی بە تایبەتیش دەرامەتە جۆر بەجۆرەکانی لە نێویشیدا نەوت و پێکهاتەکانی، کە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت حکومەتەکانی عێراقی بە فرۆشتنی بەردەوامی ساڵەهای ساڵە سوودی خۆ بەهێزکردنی لێ بینیووە، وە دام و دەزگاکانی بە داهاتە بێ شومارەکەی پێ ڕاگیرتر کردووە، تەنانەت هەر بەو پشت ئەستووریەشیەوە کوردی پێ لاوازکردووە، هەروەها سەرچاوەی هێزی وەرگیراوی دەوڵەتی هەر لە هێزی ئابووری ناوچەکانی توێژینەوە بەرجەستە کردووە. بۆیە تەماشا دەکرێت ئەم ناوچانە خزمەتێکی گەورەیان بە عێراق کردووە، سەرباری ئابووریەکەی هەڵکەوتەی شوێنەکە و قوڵاییە جوگرافیەکەشیان بۆ عێراق زۆر گرنگ بووە.

---

(١) نەوزاد عەبدوڵا هێتۆتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

کاتێك سەیری شوێنی جوگرافی دەوڵەتی عێراق دەکەین، شوێنەکەی تایبەتمەندیەکی دیاریکراوی داوەتە ئەو دەوڵەتەیە جا لە ئاستی پێکهاتەی شوێنی جوگرافی ناوەخۆیی دابێت یاخود لە سنووری دەرەوەیدا بێت. لە ناوەوەدا سروشتەکەی چەندین تۆبۆگرافیای جیاواز لەخۆوە دەگرێت لە باکوور و باشوورو ناوەڕاستیدا کە هەریەکەیان تایبەتمەندی جیاکەرەوەی خۆیانیان هەیە لەوەیتر، ناوچەی توێژینەوە لەم جوگرافیایەوە کەوتۆتە سەروو ناوەراستی عێراقەوە لە بەشە باکووریەکەی، کاری پێ کراوە وەك بەشێك لە پەیکەری دروستکراوی ئەم یەکە سیاسیە. بەمەش بووەتە پردێك بۆ پێدا ڕەت بوون و گەیاندنی هەرسێ بەشەکەی عێراق بە یەکتری.

لە لایەکیتر ناوچەکانی توێژینەوە بایەخێکی جیۆپۆلەتیکی گرنگ بۆ عێراق دەستەبەر دەکات لە ڕووی هێزەوە. وە قوڵاییە جوگرافیەکەی لە ڕاستیدا قوڵاییەکی ستراتیژی باش دەبەخشێتە ئەو دەوڵەتەیە، لەبەر ڕووبەرە جوگرافیە فراوانەکەی. هەروەها خاکەکەی وەك بەشێك لەسەر زەمینی درێژبووەوەی ئەو دەوڵەتە بەرەو باکوور بە ئاڕاستەی تورکیا، بەرەو ڕۆژهەڵات بەلای ئێران، لە ڕۆژئاواشەوە بەرەو سوریا لە ڕووی سنوور و دەروازەکانیەوە ڕۆڵی خۆی بینووە. ئەگەرچی گرفتە سنوورییەکان نەیان هێلاوە کاری خۆی بە تەواوی بکات.

هەر بۆیە سەیر دەکرێ بە درێژایی سنوور بوونی لەگەڵ دراوسێکاندا بەردەوام گیرۆدەی کێشەی سنووری بووە، چونکە خۆی دەستکردێکی سنووریە لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان.

بە چاوخشاندن بە مێژووی گرفتە سیاسیەکانی نێوان دەوڵەتاندا دەردەکەوێت کە سنوور بڕین و دیاریکردنی سنووریی کاریگەری قووڵی هەبووە لە دروستبوونی ئاڵۆزی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتە دراوسێکان. بە هەمان سەیرکردنەوە ئەوە چنگ دەکەوێت کە نموونەی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق — ئێران دوورایەکی مێژوویی هەیە لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.

سنووری نێوان عێراق و ئێران (١٦٠٩ کم) درێژە کە لە ڕووی جوگرافیای سیاسیەوە بە یەکێك لە نالەبارترین حاڵەتی هێڵی سنووری دادەنرێت، ناکۆکی نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ زیاد دەکات، ئەم تایبەتمەندیەش بۆتە هۆی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی دراوسێدا[1]. دواجاریش پشکی ئەم گرژیانە بەر ئەو ناوچە کوردستانیانەش کەوتووە کە زیاتر لە (٤٠٠ کم) سنووریان بەردەکەوێت لە نێوان عێراق و ئێراندا و، کەوتوونەتە ناوەڕاستی هێڵە سنووریەکەی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەیە، بۆیە بە ناوچەی بەناوداچوو (منطقة التخصر) ناسراون، سەیریش نیە ئەم ناوچەیە هەمیشە هەر خۆی هەڕەشەیەکی مەترسیدار دروست بکات بۆ سەر پەیوەندی نێوان عێراق و ئێران، بەتایبەت لەبەرئەوەی ئەم سنوورە لە ناوچەکەدا کراوەیە لە ڕووی[2]:

**أ –** هەژموونی (هیمنة) ئێران، بەسەر زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بۆ دەشتە درێژبووەوەکانی بەرامبەری بە ئاڕاستەی پایتەختی عێراق.

**ب –** دەسەڵاتی ئێران بەسەر سەرچاوەی ئەو ڕووبار و زێیانەی کە لە بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بە ئاڕاستەی کوردستانی عێراق لێژدەبنەوە.

**ج –** دابەشکردنی حەوزی ناوچەی بەناویەکداچووی سنووریی لە نێوان عێراق و ئێران بە جۆرێك بیرەکانی (نەفتشا) خرانە ژێر بەڕێوەبەرایەتی ئێرانەوە، (نەفتخانە)ش لە کوردستانی عێراق بێت.

**د –** بەش بەشکردنی یەکێتی گەلی کورد لە نێوان عێراق و ئێراندا کە وای لە ناوچەکە کردووە لەسەر گڕکانێك بوەستێ، لە هەموو کاتێکدا ئەگەری تەقینەوەی لێبکرێت.

**هـ –** نزیکی سنووری ئێران لە پایتەختی عێراق (بەغدا) و مەترسی ئەم نزیکیە، لەبەرئەوەی دووریەکەی زیاتر نیە لە (١٥٠ کم).

---

[1] عزت اللەی عزەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

[2] خليل إسماعيل محمد، منطقة التخصر الحدودية بين العراق و ايران، المصدر السابق، ص ١١.

کەواتە چ لە سەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە بێت کە سنوورەکەی ناوچەیەکی بەرکەوتەیە یان بە دیدگایەکی دابەشبوونی نەتەوەیی بێت، ناکۆکیەکانی نێوان عێراق و ئێران پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە هەیە. ئەم پرسە بە درێژایی مێژوو تەنانەت لە سەردەمی پەیوەندی ئێران و عوسمانیەکانیش نەخشێکی گرنگی لە ناکۆکیەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتدا بینیووە، لەو سەردەمانیشدا سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەم دۆزە هیچ سەرکەوتنێك بەدەست نەهێنراوە. پاش سەربەخۆیی عێراقیش ئەم گیروگرفتە هەر بەردەوام بوو، پەیوەندیەکانی عێراق و ئێرانی بەرەو خراپی بردووە، لەو کاتەوە هەتا ئەمڕۆش هەر ڕۆڵێکی دیار لە ناکۆکیەکانی نێوانیان دەبینێت، کە دەتوانرێت دەست نیشانی ئەو ڕۆڵە لە بەستنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٥ و، هەروەها جەنگی دەست درێژی کارانەی ئەم چەند ساڵانەدا بکرێت. یەکێ لە بانگەشەکانی سەددام حسێن بۆ هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٥ و دەستپێکردنی جەنگ، تاوانبارکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو بە پشتیوانیکردن لە کوردەکانی عێراق[١].

شایانی گوتنە بەشە سەرەکیەکەی دروستبوونی جەنگ لە نێوان عێراق و ئێران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە بۆ چارەسەر نەکردنی دۆزی کورد لە عێراق و جێ بە جێ نەکردنی ڕێکەوتنامەی ١١/ ئادار/ی ١٩٧٠ و نەهێنانەدی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد تایبەت بە ناوچە کوردستانیەکانی هەنووکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کە ئەمەش لە گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی و حکومەتی عێراقی دەردەکەوێ کە خاڵی سەرەکی ناکۆکیەکانی نێوان هەردوولا بووە، هەروەك (مەسعود بارزانی) دەڵێت: لەسەر بنەمای پڕۆژە حکومەتیەکەی بەعس بۆ خۆبەڕێوەبردن ناوچە کوردستانیەکان لە ١٧/ کانوونی دووەم/ ١٩٧٤ گفتوگۆ لە بەغدا دەستی پێکرد بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حزبی بەعس و شیوعی و چەند کەسایەتیەکی سەربەخۆش تێیدا ئامادەبوون، لە ماوەی

---

[١] بۆ زیاتر: ئەسغەر جەعفەری ویلدانی، کورد و پەیوەندیەکانی ئێران و عێراق، دۆسێی ئێران (وەرزە گۆڤارێکی تایبەتە بەکاروباری ئێران)، ژمارە (١٩)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان دەری دەکات، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١١.

گفتوگۆکەدا لە سەرەتادا لەسەر هەندێ خاڵدا وردە پێشکەوتنێك دەستگیربوو، بەڵام ئەو خاڵە سەرەکیانەی کە گرنگ بوون[(١)] وەك دیاریکردنی سنووروو ئاستی دەسەڵاتی یاسایی دەزگاکانی خۆبەڕیوەبردن و پرسی هەڵبژاردن و بە عەرەبکردنی ناوچەکانی کوردستان و بودجەی سەربەخۆو بەشە داهاتی نەوت بۆ ناوچەکانی خۆبەڕێوەبردن ناکۆکیان تێکەوت[(٢)].

لە گفتوگۆی کانونی دووەمی ١٩٧٤دا کێشەی خاکی کەرکوك زەقترین ناکۆکی نێوان هەردوولا بوو، (موستەفا بارزانی) پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە بەهۆی ژمارەی دانیشتوانەوە ئەم شارە دەبێت بە بەشێك لە ناوچەی خۆبەڕێوەبردن دابنرێت، لەبەرئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە لە کورد پێکدێت. لە کاتێکدا بەغدا کەرکووکی بە شاری چەند میللەتێك دەزانی. بە پێی بانگەشەی بەغدا نیوەی دانیشتوانی کەرکووك کە مەڵبەندی پیشەسازی نەوتی عێراقە – عەرەبن و نیوەکەیترشی بە یەکسانی لە نێوان کورد و تورکمانەکان پێکدێت، کەمە نەتەوەیەکی تا ئەندازەیەك زۆری تورکمان لەو شارەدا دەژین. سەرەئەنجام بەغدا بەڕێوەبەرایەتییەکی هاوبەشی لە (عەرەب – کورد)ی شارەکەی لە ژێر چاودێری حکومەتی ناوەندی پێشنیازکرد[(٣)]. وە بەغدا ئەوەی ڕاسپارد کە دابەشکردنی شاری کەرکووك بە جۆرێك بێت کە ڕووباری خاسە ببێ بە سنوور، بەم پێیە بەشی ڕۆژهەڵات بۆ کورد بێ و بەشی ڕۆژئاوای بە نەوت دەوڵەمەند بۆ بەغدا بێت. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان پیشنیازەکانی بەغدای ڕەت کردەوە. هەربۆیە لە دوا دیداری شاندی کوردی بە سەرۆکایەتی (ئیدریس بارزانی) لەگەڵ (سەددام حسێن) لە ٨/ی ئازاری/ی ١٩٧٤ پێشنیاریکرد ماوەی گفتوگۆ لانی کەم شەش مانگ درێژبکرێتەوە بەرامبەر بە داننانی بەغدا بە کوردستانیبوونی ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین و شەنگاڵ، وە شاندەکە ڕەزامەندی

---

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ – ١٩٧٥)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٢٦.

(٢) خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

(٣) ئەسغەر جەعفەری ویلدانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

لەسەر ئەوە نیشاندا کە ئەم ناوچانە لە دەرەوەی خۆبەڕێوەبردن بمێننەوە و بە هاوبەشی بەڕێوەببرێن[1].

سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لەسەر پرۆژەیەکی هاوبەش سەبارەت خۆبەڕێوەبردن رێك نەکەوتبوون. لە ١١/ ئادار/ ١٩٧٤، بەغدا پرۆژەی خۆی بە بڕیارێکی تاك لایەنە (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) ی عێراقی ڕاگەیاند و، یاسای ژمارە (٣٣) ی تایبەت بە ناوچەی خۆبەڕێوەبردن بۆ کوردستانی عێراق دەرکرد، لە کاتێکدا دەیزانی لە لایەن کوردەوە ڕەت دەکرێتەوە. ئەمەش بەو مانایە دەهات کە بەغدا سڵی لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ نەدەکردەوە. پرۆژەکە کەمترین بڕی دەسەڵاتی بە دام و دەزگاکانی خۆبەڕێوەبردن بەخشی و هیچ سنوورێکی بۆ ناوچەی خۆبەڕێوەبردن دەست نیشان نەکرد بەڵام بە کردەوە تەنها سێ پارێزگاکەی هەولێر و سلێمانی و دهۆکی دەگرتەوە[2].

لێرەدا ئەوەی کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ناوچەی خۆبەڕێوەبردنی ئاڵۆزتر کرد حکومەتی عێراقی بوو، کە لەو دەمانەی ناوبراوەوە سووربوو لەسەر سیاسەتی داگیرکەرانەی دژ بەو ناوچانە، ئەوەی سووربوونەکەش توندتر دەکاتەوە گرنگی شوێنی جوگرافی و دەوڵەمەندی ناوچەکەیە بە جۆرەها سامانی بە نرخ و کانزایی و کشتوکاڵی و ئاوی... هەربۆیەش ڕێگە نادات نەك هەر کەرکوك بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی هەرێم[3] بەڵکو ناوچە کوردستانیەکانی تریش لەبەرئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگ و پڕ بایەخن. جا دەپرسین گەر بە لای عێراقەوە ئاوا بێت ئەی بەلای هەرێمی کوردستانەوە چی؟.

---

[1] أ- فەرید ئەسەسەرد، ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان (١٩١٤ – ٢٠٠٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤ – ٩٥.

ب- فەرەیدوون عەبدولرەحیم عەبدولا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

[2] هەمان سەرچاوە، (ب)، ل ٩٥ – ٩٦.

[3] عەبدولغەنی عەلی یەحیا، سێ پارێزگاکە و کۆ ناوچە دابڕێنراوەکان یەکسانن بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان،گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە (١٧)، سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات، هەولێر، هاوینی ٢٠١٢، ل ٨٠.

## ٢:- گرنگی ناوچەکە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە:

شوێن بە یەکێك لە بنەما جیۆپۆڵەتیکیەکان دەژمێردرێت لە بەهێزی و لاوازی هەر دەوڵەتێك، چونکە کاریگەری لە بایەخی ئێستا و دواڕۆژی دەوڵەتاندا هەیە. وە کاتێك باس لە شوێنێکی وەك کوردستانی عێراق دەکەین ئەوا شوێنێکی گرنگ و لەباری هەیە و ڕۆڵێکی گرنگ لەسەر نەخشەی جوگرافیای سیاسی دەوڵەتان دەگێڕێت، لەبەرئەوەی بۆچوون و تیۆرە جیۆپۆلەتیکەکان گرنگی زۆر بە دەست نیشانکردنی شوێنە جوگرافیە گرنگەکان لەسەر ڕووی زەوی دەدەن، بۆیە هەردەم شوێنەکەی جێگەی تێڕوانینی جیۆپۆڵەتیك ناسەکان بووە[1].

لەم سۆنگەیەوە ناوچەی توێژینەوە وەك بەشێك لە کوردستانی عێراق و بە پێی تیۆرە جیۆپۆڵەتیکەکان لەگەڵیدا دەکەوێتە[2]:-

أ - نێو "ناوچەی مام ناوەندێتی باکوور"، کە شوێنێکی باشی هەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکیە ئابوریەکان، بە پێی ڕای زانا (Jon Kever).

ب - دەکەوێتە "شوێنە زیندووەکان"ی ئەڵمانی، کە سنووری ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی دیاریدەکات و ناوچەکەش بەشێکە لەو سنوورە.

ج - چوارچێوەی ناوچەی "کەوانەی نێوخۆیی" بە پێی تیۆری دڵی زەوی " Heart land"ی زانا (Halford Mackinder).

د - بە پێی تیۆری ریملاند "Rimland"ی زانا (Spykman) (کە گرنگی دەدات بە ناوچەی (کەوانەی نێوخۆیی) و شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە لە نێو ئەو ناوچانەدایە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان هەیە.

---

(١) عومەر هەمزە سالح، بایەخی کوردستان لە ڕووی جیۆپۆڵەتیکیەوە، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە (٢٠)، سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەولێر، پایزی ٢٠١٣، ل ١١٤- ١١٥.

(٢) بۆ زیاتر: جزا توفیق طالب، المقومات الجیوبولتکیة للأمن القومي في إقلیم کردستان، المصدر السابق، ص ٤٤ – ٤٦.

هـ - بە گوێرەی تیۆری هێزی ئاسمانی (ئەلکسەندەر دی سڤرسکی Deseversky)، شوێنی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە "ناوچەی چارەنووس" یاخود ئەو ناوچەیەی کە ململانێی هێزە گەورەکانی لەسەرە بۆ دەست گرتن بەسەری لە چەرخی فرۆکەوانی و ئاسمانی.

و - ناوچەی توێژینەوە بەشێکە لە تیۆری "ئاژاوەی دروستکراو" کە خاوەنە ڕەسەنەکەی (Makaveli)یە، هەروەها بە تیۆری "فێڵ و تەڵەکە"ش ناسراوە[1]. نوسەری ئەمریکی (دان براون) وای دادەنێت دوایی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە ئەم بیرۆکەیە هاتەکایەوە، ئەویش لە لێدوانێکی وەزیرەی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمریکی ئاماژەی پێدرا لە ژێر ناونیشانی بڵاوکردنەوەی دیموکراتیەت لە جیهانی عەرەبی و پێکهێنانی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ کە لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاوە بەڕێوەدەبرێت[2].

ئەوەی لەو تیۆرە جیۆپۆلەتیکیانە بەرچاو دەکەوێت بایەخی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوەیە، لەبەرئەوەی سەرجەمیان شوێنەکەی لەو ناوچانە دادەنێن کە هێزێکی جیۆپۆڵەتیکی گرنگیان هەیە لە نێوان هێزە گەورەکان. هەر بۆیەش ئەم هێزانە تێبینی گرنگی جوگرافی شوێنێکی ئاوایان کردووە و بەر سنووری نەخشەی جیۆپۆڵەتیکی خۆیانیان خستووە.

کەواتە دەرخستەی جیۆپۆڵەتیکی ناوچە کوردستانیەکان پێگەکەی خۆی بەتین تر دەکات لە کاتێکدا پشت ئەستورە بە بنەما جوگرافییە سروشتی و مرۆییەکان، وە

---

[1] توفيق أبو شمر، ميكافيللي هو مؤسس نظرية الفوضى الخلاقة، الحوار المتمدن، العدد (٢٠٦٨)، من الموقع الالكتروني:
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=112078، بتاريخ ١٤/ ١٠/ ٢٠٠٧.

[2] أياد هلال حسين الكناني، سياسه الفوچي الخلاقه الامريكيه، من الموقع الالكتروني:
http://diae.net/14063 ، بتاريخ ٢٤/ ٥/ ٢٠١٤.

یارمەتیدەرێکیش دەبێت بۆ دروستبوونی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ بۆ هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا لە سنوورەکەیدا بێت، چونکە خاوەنی بنەماکانی دروستبوونی ئەو کیانەیە لەوانە: گەلێکی زیندووی هەیە کە بە قەبارە و چالاکیانەوە هێزی مرۆیی بۆ هەرێم ڕوو لە هەڵکشان دەکات، وە خاکێکی فراوانی هەیە کە پانتایی ڕووبەری جوگرافی و سیاسی هەرێم زیاد دەکات، لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتی هەرێم بەو خەڵك و خاکەوە بەرزدەبێتەوە، کە گومانی تێدا نی یە بە گەڕانەوەی ئەم ناوچانە بۆ سەر هەرێم، هەرێم بەرەو هەنگاوێکی چارەنووسساز ئاڕاستە دەکات.

بە خوێندنەوەی پێشوو بێت جوگرافیای ناوچەکانی توێژینەوە تایبەتمەندیەکی زۆر دەبەخشێتە هەرێمی کوردستان، واتە گرنگیەکەی زۆر زیاتر دەکات لە سەر ئاستەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و تەنانەت نێوخۆییش. هەر بۆیە دەبینرێ دەوڵەتانی زلهێز لە هاوکێشە جیۆپۆلەتیکی و داگیرکاریەکانی خۆیان گرنگیان زۆر بەو ناوچەیەدا داوە[(١)].

ئەمانەی دەگوترێ شوێنی جوگرافی بڕیاری لێدەدات، لەبەرئەوەی بە گشتی شوێنی جوگرافی ئەو بەستێنە پیشاندەدا کە دەوڵەت لە جیهاندا داگیری کردووە و کارلێکراو و کاریگەری دەنوێنێت. هەر شوێنەکەیە بایەخ و گرنگی ئەو دەوڵەتە نیشاندەدات و ئەوە دەردەخات لە کوێی جیهان هەڵکەوتووە؟، ئەم هەڵکەوتەیەی چەند کاریگەری لەسەر گۆڕانکاریەکانی دەوروبەری دەکات. هەروەها ئەوە دەردەخات ئەم شوێنە زەمینیەی دەوڵەتەکە هەیەتی چەند هێزی بۆ وەبەردەهێنێ؟ یاخود چەند بێ هێزی دەکات؟. لە دەرەوە چەند کاری لێدەکرێ و؟ لە ناوەوە چەند خۆی پێ ڕادەگیرێ؟. وە ئەم شوێنەیشی ئاستی پەیوەست بوونی دەوڵەت بە کیشوەر، ئۆقیانووس، گەرووە دەریایی یەکان نیشاندەدات[(٢)].

---

[(١)] بۆ زانیاری زیاتر: ئەحمەد رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١.

[(٢)] مامەند ڕۆژە، پێغەمی جیۆپۆلەتیکیا (دەروە جیۆپۆلیتیکیەکانی کوردستان)، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢، ل ٦٨٩.

لە ژێر ڕۆشنایی بڕیار لێدانی شوێن بێت، ئەوا ناوچەی توێژینەوە گرنگیەکەی تێپەڕاندووە لە بوونی وەك بازنەی پەیوەندی لە نێوان دەوڵەتاندا، بەڵکو سەنگێکی سیاسی و دوورایەکی مێژوویی هەیە لە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا ئێستاش کێبەڕکێ دەکرێت بە ئامانجی زیاتر سوود مەند بوون لێی .. هەر ئەمەش وایکردووە دەرهاویشتەی شوێنەکەی گەلێك دەرئەنجامی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی لێبکەوێتەوە کە دوورایەکی ستراتیژی و جیاکەرەوە و کاریگەری لێ بەدەست هات، نەك تەنها بۆ عێراق بەڵکو هەرێمی کوردستانیش[1].

ئەم شوێنە ستراتیژیەی ناوچەی توێژینەوە تەواوکەر لەگەڵ هەرێم دەکەوێتە نێوان سێ ناوچەی گرنگ یان سێ شارستانیەتی "ئەنادۆڵ – دۆڵی ڕافیدەین – ئێران"، بە واتایەکی تر شوێن هەڵکەوتنی لە ڕووی جوگرافیاوە کە دەگوترێ دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنوێنێ، لەبەرئەوەیە لە ڕووی جیۆپۆڵەتیکیەوە ناوپەڕی هەرێمەکانی "تورك – عەرەب – فارس"ە[2]. گرنگی ناوچەی توێژینەوە لێرەدا بۆ هەرێم دەردەکەوێت، چونکە ڕاستەوخۆ دەبێتە بەستەرەی گەیاندنی هەرێم بە هەردوو شارستانیەتی عەرەب لە لایەك و فارس لە لاکەی تر، بە ناڕاستەوخۆش ئەم ناوچانە پەیوەندیان لەگەڵ تورکیادا هەیە بە تایبەتی لە ڕووە ئابوریەکەی، چونکە لە ڕێگەی هەرێمەوە بۆڕیە نەوتیەکان لە کێڵگەکانی کەرکوك دەگەنە بەندەری جیهانی تورکی کە ئەمە سەبارەت بە عێراقیش پەیوەندیەکە کراوەیە.

ئەوەی شایانی باسە مێژووی دەرکەوتنی بەهای شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە گرنگیە ئابووریە گەورەکەیەتی، کە بە شێوەیەکی کارا بەشداری کردووە لە دیاریکردنی ڕێڕەوی سیاسی حکومەتەکانی عێراقی، هەر لە بەچاو ڕابردوویەکی سیاسیدا دەردەکەوێت بۆ هیچ کاتێك پێی لەسەر هەڵنەگرتووە. بۆ کوردیش لەوە زیاتر دەستی لێ هەڵنەگرتووە، ئەم ناوچانەش هەمیشە وای لێ هاتووە ببنە ناوچەیەکی گەرم و گوڕ کە هەردەم بشێ لە هەر

---

[1] خلیل إسماعیل محمد، القضیة الکردیة بین مطرقة دول الجوار و سندان الحکومات العراقیة، المصدر السابق، ص ٧.

[2] عومەر هەمزە ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

کاتێك بتەقێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە دەست گرتن بەسەری واتە زیادبوونی هێزی ئەو لایەنەو، چوونە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانیش هێزێکی سیاسی و ئابووری کاریگەر دەبەخشێتە هەرێم، کە کاریگەریەکەی زۆر زیاد دەکات لەسەر گۆڕەپانی عێراق و هەرێمایەتی، وە هەروەها یارمەتیدەری ڕاستەقینەی جیابوونەوە دەبێت لە عێراق، چونکە جوگرافیای کورد لەگەڵ عەرەبدا لێك جیادەبێتەوە، کە لە بنچینەشدا لە یەکتری جیاوازە، بەڵام پاشخانە مێژووییەکەی دامەزراندنی عێراق ئەم تێکەڵیە نەخوازراوەی دروستکردووە کە هەمووان دەزانن بە دەستی دەرەکی و بۆ بەرژەوەندی و پاوانخوازی بووە.

هەر بۆیە ئەگەر بە هەوڵدانی کارکردن بۆ ئەو تێڕوانینە دووربینانە بێت کە توێژەر ئاماژەی بۆ کردوون دەربارەی ناوچەی توێژینەوە، ببنەوە بەشێك لە هەرێم، ئەوا کورد لەو نێوەندەدا دەبێتەوە خاوەنی نیشتیمانی سەربەخۆی خۆی لە هەرێمی کوردستان. بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێت دەوڵەتانی دراوسێ بە تایبەتی ئەوانەی خاکی کوردیان پێوەلکێندراوە و دانیشتوانی کوردیان لێ نیشتەجێیە، ئەم دۆخە بە هەڕەشە دەزانن بۆ سەر سەلامەتی و یەکگرتووی جوگرافیای سیاسی دەوڵەتەکەیان[1]. ئەمەش هەر لەبەرئەوەیە گرنگترین تایبەتمەندی شوێنی دراوسێتی هەرێم بریتیە لە دراوسێتی بوونی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان.

لە میانەی تێگەیشتنی سەرەوە ئەوە بەرچاو ڕوون دەبێت خوێندنەوە بۆ" گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بۆ هەرێمی کوردستان" لایەنی (باش و خراپی) خۆی هەیە، بۆ نموونە ناوچەکە نزیکە لە کەنداوی دەوڵەمەند بە نەوت و ڕوسیای ئەمڕۆ و دەوڵەتانی دەوروبەری دەریای قەزوین و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بێگومان ئەم شوێنە دراوسێتی یە بە هەردوو لایەنەکەیەوە کاریگەرێتی خۆی هەیە لەسەر ئێستا و ئایندەی هەرێم، لایەنە باشەکانی دەبنە هۆی چەسپاندن و گەشەسەندن و بەرەو پێشەوە چوونی، لایەنە خراپەکانیشی دەبنە کۆسپ و تەگەرە و کێشە نانەوە بۆی و لەوانەشە ببنە هۆی

---

[1] بۆ زیاتر: ڕۆژهات ویسی خالد، المصدر السابق، ص ٨٦– ٨٧.

لەناوچوونی، ئەگەر زۆر بە وردی و زیرەکانە و گیانی لەخۆبوردووی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت[1].

ئەم ڕوانینەی دوایی وایکردووە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی کورد و ناوچەی توێژینەوە لە عێراق دا بۆ کورد هەستیار بێت بە تایبەتیش کێشەی کەرکووك، پاشان ناوچە کوردستانیەکانی تر، چونکە هەر هەنگاوێك بۆ کورد لە عێراق ئەگەری کاردانەوەی دەوڵەتانی هەرێمی لەسەرە بە تایبەتی تورکیا لە مەسەلەی کەرکووکدا.

سەرەڕای ئەمانەی گووترا، دەبێ لە خۆمان بپرسین ئەم ناوچانە بۆ گرنگن بۆ کوردستانیان بەر لەوەی گرنگ بن بۆ هەرێمی کوردستان؟.

ئەم ناوچانە قووڵایی ستراتیژی ئاسایشی کوردستان پێکدەهێنن (پەلاماری ئەم دوایەی هێزی چەکداری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە "داعش" لە ساڵی ٢٠١٤ دا، سەلماندی ئەم ناوچانە چەندە گرنگن بۆ کوردستان). لە ڕاستیدا هەموو بەڵگەنامە و هۆکارە مێژوویی و جوگرافیەکان، کوردستانی بوونی ئەم ناوچە و دەڤەرانە دەسەلمێنن و پشت ڕاستی دەکەنەوە، لەبەرئەوەش چاوەڕێ ناکرێ بێ چارەسەرکردنی ئەم پرسە و گەڕانەوەیان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان، دۆزی کورد لە عێراق بە ئاڕاستەی چارەسەری بڕوات و پەیوەندی کورد و حکومەتی عێراقی بەرەو ئاسایی بوونەوە بچێت[2]. بەڵگەی مێژوویی و سیاسی ململانێکانی نێوان هەردوو لا ڕوونە لەو بارەیەوە.

پرسی چارەسەرکردنی ناوچەکانی توێژینەوە ئەوە بە دیاردەخات کە پێداگری لەسەر ئەم ناوچانە لە پێشەوەی کاری نێردراوانی کورد بووە لەگەڵ حکومەتی عێراقی لە ماوەی گفتوگۆکاندا هەروەکو لە دانوستانەکانی دوای ڕاپەڕیندا دەردەکەوێت:

یەکەم خولی گفتوگۆکان لە کۆتایی نیسانی ١٩٩١ دا لە بەغدا دەستی پێکرد، نوێنەرانی کوردی کە نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانیان دەکرد بە هاوبەشی و بە سەرۆکایەتی "جەلال

[1] ئازاد نەقشەبەندی، شوێنی دراوسێتی (ڕێژەیی) هەرێمی کوردستان و کاریگەری لەسەر ئێستا و ئایندەی هەرێمدا، سەرچاوە پێشوو، ل ١١.

[2] نەوزاد عەبدوڵا هێتۆتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧.

تاڵەبانی" لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقی کۆبوونەوە. لە دانیشتنەکەدا پێیان ڕاگەیەندرا کە حکومەت ئامادەیە بۆ هەموو جۆرە گفتوگۆیەك لەسەر مافە نەتەوەییەکانی کورد و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان جگە لە جیابوونەوە. لەبەرئەوەی نوێنەرانی کورد باسیان لەوە کردبوو کە دەستەواژەی (خۆبەڕێوەبردن) سەرکەوتوو نییە، پێویستە دەستەواژەیەکی تر بدۆزرێتەوە کە ئەویش "فیدراڵیە"[(١)]. ئەو کێشانەی کە باسکران بریتی بوون لە[(٢)]:

أ – هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی بە عەرەبکردن و نەهێشتنی شوێنەوارەکانی.

ب – گەڕانەوەی دەرکراوان و وون بووەکان.

ج – نەمانی زەبر و زەنگی فەرمانگەکانی ئاسایش.

د – دیاریکردنی سنووری کوردستانی عێراق و خستنەسەری ناوچە کوردستانیەکانی وەك کەرکووك و خانەقین و شەنگاڵ و مەندەلی ....

دوای ئەوەی نوێنەرانی کورد لە دانوستانی یەکەمدا ڕێککەوتنیان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا واژۆ نەکرد. خولێکی تری گفتوگۆکان لە حوزەیرانی ١٩٩١ دا لەگەڵ بەغدا دەستی پێکردەوە کە ئەمجارەیان لە لایەن "مەسعود بارزانی" سەرکردایەتی دەکرا، لەگەڵ بوونی پرۆژەیەکی تەواو دەربارەی (خۆبەڕێوەبردن) بە پێی تێڕوانینی کوردی و تا ڕادەیەکی زۆر پاڵپشت لەسەر ڕێککەوتنی ١١/ ئادار/ ١٩٧٠[(٣)].

سەرۆکی عێراقی "سەددام حسێن" پێشنیاری بۆ کورد کرد کە شێوەیەکی فراوان بدرێت بە خۆبەڕێوەبردنەکە ، وە نواندنێکی گەورەتری هەبێت لە حکومەتی ناوەندی و لە دەزگاکانی وەرگرتنی بڕیار، هەروەها هەڵبژاردنێکی گشتی و ئازاد ئەنجام بدرێت[(٤)].

---

(١) هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵا و تاریق رەئوف محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢ – ٦٣.

(٢) هادي علي، الشعب الكوردي و السياسات الدولية في القرن العشرين ( كوردستان العراق نموذجا – دراسة تحليلية)، مطبعة سيما، سليمانية، ٢٠٠٨، ص ١٩٨.

(٣) المصدر نفسه، ص ١٩٨.

(٤) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق (من الإحتلال البريطاني إلى الغزو الأمريكي ١٩١٤ – ٢٠٠٤)، مكتبة مدبولى، القاهرة، ٢٠٠٥، ص ٤٢٩.

دانوستانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی ئەم چوار تەوەرەیەی لە خۆوە دەگرت[1]:

١ – ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکان و بارودۆخ لە کوردستان.

٢ – یاسای خۆبەڕێوەبردن بۆ کوردستانی عێراق.

٣ – جێ بە جێکردنی دیموکراتی لە عێراق.

٤ – دیاریکردنی سنوور بۆ ئەو ناوچانەی کە خۆبەڕێوەبردنەکە دەیانگرێتەوە.

**حکومەتی عێراقی باسی ئەوەی کردبوو کە ناوچەکان پۆلێن بکرێن بۆ سێ بەش[2]:**

أ – ئەو ناوچانەی کە کوردیین.

ب – ئەو ناوچانەی کە عەرەبین و کوردی نین.

ج – ئەو ناوچانەی کە ململانێیانەی لە سەرە.

لە دەرئەنجامی ئەو دانوستانانەدا لایەنەکانی گفتوگۆکار سەبارەت بە هەندێك خاڵ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەوانە:

- (ئاسایی کردنەوەی دۆخەکەو، گەڕانەوەی کۆچپێکراوان و دەرکراوان بۆ گوند و شارەکانیان و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە، هەروەها ئازادکردنی بەندکراوەکان و، دەرکردنی لیبۆردنێکی گشتی بۆ ئەوانەی کە بەشداریان لە ڕاپەڕیندا کردووە)[3].

- وە هەروەها ڕێککەوتن لەسەر پڕۆژەیەکی خۆبەڕێوەبردن کە حکومەت پێشنیاری کردبوو لەسەر بنچینەی بەرەوپێشبردنی پڕۆژە خۆبەڕێوەبردنەکەی حکومەتی عێراقی ساڵی ١٩٧٤ کە تاك لایەنە ڕایگەیاندبوو. بەڵام باسی دیموکراتیکردن لە عێراق لە گفتوگۆکەدا نەکرا. وە بابەتە کۆتاییەکە کە جیاوازی و مشتومڕی لەسەر بوو، دیاریکردنی ئەو ناوچەیە بوو کە خۆبەڕێوەبردنەکە دەیگرێتەوە. لایەنی حکومی سوور

---

(1) **أ–** المصدر نفسه، ص ٤٢٩. ب – هادي علي، المصدر السابق، ص ١٩٩.

(2) هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵا و تاریق ڕەئوف محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

(3) هادي علي، المصدر السابق، ص ١٩٩.

بوو لەسەر ئەوەی کە شاری کەرکووك بمێنێتەوە لە دەرەوەی ئەم ناوچەیە لەگەڵ شارەکانی تری وەکو شەنگاڵ و خانەقین و مەندەلی بەو پێ یەی کە شارانێکی سنووری چالاکن[1].

لێرەوە ڕۆشن بوویەوە کە بەغدا ڕەزامەندی نیە بە دەست هەلگرتن لەسەر ئەم ناوچانە وەکو ئەوەی بەرەی کوردستانی داوای دەکرد، هەر لەم پێناوەشدا تا زامنی گەیشتن بە ڕێککەوتنێك بکات، بەرە ڕایگەیاند ئامادەیە مامەڵەیەك لەگەڵ حکومەتی عێراقی پەسەند بکات: زۆر بە دڵخۆشیەوە واز لە نەوت دەهێنێت لە بەرامبەر وەرگرتنی ئیدارەی شاری کەرکووك[2]. بەڵام بەغدا سەرەڕای ئەوەی سوور بوو لەسەر نەخستنە سنووری خۆبەڕێوەبردنی ناوچە کوردستانیەکانی توێژینەوەکە، کەچی لە کۆبوونەوەی دواییدا لەگەڵ بەرەی کوردستانی لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٩١ داواکاریەکانی خۆی زیادکرد کە بریتی بوون لە[3]:

١ – بە دەستەوەدانی تەواوی چەکە قورسەکان.

٢ – کورد تەواوی پەیوەندییە دەرەکییەکانی خۆی بپچڕێنێت[*].

٣– داخستنی وێستگە هەواڵگەییەکانی تایبەت بە بەرەی کوردستانی.

٤ – ڕەزامەندی نواندنی بەرەی کوردستانی بە قۆرغکردنی حزبی بەعس بۆ هەموو فەرمانە سیاسی و سەربازی و ناوەخۆیی و دەرەکیەکان، ئەمە سەرەڕای دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگەری.

وە چەندین مەرجی دیکە. کە لە لایەن سەرکردایەتی کوردی پێشوازیان لێ نەکرا.

---

[1] المصدر نفسه، ص ١٩٩.

[2] ديڤيد مكداول، تأريخ الأكراد الحديث، ترجمة: راج آل محمد، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٤، ص ٥٦٣.

[3] **أ–** المصدر نفسه، ص ٥٦٣. **ب–** هادي علي، المصدر السابق، ص ٢٠٠.

[*] ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەوەك کوردەکان هاوکاری لە دوژمنە دەرەکیەکانی عێراق وەربگرن، وە زامنی ئەوەش بکرێت کە کورد پەناگەیەکی ڕووتێکردنی نەبێت جگە لە بەغدا. المصدر نفسه (أ)، ص ٥٦٣.


بە بڕوای شارەزایەك ئەوەی لە چیرۆكی دانوستانەكاندا دەخوێنرێتەوە ئەوەیە كە: نەگەیشتن بە چارەسەریەكی گونجاو بۆ ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە لایەن هەردوو لایەندا دەگەڕێتەوە بۆ پەنابردنە بەر هێزی یەكلاكردنەوەی كێشەكە[(١)]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەر لایەك ویستویەتی ئەوەی خۆی دەیەوێت تەنها ئەوە بچەسپێنێت، ئەنجامی دانوستانی نێوان هەردوولاش هیچ ئاكامێكی نەبوو، هەرێمی كوردستان تەنها هەر ئەو شوێنە جوگرافیە مایەوە لە كوردستانی عێراق كە لە ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ ئازاد كراو، كەوتە ژێر قەڵەمرەوی دەسەڵاتی ئیدارەی بەرەی كوردستانی. (نەخشەی – 15).

---

(١) فريد أسسرد، المسألة الكردية بعد قانون إدارة الدولة العراقية، المصدر السابق، ص ٥٢.

**( نەخشەی –١٥ )**

**کشانەوەی سوپای عێراق لە هەندێك ناوچەکانی کوردستان لە ساڵی ( ١٩٩١ ).**




کاری توێژەرە پشت بەست بە: فەرید ئەسەسەرد، سەرچاوەی پێشوو، ل 170.

جێی خۆیەتی لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە تایبەتمەندیەکان و شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەناسرێتەوە بە بوونی چەندین جیاکەرەوە، کە لە شوێنەکانی تری هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق نابینرێت، لەبەرئەوەی خاوەنی چەندین تایبەتمەندی گرنگە لەوانە تایبەتمەندە بە:

أ – "ئەتنۆگرافیایەکی هەمەڕەنگ کە لە مۆزەخانەیەکی سەرنج ڕاکێش دەچێت".

ب – "سامانێکی ئابووری دەوڵەمەند" کە پشت ئەستورە بە بوونی دەرامەتێکی ژێر زەوی و سەر زەوی کە هێز

بە بەر پێگەی سیاسی هەرێم دا دەکات، لە کاتێکدا لە باوەشیدا بێت.

ج – "شوێنێکی ستراتیژی پڕ بایەخ" کە دەتوانێت لەسەر ئاستی بازنەکانی ناوەخۆیی و دەرەکی و نێودەوڵەتی

پەیوەندی ببەستێت و، پردێکی پەیوەندیەکان بێت لە هەموو بوارەکاندا.

ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەم تایبەتمەندییە گرنگانەی ناوچەی بەرباس و دەیان تایبەتمەندی دیکە کە جێگەی بایەخن بۆ پێگەی سیاسی دەوڵەت، هەر زوو لە لایەن حکومەتەکانی عێراقیەوە زانراوە و ناسراوە، هەربۆیە بێ سڵمینەوە لە هیچ بەهایەکی مرۆڤانە دەستیان لە داگیرکردنی ئەم ناوچانە هەڵنەگرتووە و، هەر لەو پێناوەشدا سەدان کارەساتی ناسۆریان بەسەر گەلەکەمان لەو ناوچانەدا هێناوە کە هەرگیز مێژوو لەبیریان ناکات. هەربۆیە هەمیشەو بێ پسانەوە لە گفتوگۆکانیاندا لە بەرامبەر کورد و سەرکردایەتیەکەی نکوڵیان لە کوردستانی بوون و کوردبوونی ئەو ناوچانەدا کردووە، گفتوگۆکان تا هەنووکەی ئەم چەند دێڕەشی لەگەڵدابێت بەردوامن و واڵان لە نێوان هەردوولا.

هەروەها بە لای توێژینەوەکەوە گرنگە ئەم خاڵانەی خوارەوە وەبیربهێنرێنەوە:

١ – هەروەکو چۆن لە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکەی ساڵی ١٩٧٠دا ناوچە کوردستانیەکان نەخرانە سنووری خۆبەڕێوەبردنی بڕیار لێدراوی ئەو سەردەمە، بە هەمان شێوە کێشەی ئەم ناوچانە بە هەڵواسراوی مانەوە لە ماوەی دانوستانەکانی ساڵی١٩٩١ دا.

٢ – لە لایەکی تر یەکێك لە کێشە هەرە گرنگەکانی حکومەتی عێراقی و شۆڕشە کوردییەکان، سنووری جوگرافیای کوردستانی عێراق بووە. کە هەمیشە حکومەتەکانی عێراقی هەوڵیانداوە سنوورە جوگرافیاکەی بچووك بکەنەوە و ناوچە نەوتیە گرنگەکانی وەك کەرکووك و خانەقین و شەنگاڵی ... لێ دابڕن[1].

٣ – لە میانەی گفتوگۆکاندا دەردەکەوێت: شاری کەرکووك وەك خاڵێکی گەوهەری و شوێنێکی ستراتیژی بینراوە، هەر بۆیە لە هەموو دانوستانەکانی نێوان کورد و بەغدا خاڵی جیاوازی و تێك گیران بووە، تەنانەت دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕەوتی دانوستانەکان بەردەوامی بەخۆیەوە بینیووە.

[1] دلێر حسن عارف، کوردستانی باشوور لە پەراوێزی ڕێککەوتنە نێو دەوڵەتیەکانەوە بۆ فیدراڵی، گۆڤاری کەرکووك، ژمارە (٧)، ساڵی دووەم، ٢٠٠١، ل ١٢٣.

# بەشی پێنجەم

## ئایندەی کێشەی ناوچەکە و کاریگەری
## لەسەر دۆزی کورد لە عێراق

## باسی یەکەم
## چارەسەرکردن بە پێی دەستووری عێراقی

## باسی دووەم
## دیدگای سیاسی لایەنەکان و
## کەسایەتیەکان

## باسی یەکەم/ چارەسەرکردن بە پێی دەستوری عێراقی

لە ساڵی ٢٠٠٣ دا "کردەی ئازادیی عێراق" دەستی پێکرد، وەك کردەیەکی سەربازی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانی بۆ لابردنی ڕژێمی سەددام حسێن لە دەسەڵات و، دەست گەیشتن بە شوێنێکی جوگرافی زیاد لە گرنگی. ئەمەو شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بەشێك بوو لەو سەرنجە ستراتیژیەی خرایە سەر ناوچەکە لە ڕوانگەی تێڕوانینی ئەمریکی لەو ماوەیەدا. سەرباری بەها ستراتیژیەکەی، بەها ئابووریەکەی لە سامانی ناوچەکەیدا وە لە تایبەتمەندییە جوگرافیەکانیدا بەدیار دەکەوێت، ئەمەش بەرژەوەندی ئەمریکای دیاریدەکرد، هەر لەبەرئەوە سەرکەوتنی ئەمریکا لە عێراق گەلێك گرنگی بۆ ئەمریکا دەستەبەرکرد، تەنها لە ڕێگەی داگیرکردنی عێراقەوە توانی بگاتە ئامانجە ستراتیژیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕوخانی ئەم ڕژێمەی عێراقیش وابەستەکرا بە چەند هۆکارێکەوە، لەوانە[1]:

١ – تێکشکاندنی سەرجەم بەرنامە پەیوەندیدارەکانی عێراق تایبەت بە چەکی ئەتۆمی و بایۆلۆجی و کیمیاوی.

٢ – کۆتایهێنان بە پەیوەندییە مەترسیدارەکانی نێوان ڕیکخراوی قاعیدە و ڕژێمی عێراقی.

٣ – بەرگرتن لە بڕیارەکانی ڕژێم بۆ هێرشکردنە سەر گەلی کورد ولایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی.

٤ – بوونیاتنانی دیموکراسیەت لە عێراق.

٥ – دامەزراندنی بنکە سەربازی و هەواڵگریەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی عێراق.

---

(١) برادلی.أ. تایر، ئەجندای ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش یانزەی سێپتێمبەر، وەرگێرانی: حەسەن سەید محەمەد چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٦، ل ٥٢ – ٥٨.

سەرباری ئەمانە و چەند هۆکارێکی تری شاراوە کە دەرفەتی بە قووڵداچوونیان نیە... لە پاڵنەرە سەرەکیەکانی ئەمریکا بوون بۆ هاتنە نێو شوێنی جوگرافی ناوچەکە و بەجێگەیاندنی ئامانجە ستراتیژەیەکانی. هەربۆیە ماوەیەکی کەمی برد هێزەکانی هاوپەیمانان گەیشتنە دەروازەکانی شاری بەغدا و بینیان هێزەکانی عێراق توانەوە. ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازی کۆتایی پێهات، ئەوەی مایەوە بونیاتنانەوەی عێراق بوو کە بە دەست شەڕگەلی چەندین دەیەی پێشتر و ئابلۆقەی ئابووری دەیناڵاند[1].

هەرێمی کوردستان وەك بەشێکی بەرچاوی بەشداربوو لە کردەی ئەو بونیاتنانەویەدا دەبینرا، جگە لەوەی بە فەرمی لە سنووری دەوڵەتی عێراقە، لە ڕوانگەیەکی تر هێشتا زیاتر لە نیوەی خاکی کوردستانی لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتەکەی بوو. پاش ئازادکردنی عێراق لە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس، تەواوی خاکی عێراق بە کردەوە لە دەستی ئەو ڕژێمە ڕزگاری بوو. بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم شوێنە گرنگ و ستراتیژیەی خاکی کوردستان نەگەڕاوەتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم، بەڵکو چارەنووسی ئەم ناوچانە بەسترایەوە بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك ڕێوشوێنی یاسایی و دەستووری[2].

لە خوارەوە پوختەی دوا تێگەیشتنی سەرەوە بۆ ڕێ و شوێنە یاسایی و دەستوریەکان لە عێراقی نوێدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە خۆیاندا دەخرێنەڕوو لە دواتریش شی دەکرێنەوە. ئەمانیش لە دوو قۆناغدا خۆیان دەنوێنن:-

## أ- ناوچەی توێژینەوە لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت:

لە ڕاستیدا پێش ساڵی ٢٠٠٣ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە زۆربەی کۆنگرە و و کۆبوونەوەکانی خۆیاندا، پشتگیری خۆیان بۆ مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دووپات کردۆتەوە و جەختیشیان لەسەر سڕینەوەی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و بە عەرەبکردنی

---

[1] لیام ئەندرسن و کاریث ستانسفیلد، ئایندەی عێراق (دیکتاتۆری، دیموکراسی یان دابەشبوون)، وەرگێڕانی: کامیار سابیر و دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٨، بێ شاری چاپ، ل ١٧.

[2] دەرباز محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٩

کوردستان کردۆتەوە. لە گرنگترین ئەم کۆنگرانەش، کۆنگرەی لەندەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بووە کە لە (١٤ – ١٦) ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ لە بەریتانیا بەڕێوەچوو. لە بەندی (٩) ی یاداشتەکەدا زۆر بە ڕاشکاوی نارەزاییان دەربڕیووە لە بەرامبەر سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەکانی: کەرکووك، زوممار، خانەقین، مەندەلی، شێخان، مەخمور. داواشیان کردووە کە ئەو سیاسەتەی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ پێی هەڵساوە بە مەبەستی گۆڕینی سیمای دیمۆگرافی کوردستانی عێراق هەڵبوەشێتەوە[١].

بێگومان ئەم هەڵوێستەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە دوای گۆڕانکایەکانی ٢٠٠٣ کاریگەری هەبووە لەسەر ناوەڕۆکی یاسای کاتی، بەشێوەیەك توانرا لە چوارچێوەیەکدا چارەسەرێکی تایبەت بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لە سەرە بدۆزرێتەوە[٢]. بەمەش پرسی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی نویێ لە چوارچێوەی دوو ماددەی یاسای ئیدارەی کاتی بۆ قۆناغی گواستنەوە چەسپێندرا.

لە بڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٣)دا هاتووە: (دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنرێت بە سیفەتی ئەوەی کە حکومەتێکی فەرمییە بەسەر ئەو خاکانەی لە ١٩/ ٣/ ٢٠٠٣ دا لە لایەن حکومەتی ناوبراوەوە بەڕێوە دەبران کە دەکەوێتە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و دیالە و نەینەوا. زاراوەی "حکومەتی هەرێمی کوردستان" کە هاتووە لە یاساکە واتە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری هەرێم لە هەرێمی کوردستان)[٣].

---

(١) نەوزاد عەبدوڵا هێتۆتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٩.

(٣) قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية، مجلة الوقائع العراقية، العدد (٣٩٨١)، ص ٣، من الموقع الإلكتروني:
http://www.iraqld.com/LoadLawBook.aspx?SP=&SC=070420067 ، بتاريخ ٣١/ ١٢/ ٢٠٠٣.

(*) پەناگەی ئارام: ئەنجومەنی ئاسایش لە ٥/ ٤/ ١٩٩١ بڕیاری ژمارە (٦٨٨) ی دەرکرد. کە داوای لە حکومەتی عێراقی کرد دەست لەسەر سەرکوتکردنی کورد هەڵگرێ و ڕێز لە مافی مرۆڤ و مافە سیاسیەکانی هاوڵاتیانی عێراق

هەرچەندە لەو بڕگەیەی ماددەی (٥٣)دا دان بە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەری هەرێمی كوردستاندا نراوە، بەڵام لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حكومەتی هەرێم لەسەر ئەو زەویانەی كە لە ڕۆژی ١٩/ ٣/ ٢٠٠٣ لە لایەن حكومەتی ناوبراوەوە بەڕێوە دەبران، واتە تەنها لە چوارچێوەی "پەناگەی ئارام"(*) ی پێشوودا و بەبێ ناوچە كوردستانیەكانی تر ، واتە لە بازنەی سنووری ناجێگیرو بە زۆر (بە زەبری چەك) سەپێنراو لە لایەن ڕژێمی پێشوو. بەم شێوەیە دیارە كە دان پێدانانەكە بە تەواوی (خاكی هەرێم) نیە[١].

هەنگاوە یاساییەكانی سەركردایەتی كورد بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەریەكی گونجاو بۆ گەڕانەوەی ناوچەی توێژینەوە كە هەر لە شەنگاڵەوە دەست پێدەكات تاوەكو قەزای بەدرە چڕتركرایەوە لە ماوەی قۆناغی كاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی، تا لە ٨/ ٣/ ٢٠٠٤ دا گەیشت بە ڕاگەیاندنی ماددەیەكی نەگۆڕ بۆ چارەسەری كێشەكە، كە ناسرا بە ماددەی (٥٨) و كۆمەڵێك ڕێ و شوێنی چارەسەری تێدایە، (پاشكۆی – ٢).

دەتوانین بڵێین ماددەی (٥٨) لە یاسای كاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی نەخشە ڕێگای باشی پێ یە بۆ چارەسەركردنی كێشەی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. ئەگەرچی توێژەر بیرو ڕای جیاوازە تەنانەت لە دانانی خودی یاساكە بۆ ناوچەی توێژینەوە كە لە دواییدا تیشك دەخرێتە سەر دید و بۆچوونەكەی. بەڵام دەبوایە ماددەكە لە قۆناغی گواستنەوە جێبەجێبكرابایە و كۆتایی بە كێشەی ئەم ناوچانە بهاتایە، كەچی ئەم قۆناغە

بگرێ. بڕیارەكە دۆزی كوردی بردە ناو پەیوەندییە نێودەڵەوتیەكان و زۆر جەختی كردۆتەوە لەسەر كێشەی ئاوارەكان. پاش دەرچوونی بڕیارەكەش هێزی هاوپەیمانان هاتنە ناو سنووری هەرێم و سوپای عێراقی ناچاركرد ناوچەكە بەجێ بێڵێ و لە ئاكامدا بە قووڵایی (٥٠ كم) لە ناوخۆدا پەناگەیەكی ئارام بۆ ئاوارەكان پێكهات. دواتر هاوپەیمانەكان لەسەر داوای بەریتانیا هێزی چەكوچی ئامادەیان پێكهێناو ناوچەی سنووری هێڵی پانی (٣٦) یان وەك ناوچەیەكی ئارام ڕاگەیاند. سەرچاوە: فەرید ئەسەسەرد، ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی كوردستان ١٩١٤ – ٢٠٠٥، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٨ – ١٦٩.

[١] ئازاد عوسمان، ناوچە دابڕێندراو و كێشەلەسەرەكان، لە بڵاوكراوەكانی خانەی ئەربیل، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٧٦.

تەواوبوو بەڵام هیچ شتێکی ئەوتۆی لێ جێبەجێ نەکرا، تەنها شتێکی کەم نەبێت کە بە توانا و ویستی خودی خەڵکی ناوچەکە خۆیەوە کراوە (لەو ماوەیەدا) وەك[1]:

١ – سەبارەت بە کێشەی ڕاگوێزراوان لە کۆی ئەو هەموو کێشانە تەنها (١٣٦٧ خێزان) گەڕاونەتەوە.

٢ – کێشەی عەرەبە هاوردەکان چارەسەر نەکرا و، لەم قۆناغەیەدا (١٣٥٥ خێزان) خۆیان گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان.

٣ – لە کۆی (١٨٠٠٠ کێشە)ی زەوی زاری و خاوەنداریێتی تەنها (٤٠ کێشە) چارەسەرکراوە.

لەبەرئەوەی ئەمانە بەرهەمەکانی ئەم قۆناغە بوون. هەربۆیە بە واقیع دەرکەوت کە ماددەی ناوبراو لە لایەن حکومەتی کاتییەوە (٢٠٠٤ – ٢٠٠٥) لەو ماوەیەی بۆی تەرخان کرابوو، بێ ئەنجام بەسەریدا ڕەت بوو، تەنها ئەوەی کرا گەڕانەوەی بەشێکی کەم لە خێزانە کوردەکان بوون بۆسەر زێدی خۆیان.

کەواتە، دوای تێپەڕبوونی ماوەی جێبەجێکردنی یاساکە لە حکومەتی کاتی و هیچ نەکران بۆ ناوچەی توێژینەوە. قۆناغێکی تر هاتە پێش، تێیدا دەستوری هەمیشەیی کۆماری عێراق نوسرایەوە و، توانرا ماددەی (٥٨) کە پێشتر باسمان کرد، وەك خۆی و بە هەموو بڕگەکانیەوە لە حکومەتی قۆناغی گواستنەوە (٢٠٠٥ – ٢٠٠٦) بڕیاری جێبەجێکردنی لێبدرێت لە ژێر سێبەری ماددەیەکی نوێ بەناوی ماددەی (١٤٠)ەوە.

## ب- ناوچەی توێژینەوە لە دەستووری کۆماری عێراق:

ئەوەی گرنگە لە دەستووری کۆماری عێراق بۆ کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی توێژینەوەکە ماددەی (١٤٠) ە، لە (پاشکۆی – ٣) دا دەقەکەی پیشاندراوە. وەك لەمەو پێش ئاماژەی پێدرا ئەم ماددەیە جێگرەوی ماددەی (٥٨)ە کە نەتوانرا جێبەجێبکرێت،

[1] حمید عبداللە صالح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩.

هەر بۆیە بووە لە بڕیەك بۆ ماددەکەی پێش خۆی وەك ماددەیەکی هەمیشەیی نێو دەستوور.

جێی خۆیەتی بگوترێت هەنگاونان بەرەو جێبەجێکردنێکی دادپەروەرانەی کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەبەر ڕۆشنایی هەردوو ماددەی (٥٨) و (١٤٠)، دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرێکی ئاشتیانەی دۆزی کوردە لە عێراق، وە کردنەوەی گرێ کوێرەی ئاڵۆزییە مێژووییەکانی چەندین ساڵەی نێوان کورد و حکومەتی عێراقیە. بەڵام بەداخەوە! حکومەتەکانی عێراقی دوای ٢٠٠٣ ویستی جێبەجێکردنی ئەم دوو ماددەیەیان نەبووە، نە لە ماوەی حکومەتی کاتی بە سەرۆکایەتی (د. ئەیاد عەلاوی) و، نە لە قۆناغی حکومەتی گواستنەوە بە سەرۆکایەتی (د. ئیبراهیم جەعفەری) و، نە لە ماوەی هەردوو خولی سەرۆکایەتی حکومەتەکەی (د. نوری مالیکی). هەرچەندە لە کارنامەی حکومەتەکانیان جەخت کراوەتەوە لەسەر جێبەجێکردنی هەردوو ماددەکە.

پێش دامەزراندنی حکومەتی هەمیشەیی لە عێراق لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە ڕێککەوتننامەیەکیدا لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی شیعەدا، توانرا لە بەرنامەی کاری حکومەتی (نوری مالیکی) و، لە بەندی (٢٢)یدا خشتەیەکی ماوەیی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)دا جێگیر بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە[1]:

( ٢٢ – حکومەت پابەند دەبێ بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) ی دەستوور، کە پشت بە ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت دەبەستێت، کە خۆی لە سێ قۆناغدا دەبینێتەوە "ئاسایی کردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی لە کەرکوك و ناوچەکانی تر کە ناکۆکیان لەسەرە، حکومەت هەر لە دوای دامەزراندنی هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی هەنگاوی پێویست بۆ ئاسایی کردنەوە، وەك گەڕانەوەی قەزاو ناحیەکان بۆ سەر ئیدارەی کەرکوك کە لە بنەڕەتدا سەر بە کەرکوك بوونە، ئەم قۆناغە لە ٢٩/ ٣/ ٢٠٠٧ کۆتایی دێت، قۆناغی

---

[1] جوهر نامق سالم، کورد لە گەمەی دەقە یاساییەکاندا (وردبوونەوە لە دەستووری هەمیشەیی "العراق")، بڵاوکراوەی ئاراس،٢٠٠٧، ل ٩٥.

سەرژمێری لە ٣١/ ٧/ ٢٠٠٧ دەست پێدەکات و دوا قۆناغیش کە ڕاپرسینە لە ١٥/ ١١/ ٢٠٠٧ کۆتایی دێت[1])[*].

سەرەڕای ڕێککەوتننامەکەی کورد و حکومەتەکەی نوری مالیکی، بەڵام لە کۆی ئەو وادەیەی دانرابوو بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی ناوچەکانی تویژینەوە، ئەوا لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور لە حکومەتەکەی مالیکی تەنها چوار بڕیاری دەرکرد، (پاشکۆی – ٨). ئەم چوار بڕیارەی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور لە حکومەتەکەی مالیکی کاریان نەکرد بۆ ئەوەی بگەن بە هەرسێ قۆناغەکەی ماددەکە کە دەبوو تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بە ئاکام بگەن، کەچی واقیعی سەر زەوی ئاماژە بەوە دەکات کە قۆناغی ئاسایی کردنەوە تا هەنووکە لە هەنگاوی بەراییدایە و هەزاران کەس لە دانیشتوانی ناوچەکانی توێژینەوە هێشتا لە چاوەڕوانی گەڕاندنەوەدان بۆ سەر زێدی خۆیان، لە هەمان کاتدا هەزاران هاوردەی عەرەبیش هەر لە شوێنی خۆیاندا ماون، بە بێ ئەوەی شەماڵی ئەو بڕیارانە بیانبزوێنێ، هەرچەندە حەوت ساڵیش بەسەر دەرچوونی ئەو بڕیارانەدا تێپەڕ بووە، بەڵام ئەنجامێکی وەهایان بۆ ماددەی (١٤٠) لێ نەکەوتۆتەوە کە دڵخۆشکەر بێت، لەو وادەیەی بۆی دیاریکرابوو[2].

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٩٥ – ٩٦.

[*] لە پاش پیادەکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ژمارەیەك لیژنە دروستکران بۆ ماددەی (١٤٠) لەوانە:

١ – لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) بە سەرۆکایەتی وەزیری دادی کۆماری عێراق.

٢ – لیژنەی بە دواداچوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

٣ – لیژنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٤ – لیژنەی پەرلەمانی کوردستان.

٥ – لیژنەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

٦ – لیژنەی لایەنە سیاسیەکان.

٧ – لیژنەی خودی پارێزگای کەرکوك.

سەرچاوە: نەوزاد عەبدوڵا هیتۆتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣.

[2] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتنی ناوەڕاست، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١.

ئاکامی شکستی حکومەتی مالیکی، ناچاری پەنابردنی کورد بوو بۆ ڕۆڵ بینینی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرسی ناوچەی توێژینەوە پاڵپشت بە ماددەی (١٤٠). دەرکەوتنی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئابی ٢٠٠٧ دا وایکرد، نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەری خۆی ڕابسپێرێت بۆ یارمەتیدانی عێراق (یونامی) لە ڕێگەی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (١٧٧٠) بۆ پێشکەشکردنی "ڕاوێژ و پشتگیری و یارمەتی" بە حکومەتی عێراقی و ئەنجومەنی نوێنەران، لە پێناو وەرگرتنی ڕێ و شوێنی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەی توێژینەوە[١].

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان (ستیڤان دیمستۆرا) ، باسی لە سەرجەم قەزاکانی ناوچەی توێژینەوە کردووە. پرۆژەکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکە خۆی لە سێ قۆناغی چارەسەریدا دەنوێنێ[٢]:

أ – قەزای ئاکرێ، حەمدانیە، مەخمور، مەندەلی.

ب – قەزای شەنگال، تەلەعفەر، شێخان، تلکێف، خانەقین.

ج – پارێزگای کەرکوك.

ئەم ڕاپۆرتەی یونانی زیاتر لە ڕاڤەکردنێکی بارودۆخی مێژوویی و جوگرافی و بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان دەچێت، ڕای لایەنە جیاوازەکانی (کورد و تورکمان و عەرەب و مەسیحییەکان)ی لەسەر یەکە کارگێڕییەکان کۆکردۆتەوە، هیچ کام لە لایەنەکانی ململانێکە دەرئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتەیان بە هەند وەرنەگرت، ئەم دەست تێوەردانەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش تەنها بۆ ڕوونکردنەوە و کۆکردنەوەی ڕای لایەنە ناکۆکەکانی کێشەکە بووە[٣].

ئەوەی جێی باسە بەشی هەرە زۆری لایەنە عەرەبیەکان لە هەرسێ حکومەتی کاتی و قۆناغی گواستنەوەو دواتریش، لەگەڵ ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی ناوچەکانی توێژینەوەدا

---

[١] الأمم المتحدة، الجزء الأول، المصدر السابق، ص٢.

[٢] خليل إسماعيل محمد، المناطق المتنازع عليها (دراسة في الجغرافية السياسية)، المصدر السابق، ص ٦٨.

[٣] الأمم المتحدة، الجزء الأول و الثاني، المصدر السابق.

نەبوون و نین بە بیانووی جۆراو جۆرەوە دژایەتی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی دەکەن و بە هیچ شێوەیەك پابەندی بەڵێنەکانی خۆیان نین، ئەگەر ئەمە لایەنیکی کێشەکە بێ، بەشێکی تری گرفتەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی دەوڵەتانی هەرێمی و عەرەبی، بەتایبەتی پرسی کەرکووك ڕەهەندی ناوەخۆیی تێپەڕاندووە، ڕەهەندێکی قووڵی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە[١]، هەر ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر پرۆژەکەی دیمستۆرا و پێنشنیازەکانی وایکرد لە بەرژەوەندی خواست و داواکاریەکانی کورددا نەبێت. ئەگەرچی پشکی نەگەیاندنی داواکاریەکان بەر سەرکردایەتی کوردیش دەکەوێت. هەر بەم تێگەیشتنەی سەرەوە کاریگەرییەکانی سەر ناوچەی توێژینەوە دابەش دەکەین بۆ ئەمانەی خوارەوە:

١ – **کاریگەری نێودەوڵەتی:** بە تایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا کە دام و دەزگای زۆریان لە کەرکووك هەبووە هی (سیاسی، سەربازی، زانیاری، ئاوەدانکردنەوە....) گرنگی دانی ئەمریکا بە کەرکووك یەکجار زۆرو هەمەلایەنەیە! هەروەها بەریتانیا و دەوڵەتانی تری هاوپەیمانان هەمیشە لەسەر هێڵن بۆ بابەتی کەرکووك[٢]. ئەم گرنگی پێدانەی دەوڵەتان بە کەرکووك دەگەڕێتەوە بۆ دەرخستەی ئەو توێژینەوە جیۆلۆجی و جوگرافیانەی سنووری پارێزگای کەرکووك کە ئاشکرایان کردووە کەرکووك عەمبارێکی گەورەی نەوتی تیادایە کە بۆتە سەرمایەیەکی ستراتیژی و سروشتی، وە بایەخێکی جیۆپۆڵەتیکیانەی بۆ ئەم ناوچەیە مسۆگەر کردووە[٣].

٢ – **کاریگەری هەرێمی:** دەوڵەتانی عەرەبی بابەتی کەرکووکیان پەیوەست کردووە بە یەکێتی خاکی عێراقەوە، وای بۆ دەچن لکاندنی کەرکووك بە هەرێمی کوردستانەوە دەبێتە

---

[١] نەوزاد عەبدوڵا هێتۆتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤.

[٢] جەلال جەوهەر عەزیز، کەرکووك لە پاکتاوی ڕەگەزییەوە بۆ چارەسەری دەستووری، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٨، ل ٢٥٦.

[٣] تارق کاکە ڕەش، بایەخی جیۆپۆڵەتیکی نەوتی پارێزگای کەرکووك، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩، ٤٢.

هۆی پارچە پارچە کردنی عێراق و لاوازکردنی سنووری نیشتیمانی عەرەبی. بە هەمان ئاراستەش تورکیا کار بۆ ئەوە دەکات کەرکوك نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوە ئەمانە وای بۆ دەچن ئەم کارە قورسایی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەنگین تر و بەهێزتر دەکات، تەنانەت هەموو هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە سەروبن دەکات. پێیان وایە هەرێمی کوردستان بە کەرکووکەوە پێگەیەکی ستراتیژی بۆ کورد لە دەڤەرەکەدا دابین دەکات و لە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی بۆ دەگێڕێت[(١)].

هەروەها ئێران بە لایەنێکی بەهێز و کاریگەری هەرێمی دادەنرێت لەسەر کێشەی ناوچەی توێژینەوە. بەوە دەزانێت کە دەستگرتنەوەی کورد بەسەر کەرکووك و ناوچەکانی تر، سەنگی کورد دەگۆڕێت بۆ هێزێکی سیاسی و ئابووری گەورە لە ناوچەکەدا، هەر بۆیە دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگەی هێزە شیعیەکانی عێراق بەکاردەهێنێت بۆ تەگەرە خستنە سەر جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)، وە هەروەها پێ گەیشتنی کورد بە خۆزگەکانی. وە ئەمڕۆش سیاسەتی ئێرانی دەبینین بە ڕێگای جیاواز بووەتە هۆکارێکی کاریگەری خراپ بە هەر شێوەیەك بێت لەسەر بەربەست خستنە بەردەم چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەی توێژینەوە[(٢)].

**٣ – کاریگەری حکومەتی ناوەندی:** حکومەتی ناوەندی و حزب و ڕێکخراوە عێراقیەکان، کاریگەری زۆر و هەمەلایەنەیان لەسەر ئاڵۆزکردنی کێشەی ناوچەکانی توێژینەوە هەیە، نەك تەنها لەسەر ئاستە باڵاکانی دەسەڵات ئەوانەی کە بوونیان هەیە، بەڵکو لە سەر ئاستی ناوچەکانی توێژینەوەش لە کەرکووك و نەینەوا و دیالە.....[( ٣)].

حزبە ڕەگەز پەرستەکانی عەرەب زۆر بە توندی لە دژی ئەوەن کە کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە ..تەنانەت هی وایان هەیە کە ڕایان لە ڕای حزبی بەعس خراپترە !؟، ئەوان لە

---

[(١)] نەوزاد عەبدوڵا هێتۆتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥.

[(٢)] روژهات ويسي خالد، المصدر السابق، ص ١٩٧.

[(٣)] جەلال جەوهەر عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧.

پەرلەمان و حکومەتی ناوەندی ڕۆڵیان هەیە. لەگەڵ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)دا نین. تەنانەت دەسەڵاتیان هەبێ درێژە بە سیاسەتی بە عەرەبکردن دەدەن لە کوردستانی عێراق بە گشتی و کەرکوک بە تایبەتی[1]. ئەمەش هەمووی لەبەرئەوەیە کە کەرکووك بۆ کورد گرنگە و، پێیان وایە دانەبڕاوی کورد دەبەستێتەوە بە عێراق، ئەمەش لەبەر یەکێتی سنووری عێراقیانە نەك کورد خۆی، هەروەها وا سەرنج دەدەن دەستگرتن بەسەر کەرکووك زاڵ بوونە بەسەر پێگەی ستراتیژی ئابووری باکووری عێراق.

٤ – **هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد:** سەربارى ئەوەی سەرکردایەتی کورد باوەڕیان نەدەکرد بە چارەسەر نەبوون و دواکەوتنی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە وادەی خۆیدا، ئەوان کەوتبوونە شەڕێکی گرانەوە لەگەڵ بەغدا لە پێناوی پارێزگاریکردن لە ئاستی ئەو پارەپێدان (تمویل)ەی کە بۆ هەرێمی کوردستان لە ئارادابوو، ئەوەبوو لە ڕووی سیاسییەوە لە ئاستێکی ئەوتۆدا نەبوون کە پێداگری بکەن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەی توێژینەوە[2].

٥ – **پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەی توێژینەوە:** دابەشبوونی نەتەوەکانی ناوچەکە بەسەر شار و شارۆچکەو قەزاو ناحیەکانی، لەگەڵ ئەو هەموو شێواندنە بە مەبەستەی کراوە لە سەردەمی ڕژێمی ڕووخاو لە ئەمڕۆدا کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ ناوچەکە، چونکە سەنگی نەتەوەیەك و ڕۆڵی دەستگرتن و ئیدارەی سیاسیانەیان، خوێندنەوەی جیاجیای لێدەکرێت لە ئاستەکانی ناوەخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی، بۆ نموونە هەڵبەزو و دابەزی سەنگی سیاسی نەتەوەی تورکمان لە کەرکووك، هەڵوێستی تورکیای لێدەکەوێتەوە، وە ئەمەش واتای ڕەنگ دانەوەی دەست تێوەردانی دەرەکییە لە باری ناوەخۆیی ناوچەی توێژینەوە و، وە ململانێی ناوەخۆیی لایەنە سیاسیەکانی عێراق، لە بەرژەوەندی پێکهاتەیەك لەسەر ئەوەی تر چڕتر دەکاتەوە.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٧.

[2] بۆ زانیاری زیاتر: بابەتی (ماددەی ١٤٠ جێی پرسیارە) لە نوسینی: لیام ئەندرسن، تەنگژەی کەرکووك، وەرگێڕانی: ئومێد عوسمان، خانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٢٧١ – ٢٧٩.

لە ڕاستیدا خۆ دزینەوەی لایەنە سیاسیەکانی عێراق لە پرسی ماددەی (١٤٠)دا پێچەوانەیە لەگەڵ (هاوبەشی ڕاستەقینە، هاوسەنگی، سازان) ئەو بنەما سەرەکیانەی کە هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣ ەوە بە عێراقەوە دەبەستێتەوە، چونکە ئەو بنەمایانە لە ڕووی دەستووریی و کردەیی یەوە، دڵنیایی ئەوە دەدەن کە عێراقی نوێ پاش ٢٠٠٣ جیاوازە لەو عێراقەی نێوان ساڵانی ١٩٢١ – تا ٢٠٠٣ هەبووە.

بەداخەوە، هەر سێ قۆناغی ماددەی (١٤٠) نەك جێبەجێکردنی بۆ نەکراوە، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان هەست بە پاشەکشەی لایەنەکانی دیکەی ناو کردەی سیاسی عێراق دەکرێت، نیشانەی ئەوەش ئەوەیە کە قۆناغی ئاسایی کردنەوە لە بەراییدایە، پەرلەمانی عێراق نەیتوانیووە بە یاسایەك سنووری کارگێڕی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی تر بباتەوە سەر دۆخی پێش ١٩٦٨ ی هاتنە سەر دەسەڵاتی حزبی بەعس. وە لە بودجەی عێراق، حکومەت بڕی پێویستی قەرەبووکردنەوەی بە دانیشتوانی ناوچەکە ماف نەداوە. بە کورتی تا هەنووکە ویستی سیاسی لای حکومەتی عێراقی نی یە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)[(١)].

لە کۆتایی ئەم باسەدا دوو خوێندنەوەی ئاڕاستەی جیاواز دەخەینە ڕوو کە هەریەکەیان لە نێو خۆیاندا دیدو بۆچوونی جۆراوجۆر هەڵدەگرن بۆ یەکلاکردنەوەی چارەسەری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کە لە باسی دووەمدا زیاتر بە ڕوویاندا دەکرێینەوە لە دیدگای لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتیەکان. ئەمانیش بریتین لە:

١– لە ڕووی دەستوورەوە ماددەی (١٤٠) بە دەقێکی مێژوویی پشت ڕاستکراو و بنەمایەکی یاسایی بۆ کورد دادەنرێت، کە بە دەست هێنانی ئاستێکی دیاریکراوە لە ماف، بۆیە بەشێك لە ڕۆڵەکانی کورد کە مافەکانیان لە دەست داوە، لەبەرئەوەیە دەرگای سەرەکی لەخۆوە دەگرێت بۆ چارەسەری پێشبینی کراو بۆ

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١١٤.

کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، دەبێت جەخت بکرێت لەسەر کارکردن و ڕەت کردنەوەی وەك ئەوەی بووەتە شتێك لە ڕابردوو، بەڵکو بکرێتە لۆژیك کە داوای دەکەین بە بێ ئەوەی وابکرێت کە ئەوە تەنها چارەسەرە لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەری تر[1].

٢- وەك پێدەچێت ناوچەی توێژینەوە بە گفتوگۆو و بە پێی دەستوور و ماددەی (١٤٠) زەحمەتە وەربگیرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کورد دەبێ چارەسەریەکی تازە و نوێ بگرێتەبەر و واز لە شێوازی پێشوو بێنێ، دەرفەت سەر لە نوێ بۆ ئازادکرنیان پەیدا دەبێت، دەرفەتەکەش، بەرپابوونی شەڕو پێکدادانە بە گوێرەی ڕووداوە هەنووکەییەکانی عێراق.

[1] خالد سەعید سۆفی، هەوڵەکانی گەڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان (ڕووبەڕووبوونەوە و ئەرکە دیپلۆماسیەچاوەڕوانکراوەکان)، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە (١٧)، سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات هەولێر، هاوینی ٢٠١٢، ل ٣٥.

## باسی دووەم/ دیدگای سیاسی لایەنەکان و کەسایەتیەکان

کات نوسینی ئەم نامەیەی تایبەت بە شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بە ڕۆژگارێك گەیاند کە هەلی گەڕانەوەی ئەم ناوچانەی لە ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە، لە هەموو کاتێکی تر زیاتر بووە، لە بەرئەوەی زنجیرە ڕووداوەکانی دوای ١٠/ ٦/ ٢٠١٤، کاریگەریان بەسەر ئەم شوێنەوە دەرکەوت و، ڕۆڵیان لە چارەنووسیدا هەیە. هەر بۆیە بارودۆخەکە بە جۆرێکە ئەگەر بەرپرسانی کورد جارێکی تر لەسەر مێزی گفتوگۆ بە ماددە و بڕگەی یاسایی نەی دۆڕێنن، بۆ هەتا هەتایە دەگەڕێنەوە سەر نەخشەی ڕاستەقینەی کوردستان، کە لە هەنووکەدا هۆکاری ناوەخۆیی و هەرێمایەتی و جیهانیش لەبارە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە[1].

هەلی گەڕانەوەی ناوچەکانی توێژینەوە دەستی پێکرد لەگەڵ هاتنە ئارای دۆخێکی ناوەخۆیی نوێ لە عێراق، ئەویش بریتی بوو لە ئاڵۆزبوونی ڕەوشی پارێزگای نەینەوا و دەستگرتن بەسەر ئەو  پارێزگایە لە لایەن کۆمەڵێك هێزی چەکدار بەناو (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، کە سنووری چالاکییەکانی خۆیان فراوانکرد بۆ پارێزگاکانی تری سوننە نشین لەوانە نەینەواو کەرکوك و سەلاحەددین و ئەنبار و دیالە، توانیان چەند قەزاو ناحیەیەك لە سنووری ناوچەی توێژینەوە دەست بەسەر دابگرن و ترس و بیمێکی زۆر بخەنە نێو دانیشتوانی ئەم ناوچانە.

هەڕەشەکردن و دەست بەسەرداگرتنی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ هەندێك لە ناوچەکانی توێژینەوە ئاماژەیە بۆ گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچەکە. هەوڵدانی دەست گەیشتنیان بە پارێزگاکانی تری سوننە نشین لە ڕێگەی ئەم ناوچانەوە دەرخستەی ئەوەیە کە شوێنە جوگرافیەکە لەم ناوچانەدا کراوەیە بەتایبەتی لە نێوان پارێزگای نەینەوا و پارێزگاکانی تری

---

[1] محەمەد ڕەئوف، لە مێژوویی کورد چەندین هەلی زێڕین هەڵکەوتووە بۆ گەڕانەوەی ناوچە کوردستانیەکان، گۆڤاری لڤین، ژمارە (٢٧٢)، چاپخانەی کەکۆن، سلێمانی، بەرواری ٢٠/ ٦/ ٢٠١٤، ل ٨.

ناوەڕاستی عێراق، ئەمەش یارمەتیدەری تێپەڕینە، هەربۆیە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی ئەو ڕێگایانەیان داوە لە پێناوی فراوانکردنی بازنەی جموجۆڵیان.

ئەم مەترسیە وایکرد سەرکردایەتی سیاسی کورد لە ١٢/ ٦/ ٢٠١٤ بڕیار بدات هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ئەرکی پاراستنی ناوچە کوردستانیەکان بگرێتە ئەستۆ[١]. هەر لەو پێناوەشدا هێڵێکی بەرگری دروستکرا کە دەست پێدەکات لە ناوچەی نەوتخانە لە پارێزگای دیالە بۆ پیشخابوور بە درێژایی (١٠٥٠ کم)[٢].

لە دوای دروستبوونی بۆشایی ئاسایشی لە ناوچەکە و بەرەکانی جەنگ لە سنووری پارێزگاکانی ناوچەی توێژینەوە، سەرچاوەکان چەند زانیاریەکی گرنگ دەخەنە بەردەست بەم شێوەیە:

١ – **پارێزگای نەینەوا:** سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم (د.محەمەد ئیحسان) پێی وایە: "کورد زۆربەی زۆری زەویە داگیرکراوەکانی خۆی لە پارێزگای نەینەوا کەوتۆتە دەست کە خۆی لە (١٤٠٠٠کم$^{٢}$) دەدات[٣]. واتە تەواوی قەزاکانی مەخمور و شەنگاڵ و شێخان و تلکێف و قەرەقۆش و چەندین ناحیەی تری کوردستانی پارێزگاکە، ئەمەش خۆی لە ٩٢٪ی ناوچەی توێژینەوە دەدات لە پارێزگاکە[٤].

---

[١] ڕاپۆرتی پەیامنێران، پێشمەرگە پاراستنی کوردستانی دابڕێنراوی گرتە ئەستۆ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٤٠٧)،

سالی بیست و سێیەم، بەرواری هەینی ١٣/ ٦/ ٢١٤، ل ٢.

[٢] بيان لوزارة البيشمرگە في حكومة إقليم كردستان، إنشاء خط دفاعي لحماية المناطق الكردية خارج الإقليم من هجمات داعش، من الموقع الإلكتروني:

http://www.alhakikanews.com/index.php/permalink/13171.html، بتاريخ ١٠/ ٦/ ٢٠١٤.

[٣] نەوزاد مەحمود، کورد هێشتا نەگەیشتۆتە دوا سنوورەکانی ماددەی (١٤٠)، ڕۆژنامەی ڕووداو، ژمارە (٣١٤)، بەرواری ١٦/ ٦/ ٢٠١٤، ل ١٨.

[٤] بۆ دەرهێنانی ئەم ڕێژەیە بڕوانە: ئەمین قادر مینە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

٢- **پارێزگای کەرکووک:** (د.نەجمەدین کەریم) پارێزگاری کەرکووک دەڵێت: " هەنووکە ٧٠٪ی پارێزگای کەرکووك بە دەست هێزەکانی ئاسایشی کوردیەوەیە"[١]. هەروەها (ئاوات محەمەد) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: " لە خوارووی کەرکووك بە قوڵی (١٠ بۆ ١٥ کیلۆمەتر) هەریەکە لە قەزاکانی حەویجە و ناحیەکانی ڕەشاد و زاب و ڕیاز و عەباسی کە نزیکەی (٣٠٠٠ کم٢) دەبێت لە دەستی هێزە چەکدارەکانن[٢]".

٣ - **قەزای دوزخورماتوو:** ئەم قەزایە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووك و تاکە قەزای کوردی پارێزگای سەلاحەددینە بە زۆربەی ناحیەکانیەوە لە دەست کورد دایە، جگە لە ناحیەی سلێمان بەگ نەبێت[٣].

٤ - پارێزگای دیالە: ئەم پارێزگایە شوێنێکی ستراتیژی هەیە لەبەرئەوەی وەك پردێکی پەیوەندی وایە عێراق بە ڕۆژهەڵاتی خۆی دەگەیەنێت، سروشتی پارێزگای دیالە ئاڵۆزە، هەروەك چۆن لە ڕووی پێکهاتە مەزهەبی و نەتەوەییەکەیەوە فرە ڕەنگە، هەڵکەوتە جوگرافیەکەشی کەشێکی لەبار بووە لە ماوەی (١١ ساڵ)ی ڕابردوو بۆ کۆمەڵە چەکدارەکان و تەڕاتێنیان تێدا کردووە، بە درێژایی ئەو ساڵانەی ڕابردوو سوپای عێراق نەیتوانیووە بە تەواوی بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە[٤].

هەنووکە بەشی زۆری ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای دیالە لە دەستی کوردان، لە قەزاکانی کفری و خانەقین، جگە لە ناحیەی سەعدیە کە لە دەستی هێزە چەکدارەکان دایە و ناحیەی مەندەلیش لە دەستی سوپای عێراقیدایە[٥].

ئەوەی جێی سەرنجە ئەم ڕەوشە نوێیە بۆ کورد بایەخی گەورە و گرنگی خۆی هەیە، وە پێویستی بە مامەڵەیەکی ئەقڵانی دووربینانە هەیە، بۆیە لە ناوەندی سیاسی بڕیاردان

---

[١] نەوزاد مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل ١٨.

[٣] محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

[٤] نەوزاد مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

[٥] بۆ زیاتر: محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

مشتومڕی زۆری ناوەتەوە بۆ گێڕانەوەی ناوچەی توێژینەوە. وە ئەوەی وایکردووە ئەم دۆخەی ئێستا ئەوەندەی دیکە لە باربێت بۆ بڕیاردانی گێڕانەوەی ناوچەی توێژینەوە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە[1]:

أ – سوپای عێراق تێکشکاوە و لەوانە نی یە بەم زووانە بتوانێت لە ناوچەکانی توێژینەوە بونیات بنرێتەوە و بێتەوە سەرخۆ، سوپایەکیش بەم هەموو چەك و جبەخانەوە بەرگەی هێزەکانی "داعش" نەگرێت، ڕەنگ نی یە بەرگەی هێزێکی وەك پێشمەرگە بگرێت.

ب – جیاواز لە هەموو کاتێکی تر، بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە، زۆربەی پێکهاتەکانی ناوچەی توێژینەوە کۆکن لە سەر بوونی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا. کەچی پێشتر بەشێك لە عەرەب و تورکمانەکان بە تایبەتی لە کەرکووك دژی مانەوەی ئەو هێزە بوون.

ج – ئەمڕۆ کورد لە هەموو دەمێك زیاتر پشتیوانی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە بۆ جێگیرکردنی هێزەکانی لەو ناوچانەدا، ئەمەش شەرعیەتی وەرگرتووە، تەنها بڕیارێکی سیاسی و سەربازی سەرکردایەتی کوردی دەوێت بۆ بە فەرمی ناساندنی سنوورەکانی کوردستانی عێراق.

د – گرنگتر، دۆخەکە لە کاتێکدایە، کە هەرێم نەوتی خۆی هەناردەی دەرەوە دەکات و، بەغداش موچە و بودجەی هاوولاتیانی هەرێمی بڕیووە، لە حاڵەتی گێڕانەوەی ئەم ناوچانەی توێژینەوە، ئەوا هەرێم لەمەولا پشت بە ئابووری و دارایی خۆیی دەبەستێت.

لەبەر ڕۆشنایی هاتنە پێشی ئەم دەرفەتەی بۆ کورد ڕەخساوە، بۆچوونی لایەنە سیاسی و کەسایەتیە سیاسییەکان وەردەگرین، کە زۆرێك لە بڕیار و لێدوانەکانیان کۆتاهێنە بە مشتومڕێکی درێژ لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) و ئایندەی ناوچەی توێژینەوە و ئاکامەکانی چارەسەرکردنی، کە ڕۆژگارێکی درێژە وایکردوە بەغدا یاری بکات و کوردیش

---

[1] سەرتیپ جەوهەر، داعش خێر دەداتەوە؟، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٤٠٧)، ساڵی بیست و سێیەم، بەرواری هەینی ١٣/ ٦/ 2014، ل ١٣.

هەر لە چاوەڕوانیدا بێت. ئاماژەکان لە بارەی ئایندەی ئەم ناوچانەو مانەوە و نەمانەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانیەکان و، چۆنیەتی گەڕانەوەی ئەم ناوچانە بۆ سەر هەرێم دابەش بوون بەسەر چەندین بیروڕا کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

أ – **بیروڕای لایەنە کوردیەکان** : هەستکردن بە گرنگی ستراتیژی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە لە لایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان وای کردووە چاوی زیاتر بخەنە سەر ناوچەکە و بەردەوام لە لێدوانەکانیاندا دووپاتی ئەوە بکەنەوە کە ئەم ناوچانە کوردستانیین لە دیدگای کوردەوە، هەر لەبەر ئەوەشە ئاڵۆزییەکانی عێراق بەرەو هەر چارەنوسێك بڕوات، لایەنە سیاسییەکان هەمیشە بڕوایان بە گێڕانەوەی ئەو مافە زەوتکراوە مێژوویی یە هەیە، کە هیچ چارەسەرێك نی یە جگە لە وەرگرتنەوەی بە هەر ڕێگەیەکی یاسایی و دەستووری یان بە ئەمری واقیع.

جێی باسە بگوترێت هەندێك جار بەکارهێنانی شێوازی بڕیاردان بە ڕێگای یاسایش جێگەی خۆی ناگرێت، لە کاتێکدا بڕیارەکە تاك لایەنە بێت، هەرچەندە ئەو لایەنەش ماف خوراو بێت. نموونە بۆ ئەم گوتەیە بڕیارەکەی پێکهاتەی کوردی نێو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکە: بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ٣١/ ٧/ ٢٠٠٨، ڕاگەیەندراوێك بڵاوکرایەوە لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی ئەنجومەنی پاریزگای کەرکوك بە بێ ئامادەبوونی ئەندامانی هەردوو پێکهاتەی عەرەبی و تورکمانی، تێیدا لە سەرجەمی (٤١) ئەندامی ئەنجومەنەکە (٢٤) ئەندامی پێکاتەی برایەتی کەرکوك دەنگیان بۆ گەڕانەوەی پارێزگاکە دا بۆ سەر کوردستانی عێراق، ئەمەش "بە گوێرەی بەندێکی یاسایی ژمارە (١٣) دەرچوو لە پەرلەمانی عێراق کە پەیوەستە بە ڕێکخستنی یەکێتی هەرێمەکان". داواکەش ڕاستەوخۆ لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنەکە بەرزکرایەوەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق[(١)].

---

(١) ٢٤ من أعضاء مجلس محافظة كركوك يطالبون بضمها لكردستان.. والعرب يطالبون بحمايتهم والتركمان، من الموقع الإلكتروني: http://akhbaar.org/home/2008/08/51154.html?print . ، بتاريخ ١/ ٨/ ٢٠٠٨.

ئەمە و جیا لەوەی لە ناوەخۆیی کەرکوکدا پێکهاتەکانی عەرەب و تورکمان دژایەتی خۆیان بۆ ئەم بڕیارە دەربڕی ئەوا لە سەر ئاستی دەوڵەتیش (عەلی دەباغ) وەك وتەبیژی حکومەتی عێراقی لە لێدوانێکیدا جەختی لەوە کردەوە کە ئەم بڕیارە لای حکومەت پەسەند نیەو و هەر بڕیارێکی تاك لایەنە بۆ گۆڕینی بارودۆخی کەرکوك بە نا یاسایی و نا دەستووری دەزانن[(١)].

هەڵبەتە ڕۆژێك دوای ئەم بڕیارە لە کۆبوونەوەیەکی نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتە سەرەکیە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە سەرکردایەتی سکرتێرەکانیان، لە سەرزاری (جەلال تالەبانی) ئەوە هات: (لە کۆبوونەوەکەماندا گەلێك بابەتی گرنگ تاوتوێکرا بە تایبەتی پێشنیاری نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی کەرکوك، گەیشتینە ئەو پێ ڕازیبوونەی کە سووربین لەسەر پارێزگاریکردن لە ماددەی ١٤٠، وە هەروەها پاراستنی مافەکانی پارێزگای کەرکوك بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بڕیار وەربگرێت و خۆی دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆی جێبەجێ بکات بە بێ پشت گوێخستنی دەسەڵاتەکانی)[(٢)].

لە ڕاستیدا دان نەنان بە یاسایی بوونی بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە، وە هەروەها جەخت کردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠ ) لە لایەن هەردوو پارتی سەرەکی نێو حکومەتی هەرێم، ڕەنگدانەوەی جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکە بوون.

---

[(١)] أسامة مهدي، دعت الحكومة العراقية جميع الأطراف في محافظة كركوك الى التزام الهدوء والإحتكام الى القانون والدستور، من الموقع الإلكتروني: http://www.hekar.net/modules.php?name=News&file=print&sid=849، بتاريخ ١ / ٨ /٢٠٠٨.

[(٢)] ٢٤ من أعضاء مجلس محافظة كركوك يطالبون بضمها لكردستان.. والعرب يطالبون بحمايتهم والتركمان، المصدر السابق.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێت هەرچەندە لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ باوەشی هەرێم تێڕوانینیان جۆراوجۆرە، ئەمەش وای کردووە لێدوانەکانیان جۆراو جۆر بێت. هەر ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی لە بڕیارە نەتەوەییەکاندا بیر لە قازانجی نەتەوەیی کورد بکرێتەوە، هەروەك لە مەڕ ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق و لە کۆبوونەوەی ١٧/ ٦/ ٢٠١٤ دا سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی هەرێم کۆك بوون لەسەر تێوەنەگلانی هەرێم لە شەڕو ئالۆزیەکانی عێراق [(١)]. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا : "هێزی پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم نەکشێتەوە"[(٢)].

(د. نەجمەدین کەریم) پارێزگاری کەرکووک و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەڵێت: "هێزی پێشمەرگە لە کەرکوك دەمێنێتەوە و ناکشێتەوە"[(٣)]. هەروەها (د. ڕۆژ نوری شاوەیس) جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراق و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: "کاتێك حکومەتی عێراقی نەیتوانی ئەو ناوچانە بپارێزێت و پێشمەرگە پاراستنی، بێگومان مافی هەرێمە و خەڵکی ئەو ناوچانەیە بڵێن ڕادەستکردنی ئەو ناوچانە بەندە بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)، ئەگەر ماددەکە بەو دۆخەی هەنووکە بێت پشت بە ڕای خەڵکەکە دەبەسترێت، هەربۆیە دەبێ تاوەکو جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) پێشمەرگە نەکشێتەوە[(٤)].

---

(١) هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ، سەرۆکی هەرێم لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کۆدەبێتەوە، ژمارە(١٠٨٣)، بەرواری چوارشەممە ١٨/ ٦/ ٢٠١٤، ل ١.

(٢) مەسعود عەبدالخالق، پێشمەرگە ناکشێتەوە، ماڵپەڕی:
http://skurd.net/Dreje.aspx?B=&id=88441 ، بەرواری ١٧/ ٦/ ٢٠١٤.

(٣) دلشاد ئەنوەر، پێشمەرگە ناکشێتەوە، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (١٣٣٠)، بەرواری سێشەممە ١٧/ ٦/ ٢٠١٤، ل ٤.

(٤) أ– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (د. ڕۆژ نوری شاوەیس)، نابێ کورد لە شەڕی عێراقەوە بگلێ، هەفتەنامەی وشە، ژمارە

جێی ئاماژەیە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە بارەی ماددەی (١٤٠) ڕای وایە: " ئەم ماددەیە ڕێی نیشانداوە کە چۆن بە یاساو لەڕووی ئیدارەوە جێبەجێ بکرێت. زیاتر داوا دەکەین و ئێستاش داوا دەکەین، بێ گومان ئەم ناوچانە کوردستانیین و ناونیشانیشیان ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە و پاڕاستنی ئەم ناوچانەش بە کارێکی ئاسایی دەزانرێت "[(١)].

هەروەها لە دانیشتنی ئاسایی پەڕلەمانی کوردستان لە ١٨/ ٦/ ٢٠١٤، بۆ متمانە بەخشین بە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم (نێچرڤان بارزانی) لە وتارێکی بەرنامەی کاری حکومەتەکەی بۆ چوار ساڵی ئایندە خستەڕوو: " کێشەکانی بەغداو هەولێر یەکێك دەبێت لە ئەرکەکانی ئەم کابینەیە، گرتنەبەری سیاسەتی ئاشیخوازانە دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە چارەسەر نەکراوەکان لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ بە تایبەتی کێشەی ناوچە کوردستانیەکان و جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور... "[(٢)].

لە لایەکی تر ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە : " ناوچە کوردستانیەکان بەشێکن لە کوردستان و ناوەندی سیاسەتەکانی بزووتنەوەی گۆڕانن، وە ئەوان لە بزووتنەوەکە ئەوپەڕی هەوڵی سیاسی و یاسایی و ئیداری خۆیان دەخەنەگەڕ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بۆ گەڕاندنەوەی کەرکووك و ناوچەکانی تر، وای دەبینن لە هەرێمی کوردستان ئامانجێکە سازشی لەسەر ناکرێت[(٣)]".

---

(٥٠)، بەرواری چوارشەممە ١٨/ ٦/ ٢٠١٤، ل ٣. ب– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (د. ڕۆژ نوری شاوەیس)، دەبێ تاوەکوجێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) پێشمەرگە نەکشێتەوە، ڕۆژنامەی ڕووداو، ژمارە (٣١٤)، بەرواری دووشەممە ١٦/ ٦/ ٢٠١٤، ل ٥.

(١) ڕۆژنامەی هەولێر، نێچیرڤان بارزانی: پێش ئەوەی بڕیاری سەربازی بدرێ زۆر پێویستە بڕیاری سیاسی بدرێ، ژمارە ( ١٩٢٣)، بەرواری سێ شەممە ١٧/ ٦/ ٢٠١٤، ل ٣.

(٢) تەها عەبدوڵا، کارنامەی حکومەت خرایەڕوو، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٤١٢)، ساڵی بیست و سێیەم، بەرواری پێنج شەممە ١٩/ ٦/ ٢٠١٤، ل ٢.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (نۆشیروان موستەفا)، کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکان بەشێکن لە کوردستان، ماڵپەڕی:

لە نێو حزبە ئیسلامیەکانی کوردستانیشدا هەریەکە لە یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی پرۆژەی بونیاتنانی دەوڵەتی کوردیان پێیە و ناوچەی توێژینەوەش بەشێکە لەو دەوڵەتە کوردیە، وە ڕایان وایە ئەوەی هاتۆتە پێش دەرفەتێکی زێرینە بۆ کورد، ئەم ناوچانە خاکی کوردستانە و هیچ بەهانەیەکیش نی یە بۆ ڕادەستکردنەوەیان بە بەغدا[(١)].

حزبە کوردستانیەکانی تریش لە هەرێم ڕای تایبەتی خۆیانیان هەیە، بۆ نموونە وتەبێژی حزبی شیوعی بۆچوونی حزبەکەی وایە: " مەترسی سیاسی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە مەترسی سەربازی گەورەترە و، پێویستە کوردستان لە ڕووی سیاسیەوە ئامادە سازی بکات بە ئاراستەی هۆشیاری نەتەوایەتی نیشتیمانی کار لەسەر شەقام و تاکەکانی کۆمەڵگا بکات، بە جۆرێك ئەم ناوچانە بە هەرێم لە قەڵەم بدرێت، چونکە کورد لە بەردەم گۆڕانکاریەکی مەزن دایە لە بەدەستهێنانی خاکی نیشتیمانی کوردستان[(٢)]".

(د.محەمەد بازیانی) سەرۆکی لیستی چاکسازی و گەشە کە لە هەمان کاتدا خەڵکی کەرکووکە بیرو بۆچونی بەم شێوەیە: " شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکان بۆ کورد گرنگە، چونکە خاکی کوردانە. بەڵام دەبێ کورد پرۆژەیەکی ستراتیژی هەبێ، نەخشە و بەربژاردەیەکی ڕوونی هەبێ، کەچی بەداخەوە لە دوای ٢٠٠٣ کورد کۆمەڵێك هەڵەی ستراتیژی کرد لەوانە: لە ٢٠٠٣ لە جیاتی ئەوەی حکومەت ڕووخا بوو، پێشمەرگەمان نارد بۆ بەغدا حکومەتمان دروست کردەوە، بە هێز دەمانتوانی ئەم ناوچانە بگەڕێنینەوە، بەڵام

---

، http://knnc.net/ar/detail-26980-20-False#.U6lqy5RdX4s

بەرواری ٢١/ ٤، ٢٠١٤.

(١) أ- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (محەمەد فەرەج) ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی، ماڵپەڕی http://www.alsumaria.tv/news/ ، بەرواری ١٤/ ٩/ ٢٠١٣.

ب- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (عەبدولستار مەجید) ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ، پێشمەرگە ناکشێتەوە و هێرش ناکات، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (١٣٣١)، بەرواری چوارشەممە ١٨/ ٦/ ٢٠١٤، ل ٢.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (بابا عەلی جەباری) وتەبێژی حزبی شیوعی کوردستان، جێگیرکردنی پێشمەرگە و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانیەکان، هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە (١٠٨٣)، بەرواری ١٨/ ٦/ ٢٠١٤، ل ١.

حکومەتی بەغدامان هێنایەوە سەر پێ و ماددەی (١٤٠) مان هاورد و ڕازی بووین بەوەی ناوچە کوردستانیەکان بخرێنە دەستوورەوە. ئەوانەی چوونە نێو دانوستانەکانەوە خەڵکی (یاسای دەستووری) کەم تێدا بوو. ئەگەر ڕاوێژکاری یاسایی گەورە بوونایە، ئەبوایە داکۆکیان لەسەر کوردستانی بوونی ئەم ناوچانە بکردایە، پاشان لە دەستوور بە هەڵواسراوی هێشتیانەوە، گەڕاندیانەوە بۆ سێ قۆناغ. گومانیان دروستکرد تەنانەت لە لای ئەوانەی کوردیشن. ئایا بە ڕاستی ئەم ناوچانە کوردستانین؟ و خستیانە ڕاپرسی، بەیانی ئەگەر پێکهاتەیەکی تر زۆرینە بوون. هەروەها لە ساڵانی پێشوو ئەوانەی لە بەغدا بوون، ئەم ناوچانەیان دانەنا لە پێشەوەی کارەکانیان، ململانێی حزبایەتی لە ناوچە کوردستانیەکان بە گشتی و کەرکووکیش بە تایبەتی، هۆیەکی تری ئەم هەڵە ستراتیژیانە بوون کە حزبە دەسەڵاتدارەکان کردیان[(١)]".

(بازیانی) بڕوای بە ماددەی (١٤٠) نی یە وای دەبینێت گەڕانەوەی ئەم ناوچانە: " تەنها دەبێ بە ئەمری واقیع بێت، ئێمە خەڵکمان لەگەڵە، هەنووکە (٨) کورسیمان هەیە لە کەرکوک. ئەوەی دەمێنێتەوە ڕاپرسیە، بۆیە دەبێ لە ئێستاوە کاری بۆ بکەین، مافی خۆمانە ئەو ناوچانە بگەڕێنینەوە سەر هەرێمی کوردستان[(٢)]".

هەروەها لە چاوپێکەوتنێکی توێژەر لەگەڵ (غەفور مەخموری) ڕای حزبەکەیان دەخاتەڕوو دەڵێت: " بە ڕەهایی بڕوامان بە ماددەی (٥٨ و ١٤٠) نی یە، ئەمە فێڵێك بوو لە کورد کرا. عێراق دەوڵەتێکی داتاشراوە و پێویستی بە هەڵوەشانەوە هەیە. هەرێمیش خەڵك و خاکەکەی بەشیك نیە لە عێراق. تاکە چارەسەریش بۆ گەڕانەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بەکارهێنانی هێزە، چونکە هیچ دەسەڵاتێکی عێراقی ئامادەی نییە دەستبەرداری ناوچە کوردستانیەکان بێت، بۆیە پێویستە بە بوێریەوە سەرکردایەتی

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەسایەتی سیاسی بەڕێز (د. محەمەد بازیانی) سەرۆکی لیستی چاکسازی و گەشە، هەولێر، بەرواری٧/ ٦/ ٢٠١٤، کات: ٦ ی ئێوارە.

(٢) هەمان سەرچاوە.

سیاسی کورد بڕیار بدات، ئەمری واقیع بکاتە لە بڕی چارەسەریە یاساییەکان بۆ ئەم ناوچانە[1]".

لە لایەکی تر سەرۆکی هەرێم پەیامێکی ڕوونی لە ٢٨/ ٦/ ٢٠١٤ لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی: "سەبارەت بە ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی بە پێویستی دەزانم لەم بارەیەوە وێنەکە ڕوونتر بکەمەوە، کە کاتی خۆی ئەم ماددەیەمان پەسەندکرد مانای ئەوە نەبوو گومانمان لە کوردستانیبوونی ئەو ناوچانەدا هەبوو کە دەکەوێتە سنووری ماددەکە، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە بەهۆی چارەسەری یاسایی و ئاشتیانەو دەستووری کێشەکە یەکلایی ببێتەوە، بەڵام دوای (١٠ ساڵ) چاوەڕوانی حکومەتی عێراقی پابەند نەبوو بە جێبەجێکردنی، بوونی هێزی پێشمەرگەش لەو ناوچانەدا شتێکی تازە نی یە[2]".

هەروەها (مەسعود بارزانی) لە پەیامەکەیدا ئەوەی خستۆتەڕوو: " هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ یەوە پێشمەرگە بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراق و لە هەندێ شوێنیش بە تەنیا بەشێك لە شوێنەکانی دەپاراست و لە هەندێ ناوچەش سوپای عێراقی بە تەنها ئەرکی پاراستنی لەسەر شان بوو. بەڵام دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سوپای عێراق و پاشەکشەکردنی، ئەم ناوچانەی جێهێشت و هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی کوردستان و سەر و ماڵی خەڵکی ئەم ئەرکەیان گرتە ئەستۆ. چوونیان بۆ ئەم شوێنانە بە مانای ئەوە نی یە کورد بە زۆر خۆی بسەپێنێت[3]".

لە کۆتایی پەیامەکەشیدا (بارزانی) دوا چارەسەری خۆی دەخاتەڕوو دەڵێت :" ئێمە بەو پەڕی ڕوونی لە ڕێی ڕاپرسی، ڕای دانیشتوانی ناوچەکە وەردەگرین و ڕێزی ئەو ڕایەش

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز (غەفور مەخموری) سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، هەولێر، کات: ٥ ی ئێوارە، بەرواری یەك شەممە ٨/ ٦/ ٢٠١٤.

[2] ڕۆژنامەی هەولێر، سەرۆك بارزانی سەبارەت بە ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی پەیامێکی بڵاوکردەوە، ژمارە (١٩٣١)،بەرواری یەك شەممە ٢٩/ ٦/ ٢٠١٤، ل ٤.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٤.

دەگرین و پابەند دەبین و ئیتر پێویست ناکات چیتر باسی ماددەی (١٤٠) بکرێت، یاخود پرسیار دەربارەی ئەم ماددەیە بکرێت[(١)]".

ئەم پەیامەی سەرۆکی هەرێم لێدوانی جیاجیای لایەنە عێراقیەکانی بە دوای خۆیدا هێنا، بەڵام لە لایەن کوردەوە پێشوازی لەم پەیامە کرا و (خالید شوانی) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دۆخەکە وا دەخوێنێتەوە: " بەڵێ. ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بووە، چونکە هەنووکە واقیعێکی دی هاتۆتە پێش، حکومەتی عێراقی لە ناوچە کوردستانیەکان بوونی نەماوە، کە ئەو حکومەتە بوونی نەبێ، ووتوێژ لەسەر چی بکەین؟، جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) بووە بە دیفاکتۆ، ئێستا سەرجەم ناوچەکە لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمدایە، حکومەتی عێراقیش هیچ دەسەڵاتێکی نەماوە، تەنانەت ناوچە سوننە نشینەکانی لە دەست داوە، ئێستا ئەو حکومەتە دوورە لەو ناوچانە، کەوایە چیتر نابێ باسی ئەو ماددەیە بکەین[(٢)]".

ڕاپرسی بە یەکێك لە چارەسەرییە گرنگەکان دادەنرێت بۆ هەندێك لەو هەرێم و ناوچانەی گرفتی سیاسیان لەسەرە لە جیهان. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا حکومەتی عێراقی ئامادەیە ڕاپرسی بۆ هەرێم بکات لەو ناوچانە؟. یاخود هەرێم بە بڕیاری دەنگدانێکی پەرلەمان سەربەخۆ و بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا بڕیار لە چارەنووسی ئەم ناوچانە دەدات بە ڕاپرسی؟، وە ئایا هەڵوێستی دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی چی دەبێت؟ تا چەند پاڵپشتی هەرێم دەکەن. توێژینەوەکە وای دەبینێت ئەم پرسیارانە خوێندنەوەی زیاتر هەڵدەگرێت. ڕوودانی ئەم بارودۆخەی لە عێراق و دەست کەوتنەوەی ئەم ناوچانە بە هێز لە لایەن هەرێمەوە و، چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی ئەم ناوچانە و خستنەوە سەر هەرێمی کوردستان، لێکدانەوەی ناوخۆیی زۆری بۆ کراوە لە لایەن کەسایەتیە سیاسیەکانی هەرێم. هەربۆیە گەلێ جار بیرۆکەی چارەسەری دروست مەرج نییە تەنها لە لای لایەنە سیاسیەکان

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٤.

(٢) سەنگەر قوباد، لایەنەکانی کەرکووك و پشتیوانی گوتەی سەرۆکی هەرێم لە مەڕ جێبەجێبوونی ماددەی (١٤٠)، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (١٩٣١)، بەرواری یەك شەممە ٢٩/ ٦/ ٢٠١٤، ل ٦.

دروست بێت، بەڵکو دەکرێت لە لای سیاسیەك گەڵاڵە بێت، لەم سۆنگەیەوە دیدگای هەندێك لەو کەسانە دەخەینەڕوو کە خوێندنەوەیان بۆ واقیعی چارەنووس و چارەسەری ناوچەکانی توێژینەوە هەیە.

سەرەتا چاودێرێکی سەربەخۆ ڕای وایە: "باشتر بوو ئەم ناوچانە ناویان (ناوچەی کێشەی ئیداری لەسەر) بووایە نەك (ناوچەی کێشە لەسەر) وەك لە دەستوور هاتووە، لەبەرئەوەی هەنگاوێك دەچووە پێش لە ڕووی ناسنامەکەی. پاشان دەستوور زۆر گرنگ نی یە، چونکە کورد گەلێك دەستوور و بەڵێننامەی بینیووە، بەڵکو دەستەبەری نێودەوڵەتی (الضمانات الدولية) گرنگ بوو هەبایە وەکو سودان و باشووری سودان کردیان[١]". ئەم چاودێرە دەڵێت: " هەنووکە حکومەتی عێراقی ئارام نی یە، کێشەی لەسەر هەموو ئاستەکان زۆرە، ئەم ماددەیەش جێبەجێ ناکات. باشترین چارەسەر ئەوەیە داوای بە دەستووریکردنی هەرێمەکان بکرێت، ئەو کات کێشەکە دەکەوێتە نێوان هەرێمە کوردیەکە و هەرێمە سوننییەکە، لەو کاتەشدا هیچ بەڵگەیەك نییە بڵێ ئەم ناوچەیە سەر بە هەرێمی سونی یان شیعی یە، ئەو کات چارەسەریەکە ئاسانتر دەبێت، واتە ناوچەکە تا ماوەیەك ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، پاشان ڕاپرسیەکی ئازاد بکرێت، خەڵکەکە کامە لایان ویست بچنە سەر ئەو هەرێمە[٢]".

چاودێرێکی سیاسی دەڵێت: " ماددەی (١٤٠) ماددەیەکی دەستوریە جێگرەوەی ماددەی (٥٨) ی نێو یاسای ئیدارەی دەوڵەتە، لەگەڵ جێبەجێکردنی دام، چونکە لە دەستووردایە و دەنگی ٨٠٪ی خەڵکی لەسەرە، وە ئەم ماددەیەش لە ڕووی یاساییەوە بەسەر نەچووە، چونکە جێ بەجێ نەکراوە، پێویستە سێ هەنگاوەکەی جێبەجێ بکرێت. ئەگەر نەکرا کورد هەلی تر تاقی دەکاتەوە، وە دەبێ کار بۆ ڕای خەڵکی ناوچەکە بکرێت، بۆ ئەوەی خۆیان بڕیار بدەن. وا دەزانم بە تێکەڵیەك لە ماددەی (١٤٠) و هێزی پێشمەرگە،

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز (م. مەسعود عەبدولخالق) خاوەن دەزگای ستاندەر بۆ توێژینەوە سیاسی، هەولێر، بەرواری هەینی ٦/ ٦/ ٢٠١٤، کات : ١١ بەیانی.

[٢] هەمان سەرچاوە.

ڕێپێدانێکی هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتی، بە شێکی زۆری ئەم ناوچانە دەخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان[١]".

توێژەرێکی سیاسی ئەوە دەخاتە ڕوو: "دەبوایە لە سەرەتاوە پێداگری لەسەر ئەو ناوچانە بکرابایەو، نەکرابایە ناوچەی کێشە لەسەر، بەڵام کە تازە بوو بە ماددەی (١٤٠)، بە دڵنیاییەوە دەبێ جێبەجێ بکرێت بە لێك تێگەیشتن بێت یان بە ئەمری واقیع. بۆیە دەبێ بخرێتەوە سەر هەرێم. تەنها گۆڕانکاری لە واقیعی سیاسی عێراق دەتوانێت ئەو حاڵەتە بێنێتە پێشەوە کە ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان[٢]".

سەبارەت بە کەرکووك ئەم توێژەرە وای پێ باشە : "کەرکووك ئەگەر بۆ کورد بێ وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ بێ هەر باشترە لەوەی لە ژێر دەستی حکومەتی ناوەندی دا بێت. لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنیشی ئەوا ڕێژەی دانیشتوان و پێکهاتەکانی یەکلایی دەکەنەوە لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێ بە ڕێکەوتنی نێوان هەموو لایەنەکانی ناوەخۆیی کەرکووك بێ[٣]".

هەروەها پسپۆڕێکی جوگرافیای – سیاسی پێی وایە: " دوای (١٠ ساڵ) چاوەڕوانیکردنی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەڵام سەرەنجام بێ سوود بوو. هەر بۆیە بۆ هەرێم دەرکەوت کە ناوەند ئامادەیی نییە ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بکات، لەبەرئەوەی تا هەنووکە قۆناغی ئاسایی کردنەوە لە دەسپێکدایە وەك قۆناغی یەکەمی ماددەکە و بە تەواوی نەکراوە، ئەمە جیا لەوەی سەرژمێری ساڵ لە دوای ساڵ دوا دەکەوێت. بۆیە سەرکردایەتی کوردیش

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز (م. عەبدول ڕەحمان سدیق) وەزیری پێشووتری ژینگە لە حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ، هەولێر، بەرواری شەممە ٢١/ ٦/ ٢٠١٤، کات : ٥ ی ئێوارە.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز (م. کامەران بابان زادە) مامۆستای زانکۆ، هەولێر، بەرواری یەك شەممە ٢٢/ ٦/ ٢٠١٤، کات : ٦ ی ئێوارە.

[٣] هەمان سەرچاوە.

گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە بە بێ ئەمری واقیع، ڕەنگ نی یە ئەم ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان[1]".

هەروەها ئەمەشی دەخاتە سەر : "لە دوای ١٠/ ٦/ ٢٠١٤ دەرفەتێك بۆ کورد ڕەخسا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەمرە واقیعە، ئەوەبوو پێشمەرگە توانی ئەو بۆشاییەی دروست بوو دوای کشانەوەی سوپای عێراقی پڕی بکاتەوە لە ناوچەکەدا، دڵنیایی سنووری کوردستان بکات لە هەڕەشەکانی داعش. هەربۆیە هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ جگە لە ڕزگارکردنی ٩٠٪ ی ناوچە کوردستانیەکان، ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە ڕێگەی ڕاپرسی کردنی خەڵکەکەی لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) [2]".

سەرەڕای ئەو تێڕوانینانەی سەرەوە. توێژەری ئەکادیمی (د. ئازاد نەقشەبەندی) لە چوارچێوەی چارەسەریەکانی ئایندەی گەڕاندنەوەی ناوچەکانی توێژینەوە وای دەبینێت: " هەنووکە زەمینەیەکی لەبار هاتۆتە پێش، هەندێك لە بڕگەکانی ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بووە، بەو هۆیەوە لەوانەیە تا ئاستێك قۆناغی یەکەم کە ئاسایی کردنەوەیە جێبەجێ بووبێت. دەمێنێتەوە هەرێمی کوردستان پەلە بکات لە ئەنجامدانی ڕاپرسی، ڕاپرسیەکەش بکرێت لەسەر بنچینەی وەرگرتنی بچوکترین یەکەی کارگێڕی کە ناحیەیە دواتر قەزا.... بەم شێوەیە. وە حکومەتی هەرێم کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕابسپێرێ بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی. داوا لە عێراقیش بکات بەشداری بکات، تەنانەت بانگەشەی لایەنی دیکەش بکات لەوانە نەتەوە یەکگرتووەکان (یونامی). دەرئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسینە قووڵ بکرێتەوە و ئاگاداری ئەنجامەکانی بێت و بە لاڕێدا نەبرێت[3]".

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز پرۆفیسۆر (د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد) مامۆستای زانکۆ، هەولێر، بەرواری دوو شەممە ٢٣/ ٦/ ٢٠١٤، کات : ٦:٣٠ ی ئێوارە.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز پرۆفیسۆر (د. ئازاد نەقشەبەندی) مامۆستای زانکۆ، هەولێر، بەرواری پێنج شەممە ١٧/ ٧/ ٢٠١٤، کات : ٩ ی شەو.

ئەوەی شایانی باسە (نەقشەبەندی) وای دەبینێت: "پێویستە گوێ لە خەڵکی ناوچە کوردستانیەکان بگیرێ، هیچ ناوچەیەك یان پێکهاتەیەك نەخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان کە ئارەزووی لێ نیە. تەنانەت لە بەرژەوەندی خودی هەرێمیشدا نی یە لایەنێك وەربگرێ کە ئاکامی باشی بۆ هەرێم نەبێت و لە داهاتوو ئەم پێکهاتەیە یان ئەو ناوچەیە سەر ئێشەو کێشە بۆ هەرێم بنێتەوە  بە نموونە وەك پێکهاتەی عەرەب لە قەزای حەویجە[(١)]".

**ب – بیروڕای لایەنە عەرەبیەکان:** لە پێشتر ئاماژە بە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم کرا لە بارەی چارەسەریەکانی کێشەی ناوچەی توێژینەوە، ئەوا لێرەدا ئەوە دەخەینەڕوو کە ئەم پەیامەی ناوبراو لە لایەن عەرەبەکانەوە لە پێشەکی هەموویان لە لایەن مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕەت کرایەوە، بەو بیانووەی کە ئەمە هەوڵدانە بۆ پارچە پارچە کردنی عێراق و ژێربارخستنی هاتنە پێشی واقیعی نوێی موسڵە، ئەمە قۆستنەوەی هەلی ڕووداوەکانە لە لایەن کوردەوە، ئەمەش جێی ڕازی بوون نی یە، وە ئەو پێی وایە دەستوورێك هەیە و، ماددەی (١٤٠)یش، ماددەیەکی دەستووریە و پێویستی جێبەجێکردنی ماوە[(٢)].

هەڵبەتە زۆرێك لە بەرپرسانی عەرەب پێشتر و ئێستاش  هەڵوێستی دژ بە گەڕانەوەی ئەم ناوچانەیان هەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، نموونە بە هەندێکیان دەهێنینەوە لەوانە:

(بەتول فاروق) ئەندامی دەوڵەتی یاسا، ڕەخنە لە لێدوانەکانی سەرۆکایەتی هەرێم دەگرێت دەربارەی ناوچەی توێژینەوە، وە لە بارەی چوونی هێزەکانی پێشمەگەی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانیەکان بەم شێوەیە دەدوێت: " دەست گرتنی هێزەکانی پێشمەرگە بەسەر کەرکوك و هەندێك لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و لێدوانە سیاسیەکانی

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) هەواڵی کەناڵی ئاسمانی پەیام، شەوی پێنج شەممە ٣/ ٧/ ٢٠١٤، وتاری سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی ، بەرواری چوارشەممە ٢/ ٧/ ٢٠١٤، کات : ٨:١٠ شەو.

هەرێم ئەوەی لەبەرچاو نەگرتووە کە دەبێ بزانرێ دەستوورێك هەیە و خەڵك دەنگی بۆ داوە و ماددەیەکی دەستووری هەیە تایبەت بەو کێشەیەوە[1]".

ئەندامێکی تری دەوڵەتی یاسا بۆچوونی وایە: "چەندین بەربژاردە هەن بۆ گێڕانەوەی کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکان لە دەستی هەرێمی کوردستان وەك بوونی بەربژاردەی دەستووری و یاسایی و دادوەری ... کراوە هەن بۆ گێرانەوەی ئەم ناوچانە لە کورد. وە مافی ئەوەیان نییە بە هیچ شێوەیەك دەست بگرن بەسەر کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرکانی تر، چونکە گرفتی گەورە بۆ خۆیان دروست دەکەن لەگەڵ حکومەتی یەکێتی و گەلی عێراق[2] ".

ج – **بیروڕای لایەنی تورکمانی:** جێی باسە حزبە تورکمانیەکان لە ناوەخۆیاندا هاوڕا نین، لە ڕاگەیاندنێکی حزبی تورکمان ئیلیدا هاتووە: " ناوچە کێشە لەسەرەکان، مێژووەکەی ناسراوە کە ناوچەیەکی زۆری تورکمانیە و، تورکمانەکانی عێراق لە ماوەی سەردەمانێکی زووەوە لەم ناوچانەدا دەژین، ناسنامەی شوێنەکەی تورکمانیە و گومانی لێ ناکرێ، بەسەردا بردنی زاراوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆی، وەك پارچە زەویەکی عێراق و هاتوو لە مادەی (١٤٠) و دانانی ماوەیەکی زەمەنی بۆی کۆتایی هاتووە[3]".

هەروەها (فەوزی ئەکرەم تەرزی) سەرکردە لە کوتلەی ئەحراری ڕای وایە: "ناڕازین بە ڕێککەوتنی هەر هێزێکی سیاسی لەسەر چارەنووسی کەرکووك و پێش کەشکردنی بە کورد،

---

[1] لقاء مع (بتول فاروق) نائبة بدولة القانون، تنتقد تصريحات ساسة الإقليم بشأن المناطق المتنازع عليها، من الموقع الالكتروني: آوان/ بغداد، بتاريخ ٢١/ ٦/ ٢٠١٤.

[2] لقاء مع (هناء الطائي) نائبة بدولة القانون، توجد خيارات عدة لإستعادة كركوك و المناطق المتنازع عليها من الكرد، من الموقع الالكتروني : http://www.iraqidev.org/news/index.php، بتاريخ ٢٠/ ٦/ ٢٠١٤.

[3] علاء موسى، جدل عراقي حول كركوك ... حزب توركماني: المناطق المتنازع عليها في العراق مناطق ذات غالبية تركمانية، من الموقع لإلكتروني ا http://www.chakooch.com/news.php?action=view&id=١٣٩٤، بتاريخ ١٦/ ١٢/ ٢٠١٢.

ئەمە شارێکی عێراقی بچوکراوەیە بە هەموو پێکهاتەکانی، وە داوای هەموار کردنەوەی دەستووری عێراقی دەکەین، ئەوەی تایبەتە بە ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەم زاراوەیەش بە گونجاوی نابیین بۆ ئەو ناوچانە. وابەستەبوونی کەرکوك بە هەرێم بە واتای دابەشکردنی عێراق دێت بۆ سێ دەوڵەت، ئەمەش حکومەتی ناوەندی لاواز دەکات وەکو دەوڵەتێکی یەککگرتووی خاوەن دەسەڵات[1]".

بە پێچەوانەوە ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان (محەمەد ئێلخانی) دەڵێت:" ئێمە لە لیستی تورکمانی هەوڵدەدەین کۆ دەنگیەکی حزبە تورکمانەکان دروست بکەین بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین هەموو ئەو ناوچانەی کە تورکمانەکانی لێ نیشتەجێ یە و کەوتوونەتە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان وەك تەلەعفەر و کەرکوك ... بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ڕاستەقینەکەی ئەمە لە بەرژەوەندی تورکمانەکانی ناوچەکەدایە[2]".

لە لایەکی تر وتەبێژی بەرەی تورکمانی لە کەرکوك بەم شێوەیە دەدوێت: " هەموو دەڵێن عێراق بکرێتە سێ هەرێم، بۆ چوار هەرێم نەبێت، ئێمە لە تەلەعفەر و کەرکوك و دوزخورماتوو مەندەلی هەین، پێویستە چارەسەرێك بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە. چۆن کورد و سوننە مافیان هەیە، ئێمەش مافمان هەیە، لە ٢٠٠٦ەوە داوا دەکەین کەرکوك هەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆ بێت وەك هەرێمی کوردستان[3] ".

لە ڕاستیدا گرنگە بۆ ئەوەی بۆچوونەکان بە ئاڕاستەی چارەسەری بن پێویستە: " گفتوگۆی ڕاستەقینەو لێك تێگەیشتنی تەواو بۆ داهاتوو ئەوە بێت عەرەب و تورکمانەکانی ئەو ناوچانە بە هەندێك دەستەبەری و بەڵێنی دروست و گرنگ دڵنیا بکرێنەوە لەوەی بوونیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندیاندایە، بۆ ئەمەش زامنی دەستووری و

---

(١) شاكر الجبوري، التيار الصدري يرفض تقديم كركوك عربونا للتحالف مع الأكراد، من الموقع الالكتروني: http://www.furattoday.com/?p=3040 ، بتاريخ ١٣/ ٥/ ٢٠١٤.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (محەمەد ئێلخانی) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی تورکمان، هەواڵەکانی کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، ڕۆژی هەینی ٥/ ٩/ ٢٠١٤، کات : ٢:٣٠ ئێوارە.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (عەلی مەهدی) وتەبێژی بەرەی تورکمانی و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، بەرنامەی لەگەڵ ڕەنج، کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، شەوی ٢١/ ٦/ ٢٠١٤، کات : ٩:٥.

یاسایی هەبێ بۆ ئێستا و ئایندەیان[(١)]". ئەمە نەك تەنها تایبەت بە بوارە نەتەوەییەکە بەڵکو لە رووی ئاینیشەوە :" شیعەکان دڵنیا بکرێنەوە لەوەی شیعەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و ئەوانەی بۆ داهاتوو دەبنە بەشێك لە هەرێم (دوز و تازە و خانەقین ...)هەموو مافەکانیان دەستەبەر دەکرێت[(٢)]".

کەواتە چۆن کورد لە عێراق پێویستی بە دڵنیاکردنەوە هەیە بۆ گەڕانەوەی ئەم ناوچانەی توێژینەوە بە هەمان شێوە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکەی ئەم ناوچانەش پێویسیان بە زامنکردنی مافی خۆیانیان هەیە. دواجار ئەوەی گرنگیشە بۆ کورد وەك سیاسیەك دەڵێت: " لە کوردستان دەبێت بڕیاری ڕۆشنمان هەبێت بۆ ناوچە دابڕاوەکان کە چۆن لەناو هاوکێشەکاندا لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە بخرێتە سەر هەرێم[(٣)]".

د – **بیروڕای بیانیەکان:** کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، سنووری ناوەخۆیی عێراقی بڕیوە، بەهۆی گرنگی پێگەکەی و بایەخی شوێنە جوگرافیەکەی و ناسراوی دەوڵەمەندی دەرامەتە ئابووریەکەی، وە بەرژەوەندی دەوڵەتانی هەرێمی و نێو دەوڵەتی لەمەدا، هەربۆیە ئەمە وای کردووە دەوڵەتان بە هەڵوێست و ڕاکانیان فشاری سیاسی بخەنە سەر ڕێڕەوی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکە، لەمیانەی ئەمەشدا کاریگەریەکانیان ئاڕاستە بکەن بۆ هەردوولا، ئەمەش تا ئێستا دەرئەنجامێکی ئەرێنی بۆ کورد نەبووە.

جێی باسە دوڵەتانی دەوروبەر کاریگەریان بەسەر ئەو کێشەیەوە هەیە لەوانە هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا لەمەڕ بابەتی کەرکووك بە ڕوونی دەردەکەوێت، لە ڕاپۆرتێکی پەرلەمانی تورکی لە ساڵی ٢٠٠٧ دا دەربارەی بارودۆخی باکووری عێراق، تێیدا ئاماژە بەوە کراوە کە کوردەکان هەڵساون بە جێگیرکردنی (٦٠٠ هەزار کورد) لەناو شارەکە، وە لەو کاتەوە

---

(١) فاتیح سەنگاوی، ناوچە کوردستانیەکان و دەرفەتێکی زێڕین، ماڵپەڕی : http://shrova.org/opinionDetail.aspx?AuthorID=188، بەرواری ٢٠/ ٦/ ٢٠١٤.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) مەلا بەختیار، مەترسیە ئایدۆلۆژیەکانی سەر دیموکراسی و فیدڕالیەتی کورد، ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە (٤٧٢)، بەرواری ١٦/ ٦/ ٢٠١٤، ل ٢.

داوایان کردووە کە ڕاپرسی لە کەرکووك بۆ ماوەی دە ساڵ دوابخرێت، لە ڕاپۆرتەکەدا مەترسی خۆیان لە دەستگرتنی کورد بەسەر نەوتی کەرکووك نیشانداوە، بیانووی داواکردن و دواخستنی ڕاپرسی لەسەر چارەنووسی کەرکووك دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی نەوەك کەرکووك پەیوەست بکرێتەوە بە هەرێمی کوردستان، کە ئەم لەخۆوەگرتنەش ئابووریەکی سەربەخۆ بۆ هەرێم وەدیدێنێت، وە ئاسانکاری جیابوونەوەی کورد دەبێت لە عێراق بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان، وابەستە بوونی کەرکووك بە هەرێم لەوانەیە ببێتە مایەی زیادکردنی هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆیی لە عێراق، دانیشتوانە عەرەب و تورکمانەکەی ناوچەکەش بەم دۆخە ڕازی نابن، وە لە ڕاپۆرتەکەی پەرلەمانی تورکیادا هاتووە کە تورکیا ئامادەگی بەکارهێنانی هێزی سەربازی تێدایە بۆ پاراستنی کەمایەتییە تورکمانەکانی عێراق لە باری هەڵگیرسانی جەنگ[1].

لە دەوڵەتە دراوسێکانی تری ناوچەی توێژینەوە ئێرانە کە هاو سنووری شوێنی جوگرافی ناوچەکەیە، سنوورێکی درێژی لەگەڵ کوردستانی عێراقدا هەیە، ناوچەکە بەشێکە لەو درێژاییە سنوورییەی هەیەتی لەگەڵ ئێران، بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی ڕۆڵێکی کارایان هەیە لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتەکانی ئێران بەسەر کردەی سیاسی عێراق و کێشە ناوەخۆیی یەکانی عێراق، هەربۆیە ئێران بەدوای پێکانی ئامانجە ستراتیژیەکانی لە عێراقدا دەگەڕێت.

ئەوەی شیاوی ئاماژەیە زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی سەبارەت بە دۆزی کورد هەڵوێستێکی وێکچوو و نزیك لە دەوڵەتانی سەرەوەیان هەیە و ناوچەی توێژینەوە بە بەشێك لە خاکی عێراق دەزانن ... سەیری کێشەی کورد دەکەن لە چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی و بەرژەوەندی دەوڵەتە عەرەبیەکان، سەرچاوەی بیرۆکەی یەك نیشتیمانی عەرەبی کە ناگونجێت بەش بەش بکرێت و گەلی عەرەبی یەکە لە لای سەرکردە عەرەبیەکان ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش دەرکەوتووە لە ماوەی جەخت کردنەوەیان لەسەر

[1] روژهات ويسي خالد، المصدر السابق، ص ١٨٢.

یەك پارچەیی خاکی عێراق و سەیرکردنی کێشەی کورد وەك کێشەیەکی ناوەخۆیی عێراق[(١)].

سەرباری ئەمانە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (بان کی مۆن) هۆشداری دەدات لە کاریگەری خراپی بارودۆخی عێراق و دەڵێت: "چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان هۆکارێکی گەوهەریە بۆ جێگیربوونی بارودۆخی عێراق[(٢)]".

لە ڕاستیدا هەڵوێستی نێو دەوڵەتی لە کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی توێژینەوەکە نەرێنی یە .. نە ویلاتە یەکگرتووەکان و نە نەتەوە یەکگرتووەکان و تەنانەت دامەزراوە ئەکادیمیە نێو دەوڵەتیەکانیش ... جەخت ناکەنەوە لەسەر ستراتیژیەتی چارەسەرکردنی ململانێکان بە گوێرەی ڕێککارە یاساییەکان. بە شێوەیەکی گشتی پێشنیاری نێودەوڵەتی .. لە واقیع دەکۆڵێتەوە و چارەسەریەکانی پێشنیار دەکات بە گوێرەی ئەو بارودۆخەیەی کە ناوچەکە پێیدا ڕەت دەبێت[(٣)].

لە لایەکی تر و ئەمڕۆ بە هاتنەکایەوەی ڕەوشێکی نویێ لەم دواییانە لە عێراق، شانۆی ڕووداوە سیاسیەکانی عێراق تا ڕادەیەك گۆڕاوە بە تایبەتی لە پاش بەهێز بوونی باڵی چەکداران و هەڵکوتانە سەر شارە سوننە نشینەکانی عێراق، ئەمە کاریگەری لەسەر هەڵوێستی پێشووتری دەوڵەتانی هەرێمی و نێو دەوڵەتیش هەبووە بەتایبەتی لە بابەتی چوونی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەی توێژینەوە، ئەمەش لە میانەی شڵەژانی سوپای عێراقی هات لەو ناوچانەدا، لەبەرئەوەی سەرجەمیان ئاگادارن بە گرنگی شوێنی نەوتی ناوچەی توێژینەوە، لەبەرئەوە بە پێویستی بەرژەوەندیەکانیان

---

(١) هرمان علي، مشكلة المناطق المتنازع عليها في العراق، مجلة صوت الآخر، العدد (٤٠٠)، من الموقع الإلكتروني: http://www.sotakhr.com/٢٠٠٦/index.php?id=١٦٧٧٩ ، بتاريخ ١٥/ ٨/ ٢٠١٢.

(٢) بان كي مون، حل مشكلة المناطق المتنازع عليها سبب جوهري لإستقرار العراق، أخبار العراق، من الموقع الإلكتروني: ، بتاريخ ١٨/ ٧/ ٢٠١٢.. http://www.albaghdadia.com/iraqnews

(٣) هرمان علي، المصدر السابق.

دادەنێن کە هێزێك فەرمانبەرداری ناوچەکە بکات کە پارێزەری ناردەنی نەوتەکەی بێت، هەر بۆیە بڕیارەکەی بەرپرسانی هەرێمیش لەسەر ئاستە جیاجیاکان پشت ئەستورە بە داکۆکیکردن لە مانەوەی ئەو هێزانە لەو ناوچانەدا.

لێرەدا بەرلەوەی ڕێڕەوی نوسینەکە بە ئاڕاستەی بۆچوونی توێژەر بڕوات، جێی خۆیەتی ئاماژە بە هەندێك بابەتی ڕۆژنامە و گۆڤارە جیهانیەکان بکەین دەربارەی ئایندەی چارەسەری دۆزی کورد لە سۆنگەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ژێر تێگەیشتنی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی حوزەیرانی پێشوو.

ڕۆژنامەی (De Press) نوسیویەتی: "بە گرتنی کەرکوك، هەرێمی کوردستان سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەستهێنا . کورد تا ئێستا بەشێکی ئەم شارەی بە دەستەوە بوو کە کورد و تورکمان و عەرەب تێدا دەژین و، دەمێکیشە حکومەتی هەرێم لە هەوڵدایە بۆ بەستنەوەی ئەم شارە بە هەرێمی کوردستانەوە، لەگەڵ بەغداش لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبوو کە لە ڕێی ڕاپرسینەوە چارەنووسی کەرکووك دیاری بکرێت، بەڵام هەموو جارێك ئەم کردارەیە دوا دەخرا. هەنووکە کەرکووك و دەورو بەری کەوتۆتە دەست پێشمەرگە و پێناچێت بە زوویی چۆڵی بکەن و ئەمەیان ئەگەرێکی لاوازە، چونکە هێزە سەربازیەکانی سەر بە حکومەتی نوری مالیکی بۆ خۆیان ناوچەکەیان چۆڵکرد و لەمەولا مالیکی بۆی نیە بەو ڕژدییەی جارانەوە داوای چۆڵکردنی شارەکە بکاتەوە. هەرچەندە ئەم ئارەزووە لەم کاتەدا هەر نابێ، لەبەر ئەوەی مالیکی خەریکی پارێزگاریکردنی بەغدایە لە هێزە هێرش بەرەکانی داعش و تەنانەت هەبوونی پێشمەرگەش لەو ناوچانە کار ئاسانی و کەمکردنەوەی گوشارە بۆ ئەو و هێزەکانی[(١)]".

کەرکووك وەك سەرەتایەك بۆ هەنگاوە گەورەکە لە نوسینێکی (ڤیدەی مۆریس و لیزسلی) دەربارەی "قەیرانی داعش و عێراق و دوا گۆڕانکاریەکان" لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی

(١) ئاوات محەمەد، ڕۆژ ڕۆژی کوردی عێراقە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٤٠٨)، ساڵی بیست و سێیەم، بەرواری یەك شەممە ١٥/ ٦/ ٢٠١٤، ل ٤.

(Washington Post)ی ئەمریکیدا هاتووە: "هەرێمی کوردستان دەمێکە داوای کەرکووک دەکات، وەك شارێکی بە نەوت دەوڵەمەند، بۆ ئەوەی بیکاتە پایتەختی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کە دەیەوێت دروستی بکات. هەرچەندە بەغدا بەردەوام لە دژی ئەو داواکاریە بووە، بەڵام دەست گرتنی ئەم دواییەی لە لایەن پێشمەرگەوە بە تەواوی دەستەوەستانی بەغدای دەرخستووە"[١].

وە لە ڕاپۆرتێکی ڕیپۆرترێکی تۆڕی (BBC)ی (جیم میور)دا دەریخستووە: "کە چەندە عێراق بەرەو ئاژاوە و نائارامی شۆڕدەبێتەوە، ئەوەندە کوردەکان بە بێدەنگی سوود لەم پاشا گەردانیە وەردەگرن و دەستی خۆیان بەسەر شاری کەرکووك بە هێزتر دەکەن وەك ئەوەی خەونی هەمیشەییان بوو بێت"[٢].

هەروەها گۆڤاری (Time)، کە گۆڤارێکی هەفتانەی بەناوبانگی ئەمریکیە، بە ناونیشانی "کورد تاکە براوەی ئاڵۆزیەکانی عێراقە" لە نوسینێکی (جەی نیوتن سمۆڵەوە) ئاماژەی بەوە کردووە: "لە کوردستان هەست بە بوونی جەنگێکی ناوەخۆیی لە عێراق ناکەیت، لە ناو پشێویەکانی عێراقدا، تاکە شوێنێك کە لە ئارامی خۆیدا دەژی و لە هەمان کاتیشدا توانیوویەتی شارە ستراتیژییەکەی خۆیان دەست بەسەر دابگرن هەرێمی کوردستانە. بەبێ ئەوەی ڕووبەرووی هیچ کێشەیەك ببنەوە، ئەوان دەتوانن وەك براوەی یەکەم خۆیان نیشان بدەن"[٣].

لە لایەکی تر ڕۆژنامەی (Telegraph)ی ئینگلیزی لە ڕاپۆرتێکیدا دەنوسێت "کوردی عێراق هەلێکی زێڕینیان لە بەردەمدایە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی" سەرنجی بۆ ئەوە

[١] ڤیدەی مۆریس و لیزسلی، قەیرانی داعش و عێراق و دوا گۆڕانکاریەکان، وەرگێڕانی: محەمەد حوسێن، ڕۆژنامەی ئاوێنە، مارە (٤٣٣)، بەرواری سێ شەممە ١٧/ ٦/ ٢٠١٤، ل ١٨.

[٢] محەمەد حوسێن، داعش کۆتایی عێراق و سەربەخۆیی کوردستانی هێنایە نێو ناوەندو ڕاگەیاندنە جیهانیەکانەوە، هەمان سەرچاوە، ل ١٨.

[٣] ڕێگای کوردستان، میدیا جیهانیەکان باس لە بەدەوڵەتبوونی کورد دەکەن، ، ژمارە (١٠٨٣)، بەرواری چوار شەممە ١٨/ ٦/ ٢٠١٤، ل ١ .

ڕاکێشاوە: "قەیرانی هەنووکەی عێراق ڕێگەی بۆ کورد خۆش کردووە، ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان و شاری کەرکووك بگێڕنەوە، هیچ شتێکیش لە ئارادا نی یە، بەغدا بتوانێت لە بەرامبەردا بیکات، هەربۆیە کورد ئێستا زیاتر لە دامەزراندنی دەوڵەتی داهاتووی نزیك بووەتەوە[١]".

نوسەری بەناوبانگ و دیپلۆماتکاری پێشووی ئەمریکاش (پیتەر گالبرێس) دەڵێت: " تا هەنووکە سێ هۆکار لەبەردەم سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ڕێگر بوون و، وایان کردووە کوردستان وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە ئەوانیش[٢]:

أ - نەبوونی سەرچاوەی پێویستی ئابووری.

ب - یەکلا نەکردنەوەی کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

ج - دژایەتی کردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی".

سەبارەت بە خاڵی دووەم ئەم نوسەرە ئەمریکیە وا هزر دەکات: "ئێستا کەرکووك و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم کەوتوونەتە ژێر دەست بەسەرداگرتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە. کەرکووك لە بواری نەوتەوە زۆر دەوڵەمەندە و بەم جۆرەش کورد دەتوانێت کاروباری دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەڕێوە ببات. جگە لەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە چیدیکە ناوچەی جێ ناکۆك لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندیدا نامێنێت، چونکە ئێستا تەواوی ئەو ناوچانە کەوتونەتە دەست هێزی پێشمەرگەوە[٣]".

هەڵبەتە (New York Times) وەك ڕاگەیاندنێکی کارای ئەمریکی کە بەردەوام قسەی لە سەر ڕووداوە هەنووکەییەکانی جیهان هەیە لەبارەی بابەتی ناوچەی توێژینەوە دەنوسێت: " دواکاری کورد بۆ هەر کاندیدێکی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق ئەوەیە دان بەو ڕاستیەدا بنێت کە کەرکووك بەشێکە لە خاکی هەرێمی کوردستان و هەربۆیەش

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١.

(٢) عەلی هەورامی، تەنیا سەربەخۆیی کوردستان دەتوانێت ڕێگە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی تیرۆریستی لە عێراق بگرێت، ڕۆژنامەیهەولێر، ژمارە (١٩٢٥)، بەرواری پێنج شەممە، ١٩/ ٦/ ٢٠١٤، ل ١٠.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٠.

دەبێ کەرکووك و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بخرێنەوە ژێر دەسەڵاتی هەرێم[1]".

وە ڕۆژنامەی (ئۆرشەلیم پۆست) ی ئیسرائیلی لە ڕاپۆرتێکیدا خراپ بوونی ئەم دۆخەی عێراق بە بەرژەوەندی کورد دادەنێت و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: " ڕەوشێکی نالەبار عێراقی گرتۆتەوە و هەنووکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بخاتەوە ژێر دەستی خۆیەوە، براوەی یەکەمی ئەم بارودۆخە نوێیەش کوردەکانن[2]".

سەرەڕای ئەمانەی سەرەوە (جۆن ئۆلتەرمان) پسپۆڕێکی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ناوەندی توێژینەوە و ستراتیژی لە واشنتۆن وای بۆ دەچێت: " ئەمڕۆ کورد پێگەیەکی زۆر بەهێزی هەیە، هەربۆیەش دەتوانێت فشار بخاتە سەر بەغدا بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی[3]".

ئەوەی تێبنی دەکرێت ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەی سەرەوە لە نێو ناوچە کوردستانیەکانی توێژینەوەکە زیاتر چاویان لەسەر کەرکووك کردۆتەوە. بێگومان ئەمەش لەبەر گرنگی پارێزگای کەرکووکە بەگشتی و شاری کەرکووك بە تایبەتی کە شارێکی کوردستانی گرنگە و هەردەم زیندووە، وە شوێنێکی جوگرافی ئابووری و بازرگانی و بازاری جیاکراوەی لە نێو شوێنەکانی تردا هەیە، وە بازنەی لێك گرێدانی ناوەڕاست و باکووری عێراقە، تا ئێستاش پەیوەندی ناوچە چیاییەکان و ناوچە دەشتەکان بەیەکەوە دەبەستێت، وە کەوتۆتە سەرە ڕێگای بازرگانیە کۆن و نوێیەکانی ناوچەکە، وە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی شاری کەرکووك

(1) عەلی هەورامی، نیۆرك تایمز: مەرجی کورد بۆ حکومەتی ئایندەی عێراق گەڕانەوەی کەرکووك و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەیە بۆ سەر هەرێم، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (١٩٢٦)، بەرواری یەك شەممە ٢٢/ ٦/ ٢٠١٤، ل ١٠.

(2) عەلی هەورامی، کوردستان ئامادەی سەربەخۆیی یە، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (١٩٢٩)، بەرواری چوار شەممە ٢٥/ ٦/ ٢٠١٤، ل ١١.

(3) هەمان سەرچاوە، ل ١١.

و دەوروبەری و جوگرافیەکەی ئەوەیە کە سامانێکی سروشتی لە ڕادەبەدەر گرنگی لە سەر ئاستی ناوەخۆیی و جیهانی هەیە، کە بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێزی جیهانی تێدایە، هەربۆیە بۆتە بابەتی سەرەکی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهان.

هەڵبەتە ئەم شوێنە جوگرافیەی کەرکووك و ناوچەکانی تری توێژینەوە لە دوای ڕووداوەکانی موسڵ بەرچاویەکی تری وەرگرتووە لە ناوەندەکانی توێژینەوە کە تیشکی بخرێتە سەر، لەبەرئەوەی هێڵی جوگرافی پێکهاتەکانی عێراق ئاشکراتر لێکترازانێکی دیاری بەخۆیەوە بینیووە. کورد زۆرینەی هەرە زۆری شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی خۆی دەست کەوتۆتەوە کە جێگای ڕەسەنی هەزاران ساڵی کورد نشینانی باب و باپیری خۆی بووە، لەبەرئەوە مەحاڵە جارێکیتر وا بە ئاسانی بە بەغدای بسپێرێتەوە. هەرچی پێکهاتەی شوێنی جوگرافی سوننەیە کەوتۆتە نێوان زۆرینەی شیعەی عێراقی لە باشوورو بەشە کوردیەکەی باکووری عێراق ئەمانیش بەهێزی شەر لە حکومەتی ناوەندیان وەرگرتۆتەوەو، چاویان لەسەر بەغدایە. لەو لاشەوە پێکهاتەی شیعە لە خەمی بەغدایە و شوێنەکانی خواروی عێراقی بۆ خۆی پاراستووە.

دەمێنێتەوە بگوترێت؛ خوێندنەوەی سیاسی و سەربازیەکانی ئەمڕۆی عێراق بۆ پێکەوە ژیانی ئەم پێکهاتانە چی دەڵێت؟. بە پێی لێکدانەوەکان بێت ماوەی پێکەوە ژیان لە عێراق درزی گەورەی تێکەوتووە، چونکە پێکهاتەکان بەیەکەوە هەڵ ناکەن و هەریەکەیان بە دوای چارەنوسی خۆیدا دەگەڕێت. بۆیە عێراق بەو شێوەی بوو بوونیات نانرێتەوە. دەبێ بە شێوەیەکی تر چارەسازی بۆ بکرێت. لە هەموو حاڵەتەکانیش لێك جوودابوونەوە و دابەشبوونی دەوڵەتی داتاشراوی دەستی ئینگلیزەکان لە لێواری مەرگدایە، چیتر کورد و سوننە و شیعە و پێکهاتەکانی تر بە زۆر لە ماڵێکدا کۆناکرێنەوە. کوردیش لەم گۆڕەپانە پڕ لە ناسۆرەدا بە خەمی داگیرکاری سەدەیەك لە زەوی و خاك و ژیانی پر مەینەتی ڕابردووەوە بێ چارەنووسی خۆی لێی دەرناچێت.

وە ئەو کێشمە کێش و داگیرکاری و پێداگیریەی دەیان ساڵەی ڕابردووی حکومەتی عێراقی هەبووە لە سەر ناوچە کوردستانیەکان و، نواندنی دەیان هەڵوێست و بڕیاری نا

بەجێ و، ئەو دانوستان و گفتوگۆیانەی لەگەڵ بەرەی ناوەند و، وە ئەو دان پێدا نەنان بەو مافە زەوتکراوەی کوردو هەوڵدانی خۆدزینەوەی هەمیشەیی و هێشتنەوەی بە چارەسەر نەکراوی نە بە دەستوور و نە بە یاساو نە بە ڕێککەوتن و نە بە بەڵێننامە نە بە ... **هیچ** ئاکامێکی نەبوو تەنانەت کار گەیشتە ڕوودانی شەڕ و بارگرژیەکان لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقی، کە دەستی بەر نابێت لەم ناوچانە. هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ بایەخ و بەهای گەورە و گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و تایبەتمەندیەکانی ناوچەکە بەتایبەتی لایەنە ئابووریەکەی.

وە کاتێك حکومەتی عێراق بەم ئاستە بەرزە چاو کراوەییە تێبگات لە بەهای ستراتیژی و ئابووری شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان زیاتر، چونکە بەر لەوەی ناوچەکە بەهای سیاسی و ستراتیژی و ئابووری و کۆمەڵایەتی .... هەبێت بۆ کورد و دانیشتوانی ڕەسەنی دەڤەرەکە، ئەوا بەشێکە لە تەواوکەری شوێنی جوگرافی کوردستانی گەورە و خاکی نیشتیمانی مێژوویی کوردان کە سازشکردن لەسەری بۆ بستێکیش بێت لە فەرهەنگی کورد نی یە.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی بە پێی زۆرینەی دیدگا وەرگیراوەکان لە ماوەی نوسینی پێشوو، لە هەمان کاتیشدا بە پێی تێگەیشتنی سیاسیانەی هزری توێژەر، پاڵپشت بەو ئاڕاستە زۆرەی کە دەریخست حکومەتی عێراقی پابەند نەبووە و وە لە ئایندەشدا پابەند نابێت بە جێبەجێکردنی هەردوو ماددەی یاسایی و دەستووی (٥٨ و ١٤٠). هەر بۆیە توێژەر لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدایە کە **ئەمری واقیع** بە باشترین وەڵامی چارەسەریەکان دەزانن بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ سەر سنووری جوگرافیای ڕاستەقینەی کوردستان، بەتایبەتیش بۆ ئەمڕۆ زیاد لە هەموو کاتێکی تر بارودۆخی ناوەخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی لەبارە بۆ چەسپاندنی ئەو ئەمرە واقیعەی باسی نامەکە وەك دەرئەنجامێك پێی گەیشتووە.

# ئەنجام

# و

# ڕاسپاردەکان

# ئـەنجـامـەكـان

لە ئاكامی تاوتوێكردنی ئەم نامەیە، توێژینەوەكە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١ – شوێنی جوگرافی بە یەكێك لە ڕەگەزە سەرەكیەكانی سروشت دادەنرێت، جێگیرە و نەگۆریشە، بەڵام بەهاكەی دەگۆڕێت بە گۆڕانی كات و مێژوو بارودۆخە سیاسیەكان و بەرەو پێشچوونی تەكنەلۆجیا. لەبەرئەوەی شوێن بنەمای دروستبوونی دامەزراوەی سیاسیە، هەربۆیە هەموو دەوڵەتێك یان یەكەیەكی سیاسی شوێنێكی جوگرافی تایبەت بە خۆی هەیە لەسەر نەخشەی جیهان، جیاوازی لە دابەشبوون و تایبەتمەندی سروشتی هەریەكەیان وایكردووە گرنگیان وەك یەك نەبێت، بۆ نمونە ناوچەی توێژینەوە بایەخە سیاسی و ستراتیژیەكەی زیاتر بە دیاركەوت لە سەدەی بیستەمدا دوای دۆزینەوەی نەوت و گازی سروشتی لە شوێنەكەیدا.

٢ – شوێنی جوگرافی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم دەكەوێتە باكووری عێراق، لە نێوان پارێزگاكانی چیایی و پارێزگاكانی ناوەڕاستی عێراق هەڵكەوتووە، لە قەزای (شەنگال)ی سەر بە پارێزگای نەینەوا لە سنووری عێراق – سوریا دەست پێدەكات و بە قەزای (بەدرە)ی سەر بە پارێزگای واست لە سنووری عێراق – ئێران كۆتایی دێت. شوێنەكەی لە ڕووی سروشتیەوە بەشێكە لە شوێنی جوگرافی كوردستانی عێراق و تەواوكەری جوگرافیای كوردستانی گەورەیە، سنوورەكەی لە ڕووی نەتەوەییەوە هێڵی بەركەوتە لەگەڵ نەتەوەی تر پێكدەهێنێت، هەربۆیە دەبینرێ بە درێژایی مێژوو لە لایەن چەندین گەڕیدە و نووسەر و توێژەرەوەی بیانی و عەرەبی و ناوەخۆیی سنووری بۆ كێشراوە، كە هەریەكەیان لە دیدی خۆیەوە سەرنجی داوەتێ و لەبارەیەوە نووسیویەتی، بۆچوونی هەندێكیان جیاوازە و، ڕامانی هەندێكیشیان لەگەڵ ئەوانی تر لە یەكتری نزیكە یان لە چەند سەرێكەوە تێك دەكاتەوە.

٣ – بە گەڕانەوە بۆ ڕەهەندی مێژوویی – جوگرافی دەردەکەوێت بەشێکی زۆری شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە لە چوارچێوەی شوێنی جوگرافی ویلایەتی موسڵ بووە، لەبەرئەوەی شوێنەکە گرنگ و پڕبایەخ بووە، هەربۆیە زوو لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزی جیهانەوە داگیرکراوە، ئەمەش سەرەتای ڕاستەقینەی درووستبوونی کێشەیەك بووە بەو ناوەوە، وە ناوچەی توێژینەوە بەشێکە لەو کێشە قووڵەی ویلایەتی موسڵ، کە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ و لکاندنی ویلایەتەکە بەو دەوڵەتەوە لە ساڵی ١٩٢٥ سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بە فەرمی دەسپێکی کێشەی ناوچەی توێژینەوە لەگەڵ ڕێکەوتننامەی ١١/ ئادار/ ساڵی ١٩٧٠ هاتەکایەوە کە تایبەت بوو بە ناوچەی خۆبەڕێوەبردن بۆ کوردستانی عێراق.

٤ – ناوچەی توێژینەوە دەناسرێتەوە بە بوونی چەندین تایبەتمەندی جیاکەرەوە کە لە شوێنەکانی تری عێراق نابینرێت، لەوانە تایبەتمەندە بە:

أ – خاوەن سروشتێکی جوگرافی تایبەتە کە ڕەنگدانەوی پێکهاتەی دیاردەکانیەتی وەك (جیۆلۆجیای ناوچەکە و بەرزی و نزمی و دەرامەتی ئاو و ئاوهەواو و جۆری خاك و دەرامەتی سروشتی).

ب – تۆبۆگرافیای خاکەکەی ڕۆڵی گێڕاوە لە هەمەڕەنگی ئەتنۆگرافیەکەی کە لە مۆزەخانەیەکی سەرنج ڕاکێش دەچێت، وایکردووە لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە ناوچەکە ببێتە مەڵبەندی کۆبونەوەی نەژادە جیاوازەکان لە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوری و کەمینەکانی تر کە هەریەکەیان بە زمانی تایبەتی خۆیانەوە دەدوێن و خاوەن کلتوری نەتەوەیی خۆیانن، لەگەڵ ئەمانەشدا پێکهاتە ئاینیەکەشی هەمەجۆرە لە موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی کە سەدان ساڵە بەیەکەوە دەژین.

ج – سامانێکی ئابووری دەوڵەمەندی هەیە کە پشت ئەستورە بە بوونی دەرامەتەکانی ژێر زەوی و سەر زەوی کە هێز بە بەر پێگەی سیاسی هەرێم دا دەکات لە کاتێك لە باوەشیدا بێت، وە یارمەتیدەرێکی گەورە دەبێت بۆ پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان،

بە نموونە خاوەن نەوت و گازێکی زۆرە لە بیرەکانی عەین زالە تا دەگاتە نەفتخانە لە پارێزگای دیالە.

د – شوێنێکی ستراتیژی پڕ بایەخە کە دەتوانێت لەسەر ئاستی بازنەکانی ناوەخۆیی و دەرەکی و نێودەوڵەتی پەیوەندی ببەستێت و، پردێکی پەیوەندیەکان بێت لە هەموو بوارەکاندا. لارێتی درێژبوونەوە جوگرافیەکەی هەر لە باکووری ڕۆژئاواوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی سنووری هەردوو دەوڵەتی سوریا و ئێران لە یەکتری نزیك دەکاتەوە و لە ڕێگەی خۆیەوە بە یەکتریان دەگەیەنێت. وە لە ڕێگەی دەروازە سنووریەکانەوە دەتوانێت پەرە بە ئاڵوگۆڕی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازیەکانی نێوان دەوڵەتانی دەوروبەری بدات.

٥ – ئەم تایبەتمەندیە گرنگانەی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە کە لەسەرەوە بەرباسخران و دەیان تایبەتمەندی دیکە کە جێگەی بایەخن بۆ پێگەی سیاسی دەوڵەت، هەر زوو لە لایەن حکومەتەکانی عێراقیەوە زانراوە و ناسراوە، هەربۆیە بێ سڵمینەوە لە هیچ بەهایەکی مرۆڤانە دەستیان لە داگیرکردنی ئەم ناوچانە هەڵنەگرتووەو، هەر لەو پێناوەشدا سەدان کارەساتیان بەسەر گەلەکەمان لەو ناوچانەدا هێناوە کە هەرگیز مێژوو لەبیریان ناکات. هەربۆیە هەمیشەو بێ پسانەوە لە گفتوگۆکانیاندا لە بەرامبەر کورد و سەرکردایەتیەکەی نکوڵیان لە کوردستانی بوون و کوردبوونی ئەو ناوچانەدا کردووە، گفتوگۆکان تا کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕەشی لەگەڵدابێت بەردوامن و واڵان لە نێوان هەردوولا.

٦ – بە گرنگ زانینی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە لە میانەی دانوستانەکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و دەسهەڵاتدارانی عێراقیدا بەدیاردەکەوێت، کە یەکەمیان دەست لەسەر کوردستانیبوونی ئەم ناوچانە دادەگرێت و دووەمیان پێ لەسەر ژێر دەسهەڵاتخستنی، بە نمونە ئەم ناوچانە نەخرانە سنووری خۆبەڕێوەبردنی ساڵی ١٩٧٠ و، کێشەکەیان دواخرا و بە هەڵواسراوی مایەوە بۆ دوای سەرژمێری بڕیار لێدراو، بە هەمان شێوە لە ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ کێشەی ئەم ناوچانە بەچارەسەر نەکراوی مایەوە، ئەمەش هەر بۆ هەمان هۆ دەگەڕێتەوە.

لە لایەکیتر یەکێك لە کێشە هەرە گرنگەکانی نێوان هەردوولا سنووری جوگرافیای کوردستانی عێراق بوو، هەمیشە ناوەند هەوڵیداوە سنووری شوێنی جوگرافی ناوچە کوردیەکان کەم بکاتەوە و ناوچە نەوتاوییە گرنگەکانی وەکو کەرکووك و خانەقین و مەخمور ... لێی دابڕێت. وە ئەوەی لەم توێژینەوە تێبینی دەکرێت ئەم شارانەی ناوبراو هەمیشە خاڵی گەوهەری و تێك گیران بوونە، ئەمەش هەر لەبەرئەوەیە شوێنێکی ئابووری و پڕ بایەخی ستراتیژیان هەبووە، تەنانەت دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش هەست کردن بەم گرنگیە هەر ماوە.

٧ – گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە وایکردووە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشووی عێراقی، جارێکی تر کێشەی ئەم ناوچانە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی سەر هەڵبداتەوە دوای ساڵی ٢٠٠٣. بۆ ئەو مەبەستە هەریەکە لە ماددەکانی (٥٨) لە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و ماددەی (١٤٠) لە دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق تایبەت کران بە چارەسەرکردنی ئەو پرسە.

بەڵام بەداخەوە! حکومەتەکانی عێراقی دوای ٢٠٠٣ ویستی جێبەجێکردنی ئەم دوو ماددەیەیان نەبووە، بێگومان هۆکاری ئەم جێبەجێ نەکردنەیەش دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بە پێ زانینی بەها و نرخی کاریگەری ئەم ناوچەیە بۆ دەوڵەتی عێراق.

٨ – دەتوانرێ بگوترێت ئەم کێبڕکێ و داگیرکاری وپێداگیریەی دەیان ساڵەی ڕابردووی حکومەتی عێراقی هەبووە لە سەر ناوچە کوردستانیەکان و، نواندنی دەیان هەڵوێست و بڕیاری نا بەجێ و، ئەو دانوستان و گفتۆگۆو لێك تێنەگەیشتنەی بەرەی ناوەندو، دان پێدانەنان بەو مافە زەوتکراوەی کورد و هەوڵدانی خۆدزینەوەی هەمیشەیی و هێشتنەوەی بە چارەسەرنەکراوی نە بە دەستوورو نە بە یاسا و نە بە ڕێککەوتن و نە بە بەڵێنامەو نە بە ... هیچ ئاکامێکی نەبوو تەنانەت کار گەیشتە ڕوودانی شەڕو بارگرژیەکان لە نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی، کە دەستی بەر نابێت لەم ناوچانە، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی گەورە و گرنگی ئەم ناوچانە و گرنگی تایبەتمەندی سروشتی و شوێنی جوگرافیان.

٩ – بە پێی زۆرینەی دیدگا سیاسیە وەرگیراوەکانی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە حکومەتی عێراقی پابەند نەبووە، وە لە ئاییندەشدا پابەند نابێت بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠). هەر بۆیە توێژەر لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدایە کە سەپاندنی باری ( دیفاکتۆ) بکرێتە **ئەمری واقیع** و بە باشترین وەڵامی چارەسەریەکان بزانرێت بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

هەلی گەڕانەوەی ئەم ناوچانەش دەستی پێکرد لەگەڵ هاتنە ئارای دۆخێکی ناوەخۆیی نوێ لە عێراق لە ١٠/ ٦/ ٢٠١٤ و، ئاڵۆزبوونی ڕەوشی پارێزگای نەینەوا و دەسگرتن بەسەر ئەو پارێزگایە لە لایەن کۆمەڵێك هێزی چەکدارییەوە کە سنووری چالاکیەکانی خۆیان فراوانکرد بۆ پارێزگاکانی تری سوننە نشین لەوانە کەرکووك و سەلاحەددین و دیالە، توانیان چەند قەزاو ناحیەیەك لە سنووری ناوچەی توێژینەوە دەست بەسەردا بگرن. ئەم ڕەوشە نوێیەش بووە مایەی ڕەخساندنی دەرفەتێك بۆ کورد بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەمرە واقیعەی کە لایەنەکانی سیاسی و کەسایەتیەکان بە چارەسەر دەیبینن.

١٠ – لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە بەبێ چارەسەرکردنی پرسی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە لایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندی، ترسناکی گەورە دروست ئەبێت لە نێوان هەردوو لایەنی سەرەکی کێشەکە، مەترسی هاتنە پێشی ڕەوشێکی ئاڵۆزاوی ترە لە ئایندەدا، ئەمەش کاردانەوەی دەبێت نەك هەر تەنها بۆ عێراق بەڵکو بۆ ئارامی هەرێمی کوردستان و ناوچەکەش.

# ڕاسپـاردەکـان

لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، نامەکە چەند ڕاسپاردەیەك وەك نەخشەڕێگایەك پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، کە خۆیان لەمانەی خراونەتەڕوو دەبینەوە:

١ – لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، دەزگایەك و ناوەندێکی توێژینەوەی زانستی باڵا دابمەزرێنێت کە وەکو ژوورێکی ستراتیژی و کردەیی وابێت بۆ ئەنجامدانی دەیان چالاکی جۆربەجۆر هەر لە دەرکردنی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیا و لایەنە هەمەجۆرەکانی تایبەت بە ناوچەکانی توێژینەوە تا دەگاتە بەستنی دەیان کۆڕ و سیمینار و پرۆژەی سیاسی زانستی، وە هەروەها بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان و ناوچەکە، وە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بەهاو بایەخی شوێنی جوگرافی ئەم ناوچەیە بۆ کورد و کوردستان.

٢ – پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودی تەواو وەربگرێت لە گرنگی شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئەویش بە گرنگیدانی زیاتر بە کردنەوەی پردی پەیوەندیەکان لە ڕێگای دەروازە سنووریەکانی شوێنی جوگرافی ناوچەکە، وە بەستن و ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندیە سیاسی و ستراتیژی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان ... لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر.

٣ – پێویستە لەسەر پارتە سیاسیەکانی هەرێم لە ناوچەی توێژینەوەدا هەوڵی یەك ڕیزی بدەن و دووربکەونەوە لە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی بەڵکو بە گیانی کوردایەتیەوە کاربکەن بۆ ڕێکخستن و یەك بەرەیی و یەك گوتاری سیاسی لە بەرامبەر بەغدا، سازش لەسەر ئەم ناوچانەدا نەکرێت.

٤ – لە دوای ڕووداوەکانی ١٠/ ٦/ ٢٠١٤ دەرکەوت کە شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە چەندە گرنگە و جێگەی بایەخپێدانە، لەبەرئەوەی ناوچەیەکە قووڵایی ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی بۆ کورد پێکدەهێنێت، هەربۆیە توێژینەوەکە بە باشی دەزانێت پەرلەمانی

هەرێمی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی داڕێژەری بڕیاری هەرێم، بڕیارێکی فەرمی بە کۆدەنگیەوە بدات، بۆ زیاتر ناردن و جێگیرتر کردنی هێزەکانی پێشمەرگە و، سەرجەم هێزەکانی تری هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، مانەوەی ئەم هێزانە لەم ناوچانەدا بکرێتە ئەمری واقیع، ئەمەش وادەکات پێگەی کورد لە دانوستانەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی بەهێزتر بکات.

٥ – شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی ناوازەیە، بۆیە واباشە حکومەتی هەرێم گرنگیەکی زۆر بدات لە بەگەڕخستنی دەرامەت و سەرچاوە و سامانە سروشتی و مرۆییەکانی ئەم شوێنەیە، ئەمەش لە پێناوی دەستەبەرکردنی بەرهەمی ناوەخۆیی و ڕۆڵ بینینی دانیشتوانی ناوچەکە لە بە چنگ کەوتنی کارو پرۆژەی هەمەجۆر لە سەرجەم بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی و هاتووچۆ و گەیاندن و .....، کە وادەکات ژێرخانی ئابووری هەرێم لەبەر ڕۆشنایی سوود بینین لە تایبەتمەندیەکانی ناوچە کوردستانیەکان بەهێزتر بێت، بەهێزتربوونی پێگەی ئابووری هەرێمیش لێکەوتەی بەهێزتر بوونی پێگەی سیاسی هەرێمی لە ناوچەکەدا لێدەکەوێتەوە.

٦ – شوێنی جوگرافیای ناوچەی توێژینەوە گرنگیەکی زۆری هەیە لە ڕووی پێکهاتە ئەتنۆگرافیەکەی، لەبەرئەوەی تۆبۆگرافیای خاکەکەی هۆیەك بووە بۆ ئەوەی ببێتە مەڵبەندێك بۆ کۆبوونەوەی نەژادە جیاوازەکان، هەربۆیە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی تر زیاتر دەبێ ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاربێت لەم شوێنەدا بۆ یارمەتیدان و هاوکاریکردن و خزمەتکردنی خەڵکی ناوچە کوردستانیەکان بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمان و کلدۆ ئاشوری و ئەوانی تر، تەنانەت ئەوانەی جگە لە کورد، وا هەست بکەن کە ئەمڕۆ لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی هەرێم دۆخیان گەلێ باشترە لە ڕووی بە تەنگەوەهاتنیان و پارێزگاریکردن لێیان لە ڕووی ئاسایش و ئارامی و ئۆقرەیی یەوە.

٧ – دەبێ لایەنە بەرپرسەکانی هەرێم ڕەچاوی ئەوە بکەن کە بەهۆی گرنگی پێگەی ناوچەی توێژینەوە و بایەخی لە بن نەهاتووی تایبەتمەندیەکانی شوێنە جوگرافیەکەی و، دەوڵەمەندی ناوچەکە بە سامانێکی سروشتی وەك نەوت، خەڵکی ناوچە کوردستانیەکان بە

تەواوی پێکهاتەکانیانەوە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو دووچاری بە عەرەبکردن و گۆڕینی باری دیمۆگرافی و ڕەگەزی و شێواندنی مێژوو و کلتوریان بوونەتەوە، لەبەر ئەوەی لە ژێر چەپۆکی بێگانە بوون، ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر دیدی نەتەوەیی و مامەڵە و هەڵس و کەوتیان، هەربۆیە دەبێ بەو ئاستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و، ڕەچاوی بارودۆخی ستەم لێکراویان لێ بکرێت.

٨ – حزبە کوردستانیەکان دەبێ گرنگی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە ڕووی بەڕێوەبردنی سیاسیانەوە لەبەر چاوبگرن، واتە بە ڕێککەوتن لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانەوە بێت نەك زۆرینەی کوردی، واتە دەبێ سەنگی پێکهاتەکانی تر لە عەرەب و تورکمانەکان لەبەرچاو بگیرێت، تاوەکو ئاکامی خراپی لێنەکەوێتەوە. بەڵکو هەوڵبدەن هەرچی پێکهاتە کەمایەتیەکانی تری ناوچە کوردستانیەکان هەیە فەرامۆش نەکرێت، بۆ ئەوەی ئەزموونی تاڵ دوبارە نەبێتەوە، وە تورکمان و عەرەبەکان بە هەندێ دەستەربەر و بەڵێنی دروست و گرنگ دڵنیا بکرێنەوە لەوەی ماف و بەرژەوەندیەکانیان لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە پارێزراوە، بەمەش زامنی یاسایی و دەستووریيان پێبدرێت بۆ هەنووکە و ئایندە، واتە مامەڵەکردنی کورد لەگەڵ ئەم پێکهاتانە بەشێوەیەك بێت کە ببێتە مایەی بڕوا بوونیان و ڕازیبوونیان بەوەی گەڕانەوەی ناوچەی توێژینەوە بۆسەر هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی ئەوانە.

٩ – چی بکرێت بۆ ئەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بگەڕێتەوە:

أ- چەسپاندنی باری دیفاکتۆ.

ب- لە ژێر ئەم بارەوە سەرجەم قۆناغەکانی ماددەی (١٤٠) جێ بە جێبکرێت وەك ئاسایی کردنەوە و ...، گرنگترین کار سڕینەوەی شوێنەوای بەعەرەبکردنە.

ج – دیاریکردنی ماوەیەکی کەم بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لەم ناوچانەدا، ئەگەر حکومەتی ناوەندیش ئەنجامی نەدا، ئەوا حکومەتی هەرێم خۆی بەم کارە هەڵسێت.

د – ئەنجامدانی ڕاپرسی لە ناوچەکە لەسەر بنەمای وەرگرتنی بچوکترین یەکەی کارگێڕی بێت .... .

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:

### أ- کتێب:

١. ئارشاك پۆڵادیان، کورد لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٠.
٢. ئازاد عوسمان، ناوچە دابڕێندرا و کێشەلەسەرەکان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی ئەربیل، هەولێر، ٢٠١٣.
٣. ئەحمەد عوسمان ئەبوبکر، کوردوکوردستان، لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا، وەرگێڕانی: ئازاد عوبێد ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
٤. ئەفراسیا و هەورامی، کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا و سۆڤیەتدا، زنجیرەی کتێبی (٩٠ – ٩٣)،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، بێ ساڵی چاپ.
٥. ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.
٦. برادلی.أ. تایر، ئەجندای ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش یانزەی سێپتێمبەر، وەرگێرانی: حەسەن سەید محەمەد چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٦، ل ٥٢ – ٥٨.
٧. تارق کاکە ڕەش، بایەخی جیۆپۆڵەتیکی نەوتی پارێزگای کەرکووك، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩.
٨. جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیپۆڵەتیکی دانیشتوانی کوردستانی عێراق، بڵاوکراوەکانی سەنتەری ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.
٩. جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی : ح – أ، بڵاوکار جەمالی عەلی باپیر، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١١.

١٠. جەلال جەوهەر عەزیز، کەرکوک لە پاکتاوی ڕەگەزییەوە بۆ چارەسەری دەستووری، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٨.
١١. جەلیل جەلیلی و ئەوانی تر، شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی: بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.
١٢. جوهر نامق سالم، کورد لە گەمەی دەقە یاسایەکاندا (وردبوونەوە لە دەستووری هەمیشەیی "العراق")، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٧.
١٣. خەبات عەبدوڵا، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١١٤.
١٤. خەسرۆ گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.
١٥. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، کێشەی کورد لە عێراق کێشەی سنوورە یان بوون؟، وەرگێڕانی: عەبدوڵا ڕەشید حسێن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.
١٦. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، پێداچونەوە و ڕێکخستن: هیوا سادق سەلیم، لە بلأوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠١٢.
١٧. دەرباز محەمەد، خاکی نیشتیمان لە چارەسەری دەستوورییەوە بۆ ململانێی سەربازی، کوردستان و عێراق ململانێی ناوەخۆیی و ئایندەی سیاسی، کتێبی ژووری توێژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٤.
١٨. ڕێباز محمد محمود، جیۆپۆلەتیکی خۆر هەلأتی ناوەڕاست، بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی ، ٢٠١٢.
١٩. سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل، باری پیشەسازی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.

٢٠. سنور سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکووک (١٩٦٣ – ١٩٩١)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢١. سەعدی عوسمان هەروتی، سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧.
٢٢. سەفین جلال فتح الله، بنچینە و بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤.
٢٣. سەلام ناوخۆش و مەسعود عبدالخاق، بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢٤. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورك عەرەب، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
٢٥. شاکر خەسباك، کورد و مەسەلەی کورد، وەرگێڕانی: ئەمجەد شاکەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢٦. شێخ سدیق، پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە مێژوودا، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢٧. عزت اللەی عزەتی، کوردستان لە لێکۆڵینەوەیەکی جیۆپۆلەتیکی ئێران و عێراقدا، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٣.
٢٨. عەبدوڵا عامر عومەر، بەرزی و نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٥٦.
٢٩. عەبدوڵلا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێو دەوڵەتیەکان، وەرگێڕانی : جەزا تۆفیق طالب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چاپی سێیەم، چاپخانەی کەنج، سلێمانی، ٢٠١١.
٣٠. عەلی مەحمود محەمەد، کەرکووك شاری قەڵا و ئاگر و خوێن (چارەسەری نموونەی برۆکسل یان بەرلین؟)، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووك، ٢٠٠٦.

٣١. عیمادەدین عومەر حەسەن، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.
٣٢. غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠٠٢.
٣٣. فاتیح عەبدوڵا شوانی، پارێزگای کەرکووك لە ساڵی ١٩٥٧– ١٩٧٧ (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – سیاسی بەراودکارییە لە ڕووی شێواندنی سنوری جوگرافی و کارگێڕی و باری نەتەوەییەوە)، چاپخانەی ڕامان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٣٤. فاضل حسین، کێشەی ویلایەتی موسڵ (لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی دیبلۆماسیەتی عێراق – بەریتانیا – تورکیا و ڕای گشتی)، وەرگێڕانی: محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣٥. فەیسەڵ دەباغ، کوردو کەمەنەتەوایەتییەکان لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، بەشی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٣.
٣٦. فەیسەڵ دەباغ، کوردو کەمەنەتەوایەتیەکان لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، بەشی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
٣٧. فوئاد حەمە خورشید، کەرکووك لە بەڵگەنامەکاندا، وەرگێرانی: نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.
٣٨. قەیوان سوارە سیوەیلی، سیاسەتی پەرەپێدانی نەوتی خاو و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، تەفسیر، بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣٩. کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق (سروشتی)، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤.
٤٠. کاوە نادر قادر، ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕوناکبیری، کتێبی ژمارە (٦٣)، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٤١. کۆمەڵێك لە پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز، کوردوکوردستان، وەرگێڕانی: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

٤٢. لیام ئەندرسن، تەنگژەی كەركووك، وەرگێڕانی: ئومێد عوسمان، خانەی موكریان، هەولێر، ٢٠١٣.
٤٣. لیام ئەندرسن و كاریث ستانسفیلد، ئایندەی عێراق (دیكتاتۆری، دیموكراسی یان دابەشبوون)، وەرگێڕانی: كامیار سابیر و دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج.
٤٤. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ – ١٩٧٥)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٢.
٤٥. مەسعود عەبدولخالق، كوردستانیەتی كەركوك و ناوچە دابڕاوەكان بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەكان، لە بڵاوكراوەكانی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان، ژمارە (١١)، ٢٠١١.
٤٦. مۆنتسرات گیبرانا، نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی، وەرگێڕانی: كەمال ڕەشید شەریف، لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو هۆشی (ی.ن.ك)، زنجیرە كتێبی (١٦)، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٤٧. مامەند ڕۆژە، پێغەمی جیۆپۆلەتیكیا (دەروە جیۆپۆلیتیكیەكانی كوردستان)، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢.
٤٨. نەوزاد عەبدولا هێتوتی، دۆزی كورد لە عێراقدا و میكانیزمەكانی چارەسەركردنی دوای ٢٠٠٣، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩.
٤٩. هاوڕێ قادر ڕەسول، لێكۆڵینەوەیەك لەسەر بەهاری ١٩٩١ی باشوری كوردستان، لە بلاوكراوەكانی بنكەی كوردۆلۆژی لە هەندەران، هۆلەندا، ١٩٩٤.
٥٠. هاوڕێ یاسین محەمەد، دەروازەیەك بۆ جوگرافیای سیاسی و جیوپۆلەتیك، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی ، ٢٠١٢.
٥١. هێمن هەورامی، كوردستان لە هاوكێشە تازەكاندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

٥٢. هەورامان کەمال میرزا و تاریق ڕەئوف محەمەد، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراقدا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمان، ٢٠٠٨.

٥٣. یوسف دزەیی، ئەنفال – کارەسات – ئەنجام و ڕەهەندەکانی (لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیە لە پارێزگای هەولێر)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

## ب– گۆڤار:

١. ئازاد جەلال، هاوسەنگی ئاو و کەش و هەوا لە ئاورێژگەی ڕووباری دیجلە و ئاسۆی ئایندەی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٢)، ساڵی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، کۆتایی حوزەیرانی ١٩٩٩.

٢. ئازاد جەلال، ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٣)، ساڵی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، ئەیلوولی ١٩٩٩.

٣. ئازاد نەقشەبەندی، بایەخی جیۆپۆڵەتیکی شوێنی جوگرافی کوردستان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە (٣) ، ساڵی سێیەم، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ١٩٩٤.

٤. ئازاد نەقشبەندی، شوێنی دراوسێتی (ڕێژەیی) هەرێمی کوردستان و کاریگەرێتی لەسەر ئێستاو ئایندەی هەرێم ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، هەولێر، ئابی ساڵی ١٩٩٧.

٥. ئازاد نەقشەبەندی، سیاسەتی ئاوی دەوڵەتانی حەوزی دیجلە و کاریگەرێتی لەسەر هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠)، ساڵی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، هاوینی ٢٠٠١.

٦. ئازاد نەقشەبەندی، کاریگەری نەوتی کەرکووك لەسەر ڕاگوێزانی کورد لە کەرکووك و بەعەرەبکردنی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠)، ساڵی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، هاوینی ٢٠٠١.
٧. ئازاد نەقشەبەندی، بایەخی جیۆپۆڵەتیکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێم، گۆڤاری شڕۆڤە، ژمارە (١٩)، سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات، هەولێر، هاوینی ٢٠١٣.
٨. ئاراس عبدالرحمن موستەفا، شوێنی جوگرافیای کوردستان و بایەخ پێدانی لە لایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە، بڵاوکراوەی زانکۆی کۆیە (بڵاوکراوەیەکی زانستی ڕۆشنبیریە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆکە دەریدەکات)، ژمارە (١)، چاپخانەی زانین، هەولێر، ٢٠٠٤.
٩. ئەحمەد عەبدوڵا خدر، سەرهەڵدانی کێشەی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٠)، ساڵی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، کۆتایی شوباتی ١٩٩٩.
١٠. ئەسغەر جەعفەری ویلدانی، کورد و پەیوەندیەکانی ئێران و عێراق، دۆسێی ئێران (وەرزە گۆڤارێکی تایبەتە بە کاروباری ئێران)، ژمارە (١٩)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان دەری دەکات، سلێمانی، ٢٠١٠.
١١. جەوهەر نامق سالم، گەلی کورد .. کێشە و چارەسەر، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٦)، ساڵی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، حوزەیرانی ١٩٩٨.
١٢. خالد سەعید سۆفی، هەوڵەکانی گەڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان (ڕووبەڕووبوونەوە و ئەرکە دیپلۆماسیە چاوەڕوانکراوەکان)، گۆڤاری شڕۆڤە، ژمارە (١٧)، سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات، هەولێر، هاوینی ٢٠١٢.

١٣. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جوگرافیای سنووری هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (سیاسەتی دەولی)، ژمارە (٣)، ساڵی چوارەم، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ١٩٩٥.

١٤. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، گرفتی ڕووبارە سنووریەکان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٨)، ساڵی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، زستانی ٢٠٠١.

١٥. خەلیل ئیسماعیل مەحەمەد، ئاڕاستەکانی نیشتەجێکردنی عەرەب لە پارێزگای نەینەواو کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢١)، ساڵی پێنجەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، پایزی ٢٠٠١.

١٦. خەلیل عارف، دەوڵەتە داخراوەکان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی (سیاسەتی دەولی) ، ژمارە (١)، ساڵی چوارەم، سلێمانی، نیسانی ١٩٩٥.

١٧. دلێر ئیسماعیل شاوەیس، بارودۆخی ئابووری لە کوردستانی عێرقدا (کۆتایی ساڵانی ١٩٥٠ —سەرەتای ساڵانی١٩٦٠)، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١١)، ساڵی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، کۆتایی ئایاری ١٩٩٩.

١٨. دلێر حسن عارف، کوردستانی باشور لە پەراوێزی ڕێککەوتنە نێو دەوڵەتیەکانەوە بۆ فیدراڵی، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٧)، ساڵی دووەم، ٢٠٠١.

